# کاکۆ؛ ئیرادەی ڕاسان
# لە شار و شاخ

ژیان و خەباتی شەهید کاوە جەوانمەرد (کاکۆ)

پێشکەشە بە...

- دایە نەهیە محەمەدی کە هێمای خۆڕاگری و ئەمەگناسییە
- دوو حەماسەی قەرەسەقەل و کۆسالآن و سەرجەم شەهیدانی ڕاسان کە هێمای ئیرادەی ڕابوونی نەتەوەن

# کاکۆ؛ ئیرادەی ڕاسان
# لە شار و شاخ

**ژیان و خەباتی شەهید کاوە جەوانمەرد (کاکۆ)**

ئامادەکردنی: شەریف فەلاح

کتێب: کاکۆ؛ ئیرادەی ڕاسان لە شار و شاخ
بابەت: ژیان و خەباتی شەهید کاوە جەوانمەرد (کاکۆ)
نووسەر و ئامادەکار: شەریف فەلاح
دیزاینی بەرگ: ئاسۆ مامزادە
دیزاینی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٧١٩
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانە: ڕۆژهەڵات- هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤٧١) ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

* ئەم کتێبە بە هاوکاری و لەسەر ئەرکی خاتوو ئاژین ڕەزابی، هاوسەری شەهید کاوە چاپ کراوە.

## پێڕست

پێشەکی: ........................................ ١١

بەشی یەکەم:

ژیاننامە و قۆناغ و وێستگەکانی ژیان و خەباتی شەهید کاوە ........................ ١٩

– کاکۆ، ئاوێنەی کردار و خوێنی نوێی دەماری شۆڕش... شەریف فەلاح ..... ٢١

- بنەماڵەی شەهید کاوە کێ بوون؟ ........................................ ٢١

- لەدایکبوونی کاوە و قۆناغی منداڵی ........................................ ٢٧

- قۆناغی گەنجێتی و خۆناسین ........................................ ٢٩

– چالاکیی هونەری، وەرزشی و ڕۆژنامەنووسی ........................................ ٣١

- دەسپێکی چالاکیی سیاسی و ڕێکخستن ........................................ ٣٤

- قۆناغی بەندکران و دەسپێکی خەبات لە گرتووخانە ........................ ٥٣

بەشی دووەم:

قۆناغی بوون بە پێشمەرگە ........................................ ٤١

– دەسپێکی ناسینی من و شەهید کاوە ........................................ ٤٣

- دامەزرانی ئاژانسی کوردپا ........................................ ٤٧

- کاریگەریی ئاژانسی کوردپا ........................................ ٥٠

– بوون بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب ........................................ ٥٤

- بەرپرسایەتیی تلفزیۆنی تیشک ........................................ ٥٥

- بەرپرسایەتی لە ڕێکخستنی ئاشکرا و قۆناغی ڕاسان ........................ ٥٧

بەشی سێیەم:

ڕوانگەی بنەماڵە، هاوژین و هاوسەنگەرانی لەبارەی شەهید «کاوە»وە ........... ٧١

- وتوێژ لەگەڵ بنەماڵەی شەهید کاوە جەوانمەرد... سازدانی: شەریف فەلاح. ٧٣
- وتووێژ لەگەڵ خاتوو ئاژین ڕەزابی، هاوژینی کاکۆ... سازدانی:- .............. ٨٢
- وتووێژ لەگەڵ تەیموور مستەفایی... سازدانی:- ...................................... ٩٥
- وتووێژ لەگەڵ دکتۆر مێرۆ عەلیار... سازدانی:- ..................................... ١٠١
- وتووێژ لەگەڵ ڕۆستەم جەهانگیری... سازدانی:- ..................................... ١٠٥
- وتووێژ لەگەڵ عەدنان حەسەنپوور.... سازدانی:- .................................. ١١٦
- وتووێژ لەگەڵ، ئیدریس ناسحی... سازدانی:- ......................................... ١١٢
- وتووێژ لەگەڵ کەریم زارعی... سازدانی:- ............................................... ١٢٧
- شەهید کاوە کەسێکی هێدی، نەتەوەپەروەر.... دارا قورەیشی .............. ١٣٣
- شەهید کاوە، شۆڕشگێڕێک بوو تژی لە ئیرادە.... شەریف بێهرووز .......... ١٤٧
- مانیفێستی شۆڕشگێڕی.... ئەلبورز ڕووئینتەن...» .................................. ١٥٩
- شەهید کاوە، پێشمەرگەیەکی داهێنەر بوو.... غالب حەبیبی ................. ١٦٣
- کاکۆ بە بایەخەوە دەیڕوانییە ڕۆڵی ژنان.... ئەوین مستەفازادە ......... ١٧١
- کاک کاوە باوەڕێکی زۆری بە هێزی ژنان هەبوو... ژیلا موستەجر ...... ١٨٠
- کاوە، زۆر پابەندی بنەماکانی بێلایەنی و... فواد حەقیقی ................ ١٨٨
- کینە لە دڵ خاڵی مەکە... جەعفەر موبەشرنیا ................................ ١٩٣
- کاوە، نرخی ڕخنەی دەزانی... هادی عارفی ...................................... ١٩٧
- کاوە، قارەمانی سەردەمی بێقارەمانی ئاگری ئیسماعیلنژاد ............. ٢٠٤
- چۆن شەهید کاوەم ناسی ئەرسەلان یارئەحمەدی ............................ ٢٠٨
- بەڕێوبەرێکی سەرکەوتوو و گۆڕانخواز بوو... هەیبەت کامرانیپوور ....... ٢١٣
- بەردەوام لە فکری نوێگەری و بیرۆکەی نوێدا بوو... ڕامان نەسری .... ٢١٦
- شەهید کاوە، هێمای ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە.... ئومید مەندومی .............. ٢١٩
- کاوە تژی بوو لە ڕۆحی سەرهەڵدان و کۆڵنەدان... شۆڕش گوڵکار .... ٢٢٥

- گێڕانەوەیەکی حەماسەی کۆساڵان... عەدنان قادری ........................ ٢٣٣

بەشی چوارەم:

بەشێک لە نووسراوەکانی شەهید کاوە ........................ ٢٥٩
تەوەری یەکەم: کوردی ........................ ٢٦١
تەوەری دووەم: پەیام و ڕاگەیەندراوەکان ........................ ٣٠٣
تەوەری سێیەم: فارسی ........................ ٣٠٩

بەشی پێنجەم:

بەڵگەی دیکیۆمێنتی و ئەلبۆمی وێنەکان ........................ ٣٦٩



تـــۆ بەهێـــزی نامـــری، مـــردن لـــە ئاســـتا کۆیلەیـــە
چونکـــە گیانـــی تـــۆ دروشـــمە و بانگـــەوازی ڕێگەیـــە
تـــۆ چـــرای دەنگدانـــەوەی، دەنگـــی کپـــی چەوســانەوەی
بۆمەلـــەرزەی ڕاپەڕینـــی ســـەردەمی بووژانـــەوەی

کاکۆ:

ئـازاری ماڵاویی‌کردنێـک کـە تۆزقاڵێـک گەرەنتیی گەڕانەوەشـی لەسـەر نییـە، لـە ئازادکردنـی گونـد و شـاریش پـێ گرینگتـر و لۆژیکی‌تـر و قووڵتـر و سیاسـی‌تر و دەیـان دەسـتەواژەی پـڕ لـە بەتاڵـی دیکـە بـە بایەختـرە.

ئـەو «سـطحی نگری»یـەم لـە دەیـان وتـاری دوور و درێـژ «خـۆش چەواشـە» پـێ پـڕ بەهاتـرە!

تـەزی ئـەو ماڵئاواییـە، ڕەمـز و هەناسـەی گەلێکـە، ئـازار و ناسـۆری دایکێـک و هەناسەسـاردیی خۆشەویسـتێکە کـە هەمـوو کـەس ناتوانێـت هەسـتی پـێ بـکات.

ئەمـە شـێعر نییـە، ئامانجێکـە کـە ئەوانـەی ناتوانن بەدەسـتی بێنـن، پـی دەڵێـن شـوعار و شـێعر...

لیباس خاکییەکان ئێوە هەر براوەی ئەو چەواشە بازاڕەن

## پێشەکی

نووسینی پێشەکی و پێشبار لەلام، لە نووسینی گەوهەری کتێبەکە گرانترە. لام وایە دەسپێکی کار لە خودی ڕاپەڕاندنی کار گرنگ و بە بایەخترە. یەک لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کاک کاوە جەوانمەرد لە کار و ڕاپەڕاندنی ئەرکدا، دەسپێکی کار بوو، هیچ کات لە کار و شێوازی نوێ و چالاکیی تازە نەدەپرینگایەوە و گشت کاتێ داهێنان، نوێگەری و بیرۆکەی نوێ ئاکاری بەرچاوی شەهید کاوە بوو. نووسین لەبارەی کەسایەتی و ڕەفتاری کەسە دەگمەن و کاریگەرەکان، هەتا بە وردی و قووڵی نەچێتە بنج و بناوانی ژیانی و هەموو ڕەهەندەکانی شەن و کەو نەکەیت، ئەستەمە قەڵەمێک هەڵبکەوێ و ببێتە ئاوێنەی باڵانوێن و سەرلەبەری ڕەفتار و ڕەهەندەکانی ژیانی بەرزە مرۆڤەکان و وەک خۆی وێنایان بکات. کاکۆ، یەک لەو دەگمەن هاوڕێ، هاوسەنگەر و شۆڕشگێڕە «کاملگرا»یانەیە کەلە مەتەرێزی خەبات بۆ ئازادیدا ناسیومە و ڕەفتار و ئەندێشەی کاریگەریی لەسەر داناوم. هەرچەند بەهۆی ژیانی کەسیی خۆم، دوای یەک ساڵ و نیو هاوکاربوون و کاکردنمان پێکەوە لە ئاژانسی (کوردپا)، لێک دابڕاین و ڕۆژانە یەکترمان نەدەدەی، وەلێ هەردەم پەیوندیمان بە یەکترەوە هەبوو. چونکە یەکێکیتر لە خەسڵەتە بەرجەستە و خاکەڕاییەکانی کاوە بۆ کار و چالاکی، پرس و ڕاوێژ بە هاوکار و کەسانی نزیک و دەوروبەری بوو. کاکۆ باوەڕی قووڵی بە کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ هەبوو، لای وابوو جێخستنی کولتووری کاری بەکۆمەڵ، نیشانەی پێشکەوتنە و هاوکات ڕێخۆشکردنە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکتر قەبووڵکردن و لە گشت گرنگتر، کاریگەری و دەنگدانەوەی زیاترە.

بۆیە گەر ویستبای کارێک بکات، پرس و ڕاوێژی بە زۆر کەس دەکرد

و لەبەر ئەوەی کەسێکی لەدڵ نزیک، پشوودرێژ، جیدی و ماندوویی‌نەناس و لە گشت گرنگتر خۆنەگر بوو، کەم وا هەبوو داوای هاوکاری لە کەسێک بکات و دەستی نا بەڕوویەوە بنێ. یەک لەو کەسانەی کە داوای هاوکاریی لێ دەکردم و نەمدەتوانی بڵێم نا، کاکۆ بوو. چونکە داواکارییەکانی شیاو، چالاکی و پرۆژەکانی نوێ و دڵسۆزانە بوون، هاوکات بە گرنگ و بایەخەوە دەیڕوانییە بۆچوون و ڕۆڵی ئەو کەسەی کە پرس و ڕاوێژی پێدەکرد. هەر بۆیە دۆست و هاوکاری زۆر بوون و بەهۆی بەرینبوونی بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، کارەکانی بە باشی دەچوونە پێش و سەرلەبەری ئەم چالاکییانەی بۆ یەک ئامانج دەکرد کە ئەویش **«ئەنجام و بەرهەمی کار»** بوو. کاک کاوە بەبێ بیرکردنەوە و دانانی پلان و ڕێکاری گونجاو دەستی نەدەدایە کار و چالاکی.

پاش ئەوەی قۆناغی **«ڕاسانی ڕۆژهەڵات»** دەستی پێکرد و یەکەم چەخماخەی ڕابوونی شۆڕش کەلە شنۆی دێرینەوە لێدرا و **«حەماسەی قەرەسەقەل»** داگیرکەری ڕاچڵەکاند و خوێنی شەهیدانی نوێمان بوو بە ئیرادەی شاخ و جمانی شار، کاوەی چاونەترس و قارەمان ئۆقرەی لێ بڕا و هاوڕێ لەگەڵ یارانی بە وەفای چوونەوە ناو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات و پەیامی ڕاسان و ئەویندارانی نیشتمانی ئەهوورایییان بە گوێی خاکی تامەزرۆی ئازادیدا چرپاند. پاش زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ مانەوە و دیدار لەگەڵ خەڵکی تامەزرۆی دیداری پێشمەرگە و گەیاندنی پەیامی وەرزی نوێ بە سنەی ئەردەڵان و «ژاوەڕۆ»ی مەکۆی دێمۆکرات، لە گەڕانەوەدا لە کۆساڵان کەوتنە بۆسەی داگیرکەر و جاش و پاسدارانی دڵپڕ لە قین، کە بووە هۆی ڕوودانی **«حەماسەی کۆساڵان»**. حەماسەیەک کە لەسەر دەستی ١١ تێکۆشەر و جەنگاوەری خۆڕەتاو خەونی نەیارانی جەمارانی زڕان و لەرزەی خستە پەیکەر و کۆشکی داگیرکەر و گۆمی مەندی بەناوی ئارامییانی شڵەقاند.

حەماسەی کۆساڵان و بەرگریی قارەمانەی پێشمەرگەی چاونەترسی

دێمۆکرات، بەگژداچوونەوەی دووبارەی داگیرکەری خاکی کوردستان و دەسپێکی ڕووبەڕووبوونەوەی دووبارەی کۆنەپەرست و ڕاونانی تاریکی و دەرکەوتنی ڕووناکی و «**گرێدانی خەباتی شاخ و شار**»ە لە ئاستی بەریندا. کۆسالانی سەرکەش بە قرمژنی چەکی دەستی شەهیدان «مەهدی شێخی، ناسراو بە (مادی تەوریوەری) مام ئەکبەر مینبەری، شۆڕش مینبەری، شاخەوان مینبەری، کاوە جەوانمەرد (کاکۆ)، فەرماندە سەرکەوت سەمەدی، هیوا قوربانی، ڕوحوڵا حەیدەری، ئەفشار سوورەبوومەیی، بەرزان حوسێنی و ساحیب حوسێنی» هێندەی دیکە باڵای کرد، ئەو پەیامەی بە خەڵکی ڕۆژهەڵات گەیاند کە ئیتر سەردەمی بێدەنگی لە هەمبەر ستەم کۆتایی هاتووە و خوێنی نوێ بە دەمارەکانی شۆڕشدا گەڕاوە.

کۆسالان لووتکەی ئیرادە و باوەڕی بەرزی گەلی ڕاساوە لە بەرانبەر قین و بوغزی داگیرکەر و چەکی پڕ لە ژەنگ و ئیدیۆلۆژیی سواوی کۆنەپەرستدا کە سەرەنجام ئەوە خوێنی پێشمەرگە و پارێزەرانی کەرامەتی نیشتمان بوو هیوای بەخشییەوە بە نیشتمان کە ئێمە هەین و کۆڵ نادەین و بە چۆکدا نایەن، چونکە پاڵمان بە کۆسالانی سەربەرزەوە داوە و ڕوومان لە جمانی شار و خرۆشانی گەلە. حەماسەی کۆسالان کە بە ئیرادەی یازدە «جەنگاوەرانی خۆرەتاو» ڕووی دا، بوو بە چەخماخەیەک و لە شەوەزەنگی سەردەمی بێ هیوایی و درێژەی ئەو حەماسەیە پاش شکاندنی بۆسەی نەیار و سیخوڕ و پاسدار، سپێردرایە سەنگەرەکەی کاوە جەوانمەرد و مامۆستا سەرکەوت سەمەدی و پاش دە شەو و ڕۆژ شەڕ و بەرەنگاریی قارەمانانە، سەرەنجام مەشخەڵانی ڕاسان لەسەر دەستی دوو تێکۆشەر، دوو جەنگاوەر، دوو ئەوینداری ڕێبازی ڕووناکی لە هەوارەکانی «**بۆڕیەر**» و لە دوا مەتەرێزی باوەڕ و ئیماندا بە کێشانی زامنی دوو نارنجۆک هەڵکرا و دوو هەڵۆی تیژباڵ بۆ هەتایە لە شەقەی باڵیان دا و فڕینیکیان تۆمار کرد و سەلماندیان «ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە و ئازادی یاسای بێخەوشی دڵدارە».

هەرچەند خۆڕاگری و ئیمان و باوەڕی ئەو یازدە جەنگاوەرەی کۆسالان،

بوو بە وانەیەکی هەرمان بۆ سەرجەم کوردستان، بەڵام زامی لەدەستدانی تاک بە تاکیان دڵی هەموو ئازادیخوازێکی نیشتمانپەروەری هەژاند، چونکە هەموویان هێما و سیمبۆلی خۆڕاگری و ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە و ئاشقی هەناسەی خاکی نیشتمان بوون. هەموو شەهیدانی نیشتمان، لە هەر پلە و پۆست و ڕەگەزێک بن، وەک سەروەرانی مێژوو و خاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕش و دەسکەوتە بەنرخەکانی دێنە ئەژمار و لام وا نییە هیچ نیشتمانپەروەر و ئەویندارێکی ڕێگەی ئازادی لەنێوانیاندا تەوفیر بکات. بە تایبەت سەرجەم شەهیدانی وەرزی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» هێمای گیانفیدایی و قارەمانێتی و ئیرادەی نەتەوەیین لە ڕۆژهەڵات و وەک چراوگێک سەردەمی تاریکییان ڕووناک کردەوە.

بەپێی ئەو هۆکارانەی لە پێشدا باسم کردن، هەروەها ئەو کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کەلە ڕەفتار و کەسایەتیی کاوە جەوانمەرد (کاکۆ)دا هەبوو، ئەمانە و زۆر دەلیلی دیکە کە بەشێک لە هاوڕێ، هاوبەندی، هاوسەنگەران و کەسانی نزیکی خۆی بە وردی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا باسیان کردووە، بڕیارم دا دەبێ دەست بدەمە قەڵەمی کۆڵەوارم و ژیان و خەباتی پڕ لە دەسکەوت و ئەزموون وانەی هەرمانی شەهید کاوە وێنا بکەم. بۆیە هەر لە ڕۆژانی دوای حەماسەی «کۆسالان و بۆرپەر»ەوە دەستم دایە چالاکی و کۆکردنەوەی بەرهەم و نووسراوە (کوردی و فارسی) ییەکانی. بەو پێیەی کاوە ڕۆڵە و پەروەردەی بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و کوردپەروەر بوو، لە دووتوێی ئەم کتێبەدا (**کاکۆ، ئیرادەی ڕاسان لە شار و شاخ**) بە وردی باسی ژیانی بنەماڵە و بەتایبەت باوکی شەهیدی (نەجمەدین جەوانمەرد)م کردووە. دواتر بەپێی قۆناغەکانی تەمەن و ژیانی پڕ لە سەروەریی کاوە ژیاننامەکەیم داڕشتووە و سەرلەبەری چالاکیی «ڕۆژنامەنووسی، وەرزشی، هونەری، ڕێکخستنی نهێنی، قۆناغی خەباتی زیندان، سەردەمی پێشمەرگایەتی و قۆناغی ڕاسان»م بە جیا و بە شێوەی پۆلێنکراو داڕشتووە و لە هەر بوار و قۆناغێکی ژیانی ئەو قارەمانە فرە

ڕەهەندەدا لەگەڵ کەسانی نزیک و هاوسەنگەر و لە قۆناغی چالاکیی حیزبی و میدیاییدا لەگەڵ هاوکار و قوتابیانی شەهید کاوە دیمانەم ساز کردووە و هەر کەسەو لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕوانیویەتە ئاکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی ئەو شەهیدە لەخۆبردوو و پێشەنگەی نیشتمان. لە بەشی چوارەمدا بەشێک لە نووسراوە کوردی و فارسییەکانی شەهید کاوەم بڵاو کردووەتەوە. لە بەشی پێنجەمدا چەند نموونەیەک لە کارە هونەرییەکانی (تەڕاحی و کاریکاتۆر)ی کاکۆم بە هاوکاری و یارمەتیی بێوچان و دڵسۆزانەی خاتوو «ئاژین ڕەزابی» هاوسەری ئەو شەهیدە گونجاندووە. بەشی پێنجەم کە تایبەتە بە وێنە و بەڵگە دیکیۆمێنتارییەکان، دیسان لە دووتوێی وێنە و بەڵگەدا گۆشەیەکی دیکە کار و چالاکیی قۆناغە جیاجیاکانی ژیان و خەباتی کاکۆم خستووەتە ڕوو کە پێم وایە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو قارەمانە پێشەنگ و خاوەن ئیرادە و ماندوویینەناسەی نیشتمانە. کۆی ئەم کتێبە بەرهەمی سێ ساڵ کار و چالاکی و بەدواداچوونە بۆ دەستخستنی بەڵگە و سەرچاوە و دیکیۆمێنت، کەواتە بەرهەمی ڕەنج و ئارەقڕشتنە، بەڵام نابێتە خولەکێک خۆڕاگریی ناو سەنگەری پێشمەرگەیەک. هەرچەند دەبێ باس لەوەش بکەم ئەو بابەت و وتارانەی لەم کتێبەدا بەناوی «کاوە جەوانمەرد»ەوە بڵاو کراونەتەوە، کۆی نووسراوە کوردی و فارسییەکانی نین، چونکە خاوەنی زۆر بەرهەم و وتاری جوان و بەپێزی دیکەیە و هیوادارین لە داهاتوودا ئەو دەرفەتە بڕەخسێت و سەرجەمیان چاپ و بڵاو بکرێنەوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم کتێبە دیکیۆمێنتارییە کە ئاوێنەی ژیان و خەباتی شەهید کاوە جەوانمەردە، نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەزموونی ژیانی ڕۆڵەیەکی تێکۆشەر و وەچەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و هەڵوەدای ئازادییە. ئەم دێڕانە چیرۆکی ژیانی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و هەوراز و نشێوی ئاشقێکی سەوداسەری ڕزگاریی گەلە. ئاشقێک کە پەروەردەی داوێنی ماڵباتێکە کە ژیانیان لەپێناو کورد و کوردستان داناوە. ئەم کتێبە

سەربردەی قارەمانێکی سەردەمی بێ قارەمانییە، کە هەڵگری پەیامی ڕابوونی خاک و کۆڵنەدانی کوردە بەرانبەر بە داگیرکەر. کتێبی **«کاکۆ، ئیرادەی ڕاسان لە شاخ و شار»** گێڕانەوەی ژیانی ئەو ڕۆڵە ڕاساوەی ئاشقی نیشتمان و سەربەرزی و کەرامەتە کە مەرگ و زیندان «باوکی و منداڵی»یان لێ ئەستاند، بەڵام نەگریا، چۆکی نەدا و وەک شەنگەسوارێکی لووتکەبەزێن، ڕێبازی باوکی شەهیدی گرتە بەر و هەمان ڕێگای پێوا و هەمان وانەی کۆڵنەدان و سەربەرزیی لە قوتابخانەی کەرامەتی گەل وتەوە. وانەیەک کەلە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا بە فەخرەوە یادی دەکرێتەوە و ئەمڕۆ شوێنپێی هەنگاوەکانی کاکۆ و مامۆستا سەرکەوت و نۆ شەنگەسوارەکەی دیکەی «حەماسەی کۆسالان» و سەرجەم «شەهیدانی ڕاسان» بۆتە ڕووگەی ئەویندارانی ڕێبازی ئازادی. بەرگریی قارەمانانەی کاکۆ و مامۆستا سەرکەوت و تەسلیمنەبوون بە دوژمنی غەدار و هەڵبژاردنی مەرگێکی سەربەرزانە، جۆرێکی دیکەیە لە ماناکردنەوەی مەرگ، مەرگێک کە لە قووڵایی ژیانی هەرمان و نەمرییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوان بەو گیانفیداییە نەیانهێشت دوژمن بگاتە ئامانجەکانی و نازناوی قارەمانیان لێ زەوت بکات و ئەوەی تەسلیم بوو، دوژمنی ترسنۆک و ئەندێشەی چەواشەی داگیرکەر بوو. «داستانی بۆڕیەر» هێما و ڕەمزێکە و بە قووڵی ڕۆچۆتە ئەندێشەی نەوەی ئەمڕۆوە، بە چەشنێک بۆ هەتایە دوا سەنگەری بەهەیبەتی ئە دوو تێکۆشەرە دەبێتە ڕووگەی ئەویندارانی ئازادی و ڕێبوارانی ڕێبازە شینەکەی کورد و گوڵە هێرۆی شوێنی ئەو حەماسەیە لە بەرۆکیان دەدەن.

بۆیە کاتی خۆی لە بەشێک لە پەخشانی «چریکەی پێشەنگەکانی ڕاسان»دا نووسیم: «شالوورەی مەرگ چنگی ناوەتە بینە قاقای کوێستان، دوو جەنگاوەر، دوو تێکۆشەر، دوو کۆڵنەدەر، بە قەدباڵی گاشەبەردی پڕ لە کەندی چیای ژینا هەڵزنابوون، مەرگ چۆکی دادا، تاریکی بەزی، دێوەزمە حەپەسا، ڕۆڵەی دێمۆکرات تۆماری کرد لەنێو دڵی شار و شاخ و تەلان و بەرد، ژیان ناوی ناون سەرکەوت و کاکۆی جەوانمەرد. کۆسالان زریکاندی،

بۆڕیەر، هەژا، سەرومالّ خەونی ئەبەدیی یارانی کردە چیرۆکێکی هەرمان، خەوی جەماران زڕا، دوو جەنگاوەر بوونە پشکۆی کڵپەی ئاگری دەمی ڕاسان، ئێستا ئیدی هەموو ڕۆژێ لە پەنجەرەی مالّانەوە، لەسەر لووتکەی ئاویەر و لەسەر تەختەڕەشی قوتابخانە، لەناو یادگەی کۆڕی یاران، لەناو جەرگەی دڵی زانکۆ، دەخوێنن وانەی ئەزم ڕاسان، ئەزم کاکۆ».

دەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر یارمەتی و هاوکاریی بەردەوام و دڵسۆزانەی خاتوو «ئاژین ڕەزابی» هاوسەری شەهید کاوە نەبایە، کە هەر لە سەرەتای نووسین و کۆکردنەوەی بابەت و زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبەوە، هاوفکر و پشتیوانم بووە، بێگومان ئەم کتێبە ڕووناکیی نەدەدی. هاوکات سپاس و پێزانینی تایبەتم بۆ کاک تەیموور مستەفایی، تێکۆشەری دێرین کە بەوپەڕی دڵئاوەڵاییەوە لە دانی هەندێ بەڵگەی چالاکیی شەهید کاوە لە کاتی ڕێکخستنی نهێنیدا درێغیی نەکرد، کە ئەمانە بەڵگەی سەلمێنەری قارەمانێتیی و چالاکیی بێوچانی کاکۆی جەوانمەردە لەناو شاری سنەدا. سپاس و پێزانین بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە وەڵامی پرسیارەکانمیان دایەوە و ڕێزی بێ پایانم بۆ ئەوانەش بە قەڵەم و هزریان هەرکامەیان بە جۆرێک و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەبارەی ژیان و خەبات و هزری «کاکۆ»وە نووسییان و لەم کتێبەدا بەشدارییان کرد. لە کۆتاییدا هیوادارم بە چاپکردنی ئەم کتێبە توانیبێتم ببمە بەشێک لە نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەو قارەمانێتی و لەخۆبردوویەی کە شەهیدانی قۆناغی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» بە قوربانیکردنی ژیان و گیانی خۆیان بناغەیان دانا. هەر قۆناغێک لە مێژووی خەبات شۆڕشگێڕ و نووسەری تایبەت بەو قۆناغە بەرهەم دێنێ، ئەگەر لامان وابێ کە گوتار و **«وێژمانی ڕاسان»** چەند ڕەهەندی و بەرین و ڕوو بە شار و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی هەراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەبێ گشتمان قۆڵی لێ هەڵماڵین و هەرکام لە ئاست و بەپێی شارەزایی خۆمان بێینە مەیدان و بۆی بجەنگین و بۆی بنووسین. نووسینەوەی چیرۆکەکانی پشت ڕاسان، نیشانەی نەمریی ئەم گوتارەیە و

ئــەوە دەســەلمێنێ کــە ڕۆ چۆتــە نــاو توێــژە فەرهەنگــی و کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵگــەوە و نەوەکانــی داهاتوومــان لــە ڕابوونــی ئەمڕۆمــان ئــاگادار دەبــن.

شەریف فەلاح

بانەمەڕی ٢٧١٩ی کوردی

## بەشی یەکەم:

# ژیاننامە و قۆناغ و ویستگەکانی ژیان و خەباتی شەهید کاوە

## کاکۆ، ئاوێنەی کردار و خوێنی نوێی دەماری شۆڕش

شەریف فەلاح

### - بنەماڵەی شەهید کاوە کێ بوون؟

لە داوێنی کێوە سەرکەشەکەی ئاویەر، لە شاری سنە، شاری شۆڕش و هونەر و جوانی، لەناو جەرگەی بازاری شار، پیاوێکی باڵابەرزی نیگا تیژ، ئاشقێکی سەوداسەری نیشتمان، لە دووکانێکدا سەرقاڵی بژیوی خاووخێزانی بوو. کاک **«نەجمەدین جەوانمەرد»** ئەو مرۆڤە خاکی و خەڵکی و شۆڕشگێڕە، لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاوکات لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی شۆڕش و بەڕێوەبردنی شار لەلایەن هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئەویش وەک دڵسۆزێک پەیوەندیی بە ڕێکخراو و هەستە تەشکیلاتییەکانی حیزبی دێمۆکراتەوە کردووە و لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا پاڵپشت و پشتیوانی پێشمەرگەی شار و گوندەکان بووە. پاش هەڵگیرسانی شەڕ و فتوای جیهاد لەدژی نەتەوەی کورد لەلایەن خومەینیی جەلادەوە، شار گەمارۆ درا، شەڕ و شۆڕ هەموو لایەکی تەنیبوو، برسێتی و نەبوونی شتومەک و خواردن و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، تینیان بۆ خەڵک هێنابوو. دوای شەڕی سێ مانگە لە کوردستان و بەرگریی و خۆڕاگریی ٢٧ ڕۆژەی قارەمانەی خەڵکی سنە و پێشمەرگە لەو شارە، شەهید نەجمەی جەوانمەرد یەک لەو مرۆڤە دڵسۆز و ئەمەگناسانەی هەستەی ناو شار بوو کە وێڕای زۆرێکی دیکە لە نیشتمانپەروەران لە دابینکردنی خواردن و کەلوپەل و پێداویستی و تفاق بۆ خەڵکی لێقەوماو و بەتایبەت هێزی پێشمەرگە دەوری سەرەکیی گێڕا.

کاتێک شاری سنە لەلایەن ئەرتشی داگیرکەر و دەسەڵاتی خوێنڕێژی تارانەوە داگیر کرا و ئیتر شەڕ لە هەموو لایەکەوە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرت و هەیمەنەی دێوەزمەی داگیرکەر وەک هەوری ڕەش و چڵکن ئاسمانی شار و گوند و دێهاتی نیشتمانی تەنی، بۆ پێشگیری لە کوشت و کوشتاری زیاتر و بیانوونەدان بەدەست داگیرکەرەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەرچەند هەزینەی قورسی سیاسی و مرۆیی دا، شاری بەجێ هێشت و ڕووی لە شاخ و گوندەکان کرد. ئەمجارە حکوومەتی غەدار و دوژمنی ئازادی بۆ کپکردنی دەنگی شۆڕش و گوشارهێنان، ڕێگەی هەموو گوندەکانی داخست و نەیدەهێشت لە دەروازەکانی شارەوە هیچ ئازۆقە، خواردن و کەلوپەلێک بۆ گوندنشینانی ناوچەکانی چەمشار، ژاوەرۆ، لەیلاخ و ناوچەکانی دیکەی سنە بڕوات و هاوکات شارەکانی دیکەش بەم چەشنە بوون.

حکوومەتی زێدەخوازی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پێی وابوو ئەگەر خواردن و کەلوپەل بە گوندنشینان نەگات، ئیتر ئەوانیش یارمەتیی شۆڕش و پێشمەرگە ناکەن و بە دەیان پیلان و فێڵ و تەڵەکەی بۆ ئەم ئامانجە گڵاوە تاقی کردەوە، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی خەڵک و ئامانجەکانی شۆڕش ڕەوا بوون و لەوپەڕی بێدەرەتانیدا تەنیا بە چەکی باوەڕ و ئیرادە بەسەر ئەو پیلانانەدا زاڵ بوون و کرانە بڵقی سەر ئاو.

لەم بارودۆخەشدا بە شاهیدیی هاوسەنگەر و هاوڕێیانی، شەهید نەجمەی جەوانمەرد، قارەمانێتیی نواندووە و لە هەناردنی کەلوپەلی خواردن، پێڵاو و پێداویستیی دیکە بۆ پێشمەرگە پشکی شێری بەر کەوتووە و وەک ڕۆڵەیەکی هەڵسووڕ و دەروەست ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە.

لە بارودۆخی شەڕ و هەلومەرجی ناجێگیری کوردستاندا، باوکێک لەلایەک دەبێ هاوسەر و دوو منداڵی دیکەی بەخێو بکات و هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە بە گیان و دڵ لەپێناو ئازادی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی حیزبی دێمۆکراتدا، بەڵێنیی بە گەل دابوو.



شەهید نەجمە جەوانمەرد

**مامۆستا حەمەدی حوسێنی، پێشمەرگەی دێرینی حیزب کە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە دەورانی گەنجێتیدا لە دووکانی شەهید نەجمەی جەوانمەرد شاگرد بووە، بەم چەشنە باسی ژیان و خەبات و پێگەی ئەو تێکۆشەرە دەکات:**

(ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بوو کە شنەبای ئازادی تازە هەڵیکردبوو و وردە وردە سەراسەری ئێرانی دەگرتەوە. گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران کە تامەزرۆی ئازادی بوو، بە پێشوازیی بانگەوازی ئازادییەوە چوو. بەم جۆرە شۆڕشی سەراسەری گەلانی ئێران کە دژی ڕێژیمی پەهلەوی

دەسـتی پێکـرد و ڕژێمـی شـای بـۆ هەمیشـە ڕەوانـەی زبڵدانـی مێـژوو کـرد. لـەم فـەزا دێمۆکراتیکـەدا بـوو کـە حیزبـی دێمۆکراتـی تێکۆشـانی ئاشـکرای خـۆی دەسـت پێکـرد و توانـی لـە ماوەیەکـی کەمـدا نزیکـەی تـەواوی خەڵکـی کوردسـتان لەژێـر ئـاڵای خـۆی کـۆ بکاتـەوە. ئـەو کات مـن لـە شـاری سـنە دەرسـم دەخوێنـد و لـەلای کاک نەجمەدیـن جەوانمـەرد شـاگرد دووکان بـووم کـە دووکانـی لـە تاریکـە بـازاری شـاری سـنە هەبـوو. حیزبـی دێمۆکـرات کۆمیتـەی خـۆی کـردەوە لـە شـاری سـنە و داوای لـە خەڵـک کـرد کـە پەیوەسـت بـن بـە ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکراتـەوە. لـە ماوەیەکـی کەمـدا خەڵـک بـە گشـتی و لاوەکان بەتایبەتـی بـە دەم بانگـەوازی حزبـەوە چـوون. ڕۆژێـک لەگـەڵ کاک نەجمەدیـن لەنێـو دووکانەکـەی دانیشـتبووین و پرسـیاری لـە مـن کـرد لەنێـو ئـەم سـازمانانەدا کامیانـت پـێ باشـە؟ منیـش وتـم حیزبـی دێمۆکـرات، چونکـە حزبێکـە ڕێبـاز و ئامانجەکانـی لـە خزمـەت گەلـی کوردسـتان دایـە و حزبێکـی نەتەوەییـە. کاک نەجمەدیـن فەرمـووی کەوایـە مـن و تـۆ هاونەزەریـن. ئـەو کات کاک نەجمەدیـن هاتـە قسـە و لەسـەر ڕێبـاز و ئامانجەکانـی حیـزب و ڕابـردووی حیـزب قسـەی بـۆم کـرد کـە بەراسـتی بەتـەواوی کەوتمـە ژێـر کاریگەریـی قسـەکانی و کەڵکـم لێوەرگرتـن. کاک نەجمەدیـن کەسـێکی وشـیار، بـە ئـاگا و لێـزان و خـاوەن کەسـایەتیی سیاسـی تایبـەت بـوو، بـەو واتەیـەی قسـەی بـۆ هـەر کـەس کردبـا، حەتمـەن کاریگـەری لەسـەر دادەنـا و بـۆ لای خـۆی رایدەکێشـا. کاک نەجمەدیـن ماوەیەکیـش لـە کوردسـتانی باشـوور لـە کاتـی شۆڕشـی پارتـی دێمۆکراتـی کوردسـتان، لـە عێـراق ژیابـوو و تێکۆشـانی سیاسـیی کردبـوو. هـەر بۆیـەش شـارەزاییەکی باشـی هەبـوو لەسـەر جووڵانـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گەلـی کـورد و زۆر بـاش دەیزانـی کـە سـەردەمی ئێسـتای جووڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی گەلـی کـورد بەتایبەتـی لـە کوردسـتانی ئێـران، قۆناغـی خەباتـی میللـی دێموکراتیکـە و حیزبـی دێمۆکراتیـش ڕێبـەر و ڕێکخـەری ئـەو جووڵانەوەیەیـە. دەیـان جـار لەگـەڵ کاک نەجمەدیـن بـووم کـە لەگـەڵ ئەندامانی حیزبـە چەپەکان بـەرەوڕوو دەبوویـن و کاک نەجمەدیـن بـە زمانێکـی سـادە و سـاکار و هـاوکات

بە تێگەیشتنێکی سیاسییەوە ئەوانی تێدەگەیاند کە خەباتی ئێمە دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی گەلە چەوساوەکەمان بێ و دەیگوت من تا نەتوانم خزمەت بە گەلەکەی خۆم بکەم، چۆن دەتوانم خزمەت بە گەلانی دیکە بکەم؟. هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کاک نەجمەدین هێشتا نەببووە ئەندامی حیزب، بەڵام بەردەوام دیفاعی لە سیاسەتەکانی حیزب دەکرد. کاک نەجمەدین خاوەن پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیش بوو، بەهۆی ئەوەی دووکانیشی هەبوو لە هەموو چین و توێژێک دەهاتنە دووکانەکەی و سەرنجی خەڵکی رادەکێشا و خەڵک زۆر رێزیان بۆ دادەنا و کەسێکی رێنوێن بوو، هەروەها هاوفکری خەڵکی دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان لە هەر بوارێکدا. جیا لەوەی کە هەردەم هاوکاری و یارمەتیی هەژار و لێقەوماوانی دەکرد.

ساڵی ١٣٥٨ بوو ڕۆژێک چووینە کۆمیتەی حیزب زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین و وەکوو ئەوەی کە پێشتر کاک «نەجمەدین»یان دەناسی. پێم وابێ بەپرسی ئەودەمی کۆمیتە شەهید «رەحیم بەغدادی» بوو کۆمەڵێک کادری دیکەی کۆمیتەی سنە لەوێ بوون. کاک نەجمەدین دەستی کرد بە قسە و بە جۆرێک سەرنجی هەموو هاوڕێیانی حیزبی بۆ لای خۆی راکێشا. پاشان وتی ئێمە هاتووین تا بزانین چیمان لەدەست دێت و ئامادەین بۆ هەموو جۆرە ئەرکێک و خزمەتێک کە حیزب بۆمان دیاری بکات و ئەگەر پێویست بێ تەنانەت چەک هەڵبگرین و ببینە پێشمەرگە، هاوکات لە بارودۆخی ژیان و کاریی خۆیشی باسی کرد بۆیان. لە وەڵامدا هاوڕێیان حیزبی زۆر سوپاسیان کرد و وتیان ئێوە وەکوو ئەندامی حیزب لەنێو شاردا درێژە بە کاری خۆتان بدەن و ئیمکانی ئەوەی هەیە شەڕ دەست پێ بکاتەوە و پێشمەرگە لەناو شارەکان بچێتەوە دەرەوە، هەر بۆیە حیزب پێویستی بە کەسانی دڵسۆزە هەیە لەناو شاردا کار بکەن و هاوکاری و یارمەتی بۆ حیزب بنێرن. لەوێ بە شێوەی فەرمی ناو و موشەخەساتیان لێوەگرتین و بووینە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئیتـر لـەو کاتـەوە کاک نەجمەدیـن زیاتـر لـە جـاران ئەرکـی سەرشـانی خـۆی بەڕێـوە دەبـرد و زۆر چاونەترسـانە و بوێرانـە کارەکانـی جێبەجـێ دەکـرد و بەشـێکی زۆری لـە دووکانـدار و هاوبازارییـەکان بـەو بـاوەڕە هێنابـوو کـە دەبـێ مانگانـە یارمەتیـی حیـزب بکـەن، کـە بەشـێکی زۆر لـەو کەسـانە بـە خۆشەویسـتیی کاک نەجمەدینـەوە ئـەو هاوکارییانەیـان دەکـرد. کاتێـک شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە و پێشـمەرگە بـە ناچـار شـارەکانی بەجـێ هێشـت، کاک نەجمەدیـن تێکۆشـانی خـۆی زیاتـر کـرد بـۆ کۆکردنـەوەی یارمەتـی لەنـاو شـاردا وەکـوو دەرمـان ، لیبـاس و کـەوش، خـۆراک، پەتـوو و زۆر پێداویسـتی دیکـە، هەروەهـا چەندیـن جـاش هەبـوون کـە پـارەی پێـدەدان و ئەوانیـش فیشـەک و نارنجـۆک و شـتیان دەهێنـا و هەمـوو ئەمانـە بـە شـەودا بەڕێمـان دەکـردن بـۆ بنکەکانـی حیـزب لـە دەرەوەی شـار.

کاک نەجمەدین دەیـان شـانەی حیزبـی لەنـاو شـاری سـنەدا دروسـت کردبـوو هـەم بـۆ کاری تەشـکیلاتی و هەمیـش بـۆ کۆکردنـەوەی یارمەتـی و پێداویسـتی لەنـاو شـار و دەرەوەی شـار بـۆ پێشـمەرگە. هەمـوو کاتێک هانـی خەڵکی ئەدا لە بەرانبـەر ناعەداڵەتـی و جینایەتەکانـی ڕێژێمـدا بێدەنـگ نەبـن. هـاوکات دەیگـوت کـە ئێمـە دەبـێ لـە ئامـرازی مەشـرووع کەڵـک وەربگرین بۆ گەیشـتن بـە ئامانج و نابـێ کاری نەشـیاو بکەیـن کـە زەربـە لـە پرسـتیژی حیزبەکەمـان بدەیـن، چونکە حیزبەکەمـان خاوەنـی کۆمەڵێـک بەهـای بەنرخـە و ئـەو بەهـا بـە نرخانـەش بـە ئاسـانی بەدەسـت نەهاتـوون، بەڵکـوو لـە ڕەوتـی خەباتـە ڕەواکەیـدا خوێنـی زۆری بـۆ داوە و هـەر ئـەو بەهـا بەنرخانەیـش حزبـی دێمۆکراتیـان کردووەتـە حزبێکـی بـە پرەنسـیپ و خۆشەوسـیتی خەڵکـی کوردسـتان و دەبـێ ئـەم خۆشەویسـتییە لەنـاو دڵـی خەڵکدا هەمیشـە بمێنێتەوە و گەشـە بکات و ئەرکی ئێمەیـە خەڵـک بـە ئاکارە باشـەکانمان زیاتـر بـۆ لای حیزبەکەمـان ڕابکێشـین. کاک نەجمەدیـن کەسـێکی بـە بـاوەڕ بـوو بـەو ڕێـگا و ڕێبـازەی تێیـدا لـە تێکۆشـاندا بـوو و ئامانجەکانـی حیزبـی لـەلا پیـرۆز بـوون و ئامـادە بـوو لەپێناویـدا هەمـوو فیداکارییـەک بـکات. کەسـێک بـە تـەواوی واتـا لـە

قسـەو و ئەخـلاق و کـرداردا شۆڕشـگێر، هەمیشـە بـاوەری بـەوە هەبـوو کـە مـرۆڤ کـۆڵ نـەدا و نەترسـێ، هەمـوو کارێـک دەتوانـێ ئەنجـام بـدات. پاییـزی ساڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی لـە دووکانەکـەی خۆیـدا کاک نەجمەدیـن، بەهۆی بەردەوامـی لـە چالاکـی و تێکۆشـانی حیزبـی لەلایـەن دامـودەزگا ئەمنییەکانـی ڕێژیمـەوە دەسـتگیر کـرا و ڕەوانـەی زینـدان کـرا، ئـەودەم زۆر کـەس دەترسـان کـە کاک نەجمەدیـن لەژێـر ئەشـکەنجەی ڕژێمـدا بەچۆکـدا بێـت و زۆر کـەس بگیردرێـن، بـەڵام کاک نەجمەدیـن بـە سـەری بـەرزەوە و دوژمنانـی بـە چۆکدا هێنـا و هەرگیـز ئەشـکەنجە لاوازی نەکـرد، کـە دواتـر کاک نەجمەدیـن لـە زینداندا ببـووە هێمـا و سـیمبۆلی خۆڕاگـری و بەهێـزی و چەنـدە لـە دەرەوەی زینـدان خۆشەویسـت بـوو، لـە زیندانیشـدا ببـووە خۆشەویسـتی هاوبەندییەکانـی. دواجـار بەداخـەوە لـە زینـدانـی «دزیڵئـاوا»ی کرماشـان ڕێکەوتـی ٢٥//٣/١٣٦٢ لەسـێدارە درا.)

### لەدایکبوونی کاوە و قۆناغی منداڵی:

لەنـاو گەرمـەی شـەڕی سـنە و کوردسـتان و هـاوکات لەگـەڵ داگیرکردنـی شـار لەلایـەن سـوپای جەهـل و تاریکییـەوە، کاک نەجمـەی شۆڕشـگێڕ و دایـە نەهیەی خۆڕاگـر، دەبنـە خـاوەن ڕۆڵەیەکـی دیکـە و لـە بەهـاری ئازادیـدا چـاوی بـە ژیـن هەڵـدێ و لـە داوێنـی ئاویـەری سەرکەشـدا دایکێـک بەسـەر لانکـەی کوڕێکـدا دەنووشـتێتەوە مەمـک بـە تفڵێـک دەدات کـە دەیزانـێ ڕۆژێـک ئـەم ڕۆڵەیـە دەبێتـە هێمایـەک بـۆ ڕابـوون و بەرخـودان و دەبێتـە جێگـرەوەی ڕێبازەکـەی باوکـی.

«داوود جەوانمـەرد» ناسـراو بـە (کاوە) کـوڕی شـەهید «نەجمەدیـن جەوانمـەرد» ڕێکەوتـی١ی گـوڵان (بانەمـەڕ)ی سـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی (٢١ی ئاپریلـی ١٩٧٩ی زایینـی) لـە شـاری سـنە لـە بنەماڵەیەکـی کوردپـەروەر و لـە دایکێکـی وەفـادار و لـە باوکێکـی دڵسـۆز بـۆ گەلەکـەی هاتووەتـە ژیانـەوە. لـە

داوێنــی ئــەو بنەماڵــە نیشــتمانپەروەرەدا کاوەیــەک لەدایــک دەبــێ کــە پــڕە لــە بەرامــەی ئەویــن بــۆ نیشــتمان و ســەری تژییــە لــە ئــاوات و خۆزگەکانــی ئازادیــی خاکــی وەتــەن. کاوە هێشــتا تەمەنــی ١ ســاڵ و ٥ مانــگ بــووە، «نەجمەدیــن جەوانمــەرد» باوکــی، ســاڵی ١٣٥٩ی هەتــاوی بــە تاوانــی ئەندامێتیــی حیزبــی دێمۆکــرات دەســتگیر دەکرێــت و هــەر لــەو تەمەنــەوە خاتــوو نەهیــە محەمــەدی، دایکــی کاوە، وێــڕای بەجێگەیاندنــی ئەرکــی دایکایەتیــی خــۆی، هــاوکات جێــگای بەتاڵــی باوکیــش بــۆ کاوە و کــچ و کوڕەکــەی دیکــەی پــڕ دەکاتــەوە. خاتــوو نەهیــەی خــاوەن بــاوەڕ و بــەورە، لایەلایــەی خۆشەویســتی و ئەوینــی نیشــتمان بە گوێــی کاوەدا دەچرپێنــێ و کاوەیــەک پــەروەردە دەکا کــە بــۆ گەلەکــەی دڵســۆز و بــۆ ڕێبازەکــەی باوەکــی وەفــادارە. کاوە تەمەنــی ٤ســاڵ بــووە کــە باوکــی لــە گرتووخانــەی دادگای ئینقلابــەوە بــۆ گرتووخانــەی «دیزڵئــاوا»ی کرماشــان و گوێزرایــەوە و هــەر لــەوێ حوکمی ناڕەوا کە بەســەریدا ســەپێندرابوو و ســەرەنجام ڕێکەوتــی ١٣٦٢\٣\٢٥ لــە گرتووخانــەی «دیزڵئــاوای» کرماشــان لەســێدارە دراوە و تەرمەکــەی بەبــێ ئاگاداریــی کەســوکاری لــە (باخــی فیــردەوس)ی ئــەو شــارە بــە خــاک ســپێردراوە. بۆیــە بەمجــۆرە بــە بڕیــاری داگیرکەرانــی نیشــتمان و تاریکپەرســتان، کاوە بــۆ هەمیشــە لــە ســۆزی باوکــی بێبــەش دەبێــت. کاوە دوای خوشــکێک و برایــەک، ســێیەم و دواییــن منداڵــی بنەماڵــەی جەوانمــەردە. وەک لــە ســنە و دەوروبــەری بــاوە، ئەیــژن «دواچــۆڕە و شــیرینە». وەک نەریتــی بــاوی زۆر ناوچــەی کــوردەواری، یەکــەم و دواییــن منداڵــی بنەماڵــە هەمــوو کات خۆشەویســت و تایبەتــن، یەکــەم منــداڵ ئەگــەر کــوڕ بێــت، ئــەوا حیســابی تایبەتــی بــۆ دەکرێــت و دەســەڵاتی زیاتــرە و لــەلای دایــک، بــاوک، باپیــرە و دایــە گــەورە و خاڵــۆ و کەســوکاری دیکــەی قســەی بــرەوی هەیــە و لەنــاو زۆر بنەماڵــەش کــچ و خوشــکی لــە خــۆی بچووکتــر دەبــێ فەرمانبــەرداری بــن. دوا منداڵــی بنەماڵــە هەمیشــە شــیرینە و لەلایــەن هەمــوو ئەندامانــی بنەماڵــە و بەتایبــەت دایکــەوە زۆر نــازی دەکێشــرێت و هەمــوو کات تایبــەت ئــاگاداری دەبن. کاوەش لەبــەر ئــەوەی لــە داوێنــی دایکێکــی وەفــادار هاتبــووە دنیــاوە و دواییــن منداڵــی بنەماڵەکشــی بــوو، هــاوکات بــە منداڵــی ڕێژێمــی دڕنــدەی ئێــران لــە نازی

باوک بێبەشی کردبوو، بەلای دایە «نەهیە» و هەموو کەسوکارەوە ببووە خۆشەویست و وەک کوڕێک کە هەستی بە ناز و سۆزی باوکی نەکردبوو و ناڕەوا لێیان ئەستاندبوو، بە جۆرێک بار هێنرا، هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ئایندەی ڕوونە و دەبێتە کەسێکی ناسراو و شوێندانەر.

## قۆناغی گەنجێتی و خۆناسین:

دوای چوونە قوتابخانە، تا کۆتایی قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی، هەموو کات بە پلەی قوتابیی نموونە ساڵەکانی خوێندنی تێپەڕاندووە. هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە کاوە کە خۆی دەناسێت، ئۆگری کار و چالاکی و خزمەت بە بزووتنەوەی کورد دەبێت و بە شێوەی جیاواز و لە بواری جیاجیادا خۆی تاقی دەکاتەوە و هەموو ئامانجی درێژەدان بە ڕێگا پەڕ لە سەروەرییەکەی باوکی شەهیدی دەبێت. کاوە بە پشتیوانیی دایکی دڵسۆزی نەختەنەختە قۆناغەکانی ژیان دەبڕیت، دایکێک کە سەرلەبەری ژیانی لەپێناو پەروەردەی منداڵەکانی تەرخان کردبوو و لەم ڕێگایەدا زۆر ناسۆری چەشتبوو، بە باشترین شێوە کاوەی قارەمان بار دێنێت و وانەی ئەمەگناسی و باوەڕ بەخۆبوونی فێر دەکات. کاوە جگەلە کارکردن بۆ دابینکردنی بژیوی بنەماڵە، ئۆگرییەکی قووڵ و تەژی لە ئەشقی بە کاری سیاسی و ڕێبازی پڕ سەروەریی باوکی هەبوو. ڕێبازێک کە هەر لە منداڵییەوە لە زەینی کاوەدا بە هزر و ئاوەزەوە چەکەرەی کرد و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی، ئەو ئەشق و هەستەی بۆ کوردایەتی و خەبات لەپێناو ڕزگاریی نیشتمان، بوو بە شعوور و ئاگاییەکی قووڵی سیاسی، بۆیە هەنگاوەکانی کاوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و درێژەدان بە ڕێبازی شەهید نەجمەی باوکی، لەڕووی هەست و سۆزی کاتی و گەنجانەوە نەبوون، بەڵکوو هەڵگری ئاگاییەک بوو، ئەو دەیهەویست وەک تاکێک لە گۆڕانکاری و خەبات بۆ نەتەوەکەیدا بەشدار بێت و شوێن پەنجەی دیار بێت. بۆیە ژیرانە لەو قۆناغەدا ئەو هەستەی لە

ڕێگای ڕۆژنامەنووسییەوە چالاکانە پێڕەو کرد. کاوە لە دەورانی گەنجێتیدا هەوڵی دەدا لەڕێی چالاکیی جیاجیاوە لەناو شاری سنە و دەوروبەری لە شێوەی چالاکیی کۆمەڵایەتی، وەرزشی و ڕۆشنبیری بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بەشدار بێت و هەموو کات هەوڵی ئەوە بوو لە پێناسەکردنی ئەم ناسنامە نەتەوەییەدا جێ دەستی دیار بێت و ئەرکی ڕابپەڕێنێ. ئەم ڕۆڵە ژیر و وریایە هەر لە سەرەتاوە لەوە گەیشتبوو دەبێ هاودەنگ و یەکڕیز بین، چونکە ئەوە لەلای باوەڕ بوو کە کارەکان لەو ڕێگایەوە کاریگەریی زیاتریان دەبێت، بۆیە باوەڕی بە کاری هاوبەش و گرووپی هەبوو، لەم ڕێگایەشدا بەشداریی چەندان گرووپی جۆراوجۆری فەرهەنگی، وەزشی و هونەریی دەکرد و تێیدا بە ڕەفتار و ڕەوشتی بەرزی تایبەت بە خۆی لاوان و گەنجانی بەشداری ئەو چالاکییانەی وشیار دەکردەوە و بە ماف و ویستە ڕەواکانیانی ئاشنا دەکرد. ئەم چالاکییانەی کاوە بەوپەڕی ئەشق و ئۆگرییەوە جێبەجێ دەکران، بۆیە لە قۆناغی دواناوەندیی خوێندن (دەبیرستان)دا زۆربەی کاتەکانی بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان کردبوو. لە دوایین ساڵی خوێندنیدا لەسەر لێکردنەوەی وێنەی خومەینی لەسەر بەرگی کتێبەکانی، بە توندی سزا درا و تەنانەت بۆ ماوەیەکیش لە خوێندن بێبەش کرا و لە قوتابخانە دووریان خستەوە، بەڵام قەت کۆڵی نەدەدا. کاوە وەک گەنجێکی پراگماتیست، هەمیشە باوەڕی بە کردار هەبوو و کەمتر دروشمی دەدا و بەشداریی چالاکیی بوێرانەی دەکرد، کە کاریگەریی لەسەر دەوروپشت و جەماوەر هەبێت. هەڵسوکەوت و ڕەفتار و قسەکردن و ئاخاوتنی ئارام و لێکدانەوەی وردبینانەی خێرا ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکرد، دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

ئەم ڕۆڵە هەڵسووڕ و نەسرەوتووەی کورد، ئەم کوڕە شەهیدە کە ناخی پڕ بوو لە وزە و خولیای خزمەت و داهێنان، بە بۆنەی ئەو باوەڕەی کە بە ڕێبازی باوکی شەهیدی هەیبوو، قەت بۆ کار و بژیو توخنی دامودەزگا فەرمییە حکوومییەکان نەدەکەوت و لەناو بازاری سنە دەستی دایە کاسبی

و لـەم ڕێگایەشـدا کەسێکی چـالاک و خەڵکـی و سـەرکەوتوو بـوو و توانـی بـە ئەخـلاق و ڕەفتـاری ژیرانـەی جێگـەی خـۆی لەنـاو خەڵکـی کاسبکاری بـازاری سـنەدا بکاتـەوە.

## چالاکیی هونەری، وەرزشی و ڕۆژنامەنووسی:

پـاش تەواوکردنـی خوێنـدن، بـۆ درێـژەدان بـە چالاکـی و بـۆ گەیشـتن بـە خـەون و ئامانجـە بەدەینەهاتووەکانـی قـەت بـۆ سـاتێکیش ئـارام و قـەراری نەبـوو. لـەو کاتـەدا کـە لەگـەڵ یەکێـک لـە گرووپـە هەڵپەڕکێیەکانـی نـاو شـاری سنە سـەرقاڵی چالایـی هونـەری بـوو، وەک گەنجێکـی یاخـی، یاخـی لـە زوڵـم و سـتەم و سەوداسـەری کار و خەبـات و پـڕ وزە، حـەزی لـە نوانـدن و گەیاندنـی پەیـام بـوو، لەگـەڵ گرووپـی هەڵپەڕکێـی (شـاهۆ)ی سنە بەشـداریی فیلمـی سـینەمایی (چریکـەی هـەورام) بـوون و لـە چەندیـن گرتـەی هەسـتیار و سەرنجڕاکێشـدا دەوری گێـڕاوە. ماوەیەکـی زۆر لـەو گرووپـە هەڵپەڕکێیـە بـووە و لـە چەندیـن گرووپـی هەڵپەڕکێـی سـنە کاری کـردووە و وەک زۆرێـک لـە گەنجانـی کـورد جـوان و کوردانـە هەڵدەپـەڕی و بـە گوتـەی خـۆی لـە چەنـدان فێسـتیڤاڵی کوردسـتان و تانانـەت لـە ئاسـتی ئێرانیشـدا لەگـەڵ ئـەو گرووپانـە بەشـداریی کـردووە و خەڵاتـی بەدەسـت هێنـاوە.

هـاوکات بـە شـێوەی جیـدی دەسـت دەکات بـە کاری ڕۆژنامەنووسـی و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە سـنە و تـاران بەشـداریی چەنـدان خـول و دەورەی کاری نووسـین، ڕاپـۆرت و هەواڵسـازی دەبێـت. ئیتـر کاوەی خولیـای چالاکـی لـەو کاتـەوە وەک ڕۆژنامەنووسـێکی ئەکادیمـی، شـارەزا، بەتوانـا و خـاوەن فکـر و بیرۆکـە لـە حەفتەنامـە و بڵاڤۆکـە ناوچەییەکانـی پارێـزگای سـنە و بەتایبـەت چەنـد ڕۆژنامـەی تـاران دەسـتی دایـە نووسـین و لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـە ڕاپـۆرت و نووسـینەکانی لـە بوارەکانـی مافـی مـرۆڤ، پرسـی نەتەوەیـی، ئابـووری و پرسـی خەسـارە کۆمەڵایەتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران

توانی جێگەی خۆی بکاتەوە و بوو بە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئێران. هەموو هەوڵ و تەقەلای کاوە ئەوە بوو لە ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خزمەت بە نەتەوەکەی خۆی بکات. بۆیە چ وەک ڕۆژنامەنووس و چ وەک وەرزشوانێک لە دوو بواری «مەلەوانی و شاخەوانی»دا هەموو کات بە چالاکی و بیرۆکەی داهێنەرانە، سەرنجی کەسانی دەوروبەری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و کارەکانی هاوڕێ و کەسانی دیکەی سەرسام دەکرد.

کاوە جەوانمەرد سەرەتای کاری ڕۆژنامەنووسیی لە بڵاوکراوەکانی کوردستان، هاوکاری لەگەڵ حەفتەنامەی (کەرەفتوو) بوو لە شاری سنە کە پاش ماوەیەک لە چالاکی و چاپ و بڵاوکردنەوە، لەلایەن ڕێژیمەوە داخرا.

شانبەشانی کار و کاسبی و کاری ڕۆژنامەنووسی، شەهید کاوە ئەشق و ئۆگرییەکی زۆری بە وەرزشەکانی شاخەوانی و مەلەوانی هەبوو. وەک سەرجەم کار و چالاکییەکانی دیکەی، لە هەر بوارێکی هونەری، سیاسەت و نووسیندا چالاکیی کردبا، زۆر جیدی و بنەڕەتی و زانستی و بە ئەشقەوە تێکەڵی دەبوو، بۆیە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە گرووپە شاخەوانییەکانی سنە بەشدار بوو و لەگەڵ کۆمەڵێک کچ و کوڕی گەنجی هەڵسووڕ و هاوبیری خۆی مێژوویەکی پرشنگداریان خولقاند. لە چالاکیی شاخەوانیدا شەهید کاوە زۆربەی شاخ و کێوە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێک لە شاخەکانی ئێرانیشی بڕی. چالاکیی لە بواری شاخەوانیدا ئەزموونێکی زۆر باشی پێ بەخشی ڕۆحی یاخیبوون لە زوڵم و ستەم و خەسڵەتی باوەڕبەخۆبوون و پشت قایمیی لە چەشنی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان لە ناخیدا باڵایان کرد.

بوارێکی دیکەی وەرزشی کە شەهید کاوە تێیدا خۆی بینییەوە و ئۆگری بوو، وەرزشی مەلەوانی بوو. وەرزشێک کە تێیدا ببووە مەلەوانێکی کارامە و چەندان پلە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و سەرەنجام تا ئاستی ڕاهێنەرێکی کارامەی بواری مەلەوانی درێژەی دا.

شـەهیدا کاوە لـە بـواری ڕۆژنامەنووسیشـدا هـەر بـە ئەشـق و ئۆگـری و زۆر جیـدی کاری دەکـرد و بـۆ چوونـە نـاو بـواری ڕۆژنامەنووسـیش لـە شـاری تـاران چەنـدان خولـی زانسـتیی بـواری ڕۆژنامەنووسـی، هـەواڵ و ڕاپـۆرت و وتارنووسـینی تێپەڕاندبـوو و خـاوەن چەندیـن بڕوانامـەی ئـەم بـوارەش بـوو. بۆیـە کاتێـک بـە فەرمـی لـە حەفتەنامـە ناوچەییەکانـی سـنە، وەک «کەرەفتـوو، ئاسـۆ و ڕۆژهـەڵات،...» دەسـتی بـە کار و چالاکیـی ڕۆژنامەنووسـی کـرد، وەک کارێکـی لاوەکـی لێـی نەدەڕوانـی، بەڵکـوو دەیهەویسـت کاریگـەر و شـوێندانەر بێـت، لـە بـواری کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی و ئابـووری، سیاسـی و مافـی مـرۆڤ و بەتایبـەت گەندەڵییەکانـی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە پـڕۆژە و دامودەزگان بـە دەیـان ڕاپۆرتـی مەیدانیـی بـڵاو کـردەوە و بـە وریایـی و بـە خسـتنەڕووی بەڵگـە و دیکیۆمێنتـی حاشـاهەڵنەگر، بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسـلامیی دەبـردە ژێـر پرسـیارەوە و سیاسـەتە چەواشـەکانیانی لەقـاو دەدا.

جیـاواز لـەو چالاکییانـە ئۆگریـی زۆری بـە کاری هونـەری و وێنەکێشـان و تەڕاحـی هەبـوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـەلای هونەرمەندانـی نـاوداری سـنە، وەک هـادی و مەهـدی زیائەدینـی خـول و دەوری هونەریـی بینیبـوو. بۆیـە بـەردەوام هەرکـە کاتـی بەتاڵـی دەسـت کەوتبـا، دەسـتی دەدایـە قەڵـەم و فڵچـە و گەڵێـک وێنـە و تەڕاحیـی پـڕ واتـا و کاریکاتـۆری دەکێشـایەوە و ئێسـتاش بەشـێک لـە کارە هونـەری و تەڕاحییەکانـی مـاوەن. سـەردەمی گەنجێتیـی شـەهید کاوە و ڕۆحـی ئۆقرەنەگرتـووی وایـان لێکردبـوو، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی هەمـوو ڕێگەیـەک تاقـی بکاتـەوە، سـەرجەم چالاکییەکانیشـی لـە چوارچێوەی، هونـەر، نووسـین، وەرزش و ڕۆژنامەنووسـیدا دەخولانـەوە و دەیهەویسـت بـەو کارانـە پەیامـی بـوون بگەیەنێـت و وەک گەنجێکـی شۆڕشـگێڕ خـۆی بسـەلمێنێت کـە هەیـە و بـۆ نەتەوەکـەی خەبـات دەکات.

## دەسپێکی چالاکیی سیاسی و ڕێکخستن:

چالاکییە ڕۆژنامەنووسییەکانی کاوە جەوانمەرد و بەشداریی لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئیعترازییەکانی شاری سنە، لەلایەن دامودەزگا ئیتلاعاتی و سیخوڕییەکانی ڕێژیمەوە خرابوونە ژێر چاودێرییەوە. هەرچەند ڕێکاری وردبینانە و نهێنیپارێزیی شەهید کاوە لە بواری چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتیدا ئەوەندە ژیرانە بوون کە کارێکی هەستۆکی نەکاتکە خێرا بگیرێت، بەڵام سیخوڕ و دەست و پەیوەندییەکانی حکوومەت هێندە زۆر بوون کە چالاکییەکانی ئیتر نەدەشاردرانەوە.

هەرچەند وەک کوڕی شەهید و بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ، ئەندێشەی سیاسیی کوردانە لە خوێن و دەمارەکانیدا بوو، بەڵام شەهید کاوە بە فەرمی ساڵی١٣٨٠ی هەتاوی لەڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلات و ڕیخکستنی نهێنیی حیزبەوە ناو شاری سنەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و پاش وەرگرتنی شانازی ئەندامەتی، ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بە باشی و بە لێوەشاوەییەوە لە نێوخۆی کوردستان بەجێ دەگەیاند و ئیتر لەو کاتەوە کاوە هەستی بە ئەرکێک قورس و بەرپرسیارێتییەکی گرنگ دەکرد کە لەسەرشانیەتی، بۆیە کار و چالاکییەکانی فراوانتر بوون. وەک گەنجێکی وریا، بە پرەنسیپ و چاوکراوە، بە هەنگاوی قایمەوە هاتە مەیدان وەک خۆی هەموو کات ئەیوت: «کەسێک خاوەنی ئارمانج بێت، دەزانی چی دەکات». لە ماوەی ساڵانی ٨٣ و ٨٤ی هەتاویدا کە هاوکاریی حەفتەنامەی کەرەفتووی دەکرد و چالاکییەکانی لە بازنەی مافی مرۆڤ بە شێوەی چڕتر درێژە پێدا و بەشێکی زۆر لە هەوڵەکانی بۆ ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسە بەندییەکان تەرخان کردبوو، تەواوی هەوڵی خستەڕووی ئەو پێشێلکارییانەی بواری مافی مرۆڤ بوون و بۆ نووسینەکانیشی پشتی بە دەق و سەرچاوە یاساییەکان دەبەست و بەڵگەمەند و بەپێی میتۆدی و ریساکانی وتار و ڕۆژنامەنووسی بابەتەکانی دەنووسی. هەوڵەکانی کاوە بۆ ئازادکردنی بەندکراوان و پشتگیریکردنیان

هەمەلایـەن بـوو، ئـەو بـۆی گرنـگ نەبـوو ئـەو کەسـانەی بەرگرییـان لێـدەکات سـەر بـە چ لایـەن و حیزبێکـی سیاسـین، ئـەوەی گرنـگ بـوو بەلایـەوە، ورووژاندنـی دۆسـیەی داخـراو و چارەنووسـی شـێوێندراوی بەندکراوانـی سیاسـی و ڕۆژنامەنووسـانی کـورد بـوون لـە گرتووخانەکانـی حکوومەتـدا کـە بـە حوکمـی نـاڕەوا و نایاسـایی لـە چاڵـە ڕەشـەکانی حکوومـەت ڕاگیرابـوون، یـان زۆربەیـان بەهـۆی ڕق و قینـی ئیتلاعاتـی و پاسـدارە قیـن لـە دڵـەکان دۆسـییەکانیان پشـتگوێ خرابـوو، یـان تۆمەتـی ناڕەوایـان درابـووە پـاڵ. کاوەی دڵسـۆز و وریـا هەمـوو هەوڵـی باسـکردن و ورووژاندنـی ئـەو دۆسـیە تاریکانـە بـوو لـە ئاسـتی میدیـا ناوخۆیـی و بیانییـەکان، بۆیـە دامـودەزگا ئیتلاعاتـی و سـیخوڕییەکان ڕقێکـی زۆریـان لـێ هەڵگرتبـوو.

شـەهید کاوە باوەڕێکـی قووڵـی بـە کارکـردن هەبـوو، کەسـێکی کاری و هەڵسـووڕ بـوو، لـە بەجێگەیاندنـی ئـەو ئەرکـەی کـە پێـی دەسـپێردرا، خـۆی بـە دەروەسـت دەزانـی، هەمـوو کات هەوڵـی دەدا، ئـەو کارەی دەیـکات بـە جوانترین شـێوە جێبەجێـی بـکات و ئەنجـام و کاریگەریـی کار و چالاکـی بەلایـەوە زۆر گرنـگ بـوو. بۆیـە لـە ڕێکخسـتنی خەڵـک و بەتایبـەت هەسـتەکانی ڕێکخسـتنی حیـزب بـۆ چەنـد خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری لـە دەیـەی ٨٠ی هەتـاوی لەنـاو شـار و لەبـەردەم پارێـزگای سـنە دەوری بەرچـاوی گێـڕا و حاشـا لـە توانایـی و کاریگەریـی لـە کۆکردنـەوەی خەڵـک ناکرێـت کـە بەشـێکن لـە چالاکییەکانـی.

## قۆناغی بەندکران و دەسپێکی خەبات لە گرتووخانە:

هـەر لـەو کاتانـەدا بـوو کاوە بـە تۆمەتـی ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندانەکانی هاوینـی سـاڵی ١٣٨٤ی هەتـاوی کـە بـە پشـتیوانی لـە «شـوانە سـەیدقادر» ڕێـک خرابـوون، ڕۆژی ١٦ی گەلاوێـژی ١٣٨٤ لـە سـێ ڕێیانـی «شـەریفئاوا»ی سـنە لەلایـەن هێـزە لیبـاس شەخسـیەکانی ڕژیمـەوە دەستبەسـەر کـرا، دواتـر لـە دوو دادگایـی جیـادا حوکمـی ٧ سـاڵ زینـدانـی بـۆ بڕایـەوە کـە پـاش ئـازار

و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتی سنە و پاش یەک مانگ لە ژووری تاکەکەسی لە دەزگای ئیتلاعاتی سنە، بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا و دۆسیەکەی لەڕێگای پارێزەرەکانییەوە بۆ لقەکانی چوار و دووەمی دادگای پێداچوونەوە ڕەوانە کرایەو، دواتر ٢ ساڵ لە حوکمی یەکەمی کە بەسەریدا سەپێندرابوو کەم کرایەوە و حوکمی ٥ ساڵ بەندکرانەکەشی بۆ ٢ ساڵ کەم کرایەوە کە دیسان لە بەشی ٤ی دادگای پێداچوونەوە لە ڕێکەوتی٣٠/٧/١٣٨٥ پێی ڕاگەیەندرا. دووبارە لقی ٢ی دادگای بەناو شۆڕشی شاری سنە حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بەسەر شەهید کاوەدا سەپاند، کە بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا و پاش هەوڵدانێکی زۆری پارێزەرەکانی، ئەم حوکمە لە پێداچوونەوەی یەکەمی دادگادا بۆ دوو ساڵ و لە پێداچوونەوەی دووەمدا بۆ ساڵێک کەم کرایەوە. لە کاتێکدا پارێزەرەکانی شەهید کاوە دیسان بەو حوکمانەی دادگا ناڕەزایەتییان دەربڕی و بەتەما بوون دۆسیەکەی بۆ دادگای باڵای ئێران بنێرن، هێشتا بڕیاری کۆتایی ڕانەگەیەندرابوو کە ڕێکەوتی ٢٦/٩/١٣٨٥ی هەتاوی، هێزە ئەمنییەکان لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان قۆڵبەستیان کرد و دوای گەڕان و پشکنینی ماڵ و کەلوپەلە شەخسییەکانی ڕاپێچی گرتنگەی ئیتلاعاتی سنە کرا. دوای ٤ مانگ مانەوە لە ژووری تاکەکەسی، پاشان بۆ زیندانی ناوەندیی سنە گوێزرایەوە و دیسان پاش ٥ مانگ چاوەڕوانی و ناڕوونی دۆسیەی دادگاییکردنی، لە کۆتاییدا و بە خۆتێکەڵکردنی دەزگا ئەمنییەکان لە پرۆسەی دادگایی شەهید کاوە جەوانمەرد، لە دوو پەروەندی جیادا بە تۆمەتی موحاربە (شەڕ لەگەڵ خودا) و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان و ڕاگەیەن و میدیا بیانییەکان، بە دوو ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ گرتووخانەی مەراغە لە پارێزگای تەورێز، هەروەها بە تاوانی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی میللی، بە ساڵێک زیدان مەحکووم کرا.

پاش نزیکەی یەک ساڵ مانەوە لە گرتووخانەی سنە، بۆ گرتووخانەی مەراغە دوور خرایەوە، پاش ١٤ مانگ مانەوە لەو زیندانە، دیسان بۆ

گرتووخانـەی ناوەندیـی سـنە گوێزرایـەوە و دوای دوو مانـگ مانـەوە لـە زیندانـی سـنە، لەسـەر داوای کەسـێک بەنـاوی «خوسـرەوی» کـە بەرپرسـی گرتووخانـەی سـنە بـوو، بـۆ گرتووخانـەی هەمـەدان دوور خرایـەوە، کـە گوایـە کاوە جەوانمـەرد لەبـاری ئەمنییـەوە بـۆ پارێزگای سـنە مەترسـییە، بۆیـە هەتـا تەواوکردنـی هەمـوو حوکمەکـەی لـە زیندانـی هەمـەدان مایـەوە. لـە مـاوەی بەندکرانیـدا بەهـۆی ئـازار و ئەشـکەنجەی جەسـتەیی، دەروونـی و بێبەشـکردنی لـە چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بنەماڵەکـەی و پێشـگیری لـە دەرمـان تووشـی نەخۆشـی یـەک لـەوان کەمیـی بینایـی ببـوو. بـە شـێوەیەک کـە هەندێـک لـە ناوەندەکانـی مافـی مـرۆڤ وەکـوو (ڕێکخـراوەی مافـی مرۆڤـی کوردسـتان)، بـە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنـدراو، داوایـان کـرد ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکانـی لایەنگـری مافـی مـرۆڤ بـە گوشـار خسـتنە سـەر ڕێژیـم، گیانـی کاوە جەوانمـەرد بپارێـزن. ڕۆژی ٢٩ی پووشـپەڕی ١٣٨٧ی هەتـاوی کۆمیتـەی هاوبەشـی پشـتگیری لـە زیندانیانـی سیاسـی، بـە بڵاوکردنـەوەی ڕاگەیەندراوێـک داوای کـرد کـە خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـۆ پشـتیوانی لـە کاوە جەوانمـەرد و چەنـد ڕۆژنامەنووسـێکی دیکـە، بـە داخسـتی دووکان و بـازاڕ و مانـەوە لـە ماڵەکانیـان، مانگرتنـی گشـتی ڕابگەیەنـن.

سـاڵی ١٣٨٧ لـە کاتێکـدا کـە ١٠ ڕۆژنامەنـووس لـە ئێـران لـە زینداندا بـوون و ئێـران گەورەتریـن زیندانـی ڕۆژنامەنووسـان بـوو، کاوە جەوانمـەرد یەکێـک لـەو گیراوانـە بـوو کـە زۆرتریـن گوشـاریان لـە شـێوەی دوورخسـتنەوە و بەرگـری لـە دەرمـان و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بنەماڵـە و کەسـوکارییان لەسـەر بـوو. سـەختی و دژوارییەکانـی زیندانیـش هێنـدەی دیکـە کاریگەرییـان لەسـەر جەسـتەی دانابـوو، بـەڵام هیچـکام لـەو دژوارییانـە نەدەبوونـە هـۆی کۆڵـدان و دابەزینـی وەرەی شۆڕشـگێڕانە و کوردانـەی، بەڵکـوو هێنـدەی دیکـە لەسـەر بـاوەڕ و ئیمان بـە ڕێبـاز و ئامانجەکانـی، پشـوودرێژ و سـوورتریان کردبـوو، سـەرەنجام پـاش کۆتاییهاتنـی حوکمەکـەی، ڕێکەوتـی ٣٠/٨/١٣٨٨ لـە گرتووخانـەی هەمـەدان ئـازاد کـرا.

کاوە لە ماوەی نزیکەی ٤ ساڵ مانەوەی لە بەندیخانە و بەربەست و هەڕەشە و چاوەسوورکردنەوەی بەندییەوان و لێکۆڵەرە قین لەدڵەکان نەیانتوانی بۆ چرکەساتێکیش ئەو ڕۆڵە ئازا و بە جەرگە لە بیروباوەڕ و ئامانجەکەی کە ساڵانێک بوو خەباتی بۆ کردبوو، دوور بخەنەوە، بەڵکوو بەندیخانە زیندانیشی کردە دەرەتان و مەیدانێک بۆ چالاکی و بەگژداچوونەوەی ستەم و زوڵم و بە یارمەتیی هاوبەندییەکانی و ئاشناکردنیان بە ماف و ئەرکەکانی خۆیان، بەرپرسانی زیندانیش ئەو چالاکییانەی کاوەیان بە دژی ئەمنیەتی خۆیان و مەترسیی ناو زیندان لەقەڵەم دەدا، بۆیە هەموو کات دووریان دەخستەوە.

شەهید کاوە، وەک چالاکێکی سیاسی و گەنجێکی کۆڵنەدەر و پشوودرێژ و ئەو باوەڕە قووڵەی کە بە ئازادی و خەبات بۆ ڕزگاری هەیبوو، هیچکاتێ و لە هیچ دۆخێکی دژواردا نائومێدی بەسەریدا زاڵ نەدەبوو. لەگەڵ سەخت و ئەستەمترین هەلومەرجی ژیاندا خۆی دەگونجاند و لەگەڵ گرفتەکان دەستەئێخە دەبوو. هەوڵی دەدا بەربەستەکان بشکێنێت. ئەوکاتانەی پێکەوە لە (ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا) کارمان دەکرد، ئەگەر زۆر جار بەهۆی گوشاری کار و چالاکیی فراوان و تاقەتپڕووکێنی حیزب و گیروگرفتی ژیان، تووشی دۆخێکی دژوار دەبووین، من دۆش دادەمام و نەمدەزانی چی بکەین، شەهید کاوە لە ٢٤ کاتژمێردا زیاتر لە ١٦ کاتژمێر کاری دەکرد و ماندوویەتیی نەدەناسی. پێم ئەوت باشە ئەوە چۆن تاقەتی ئەو هەموو کار و گرفتارییەت هەیە، پێدەکەنی و لاچاوێکەوە سەیری دەکردم و ئەیوت «مامۆستا گیان، کورە من فرە چەق و پۆس کوڵفتم، باوەڕ کە لەو زیندانا لەتەک کەسی گەردن کوڵفت و ناحاڵی و قین لەدڵی وا بەربەرەکانێم کرگە، تۆ بە خەویش نەتدیگە». کەسێکی خاوەن پرەنسیپ بوو، لە هەڵچوون و تووڕەیی بەدوور بوو. بە شاهیدی ئەو هاوبەندییانەی کە لەگەڵی لە گرتووخانەکانی سنە و مەراغە لەگەڵی زیندان بوون. لەوێش سەرەڕای ئەشکەنجە و ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانی بەرپرسانی

زینـدان و ئـەو بەربەسـتانەی بۆ بەندیـە سیاسـییەکان دیارییـان دەکـرد، بـەڵام شـەهید کاوە ژیرانـە و بەکاوەخـۆ و بـە دانانـی پلانـی گونجـاو دەیتوانـی بگاتـە ئامانجەکانـی و بەسـەر ئـەو بەربەسـتانەدا زاڵ بێـت و ئەمـەش لـە ئیـرادە و باوەڕێکـی قووڵـەوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە هیچـکات نەیدەویسـت لـە بەرانبـەر گرفتەکانـدا کـۆڵ بـدات. بۆیـە لـە ماوەیەکـی کەمـدا لەنـاو بەندییە سیاسـییەکانی گرتووخانـەی سـنە بـووە جێگـەی متمانـەی زۆرێـک لـە بەندییـەکان و توانـی لـە نزیککردنـەوەی بەندییـە سیاسـییەکان بـە یەکتـر سـەرەڕای جیاوازیـی بۆچـوون و بیروبـاوەڕی سیاسـی، دەوری کاریگـەر بگێڕێـت. شـەهید کاوە بەهـۆی ئـەوەی ڕۆژنامەنووسـێکی هەڵسـووڕ و وردبیـن بـوو، بەهـۆی دۆخـی پەروەندەکـەی خۆیـەوە شـارەزاییەکی باشـی لـە یاسـای سـزادانی کۆمـاری ئیسـلامی هەبـوو، ئـاگاداری مـاف و داخوازیـی بەندکـراوان بـوو، پرسـێک کـە زۆر بەندکـراو هـەر لێـی بـێ ئاگابـوون. لەمبـارەوە ڕێنوێنییەکـی زۆری بـە بەندییـەکان دەدا و لـە مافەکانیـان ئـاگاداری دەکردنـەوە، ئەمـەش بـەلای بەرپرسـانی گرتووخانـەوە ناخـۆش بـوو، بۆیـە هەمـوو کات لەژێـر چاودێریـدا بـوو. بـەڵام شـەهید کاوە هیچـکات کۆڵـی نـەدەدا، بـەردەوام هەوڵـی دەدا بەسـەر گرفتەکانـدا زاڵ بێـت و بـە هەمـوو شـێوەیەک بەرەنـگاری پیلانـی دوژمـن ببێتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی لەنـاو زینـدان تاقـم و دەسـت و پەیوەندییەکانـی ئیتلاعـات و گزیرەکانـی نـاو زینـدان، دوژمنایەتیـی زۆری شـەهید کاوەیـان دەکـرد، بـەڵام هەوڵـی بێوچانـی و جێکردنـەوەی خـۆی لەنـاو دڵـی بەندییـەکان کاریگـەری وایـان خولقانـد کـە سـەرەنجام لـە دەستنیشـانکردن و هەڵبژاردنـی «شـوورای بەنـد»ی زیندانـدا هەڵبژێـردراوە و لـەم ڕێگەیـەوە توانیویـە زۆر خزمەتـی بەندییـەکان بـکات.

دۆخـی سـەخت و دژواری نـاو گرتووخانەکانـی سـنە و مەراغـە قـەت بـۆ چرکەیەکیـش نەیانتوانـی کـۆڵ بـە ڕۆڵـە تێکۆشـەرەکەی سـنە و یەکێـک لـە حەماسـەخولقێنەکانی کۆسـاڵانی سـەربەرز بـدەن، بەڵکـوو ئەوە ئیـرادە و باوەڕی قـووڵ و لەبڕاننەهاتـووی شـەهید کاوە بـوو بەسـەر پیلانـی بـێ ڕیشـەی دوژمنـدا زاڵ دەبـوو و هەمـوو کات شـەهید کاوە تێیـدا سـەرکەتوو بـوو. ژیانـی سەخسـی

گرتووخانە و ململانێ و جەنگ لەگەڵ نەیاران، بوونە ئەزموونێکی پڕ بایەخ و شەهید کاوەیان کردە تێکۆشەرێکی خاراو و خەباتگێڕێکی شێلگیر و خۆڕاگر کە لای وابوو تەنیا و تەنیا بەرەو ئاسۆ ڕوانین و هەنگاونانی پتەو و قایم بۆ گەیشتن بە ڕاستی، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئامانجە پیرۆزەکان. بۆیە ئەزموونە دژوارەکان بوونە وانەی ژیانی لە قۆناغە جیاجیاکاندا، چ لە ژیانی ئاسایی خۆی و چ ژیانی شۆڕشگێڕی و خەبات لەپێناوی ئازادی. هیچکات کۆڵی نەدەدا و هیچکات مەیدانی چۆڵ نەدەکرد و بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕەوا ڕێگە و ڕێکاری ناڕەوای هەڵنەدەبژارد.

# بەشی دووەم

# قۆناغی بوون بە پێشمەرگە

کۆتایی زستانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی بەهۆی زەخت و گوشاری لەڕادەبەدەری دامودەزگا ئەمنییەکان و ئەگەری مەترسیی ئاشکرابوون و دەستگیرکردنی دووبارەی، لەگەڵ هاوسەری یەکەمی خاتوو «ئاوات» خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پاش بەشداری لە دەورەی ١٩٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بەهاری ١٣٨٩ی هەتاوی، بە فەرمی بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی پۆشی.

## دەسپێکی ناسینی من و شەهید کاوە

ئەمن ئەوکاتە کە نزیکەی نۆ ساڵ بوو وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبدا بووم، هاوکات لەگەڵ کارکردنم لە (ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران) و تەلەفزیۆنی تیشک، مامۆستای زمانی کوردیی فێرگەی سەرتایی پێشمەرگەش بووم. ماوەی چەند ساڵێک بوو لە میدیاکانەوە لەگەڵ ناو و ناوبانگی «کاوە جەوانمەرد» ئاشنا بووم و بەردەوام لە هەواڵەکانی مافی مرۆڤدا گوێم لێ دەبوو ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سیاسی کاوە جەوانمەرد لە گرتووخانەیە، یان ئەوەندە حوکمی زیندانیی بەسەردا سەپێندراوە، ماوەی چەند مانگێک بوو لە زیندان ڕزگاری ببوو و هاتبووە ناو حیزب، بەڵام من هیشتا لە نزیکەوە نەمدیتبوو. ئەو ساڵانە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە ژیانی هاوبەشیان پێکدەهێنا، بۆیە خانووی چۆل نەبوو کە شەهید کاوە و خێزانی بچنە ناوییەوە. لەناو فێرگەی سیاسی — نیزامیی ئەوکات ژوورێکی بەتاڵ هەبوو بە شێوەی کاتی تێیدا گیرسابوونەوە. لەو ماوەیەدا زۆر تامەزرۆی

دیـداری بـووم، بـەڵام سـەرقاڵیی زۆر و دوو شـیفتە کاکـردن لـە ڕاگەیاندنـی حیـزب ئـەو دەرفەتەیـان پـێ نـەدەدام بچمـە دیـداری.

یەکــەم دیدارمــان کاتــی وانــەی زمانــی کــوردی بــوو لــە دەورەی ١٩٣ی سـەرەتایی پێشـمەرگە بـۆ بەهـاری سـاڵی ١٣٨٩ دەگەڕێتـەوە و مـاوەی سـێ ڕۆژ لـە خزمەتیانـدا بـووم. هـەر یەکـەم ڕۆژی کلاس و یەکـەم دیدارمـان لەگـەڵ کاوە و یەکتـر لـە ئامێزگرتـن، هەسـتم کـرد لەگـەڵ گەنجێکـی کارامـە، خـاراو، ئـارام و مەنـد و لـە هەمانکاتـدا وردبیـن و کونجکـۆڵ بـەرەوڕووم. کەسـێک کـە بـۆ هـەر پرسـیار و سـەرنجێک بـە وردی بیـری دەکـردەوە و بـە ئـاوەز و پێداگرییـەوە بـاس و گفتوگـۆی دەکـرد و لەسـەر قسـەی ڕەوا و بەرهەقـی خـۆی شـێلگیر و پێداگـر بـوو.

بــۆ خواردنــی نیــوەڕۆی هەمــان ڕۆژ بوومــە میوانیــان، بــۆ فراقیــن لــە ئاشــپەزخانەی فێرگــە ماکارۆنیــان لێنابــوو، کاتێــک چوومــە ژوورەکەیــان دوو هاوســەری پێشــمەرگەی باڵابــەرزی ســەروزوان خــۆش و گفــت شــیرین بــە دیالێکتــی ســنەیی و دابــی پێشــمەرگانە میواندارییــان کــردم. بەوپــەڕی بــێ ئیمکاناتییــەوە ئــەو ژوورە بچووکــە پێشــمەرگانەیان بــە جوانــی و ڕێکوپێکــی ڕازاندبــۆوە کــەر هــەر کەســێکی سەرســام دەکــرد. ســەری قســەم کــردەوە و چاوێکـم بـە دەر دیـواری ژوورەکـەدا گێـڕا. وتـم بزانـم ئەزانـی ئـەم ژوورە کـێ گەچکاریـی کـردووە؟ بزەیەکـی کـرد و وتـی جـا مـن چووزانـم و کـێ دەناسـم بـە مانگێـک پێشـمەرگایەتییەوە!. وتـم ئـەم ژوورە بـە دەسـت و پەنجـەی مـن سـپیکاری کـراوە. سـەری سـووڕ مـاو و وتـی: مامۆسـتا گیـان بەڕاسـتتە؟! یانـێ جیـا لـە وانـە وتنـەوە، گەچکاریـش دەکـەی؟ وتـم ئەیچـۆن دژواریـی ژیانـی پێشـمەرگایەتی و بژیـو، مـرۆڤ وا لـێ دەکات دەسـت بدەیتـە کارگەلێـک کـە پیشــەی ســەرەکی و پســپۆڕیی خــۆت نییــە و ئەمــەش نیشــانەی جێکەوتنــی کولتـووری ژیـان و خەباتـە لەنـاو حیزبـی دێمۆکراتـدا. کاوە گوێگرێکـی بـاش و کەسـێکی وردبیـن بـوو، خێـرا کەسـی بەرانبـەری دەناسـی.

گفتوگۆمــان گــەرم بــوو، بــە نــۆرە و بــە ئــەدەب و بەوپــەڕی نزاکــەت و لەبەرچاوگرتنــی پرەنســیپ و پاراســتنی بنەماکانــی ڕەخنەگرتــن، ئیــرادی لــە شــێوازی کاری ئۆرگانیکــی حیــزب دەگــرت، هێشــتا ســەرەتای دەورانــی پێشـمەرگایەتیی بـوو، بـە باشـی لـە ڕەوش و بارودۆخی حیزبایەتی نەگەیشـتبوو. ئەیـوت: «هێشــتا زووە بـۆ مـن بڕیـار بـدەم، ئەبـێ بـە قووڵـی لەنـاو ئـەم دەریایـەدا مەلـە بکـەم، ئاخـر مـن بـەلای ناخێرییـەوە مەلـەوان بووگـم».

وتم: باشـە ئێوە کەسـێکی نەناسـراو نین و چەندین سـاڵ کاری تەشـکیلاتیتان کردگـە و زیندانتـان کێشـاگە و ڕۆژنامەنووسـێکی بـە ئەزموونـن، مەشـیا بەبـێ بەشـداریی دەورەی سـەرەتایی پێشـمەرگایەتی، لە یەکێک ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن داتیـان نابایـە، یـان بەبـێ نـۆرە خانوویەکـی گونجاویـان بۆتـان دابیـن کردبـا. لەگـەڵ خاتـوو (ئـاوات)ی خێزانـی چاوێکیـان لـە یەکـدی کـرد و بـە نەختـێ درەنگییـەوە وتـی: «جا ئەگـەر ئێمـە خۆمـان گەرکمـان بوایـە جێبەجـێ دەبـوو، بـەڵام ئێمـە بـۆ خۆمـان حەزمـان لەوەسـە وەک پێشـمەرگەیەکی تازەهاتـوو، بەپێـی یاسـا و ڕێوشـوێن هەمـوو قۆناغەکانـی «پەزیـرش و فێرگـە» ببڕیـن و وەک خەڵکانیتـر لـە نـۆرەی ماڵـدا بیـن و خۆمـان لـە خەڵکیتـر بـە جیـا نازانیـن و ئەمـەش وەک ئەزمـوون و وانەیـەک چـاوی لێدەکەیـن. ئێمـە ڕۆڵـەی ئـەم حیزبەیـن و دەمانـەوێ خۆمـان و لەسـەر بنەمـای توانایـی و لێهاتوویـی لـە شـوێنی گونجـاو بـۆ کاری شـیاو دامانمەزرێنـن و بەگشـتی گەرەکمانـە خوەمـان بیـن و لـە هـەر ئۆرگانێکـی حیزبـی کار بکەیـن، بـە دڵ و گیـان و ئەشـقەوە دەیکەیـن».

ئــەو ڕۆژە و دوو ڕۆژی دوایــی کلاســەکەمان بوونــە بنەمــای دامەزرانــی پەیوەندییەکـی قـووڵ و دۆسـتایەتییەکی نزیکـی نێوانمـان. پـاش کۆتایی دەورەی سـەرەتایی پێشـمەرگە، کاوە درایـە ئۆرگانـی چاپەمەنـی و لـە بەشـی فارسـیی ڕۆژنامـەی کوردسـتان و ماڵپـەڕی «کوردسـتان میدیـا»، بـە ئەشـق و ئۆگرییـەوە دەسـتی دایـە چالاکیـی حیزبـی و لـە ماوەیەکـی زۆر کـەم و بـە پشـوودرێژییەوە توانــی بەشــی ڕاپۆرتــی ڕۆژانــە، حەفتانــە و مانگانــەی پێشــێلکاریی مافــی

مرۆڤـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ماڵپـەڕی «کوردسـتان میدیـا» بخاتـە ڕێ، کـە هەتـا ئەوکاتـە بـەو چەشـنە و بـە شـێوەی ئوسـووڵی، ڕێکوپێـک و ئامـاری کاری لەسـەر نەکرابـوو. هاوسەریشـی درایـە بەشـی فارسـیی ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی ئێـران، بـەڵام پـاش ماوەیەکـی کـورت تاقەتـی نەهێنـا و نەقڵـی ڕۆژنامـەی کوردسـتان کـرا و لەوێـش پـاش چەنـد مانـگ کار، بـە یەکجاری وازی لـە پێشـمەرگایەتی هێنـا و وەک ئەندامێکـی سـادە لەنـاو حیـزب مایـەوە.

کاوە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ و بەرەبـەرە لەنـاو حیـزب و ئۆرگانـە جیاجیـاکان و بەتایبەتـی لەنـاو ئۆرگانەکانـی ڕاگەیانـدن جێـی خـۆی دەکـردەوە و بـە کاری بـەردەوام و بـە ڕەفتـار و ئـاکاری شۆڕشـگێڕانە و ئیمانـی قووڵـی بـە ڕێبازێـک کـە قوربانیـی بـۆ دابـوو، خـۆی دەسـەلەماند و بـە تواناییەکانـی ئـەو ڕاستییەی دەسـەلماند کـە توانایـی ئـەوەی هەیـە کاری گەورتـر و کاریگەرتـر بـۆ میدیـای حیـزب بـکات. کاوە کەسـێک نەبـوو تەنیـا بـە کاری ڕۆتینـی ڕۆژانـە قەناعـەت بێنێـت و تـا نیـوەڕۆ کار بـکات و بـڕوات و دووبـارە سـبەینێ بێتـەوە، هەمـان کار بکاتـەوە کـە هیـچ ئەنجامێکـی بەرهەسـت و دەنگدانەوەیکـی نەبـوو. ئـەو کـە لـە قووڵایـی ڕۆژهەڵاتـەوە هاتبـوو، تـژی بـوو لـە وزە و ئاشـقی کار و پـڕۆژەی نـوێ بـوو، تـرس لـە دەروونیـدا نەبـوو. بـەردەوام گفتوگـۆی دەکـرد، گوێـی لـە قسـەی بەرانبـەر دەگـرت. پەیوەندیمـان هەتـا دەهـات قـووڵ و سـەمیمی دەبـوو. بـۆ هـەر کار و پڕۆژەیەکـی نووسـین، پێشـنیاری پێدەکـردم و ئەوپـەڕی ڕێـزی یەکترمـان دەگـرت، زۆر تامـەزرۆ بـوو، کوردییەکـی پـاراو و پەتـی فێـر ببێـت. مـن هەمیشـە ڕەخنـەم لـێ دەگـرت، بۆچـی بابەتەکانـت بـە کـوردی نانووسـی. ئەیـوت: ئاخـر مـن بـە شـێوەی ئوسـووڵی و بنەڕەتـی نووسـینی فارسـی فێـر بـووم، هەرچـی کارم کرگـە هـەر بـە فارسـی بـووە. لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕم بەوەیـە هیـچ کارێـک بەبـێ بیرکردنـەوە و لەخـۆڕا خۆمـی لـێ نـەدەم، هەتـا ئێسـتاش ئـەو دەرفەتـەم بـۆ نەڕەخسـاوە کـوردی بـە شـێوەی وانـە فێـر ببـم، لەبـەر ئەوەیـە بـە کـوردی نانووسـم. ئـەوەش کـە نانووسـم دەزانـم گـەر بنووسـم زمانـی کـوردی دەشـێوێنم، کـە وایـە باشـترە شـتی خـراپ و نەگونجـاو بـە زمانـی دایکـی نەنووسـم. هەمـوو

کات کـە شـتێکی بـە کـوردی دەنووسـی بـۆی دەهێنـام و پێکـەوە بـە وردی پێداچوونەوەمـان دەکـرد و زۆری بـەدڵ بـوو ڕەخنـەی لـێ بگیرێـت و دەمبینـی بـە ئەشـقەوە دەیهـەوێ کـوردی بـە ئوسـووڵی و ڕێکوپێکـی فێـر ببێـت، نـەک بـۆ ڕاییکردنـی کاری لاوەکیـی دنیـای مەجـازی و خۆنوانـدن. بۆیـە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ کوردینووسـینەکەی باشـتر و باشـتر دەبـوو.

## دامەزرانی ئاژانسی کوردپا:

پـاش چەنـد مانگێـک، ڕۆژێکیـان بانگـی کـردم، وتـی کاری جیدیـم پێتـە و دەبـێ بەڵێنـم پـێ بـدەی هـاوکار و یارمەتیـدەم بیـت، گەرەکمـە کارێکـی گـەورە و شـوێندانەر بکـەم، کارێـک کـە کـەس خـۆی لـێ نەداگـە، دەزانـم ئەمـکارە وەک چوونـە قورگـی شـێر و گـورگ وایـە و دەزانـم دەمپرووکێنـێ، بـەڵام هـەر دەیکەم، چونکـە مـن فـرە سەرسـەختم و لـە زینگیمـا کاری لەمـە دژوار و ئەسـتەمترم ئەنجـام داگـە.

وتــم: بێــژە بزانــم کارەکــە چــەس، منیــش پێشــمەرگەی ئــەم حیزبــەم و هەرچیـم لـەدەس بێـت، بێگومـان درێغـی ناکـەم و هـەر کارێـک بکـەم بەوپـەڕی دڵسـۆزی و ئۆگرییـەوە ئەنجامـی دەدەم.

وتـی: جـا بۆیـە لەتەکتـا مەترەحـی دەکـەم بـاوەڕم پێتـە و وەک کەسـێکی بـە ئەزمـوون و کوردیـزان لـەو بەشـە تـۆ پێویسـتی. لەتەک کاک مسـتەفا و دەفتەری سیاسـی قسـەم کردگـە، بەتەمایـن ئاژانسـێکی سـەربەخۆی خەبـەری و تایبەت بو مافـی مـرۆڤ و ڕووماڵـی ڕوداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دابمەزرێنیـن. زۆرم پـێ سـەیر بـوو، لـە مـاوەی ئـەو دە سـاڵە پێشـمەرگایەتییەمدا کەلـە ڕاگەیاندنـی حیـزب کارم کردبـوو کـەس فکـری لـە دانانـی میدیایەکـی ئـاوا نەکردبـۆوە. وتـم بـەڕای تـۆ ئەگونجـێ و لـە فـەزای حیزبێکـی سیاسـیدا ماڵپەڕێکـی سـەربەخۆ بـە کادر و پێشـمەرگەی حیزبـەوە دەکـرێ بەڕێـوە ببرێـت؟ زۆرمـان قسـە کـرد و



شەهید کاوە لەگەڵ بەشێک لە پێرسونێلی ئاژانسی کوردپا — بەهاری ١٣٩١

چەندین جار پێکەوە دانیشتین. دیارە کاوە پرۆژە و پلان و پێکهاتەی کار و چوارچێوەی کاری و بەگشتی ئۆرگانەکەی دارشتبوو و ڕۆژانە لەگەڵ سکرتێر و دەفتەری سیاسی لەبارەیەوە لە گفتوگۆدا بوو. بەهەرحاڵ من بەڵێنیی هاوکاری و پشتگیریکردنیم پێدا و ئەو قەولەم لێ وەرگرت بە مەرجێک هاوکار دەبم خۆت کاروباری نەقڵی من بۆ ئەو ئاژانسە و ڕازیکردنی بەرپرسانی ڕادیۆ لە ئەستۆ بگریت، خوەت دەزانی ئەمان ئاوا بە ئاسانی لە کۆڵم نابنەوە.

کاوە هەموو کارەکانی دانانی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان (کوردپا)ی ڕاپەڕاند و چەندین کەسی وەک ستافی کاری لە هەردوو ئۆرگانی ڕادیۆ و چاپەمەنی و ئۆرگانەکانی دیکە دەستنیشان کرد و سەرجەمیان نەقڵ کران. هەروەک پێشتریش باسم کرد یەکێک لە خەسڵەتەکانی شەهید کاوە بۆ کاکردن، باوەڕمەندبوون بە کاری بنەڕەتیی ئامانجدار بوو، هیچ کارێکی بەبێ پلان و پرۆژەی لەپێشدا دارێژراو دەست پێنەدەکرد. بۆ بنیاتنانی ئاژانسێکی خەبەریی سەربەخۆ دەبوا پلان و بەرنامە و ئامانجت هەبێت. ئەو دەیهەویست پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات لەو ئاژانسەدا بەبێ مۆرک و تایبەتمەندیی حیزبی بورووژێنێ و تەنیا دەیهەویست ستافەکەی حیزبی بێت و سەرلەبەری کارەکانی سەربەخۆ و بێلایەن هەڵبسوورێت. بۆیە بۆ بارهێنان و پەروەردەی ستافی ئاژانسی کوردپا بڕیار بوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن چەندان مامۆستا و پسپۆڕی ڕاگەیاندن لە بوارەکانی هەواڵنووسی، ڕاپۆرت و وتووێژ دەورە و خولی جۆراوجۆر ببینین.

بۆیە بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب دەورەمان بینی و هاوکات بۆ چەند خولێکی دوانیوەڕۆیان دەهاتینە مەقەڕی پەیوەندییەکانی حیزب لە هەولێر و لە کلاسەکاندا بەشداریمان دەکرد و لە هەموو خول و وانەکاندا شەهید کاوە زۆر بە جیدی و وەک کەسێکی خاکەڕا و بەشدارێکی سادە و ساکاری دەورەکان بەوپەڕی ئەشقەوە پرسیاری دەکرد و هەموو هەوڵی بارهێنانی کەسانێکی پسپۆڕ و دروستکردنی ستافێکی کارامە و

ڕۆژنامەنووسگەلێکی بێلایەن و ئاشق بە کار و چالاکی بوو.

دەورەکەمان کۆتایی هات، پێشتر شوێنێکی تایبەت و جیاواز وەک ئۆرگانی سەربەخۆی ئاژانسی کوردپا تەرخان کرابوو، لە دانانی بناغەی ئەو ئۆرگانەوە شەهید کاوە شەو و ڕۆژ و ماندوونەناسانە کاری دەکرد و چاودێری ڕەوتی کارەکان بوو، چ کاری بیناسازی و چ لە دروستکردنی ماڵپەڕی کوردپا. دەمبینی چەندە شاد و خۆشحاڵە و چۆن بەوپەڕی ئۆگرییەوە شەو و ڕۆژی داگەسە دەم یەک هەتا کارێک بنیات بنێت کە جیاواز بێت و تەنیا ئامانجیشی پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەک بوو لە میدیای کوردیدا کە تا ئەوکاتە لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پیوار (غایب) بوو. ئەویش ورووژاندنی پرسی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دیکیۆمێنتکردنی بە شێوەی ئاماری، ڕووماڵکردنی بێلانەنانەی هەواڵ و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی میدیا حیزبییەکان.

ماوەی یەک مانگ هەتا ماڵپەڕەکە لەڕووی تەکنیکییەوە کەوتە کار، ڕۆژانە بە ڕێکوپێکی دەهاتینە سەرکار و سەرقاڵ ڕاهێنان و ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی ئەزموونی بووین. لەو ماوەیەدا کاوە وەک بەرپرسێکی بە ئوسوول و بەرپرسیار و ئەرک وەخۆگر، لە هەموان زیاتر ماندوو دەبوو. چاودێریی هەموو کارێکی دەکرد، بە ڕەفتار و ئاکاری دوور لەخۆگری کەشێکی وای خولقاند لە ماوەیەکی کەمدا توانی ستافێکی کارا و تاڕادەیەک جیاواز و پابەندی کار بنیات بنێت.

## کاریگەریی ئاژانسی کوردپا

ئاژانسی کوردپا لەڕووی ئۆرگانیکەوە لەلایەن سکرتاریاوە چاودێری دەکرا و لە ئۆرگانەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزب جیاواز بوو. ئەمە هەندێ جار

گرفتی بۆ ساز دەکرین و تەنیا تاقەت و سەبری شەهید کاوە و وردبینیی ئەو بوو بەسەریاندا زاڵ دەبوو. لەناو ئاژانس، کەشێکی دۆستانە و سەمیمانەی خولقاندبوو، خۆی بەشداریی ڕاستەقینەی هەموو کارەکان (تەنانەت چای لێنان و گەسکدانی ناو ئۆرگان) و سازکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت نووسین بوو. وەک بەرپرس و سەرووی ستافی کوردپا لەقەڵەم نەدەدا. هەر ئەم ڕەفتارانەی وای کردبوو، سەرجەم هاوڕێیانی ئاژانسی کوردپا بە ئەشق و بەوپەڕی ئۆگرییەوە دوو شیفتە و بێ ماندووبوون کار بکەن. ئاژانسی کوردپا بە ئیمکاناتێکی سادە و ساکار و سەرەتاییەوە بە فەرمی دەست بەکار بوو، کەس نەیدەزانی شوێنی ئەم ئاژانسە لە کوێیە و جیاوازیی کوردپا لەگەڵ میدیا و سایتەکانی دیکە لەوەدا بوو، شوێنیکی دیاریکراو و جێگیر و ستافێکی کارای هەبوو، بەڵام سەرجەمیان نهێنی و وەک سەربازێکی ون ئاشقانە ئامانجیان تەنیا و تەنیا کار بوو.

لە ماوەیەکی کەمدا بە ئاژانسی کوردپا بە بەرپرسایەتیی شەهید کاوە و هیمەتی هەموو ستافەکەی کە لە سەرەتاوە بریتی بوون لە: «کاوە جەوانمەرد، شەریف فەلاح، غالب حەبیبی، هێرش کەریمی، شەهاب خالیدی و جەواد یووسفی» دواتر چەندین هاوڕێی دیکەی وەک «ستار ئیبراهیمی، نەسرین ڕەحمانی، ئیسماعیل زوورمەند، هادی عارفی، هەیبەت کامرانیپوور، حەسەن موکەڕەم، داریووش ڕەشیدی، ئیرەج، شلێر دەستئان و جەماڵ ڕەسووڵدنخە، ئومید عەبدی، کەیوان دروودی، ئازاد مستەفاپوور، ژیان مەکاری، ئەمیر ڕەحمەتی، فواد حەقیقی، جەعفەر موبەشرنیا ئەوین مستەفازادە، مەهاباد قاسمی، ڕێبوار فانی، ئەرسەلان یارئەحمەدی،» لە دوو ماڵپەڕی کوردستان میدیا و ئاژانسی کوردپا کاریان کرد، وای لێهات کورپا وەک ئاژانسێکی سەربەخۆ و بێلایەنی تایبەت بە ڕووماڵی هەواڵ و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگە و پێگەی خۆی کردەوە.

هەرچەند هەم لە ناوخۆی ڕۆژهەلات، لە باشوور و لە ئاست میدیای حیزب و پارتەکانی دیکەوە زۆر گرفت و تەگەرە و ئاستەنگ لەبەردەم

چالاکیی ئاژانسی کوردپا ساز دەکرا و تۆمەتی ناڕەوای دەدرایە پاڵ، بەڵام باوەڕمەندیی شەهید کاوە بە پرەنسیب و بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی و خۆبواردن لە باسی لاوەکی، دۆخێکی وایان خولقاند، ئەو دەنگۆیانە ڕوانەوە و کوردپا بەتەواوەتی کەوتە سەر ڕێچکەی کاریی خۆی. ئەو کەسانەش کەلە کوردپا کاریان دەکرد بە بەرپرسیارێتی و ئەشقەوە دوو شیفتە و پێشمەرگانە شەو ڕۆژ ژیانی خۆیان بۆ جێگەگرتنی ئەو میدیایە تەرخان کردبوو، بۆیە دەکرێ بێژین، (ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا) کە بەرهەمی هزر و ئاوەزی شەهید کاوەیە، بە یەکەم میدیای پرۆفیشناڵ و بێلایەنی بواری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێین کە لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی هەتاوی و سەردەمی بیدەنگی و سەرکوتدا هاتە مەیدان و توانی پرسەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسی بەندکراوانی سیاسی، کوشتنی کۆڵبەران، زەبر و زەنگ و گوشاری سیاسیی حکوومەت لەسەر توێژەکانی ژنان، کرێکاران و خوێندکارانی کورد بورووژێنێ و لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، ژنان، کرێکاران و... ڕاپۆرتی ئاماری و داتایانە بە شێوەی هەفتانە، مانگانە، وەزانە و ساڵانە بڵاو بکاتەوە کە بووە سەرچاوەی زۆر میدیای ناوخۆیی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانی.

من ماوەی یەک ساڵ و نیو بێوچان لە ئاژانسی کوردپا، وەک پێشمەرگە و جێگری شەهید کاوە کارم کرد و لەو ماوەیەدا لەڕووی ئەزموونەوە وەک قوتابخانەیەک بوو بۆم، جیا لە کاری ڕۆژنامەنووسی، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە و مرۆیی و خۆڕاگریی شەهید کاوە زۆر وانەیان فێر کردم. دەرسی ماندوویینەناسی، پێداگری و پشوودرێژی و خۆبواردن لە دروشم و پشتبەستن بە توانای خۆ و تەنیا و تەنیا کارکردن کە بەشێک بوون لە باوەڕەکانی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕە.

پاش جێکەوتنی ئاژانسی کوردپا و بوون بە سەرچاوەی زۆر ئاژانس و هەواڵدەریی دیکە، بە بڕیاری کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب و لەسەر پێشنیاری شەهید کاوە ماڵپەڕی فەرمیی حیزب (کوردستان میدیا) کە سەر

بە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بوو، بە فەرمی هێنرایە، ناو ئۆرگانی ئاژانس و لە ماوەیەکی کەمدا بە کار و چالاکیی شەو ڕۆژ و پڕ لە سەلیقەی کاوە و لەلایەن نەمر (ئاسۆ نادری) ئەندامی حیزب لە دەرەوەی وڵات دیزاینێکی جوان و سەردەمیانەی بۆ کرا و بە فەرمی بەرپرسیارێتیی ماڵپەڕی حیزبیشی وەرگرت و شانی دایە بەر ئەو کارە گرنگە و ستافێکی تایبەتی بۆ دانرا و لەڕووی هەواڵ، ڕاپۆرت و شێوازی کارییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات کە ئەمەش یەکێکی دیکە لە چالاکییە کاریگەرەکانی شەهید کاوەیە لە ئاستی میدیای حیزبدا شوێن پەنجەی دیارە.

لە کاتێکدا کاوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی دەسەلماند و کار و چالاکییەکانی دەکەوتنە بەر سەرنجی هەموان، هێشتا لە سەرەتای ساڵی دووەمی پێشمەرگەیەتییدا بوو کە کاوە لەڕووی ژیانی هاوبەشەوە لەگەڵ هاوسەری یەکەمی تووشی گرفت بوون. یەکێکی دیکە لەو ڕووداوانەی ژیانی شەهید کاوە، ژیانی هاوبەشی بوو لەگەڵ خاتوونێکی هاوپیشەی خۆی (ئاوات) کە پێکەوە لە گرووپی شاخەوانی ئاشنا ببوون. کە پاش ئازادبوونی لە گرتووخانە پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا. هەموو کات شەهید کاوە بە سەداقەتەوە دەیگوت، لە ڕۆژهەڵات زۆرم بە ئاوات گوت، دەست لە من هەڵبگرە، چارەنووسی من ئێرە نییە و من کەسێکی یاخی و سەوداسەرم و دوای بیروباوەڕێک کەتووم کە مەترسیی زۆری تێدایە کە ئەویش دانانی گیانی شیرینە لەم ڕێبازەدا. ئەیوت من بەرەو لووتکەی شەیدایی دەفڕم، ژیانم سەقامگیر نییە، بەڵام بەهۆی خۆشەویستییەکی قووڵ کە لە نێوانیان هەبوو، سەرەنجام لەگەڵی هاتە ڕیزەکانی شۆڕش و کەمتر لە دوو ساڵی نەخایاند، ئەو خاتوونە نەیتوانی ژیانی ئاوارەیی و ناو حیزب تەحەمول بکات و پشتی لە شەهید کاوە کرد و ڕۆیشتەوە خۆی ڕادەستی ڕێژیم کرد. شەهید کاوە بەوپەڕی ڕێز و شکۆوە هەوڵی زۆری دا ئەو خانمە ئەو بڕیارە نەدات و جێی نەهێڵێ، بەڵام پاشگەز نەبووە و لە هەلومەرجێکی دژواردا کاوەی بەجێ هیشت و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر کاوە هەبوو.

هەرچەند باوەڕ و ئیمانی زۆر لەوانە پتەوتر بوو کە بەو دژوارییانە بڕووخێت و لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانی سارد ببێتەوە.

## بوون بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب

کاوەی گەنج، کاوەی داهێنەر کە هەموو کات پشتی بە توانایی و لێوەشاوەیی خۆی دەبەست و هەموو کات لە باس و بابەتی لاوەکیی کات بەفیڕۆدەر خۆی دەبوارد، لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ پێشمەرگایەتی لەناو حیزبی دێمۆکرات یەک لەو دەگمەن پێشمەرگە هەڵسووڕانە بوو توانی هەم لە ئاست ڕێبەری، کادری باڵا و لەناو پێشمەرگەکاندا جێگە و پێگەی خۆی بکاتەوە و ببێتە خۆشەویستی هەموان. کاوە بە کارکردن بە دڵسۆزی و بە کاری داهێنەرانە متمانەیەکی زۆری لەناو حیزب پەیدا کردبوو. بەتایبەتی لەناو پێشمەرگەکاندا ڕەفتاری خاکی و خەڵکی و خۆنەویستی، کارێکی وایان کرد، ببووە ڕازداری بەشێک لە هاوسەنگەر و هاوکارانی و بەشێک لە نهێنی و گرفتەکانی ژیانی خۆیان لەلای باس دەکرد. بۆیە بەهۆی لێوەشاوەییەوە توانی لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی ١٥ی حیزب لە بەهاری ساڵی ٩١ شەهید کاوە وەک یەکێک لە نوێنەرانەی پێشمەرگە بۆ کۆنگرە متمانەی پێ بەخشرا و هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەشدا بەبێ کێشە و بە شانازییەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. بەڕای زۆرێک لە ئەندامانی حیزب، لە مێژووی حیزبدا شەهید کاوە یەک لەو دەگمەن پێشمەرگانە بووە کە بە ساڵ و نیوێک پێشمەرگایەتی و بەبێ ئەوەی پلەکانی کادری و بەرپرسیارێتیی دیکە ببڕێت، یان تێکەڵی ئەو دۆخە باڵباڵێن و جەناحبەندی و ناوچەگەرێتییە ببێت کە پێشتر لەناو حیزب هەبووە، لە یەکەم کۆنگرەی حیزبدا کە تێیدا بەشداریی کردووە ببێتە ئەندامی ڕێبەریی حیزب و وەک یەکێک لە گەنجترین ئەندامانی ڕێبەریی حیزب دەرکەوت.

یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی کۆنگرەی ١٥ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بوو کە لەو کۆنگرەیەدا وەکوو کۆنگرەی چواردەی حیزب

ژمارەیـەک لـە ئەندامـان و کادرە نوێیـەکان هاتنـە نێـو ریـزی رێبەرایەتییـەوە.
گرینگتریـن تایبەتمەندیـی ئـەو ئاڵوگـۆڕە، ئەوەیـە کـە پیشـانی دەدات حیزبـی دێمۆکـرات پێگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی قووڵـی لەنێـو کۆمەڵـگەی کوردسـتاندا هەیە، بـەو مانایـە کـە نەوەیەکـی نوێـی ئـەو کۆمەڵـگەیـە بـۆ درێژەدانـی ئامانجەکانـی ئـەو حیزبـە ئامادەیـە بێتـە نێـو ریزەکانییـەوە. کاتێـک بەشـداریی نـەوە و سـیمای نـوێ گرینگـی پەیـدا دەکات، کـە دڵنیـا بیـن یەکێـک لـە سیاسـەتە بنەماییەکانـی رێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـۆ دژایەتیکردنـی حیزبـی دێمۆکـرات لـە توواناخسـتنی شۆڕشـە، بـەڵام هاتنـە ڕیـزی نـەوەی نـوێ و خوێنـی نـوێ لەنـاو شـۆڕش و لـە ئاسـتی ڕێبـەری و ناوەنـدی بڕیـاری حیزبـی دێمۆکـرات وەک شـادەماری بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات، بـە واتـای ڕەتکردنـەوەی ئـەو پیلانانـەی حکوومەتـی ئێرانـە.

ئەگـەر بێـت و وەک کارەکتەرێکـی شۆڕشـگێڕ سـەیری ژیانـی کاوە جەوانمـەرد بکەیـن و وەک یەکێـک لـەو کەسـانەی کـە لە نـەوەی چوارەمی حیزبـی دێموکراتدا و لـە کۆنگـرەی ١٥ی ئـەو حیزبـە چـووە ریـزی رێبەرایەتییـەوە لەبەرچـاوی بگریـن، بۆمـان دەردەکەوێـت کاوە یەکێـک لـە هێماکانـی شۆڕشـگێڕێکی بـەرەی نـوێ و سـەردەمی خـۆی بـووە و بـۆ ئـەوەی ئـەم نازنـاوە پـڕ لـە سـەروەرییەی پـێ ببڕێـت و بتوانـێ ببێتـە هێـزی پاڵنـەر و شـوێندانەر، لـە قۆناغەکانـی دیکـەی ژیانـی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و زینـدان و ڕۆژنامەنووسـیدا زۆر نرخـی بـۆ دابـوو، تاکـوو گەیشـتە ئـەو ئاسـتە و ببـوو بـە شۆڕشـگێڕێکی کاریزمـا و سیاسـییەکی گەنـج و داهێنـەر.

## بەرپرسایەتیی تلفزیۆنی تیشك

پـاش بوونـی بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، شـەهید کاوە ئەرکـی بەرپرسـایەتیی (تیشـک TV)ی لـە کوردسـتان وەئەسـتۆ گـرت و خزمەتێکـی شـایانی لـەو بـوارەدا ئەنجـام دا. کاوە کـە ئەزموونێکـی زۆری لـە کاری

پیشـەیی ڕاگەیاندنـدا هەبـوو، بـە فکـر و ئایدیـای نـوێ هاتـە مەیـدان و جیـا لـە وەرێخسـتنی چەندیـن بەرنامـەی تایبـەت و ورووژاندنـی بابـەت و پرسـی گرنگـی تایبـەت بـە ئێـران و کوردسـتان، توانـی پلەیـەک میدیـای حیزبـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا بباتـە پێشـەوە. هـاوکات لـە بـواری لەقاودانـی پرسـی پێشـێلکاریی مافـی مـرۆڤ لەلایـەن ئێرانـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە یەکێـک لـە پسـپۆڕی و کارە سـەرەکییەکانی ژیانـی ڕۆژنامەنووسـیی کاوە جەوانمـەرد بـوو، لـە تیـش تیڤـی توانـی بـە دوو زمانـی کـوردی و فارسـی ڕۆچنـە و پەنجەرەکـی نـوێ لەمبـارەوە بکاتـەوە. کاریگـەری و ڕۆڵـی شـەهید کاوەی دڵسـۆز و داهێنـەر لـە هەمـوو بەشـەکانی میدیـا و ڕاگەیاندنـی حیزبـی دێمۆکـرات بـە ڕوونـی دیـارە و لـە هیـچ برگـە و قۆناغێکـی خەباتـی حیزبـی دێمۆکراتـدا بـە ئەنـدازەی سـێ سـاڵی یەکەمـی دەیـەی ٩٠ی هەتـاوی، ڕاگەیاندنـی حیـزب پـەرەی نەسـەندووە کـە بەشـێکی زۆری بـۆ فکـری داهێنەرانـە و پشـوودرێژیی ئـەو ڕۆڵـە تێکۆشـەرە دەگەڕێتـەوە. یەکێـک لـە ئامانجەکانـی کاوە لـە کاری میدیـای حیزبیدا، شـکاندنی هەنـدێ تابـۆ و هەڵگرتنـی هەنـدێ بەربەسـت و شـکاندنی فـۆرم و قاڵبـی کـۆن بـوو. کاوە دەیهەویسـت ڕاگەیاندنـی حیـزب لەگـەڵ میدیـای هاوچـەرخ ڕێـک بخات و لـەو چوارچێـوە کەلاسـیک و بەرتەسـکە دەری بهێنـێ و ببێتـە دەنـگ و سـیمای راسـتەقینە کـە گوێگـر و خوێنـەر بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت، کـە هەتـا رادەیـەک تێیـدا سـەرکەوتوو بـوو. کاوەی جەوانمـەرد تـا سـاڵی ١٣٩٤ کـە عێـراق و باشـووری کوردسـتان ڕووبـەڕووی شـەڕی داعـش بـووەوە و قەیرانـی دارایـی سـەرجەم کوردسـتان و هەمـوو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی گرتـەوە، لـە بەرپرسـایەتیی ڕاگەیاندنـی حیـزب (کوردسـتان میدیـا و تیشـک تیڤـی) و ئاژانسـی کوردپـا بـەردەوام بـوو، ئەوپـەڕی هەوڵـی خـۆی دا، بـەڵام ئـەو قەیرانـە داراییـە دۆخێکـی وای خولقانـد کـە وەشـانی تیشـک ڕاگیـرا.

## بەرپرسایەتی لە ڕێکخستنی ئاشکرا و قۆناغی ڕاسان:

پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ لە ڕاگرتنی شێوازی خەباتی چەکداری لەلایەن حیزبی دێمۆکراتەوە، لە ساڵی ١٣٩٤ لەناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا جارێکی دیکە فکری وەگەڕخستنەوەی خەباتی چەکداری و حزووری پێشمەرگە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەری هەڵدایەوە و کاوە جەوانمەرد، وەک یەکێک لە سیما گەنجەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب لایەنگری ئەم شێوازە لە خەباتە بوو. پاش چەندان کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتی و تەشکیلاتی و چەند پلینۆمێک و خستنە ڕووی چەند پرۆژەیەک ڕێبەرایەتی حیزب بڕیاریان دا ئەو پرۆژەیە بە چەند قۆناغێک بگەیەننە جێ. شەهید کاوەش بەهۆی ئەوەی بەرپرسایەتیی لە ڕاگەیاندندا نەمابوو، دەیهەویست بە کردار یەکێک بێت لە بەشدارانی ئەو بڕیارەی حیزب، هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرپرسایەتیی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی لە باشووری کوردستانی پێ ئەسپێردرا و لەو ئەرکەشدا لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا. لە ساڵی ١٣٩٤ەوە کە حیزب بڕیاری بووژانەوەی خەباتی چەکداریی دابوو، چەندین بنکەی لە سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات کردبۆوە، کاوەی جەوانمەرد هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکی لە تەشکیلاتی ئاشکرا، هەمیشە یەک لەو کەسانە بوو بە ئەشق و ئۆگرییەوە دەچووە ناو پێشمەرگەکانی شاخ، هەرچەند لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بەهۆی جووڵەی کەم و وەلانانی وەرزش، کێشی زۆر ببوو، بەڵام خاوەن وزە و تواناییەکی زۆر بوو، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی شاخەوانێکی لێهاتوو و شارەزا بوو، بە شایەتیی هاوسەنگەرەکانی کاوە خێرا توانی لەگەڵ ژیان و دۆخی شاخ خۆی بگونجێنێت و دیسان لەوێش توانی ڕۆڵی کارا بگێڕێت و بە ئیدە و فکری جوان داهێنەرانەی یارمەتیدەرێکی کاریگەری فەرماندە و پیشمەرگە بە ئەزموونەکان بوو.

شەهید کاوە، وەک گەنجێکی پڕ لە وزە و خاوەن ئیرادە، دڵی زۆر بە قۆناغی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» خۆش کە لەلایەن حیزبەوە بڕیاری لەسەر درابوو، نزیکبوونەوەی پێشمەرگە لە شاخ و گەڕانی خوێنی تازە و جووڵەی

زیاتر بە شادەمارکانی حیزب، شەهید کاوەیان زیاتر هان دەدا کار بکات. لە دنیای مەجازیدا بە نووسینی دەیان بابەتی سەرنجڕاکێشی تژی لە هزری شۆڕشگێرانە و سەردەمانە لەبارەی جووڵە و شێوازی نوێی خەبات، ببوە یەکێک لە پاڵنەرانی ئەم هزرە هیوای بە داهاتوو زۆر بوو.

لە بەرەبەرە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥دا کە ڕێبەریی حیزب بڕیاری دا بە فەرمی و لە ئاهەنگی نەورۆزدا قۆناغی نوێ «ڕاسانی ڕۆژهەلات» ڕابگەیەنێ، شەهید کاوە یەک لەو ئەندامە گەنجانەی ڕێبەری بوو کە پاڵپشتی ئەم بڕیارە بوو و لە جێگیرکردنیدا دەوری بەرچاوی گێڕا. بۆیە بە حوکمی بەرپرسیارێتییەکەی لە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب، هەوڵی زۆری دا بۆ پشتگیریی دارایی ئەو ڕیوڕەسمە و ئەمکارەی لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە ئەنجام دا و تەواوی هەوڵی خۆی خستە گەڕ تاکوو ڕێوڕەسمێکی شایستە و بەشکۆ لە نزیک سنوورەکان بەڕیوە بچێت و کاریگەری و دەنگدانەوەی هەبێت.

بەهۆی ئەوەی من لە ساڵی ١٣٩٢ەوە بە فەرمی پێشمەرگە نەمابووم و وەک ئەندامی حیزب لە میدیاکانی باشوور لە (سلێمانی و هەولێر) کارم دەکرد کەمتر دەمپەرژا لەگەڵ کاک کاوە یەکتر ببینین و زیاتر پەیوەندییەکانمان لەڕێگەی تەلەفۆن و ئینتیرنێتەوە بوو. بۆ ئەو ڕێوڕەسمەی نەورۆزی ١٣٩٥ بە گەرموگوڕییەوە پەیوەندیی پێوە کردم و وێڕای باسکردنی هەندێ بیرەوەریی خۆش و گاڵتە و گەپی نێوان خۆمان. بە ئیرادەیەکی قووڵی تژی لە هیوا بە داهاتوو باسی لە ڕاسان و ڕاگەیاندنی ئەم قۆناغە کرد و وتی: «حیزب گەرەکییە گشت لایەک سەرسام بکات و ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی خۆی بۆ بەردەوامیی خەبات بە دوژمن و هەموان نیشان بدات.» فرە هیوای پێ بەخشیم وتی دەبێ هاوکاریمان بکەیت و چەند دروشمێکی شۆڕشگێڕانەمان بۆ ڕیوڕەسمەکە بۆ بنووسیت و بۆ خۆشت بە شیعرێک بەشداری بکەیت و بەوپەڕی دڵ ئاوەڵاییەوە قەبووڵم کرد و نووسینەکانم بۆی نارد. جموجۆڵ و وزەیەکی پڕ لە ئیرادە و خوێن و هیوای لەناو سەرجەم پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و بەگشتی پێکهاتەی حیزب دەستی پێکردبوو، هەموان چاوەڕێی

دوو ڕۆژ پێش نەورۆزی ٩٥ بووین کە پاش ٢٠ ساڵ لە ڕاگیرانی شێوازی خەباتی چەکداری لەگەڵ حکوومەتی داگیرکەری ئێران، جارێکی دیکە حیزبی دێمۆکرات و شاخ و ئیرادە جمشت و راسان و ڕابوون و بەگژداچوونەوەی دوژمن، یەکیان دەگرتەوە و حیزب دەکەوتەوە و سەر ڕێچکەی خۆی.

ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمێ ساڵی ١٣٩٤ و دوو ڕۆژ پێش نەورۆز، سەرجەم پێشمەرگە و ئەندامانی دانیشتوو لە باشووری کوردستان بە دڵێکی پڕ لە هیوا و بە هەیبەتی جاران و بە جامانە و پووزەوانە و چەک و ڕەخت و قەتار و فیشەکەوە ڕوومان لە بناری چیای حەسەنبەگ لە سنووری سیدەکان و شاخە سنوورییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتمان کرد کە بڕیار بوو ڕێوڕەسمی نەورۆز و ڕاگەیاندنی قۆناغی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» تییدا بە فەرمی ڕابگەیەندرێت. شاخ و بنار و چیا تژی بوو لە ئیرادەی پێشمەرگە و قەندیل جامانەیەکی قیتی لەسەر نابوو، هەڵگورد بە باوەشی ئاوەڵای پێشمەرگەی دێمۆکرات هێندەی دیکە باڵای کردبوو. بزە کەوتبۆوە شاخ و گوڵاڵە و مێلاقە بەدەم نەورۆزەوە پێدەکەنین و کچ و کوڕە پێشمەرگەی خاوەن ئیرادە لە شاخی دایک سەنگەری ژیانیان پێکەوە نابوو.

لەوێ بینیم، کاوەی خاوەن ئیرادە و داهێنەر، کاوەی بە سەلیقە، ئارام و هێدی لەگەڵ خاتوو «ئاژین ڕەزابی»ی هاوژینی بە چەک و ڕەخت و جامانە لە مل و گورج و گۆڵ لەگەڵ فەرماندەی بەوەجی فێرگەی دێمۆکرات، شەهیدی هاوسەنگەر، مامۆستا «سەرکەوت سەمەدی» و ئەفشار سوورەبوومەیی، پێشمەرگەی بە ئیمان، چۆن چۆنی بە ئیمکانات و کەلوپەلی سەرەتایی چ ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ و پڕ لە ئیرادەیان ڕازاندۆتەوە و چ بە ئەشقێکەوە کار دەکەن.

کاوەی پێشەنگ وەک سەرتۆپی پێشمەرگەکانی شاخ و وەک ڕێنوێنێک لە پێشوازیی ئەندامانی ڕێبەری و پێشمەرگە و سەرجەم ئەندامان و جەماوەر و ئاپۆڕای بەشداربوودا بوو. کاوەی قارەمان سەد قات لە جاران تژی

بــوو لــە وزە و ئیــرادە و ئیمــان و بــەدەم بــزەی ژیانــەوە لەنــاو جەرگــەی پێشــمەرگەدا هەڵدەســووڕا کــە ڕێوڕەســمەکە بــێ کەموکــوڕی و بەوپــەڕی ڕێکوپێکییــەوە بەڕێــوە بچێــت. ڕێوڕەســم بــە وتــاری کاک مســتەفا هیجــری کــە ئــەوکات پۆســتەکەی ســکرتێری گشــتیی حیــزب بــوو (پــاش کۆنگــرەی ١٦ نــاوی ئــەو پۆســتە گــۆڕدرا بــە لێپرســراوی گشــتی) دەســتی پێکــرد و پــاش چەندیــن برگــە لــە ڕێوڕەســمەکە، ئەمنیــش بــە شــیعری (نــەورۆزی ڕاســان) شــانازیی ئــەوەم پــێ بــڕا لــە دەســپێکی ئــەو قۆناغــە گرنگــەدا بەشــدار بــم. دوای ڕێوڕەســمەکە ڕاگەیاندنــی گوتــار و ئامانجــی ڕاســان و هەڵکرنــی گــڕی ئاگــری نــەورۆز، گــەڕی شــایی دەســتی پێکــرد و شــەهید کاوەی جەوانمــەرد بــەو بــاڵا بەرزەیــەوە هێنــدەی دیکــە بــاڵای کردبــوو، بــە چــەک و ڕەخــت و مشــکیەکەی دەور گەردنییــەوە بــووە **«چۆپیکێشــی ڕاســان»** و بڕیــاری دا لــەم ڕێگایــەدا تــا لووتکــە هەنــگاو هەڵبگرێــت و بــۆ چرکەیەکیــش کــۆڵ نــەدات و بەڵێنەکانــی بگەیەنێتــە جــێ.

بەگشــتی دەکرێــت ژیانــی سیاســیی شــەهید کاوە جەوانمــەرد، وەک شۆڕشــگێڕێکی بــە وره و خــاوەن ئیــرادە و داهێنەرێکــی گەنــج بەســەر پێنــج قۆناغــدا دابــەش بکرێــت.

- جیــا لــە قۆناغــی منداڵــی و مێرمنداڵــی، ســەرەتای ژیانــی سیاســیی کاوە و قۆناغــی یەکــەم بــە چالاکیــی نهێنییــەوە دەســت پێــدەکات.

- قۆناغــی دووەمــی ژیانــی سیاســی شــەهید کاوە وەک ڕۆژنامەنوســێک دەبێــت. لــە دەرفەتێکــی فەرهەنگــی کــە لــە کۆمەڵگــەی کوردســتان خوڵقــاوە، شــەهید کاوە وەک کەســێکی شۆڕشــگێڕی بەتوانــا دەرفەتەکــە دەقۆزێتــەوە و هــاوکات لەگــەڵ چالاکیــی نهێنــی سیاســی- ڕێکخراوەیــی، فۆرمــی کار و چالاکییەکانــی خــۆی لــە چوارچێــوەی ڕۆژنامەنوســێکدا ڕێــک دەخــات و لــە هەوڵدایــە دەلاقــەی میدیــا وەک مێتــۆد و تاکتیکێــک لــە پێنــاو شــۆڕشــی ڕزگاریخــوازی کوردســتاندا بــەکار بێنێــت.

- سێیەم قۆناغی ژیانی شەهید کاوە گرتووخانە و بەربەرەکانێیە لەگەڵ زوڵم و ستەمی دوژمن لەناو زیندان. وەک شۆڕشگێڕێکی سیاسی، کاتیک کۆماری ئیسلامی هەست بەوە دەکات، کە ئەگەری ئەوەی هەیە کاوە جەوانمەرد یەکێک لە دژبەرە نەهێنییەکانی ئەو بێت، دەستبەسەری دەکات. لە چەند مەودای جیاواز و کورت و درێژ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کراوە، ئەزموونی چەندین مانگ ژووری تاکەکەسی لە ئیلاعاتی سنە و گرتووخانەکانی مەراغە و هەمەدانی هەبوو کە تێیدا ئەشکنجە و ئازاری دەروونی و جەستەیی بینیوە.

لەگەڵ ئەوەی مەودای نێوان یەکەم دەستبەسەرکردنی کاوە هەتا پەیوەستبوونی بە ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستانی باشوور، مەودایەکی ٦ساڵی بوو و هاوکات لەگەڵ ئەوەی، ماوەی ٤ساڵ لەو ٦ ساڵە لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی رەژیمدا بوو، بەڵام کاوە نە لە فکری و بیروبۆچوونی قووڵی خۆی پاشەکشەی کرد و نە تەنانەت دەستی لە کار و چالاکیی خۆی هەڵگرت. ئەگەر بمانەوێت بە کورتی بڵێین کاوە پێش زیندان و دوایی زیندان یەک کەس بوو، واتە سەرکوتی رێژیم هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر شۆڕشگێڕیی کاوە بە لایەنی نەرێنیدا دانەنابوو، بەڵکوو زیاتر هێنابوویە سەر ئەو باوەڕ و قەناعەتەی کە دەبێ لەپێناو گۆرینی دۆخەکەدا هەنگاو بنێیت.

چوارەمین قۆناغ کە ژیانی شەهید کاوە، پێشمەرگایەتی و چالاکیی مافی مرۆڤ بوو. کاوە پاش پەیوەستبوونی بە ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات، سەرەرای پێشمەرگایەتی لە رێکخراوەیەکدا، یەکێک لەو بوارانەی کە چالاکیی تێدا دەکرد، بواری مافی مرۆڤ بوو. کاوە لەو سەردەمدا لەگەڵ زۆربەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پەیوەندیی هەبوو و بە شێوەی بەردەوام راپۆرت و هەواڵی لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەدا بە رێکخراوە جیهانییەکان و بەو شێوەیە پەنجەرەکەی نوێی بۆ لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کردبۆوە.

پێنجەمین قۆناغی ژیانی شەهید کاوە بەشداریی ڕاستەوخۆیە لە ڕاسانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. هەروەک لە دێڕەکانی سەرەوە باسمان کرد چۆن هەوڵی بۆ دەستپێکردن و ڕاگەیاندنی قۆناغی (ڕاسانی ڕۆژهەڵات) دا. پاش حەماسەی قەرەسەقەل و کە بە شەهیدبوونی پۆلێک لە ڕۆڵە بەوەجەکانی دێمۆکرات، زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن درا، کوورەی خەباتی ڕاسان گەرم و داختر ببوو. کاوە لەو قۆناغەدا وەک پێشمەرگەیەک و وەک ئەندامێکی ڕێبەری بە کردەوە و بە ئاگایی و وشیارییەوە بۆ سەرخستنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، چووە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ناوەڕاستی مانگی جۆزەرانی ساڵی ١٣٩٦ لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سنە و ژاوەرۆ بە فەرماندەیی شەهید مەهدی شێخی ناسراو بە (مادی تەوریوەری) پێشمەرگەی دێرین، و بە هاوڕێیەتی (فەرماندە سەرکەوت سەمەدی، شۆڕش مینبەری، ئەکبەر مینبەری (مام ئەکبەر) شاخەوان مینبەری، ڕۆحوڵا حەیدەری، بەرزان حوسێنی، ساحیب حوسێنی، ئەفشار سوورەبوومەیی و هیوا قوربانی) لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت سەمەدی پاش چەند ڕۆژ دەرگیری و تێکهەڵچوون و هەوڵدانی زۆری ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب بۆ دەربازبوونیان، سەرەنجام لە یەکێک لە هەوارەکانی ئاوایی (بۆڕیەر) بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەونە دەستی داگیرکەر و دیل نەبن، بەڵێنیی سەربەرزانە مردنیان بردە سەر و هەردوویان پێکەوە نارنجۆکەکەیان بەخۆیاندا تەقاندەوە و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕووسووری نیشتمان بوون.

ڕاسان تاکتیکێکی نوێیە کە دەکرێت وەک شانازی بەشداریی بەرچاوی ئەوەی چوارەمی ناو ڕیزەکان حیزبی دێمۆکرات لەو ڕوانگەوە سەیری بکەین کە کاوە لە سەلماندنی ئیرادە و کردەییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا هەبووە و یەکێک لە کارەکتەر و هێماکانی ئەو خەباتەیە.

ئەگەر ئەو پێنج قۆناغەی ژیانی کاوە لە پاڵ یەک دابنێین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت شەهید کاوە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کوردە

کـه لـه مـاوەی ژیانیـدا بەپێـی پێویسـت و هەلومـەرج و بـه هەنـگاوی جیـاواز، بـەڵام بـه یـەک ئاراسـته و سـتراتیژی ویسـتوویەتی ئاواتەکانـی خـۆی و حیـزب و کۆمەڵگەکـەی بێنێتـه دی.

لـه درێـژەی ئـەو جەولـه سیاسـی و تەشـکیلاتییەدا کـه کـه نزیکـەی ٢٠ ڕۆژ بـوو ئـەو پۆلـه پێشـمەرگه بـه جـەرگ و چاوەکراوەیـە دڕیـان بـه تاریکـی دابـوو و لـه دەیـان بۆسـەی داگیرکـەر و سـیخوڕ و پاسـدار تێپەڕیبـوون، لەنـاو قووڵایـی خاکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لـه باوەشـی ژاوەڕۆی سـنه و مەریـوان و لـه ئامێـزی گەرمـی یارانـدا، سـەرقاڵی چالاکیـی پەیوەندیـی تەشـکیلاتی و ڕێکخراوەیـی خۆیـان بـوون، بوونـه چقڵـی چـاوی پاسـداری داگیرکـەر و گـوێ لەمسـت و بەکره شـۆفاری تاریکپەرسـت. ئـەوان بـه هەنـگاوی قایـم و پتـەو، بـه ئیـرادەی پۆڵاییـن چەشـنی شـاهۆ، بـه باوەڕێـک چەشـنی شانشـین، بـه ورە و بـه قەڵافەتێـک بـه بارتەقـای کۆسـاڵانی سـەربەرز لەنـاو دڵـی خەڵکـدا پەیامـی ژیـان و هیـوا بـه ئـازادی و ڕزگارییـان لـەزاری پێشـمەرگه و حیـزب و شۆڕشـەوە بـه جەمـاوەر دەگەیاند. دوژمنـی ترسـنۆک، کـه لـه کۆشـکی لـەرزۆک و ڕزیـوی دەسـەڵاتی خـۆی زەندەقـی چووبـوو، کەوتبـووە جموجـۆڵ و لەڕێگـەی جـاش و دەسـت و پەیوەندییەکانـەوە دەیانەویسـت پێشـمەرگەکان بخەنـه بۆسـەیەکەوە و زەبریـان لـێ بوەشـێنن و تۆڵـەی داسـتانی قەرەسـەقەل بکەنـەوە. بۆیـە پـاش گەڕانـەوەی یـاران لـه ژاوەڕۆی سـنه بـەرەو ناوچەیەکـی دیکـەی چالاکـی، بەرەبەیانـی ڕێکەوتـی ٥ی پووشـپەڕی ١٣٩٥ لـه داوێنـی کۆسـاڵانی و لـه نزیـک پـردی ئاوایـی «دووڕوو»ی مەریـوان دەکەونـه کەمینـی داگیرکەرانـی کوردسـتان و شـەڕ دەسـت پێـدەکات و بـۆ مـاوەی چـوار ڕۆژ شـەڕێکی قارەمانانـە بـەردەوام بـوو کـه بـه حەماسـەی کۆسـاڵان نـاوی دەرکـرد، لـه ڕۆژی یەکەمـی ئـەو شـەڕ و بەرەنگارییـەی پێشـمەرگەی حیزبـی دێمۆکـرات، سـێ ڕۆڵـە و قارەمانـی بـه ئەمـەگ لـه نـەوەی مینبەرییەکانـی نییـەر، قـەڵای لەگیـران نەهاتـوو، بەناوەکانـی «ئەکبـەر مینبـەری (مـام ئەکبـەر)، شـۆڕش مینبـەری و شـاخەوان مینبـەری» چوونـه ڕیـزی کاروانـی شـەهیدانی پـڕ لـه سـەروەریی



دیمەنێکی کۆساڵانی سەربەرز

نیشتمان و درێژەی خەباتیان ئەسپاردە هاوسەنگەرانی دیکەیان. لەو شەڕە قارەمانانەی ڕۆڵە چاونەترسیەکانی دێمۆکراتدا کە بەرەنگاری سوپای بێ ورە و ئیمانی جەماران ببوونەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لەڕێگەی چەکی قورسی، وەک دۆشکا، کاتیۆشا، تۆپخانە و مووشەکباران و هەلیکۆپتەرەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و دار و لێڕەواری کۆساڵانیان ئاگرباران کرد، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی ڕۆڵەی بە جەرگ و پێشمەرگەی چاونەترسی دێمۆکرات، حەماسەیەکیان خولقاند و سەدان کەلاکی دوژمنی بەزیو لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما. ئاورتێبەردانی شاخی کۆساڵان و تۆپباران بووە هۆی دابڕانی پێشمەرگەکان لە یەکتر و دەزگا سیخوڕی و میدیاییەکانی دوژمن دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگۆی جۆراوجۆری دوور لە ڕاست سەبارەت بە دیلگیرانی شەهید کاوە و چەند پێشمەرگەی دیکە، بەڵام بەپێی ناسینی ناوەرۆکی پڕ لە چەواشەی دوژمن کە بۆ ڕووخانی ورەی پێشمەرگە و

خەڵک ئەو درۆیانەی بڵاو دەکردەوە، هەموو ئەو درۆیانە بوونە بڵقی سەر ئاو. شەهید مامۆستا سەرکەوت سەمەدی و شەهید کاوە جەوانمەرد، توانیان لەو بۆسە و ئاگربارانەی کۆساڵان دەرباز ببن، مخابن یارانی دیکەیان لەناو تۆپخانە و بڵێسەی ئاگری دارستانی کۆساڵاندا گیانیان ئەسپارد و بوونە چراوگی ڕێگەی تاریکی پڕ هەتەری ڕۆژهەڵات و وەک سەرقافڵەی شەهیدانی سوورخەڵاتی (ڕاسانی ڕۆژهەڵات) ناویان تۆمار کرا و بوونە سیمبۆل و هێمای هەستانەوە و بووژانەوەی خەباتی نوێ لە ڕۆژهەڵات. بە وردی لەبارەی شەڕ و حەماسەی کۆساڵان و شێوازی دەربازبوون و یارمەتیی تیمەکانی ڕێکخستنی نهێنی و بەهانەوەچوونی کاوە و سەرکەوت، هەتا کاتی شەهیدبوونیان لە بەشەکانی دیکە و بەتایبەت بابەتێک بەناوی (گێڕانەوەیەک لە حەماسەی کۆساڵان) خراوەتە ڕوو.

بەم شێوەیە کاوە جەوانمەرد کە پێشتر ئەزموونی زیندان و سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی چێشتبوو، هاوکات بەپێی بەرپرسیارێتییەک کە لە حیزبی دێمۆکراتدا هەیبوو، لە ئەستەمترین قۆناغی ژیانیدا بەرانبەر بە دوژمن کۆڵی نەدا و ئەژنۆی شل نەبوو و بەڵێنیی خۆی بردە سەر و شەهیدبوونی هەڵبژارد نەک مانەوە لە ژیان، یان خۆبەدەستەوەدان و بەدیلگیران لە چنگی دوژمنێکی غەدار کە بە خوێنی کاوە و هاوسەنگەرانی تینوو بوو.

شێوەی شەهیدبوونی شەهیدان کاوە و سەرکەوت، وانەیەکە بۆ هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر. ئەو شێوازە لە گیانفیداییە پرەنسیپ و وانەی شەهیدانی ڕێبەر و پێشەنگە کە پێمان دەڵێتەوە کە، لەم قۆناغە مێژووییەدا گرینگتر لە مانەوەی تاک، مانەوەی ڕێکخستنە و گرینگتر لە ڕێکخستن، زیندووبوونی ڕۆحی نەتەوەیە. ئەوان ئەو وانەیەیان بە ئێمە وتۆتەوە کە لەم هەلومەرجەدا ڕاسان ئەگەر بە شەهیدبوونی تاک بە تاکی ئێمە بووبێت، ئەوا ڕاسانی ڕۆحی نەتەوەییە و داگەڕانی ئەو ڕۆح و خوێنەیە بە شادەمارەکانی جەستەی نیشتماندا. ئەو شەهیدانە دیسانەوە وانەکەی شەهیدانی شۆڕشی ساڵانی ٤٦- ٤٧یان بۆمان دووپات کردەوە کە ئەگەر

ئـەو شــەهیدانە تەسـلیمی هێـزی ئەبـزاری و دوژمنــی داپڵۆسـێنەر بوونایـە، ئێسـتا کـورد لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا بـە تـەواوی لـە ئیـرادە توابـووەوە و لـە ڕۆحـی نەتەوایەتـی داماڵرابـوو.

بۆیــە ئــەو وانەیــە کــە ئــەو شــەهیدانە لەبــەردەم ئــەو قۆناغــە ســەختەدا بۆمانیـان دووپـات کـردەوە ئەوەیـە کـە؛ ئەگـەر تـاک بـە تاکـی ئێمـە یـەک لـە دوای یـەک لەسـەر خاکـی کوردسـتان خوێنمـان بڕژێـت و دوا نارنۆجکـی حیزبـی دێمۆکـرات بــە دەســتی دوا پێشــمەرگەی بــە جەســتەی خۆیــدا بتەقێتــەوە و بــەو شـێوەیە ڕۆح بـە جەسـتەی بریـنـداری ئـەو نەتەوەیـەدا بکرێتــەوە، ئـەوا زۆر باشـترە لــەوەی تــاک و ڕێکخســتن و پێکهاتەیەکمــان بــۆ بمێنێتــەوە کــە شــەرمەزاری مێـژووی گەلێکـی لەخاچـدراو بێـت.

حەماســەی کۆســاڵان و بەرەنگاربوونــەوەی دوژمــن و بــە چۆکداهێنانــی هەسـتی لەخۆباییبوونـی دوژمنـی دڵپـڕ لـە قیـن، بـە خولقاندنـی ئـەو دیمەنـە لـە قوربانیـدان و گیانفیداییـەی شـەهیدان کاوە و سـەرکەوت، بڕیـارە لـە وشـیاریی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی نەوەکانـی داهاتـوودا دەنـگ بداتـەوە و لـە پانتایـی کات و سـاتدا هاتوچـۆ بـکات و دوای تێپەڕاندنـی سـنوورەکانی کات و سـات بگاتـەوە لای ئێمــە کــە لــەم کاتــەی ئێســتا و لــەم جوگرافیــا و ژینگەیــەی کــە تێیــدا دەژیـن. واتـە ئەگـەر بمانـەوێ بـە باشـترین شـێوە گوێمـان لـەو حەماسـەیە بێـت و بـە قووڵـی لـێ بڕوانیـن و خوێندنـەوەی بـۆ بکەیـن و سـەرلەنوێ بیناسـینەوە، پێویسـتە ئـەو کانتێکسـتەی کـە لـە بەسـتێنی ئـەودا «کۆسـاڵان» وەک ڕابـوون و هێمــا دەخوێنینــەوە، ئاگاییەکــی (نەتەوەیــی- کۆمەڵایەتیــی نێــوان- کات)ی بێـت.

گرینگتریـن کارکـردی حەماسـەی کۆسـاڵان ئـەوە بـوو، کـە ناکارامەیـی گوتـاری ناســیونالیزمی سەردەســتی خســتە ڕوو کــە ئــەو ناســیونالیزمە ئەمجــارە لــە قاڵبـی لیراڵیـزم و مەدەنییەتـەوە فۆرموولـەی کردبـوو.

شــەهید کاوە و هاوڕێکانــی لــە حەماســەی کۆســاڵان پیشــانیان دا کــە لاوی



کۆسالان لە دیمەنێکی دیکەدا

ئەمڕۆی کوردستان تەسلیمی ئەو ڕۆڵە بریقەدار و چەواشەیە نابێت کە گوتاری داگیرکاری بۆیانی دابین کردووە. ئەو چوارچێوانە کە خۆیان واتەنی کەم هەزینەن، بەڵام لە راستیدا بە هەزینە و تێچووی کۆیلەبوونی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە تەواو دەبن. قرمە و دەنگی چەکی دەستی شەهید کاوە و هاوڕێکانی ئاگایی بەخشە، ئاگاییەک کە ئەندێشەی نەسڵ و نەوەکانی داهاتووش دەتەنێتەوە. ئەو دەنگەیە کە بە کەسەکان دەڵێت رێگای خەبات بەوە پێناسە ناکرێت کە هەزینەی کەمترە، یان زۆرترە، بەڵکوو بەوە هەڵدەسەنگێندرێت کە تا چەند دەتوانێت ناسنامە و سایکۆلۆژیی تاکی کورد لە کۆیلەییبوون دەرباز بکات. دوای زیاتر لە حەفت دەیە لە شێوازەکانی خەباتی چەکداری و سیاسی، ئەگەر لە دوو دەیەی رابردوودا کۆمەڵگەی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانیتری ئێران خاوەنی کولتوورێکی سیاسیی پێشکەتووتر بووە، ئەوە بەو مانایەیە کە خەباتی چەکداری ڕۆڵی

زۆر گرینگی هەبووە لە بەرزکردنەوەی رادەی وشیاریی کۆمەڵگە لە بەرانبەر هەندێک چەمکی وەکوو ئازادی و رزگاریدا. واتە ئەوە خەباتی چەکداری بووە کە جیلەکانی دەیەکانی چل و پەنجا و شەستی هەتاوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر لە هەر کەسێک بە نیسبەت سیاسەت و چارەنووسی سیاسی هەستیار کردووە و هەندێک چەمکی وەکوو بەشداری لە سیاسەت و ئازادی لە هەموو رەهەندەکانییەوە بۆی گرینگ کردووە. حەماسەی کۆسالان ئاوێکی ساردی کردە سەر دەستی ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو ئیرادەی گەلی کورد ئەمجارە خراوەتە ژێر رکێفی زرق و باق و بریقی خۆیان وتەنی رێگا کەمهەزینەکان.

شەهید کاوە جوانمەرد (کاکۆ) و شەهید مامۆستا سەرکوت سەمەدی لە دوایین سەنگەری بەرگری و ئیرادەدا و بە لێوی پڕ بزەوە بە هەموومانیان وت: ئەوە وانەی ژیان و مەرگی شۆڕشگێڕییە. ئەو وانەیە کە ئێمەی هەستاندەوە سەر پێ و هەر ئەو وانەشە کە نەتەوەکەمان هەڵدەستێنێتەوە سەر پێ. هەڵبژاردنی مەرگ، مەرگێکی پڕ لە وشیاری، هەڵبژاردنێک کە ماناکردنەوەی دیکەی ژیانە، لە مەتەری ئیرادەی قووڵ و لێوانلێو لە باوەڕ و بە سەربەرزانە ڕووسوورانە مردن، لە دەیان ساڵ ژیان بە کۆیلەیی و ژێردەستەیی پڕ لە کەرامەتترە. ئەو هەزرەی کە دوایین فیشەکی نێو خەشابەکەی ناوەتە سەر دڵی، ئەو دەستەی کە زامنی دوا نارنجۆک لەژێر جەستەی خۆیدا دەکێشێت، فرینێک تۆمار دەکات بەرەو تەشقی ئاسمانی ئازادی. ئەو هەزرە ئەو دەستە، وانەی قوتابخانەیەکە بۆ نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی ڕۆژهەلات و دەڵێت ڕزگاری، ئازادی و گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و بەها مرۆییەکانی وەتەن، قوربانییان دەوێت. ئەو وانەیەی کە نەوەکانی پێش شەهید کاوە و سێ نەسڵی دیکەی ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات بۆ ئێمەیان جێ هێشت و ئەوان بناغەیان دانا و ڕێگەی گەیشتن و بەجێ گەیاندنی ئامانجە سەرەکییەکەیان بەم نەوەیە ئەسپارد و تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانە و بە زیندووهێشتنەوەی ژیان و شۆڕشی ئەو

هێما و سیمبۆلانە ئەرکی نەوەی ئەمڕۆیە تاکوو نەوەکانی داهاتوو بیکەنە سەرباشقەی ژیان و مل بۆ داگیرکەر شۆڕ نەکەن و بۆ ژیان و کەرامەتی نەتەوەیی بجەنگن.

سەرەنجام لە ڕۆژانی ١٣، ١٤ و ١٥ی پووشپەڕ، پاش سێ ڕۆژ قارەمانێتی و شەڕ لەگەڵ سوپای نەیار و دوژمنی غەدار لە هەوارەکانی بۆڕپەر لە ناوچەی ژاوەرۆ، کاوە و سەرکەوت لەناو سەنگەری متمانە و چۆڵنەکراودا بڕیاری خۆیان دا و تەسلیمی ئیرادەی زاڵم نەبوون و بە هەڵبژاردنی مەرگی ئاگایانە، کۆیلەیی و تەسلیمبوونیان ڕیسوا کرد و دواییین نارنجۆکیان بە خۆیاندا تەقاندەوە و تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی مێژوو بوون و ڕووسورانە بە خوێنی خۆیان سەنگەر و مێرگ و هەواری بۆڕپەر و کۆسالان و گوڕاڵە سوورەی بەهاری هەورامانیان تێراو کرد. سەرەنجام ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە درێژەی تێکهەڵچوونەکانی کۆسالان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و بە فەرمی شەهیدبوونی دوو ڕۆڵەی بە جەرگ و دوو پێشمەرگەی خاوەن ئیمان و حەماسەخولقێنی کۆسالان شەهیدان «کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی»ی ڕاگەیاند.

## بەشی سێیەم:

# ڕوانگەی بنەماڵە، هاوژین و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لەبارەی شەهید «کاوە»وە

بنەماڵەی کاکۆ:

## کاوە، بۆ ئێمە و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی سەرمەشقی شۆڕشگێڕی و بەرخودانە

وتوێژ لەگەڵ بنەماڵەی شەهید کاوە جەوانمەرد

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. هەروەک دەزانین کاتێک شەهید کاوە منداڵ بووە، باوکتان لەلایەن حکوومەتەوە بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکرات و لەپێناو بیروباوەڕی لەسێدارە دراوە، ئەم بابەتە چ کاریگەرییەکی لەسەر جۆری بیرکردنەوە و کەسایەتی و پەروەردەی شەهید کاوە هەبوو؟**

**وەڵام:** لەسێدارەدانی باوکی شەهید کاوە و ئەو زوڵمە لە بنەماڵەکەی، بێگومان شوێندانەرییەکی ئێجگار قووڵی لەسەر شێوە و ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی کاوە دانا. هەلومەرجی سەخت و ناخۆشی ئەوکات، چ ئەوکاتەی باوکمان لە زیندان لەگەڵ سێدارە بەرەوڕوو بوو بوو چ دوای لەسێدراەدانی دۆخێکیان خولقاند کە هەموومان بە شێوەیەک لە بەرمابەر ناخۆشیدا خاراو بین. دایکم هەر ئەوکات کە باوکم لە زیندان بوو، بەڵێنی دابوو بە باوکم کە بە هەموو نرخێک خۆڕاگری بکا و پشتی ئێمە چۆل نەکا و ئەو بەڵێنەشی قەت نەشکاند. دەیانجار هێزی ئیتلاعاتی دەڕژانە ناو ماڵەکەمان و دۆخێکی زۆر ناخۆشیان بۆ دروست کردبووین، بەڵام دایکم قەت وورەی بەر نەدا.

لـە قوتابخانـەش «معلـم پرورشـی و آمادگـی دفاعـی» هـەر چاویـان لەسـەرمان بـوو و زۆر جـار پرسـیار و لێکۆڵینەوەیـان لـێ دەکردیـن. لـە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ نەریتیـدا ژیـان بـۆ ژنێـک کـە لـە تەمەنـی ٢٣ سـاڵییەوە مێردەکـەی لەسـێدراه درابـێ ئاسـان نییـە. جیـا لـە کێشـە و گرفتـی ژیـان و ئـەو بۆشـاییە کـە بەهـۆی نەبوونـی باوکمانـەوە هاتبـووە گـۆڕێ، بانگکـران و کێشـە دروسـتکردنی ناوەنـدە ئیتلاعاتـی و ئەمنییـەکان، دۆخـی سـەختی ژیـان لـە کۆمەڵگەیەکـی نەریتـی و و پـەروەردەی منـداڵ بەبـێ هیـچ پشـتیوانییەکی ئابـووری، بوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە کاوە بـە چاولێکـردن لـە دایکێکـی ئەوتـۆ فیـداکار و دڵسـۆز و وەفـادار بـە بەڵێنەکانـی، ئـەو ڕێگەیـە بگرێتـە بـەر کـە باوکـی هەمـوو تەمەنـی خـۆی بـۆ تەرخـان کـرد.

**٢. دەورانـی منداڵیـی شـەهید کاوە چـۆن گـوزەرا؟ هۆگریـی بـە چ شـتگەلێک هەبـوو؟ چ جیاوازییەکـی لەگـەڵ منداڵانـی دەوروبـەر و هاوتەمەنـی خـۆی هەبـوو؟**

وەڵام: کاوە هــەر لــە منداڵییــەوە جیاوازییەکــی زۆری لەگــەڵ منداڵــە هاوتەمەنەکانـی خـۆی هەبـوو، هەمیشـە پۆشـتە و پـەرداخ و بـە ئـەدەب و ژیـر بـوو. هـەر لـە تەمەنـە کەمـەدا زۆر تێگەیشـتنێکی قووڵـی هەبـوو، بۆیـە قـەت نەدەکـرا قسـە و بڕیـاری نالۆژیکـی بەسـەریدا بسـەپێنی. دەسـت و پەنجەیەکـی هونــەری و داهێنەرانــەی هەبــوو، چ لــە نووســین و چ کاریکاتــۆر و نەقاشــیدا. بۆیــە هەمــوو کــەس زوو تێدەگەیشــت کــە کاوە خــاوەن بەهرەیــە و زۆر زوو دەبــووە خۆشەویســتی دەوبــەری. ئۆگرییەکــی زۆری بــە وەرزش و خوێندنــەوە هەبـوو و قەتیـش لـە فێربـوون شـەرمی نەدەکـرد.

قۆناغــی منداڵیــی کاوە زۆر تــاڵ و ناخــۆش بــوو، ئەوکاتــەی باوکــم گیــرا (پاییــزی ١٣٥٩ی هەتــاوی)، کاوە یــەک ســاڵ و پێنــج مانگــی تەمــەن بــوو. دایکـم دەرگای دامـودەزگای حکومـەت نەمـا سـۆراغی باوکـم نەگـرێ، بـەڵام هیـچ هەواڵێکـی لـێ نەبـوو، هـەر بـەو هۆیـەوە هەمـوو ڕۆژێ ئیتلاعـات هەڕەشـەی

لە دایکم دەکرد کە واز بێنێ و چیدیکە سۆراغی نەگرێت. هەتا لەناکاو پاش یەکساڵ هەواڵمان پێ گەیشت کە باوکم لە زیندانی دادگای ئەوکاتە، هەموو ڕۆژانی هەینی بەیانیان زوو دەچووینە بەر دەرگای زیندان و بە چەند سەعات چاوەڕوانمان دەکرد هەتا بتوانین تەنیا چەند دەقە لە پشت میلە و سیم و شووشەوە چاومان بە باوکمان بکەوێ. زستانان کە بەیانیان زوو دەچووین هەموو دەست و لاق و دەموچاومان لە سەرمادا لەگۆ دەچوون.

ئەو ماوەیەی کە باوکم لە زیندانی سوپای پاسداراندا دەستبەسەر بوو، بە دڕندانە و بێبەزەییانەترین شێوە ئەشکەنجە کرابوو، بەڵام قەت کۆڵی نەدابوو، بەڵکوو لەپێناو بەرخودان و خەبات و ڕێبازەکەی سوورتری کردبوو، ئەو زیندانی کردبووە دەرفەتێک بۆ وشیارکردنەوە و خەبات بۆ ئازادی، ئەمانە دروشم نین، بەڵکوو ئەمانە ئەو هەقیقەتانەن کە ئەو ئاگایانە کردی و لەپێناویدا لەسێدراە درا. جارێک باوکم لە زیندان تەنیا لەبەر ئەوەی کە کاوەی لە باوەش گرت، پاسدارەکان زۆر بێحورمەتیان پێکرد. تازە کاوە خەریک بوو خۆی بناسێت، تەمەنی چوار ساڵ و دوو مانگ بوو ڕێکەوتی ٢٥/٣/١٣٦٢ داگیرکەران باوکمانیان لەسێدارە دا و بۆ هەمیشە لە نازی باوک بێبەرییان کردین.

**٣. کاتی مێرمنداڵی و گەنجیی کاوە چۆن تێپەڕی؟ سەرگەرمی و خولیاکانی چی بوون؟ ئایا ئەوکاتە چەشنی گەنجانی ئەمڕۆ لە ژیان و دەوروبەری دەڕوانی؟ لەو قۆناغەی ژیانیدا چ ئاوات و هیواگەلێکی هەبوو؟**

وەڵام: ئەو هیوا و ئاواتی زۆر گەورەی وەک ئازادیی کوردستان و گەل و خاکی هەبوو، ئەو خەبات بۆ ئەم شتانەی لە ئاسوودەیی ژیان پێ لەسەرتر بوو، بۆیە نە خۆشی و جوانییەکان و ئاسوودەیی ژیان ئەویان لە هەوڵدان بۆ ئامانجەکانی پاشگەز نەکردەوە. ئەو لە سەردەمی مێرمنداڵیدا زیاتر بە نەقاشی، پەیکەرتاشی و فێربوونی خەتاتییەوە سەرقاڵ بوو. حەزی لە

وەرزش و بەتایبەت مەلەوانی و شاخەوانی بوو، مەلەوانێکی زۆر لێهاتوو بوو، هەمیشە لە ریزی یەکەمەکانی مەلەوانیدا بوو. جار جار دەچووە گرووپی هەڵپەڕکێ و هەندێ جار شاخەوانی و بەگشتی مرۆڤیکی تێکەڵاو و حەزی لە کاری تیمی و بەکۆمەڵ بوو.

لە خوێندنیشدا زۆر زیرەک بوو، زۆر یارمەتیی منداڵەکانی دیکەی ئەدا. لە قۆناغی دواناوەندیدا جارێک لەبەر ئەوەی وێنەی خومەینی کە بە کتێبەکانیانەوە بوو، ئەویەش دڕاندبووی زۆر سەرکۆنەیان کردبوو و لێی تووڕە ببوون و لەگەڵ «معلم پرورشی» کە پاسدارێک بوو بە کێشە هاتبوو. هەر لەو کاتانەدا زۆر هەستی بە زوڵم و چەوسانەوە دەکرد، چ بەرانبەر بە خۆی، چ بەرانبەر بە خەڵک و دەوروبەری. لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە دەستی بە کتێبی باش رادەگەیشت و زۆری لەسەر کورد و مێژوو دەخوێندەوە.

رابردووی تاڵ وەکوو پانۆرامایەک دەهاتنەوە پیش چاوی کاوە، کۆی ئەمانە تان و پۆی بیر و تێگەیشتنی کاوەیان دروست کرد و هەر جارەو زیاتر باوکمان و ئامانجەکانی ئەوەی لەلا خۆشەویستتر دەبوون.

**٤. کاوە هەموو کات باوک و ڕێبازەکەی ئەوی وەک ئولگوویەک لە ژیانی خۆی دەزانی و هەموو هەوڵێکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو ڕێبازە تەرخان دەکرد، بەڕای ئێوە چ شتێک ببووە هۆی ئەوەی کە شەهید کاوە تەواوی خۆشی و ئاواتەکانی ژیان وەلا بنێت و ڕێگای خەبات و ئامانجەکانی گەلەکەی بگرێتە پێش و پشت لە ئاسوودەیی بەکات؟**

وەڵام: لەبەر ئەوەی دوای نزیکەوەی یەک ساڵ و نیو لە لەدایکبوونی کاوە، باوکم دەستگیر و زیندانی کرا، خەباتی ناو زیندانی باوکمان و دواتر لەدەستدانی پاڵپشتمان، پاشان کە بەرەبەرە گەورە دەبوو، هەوڵی ئەدا

لـە رێگـەی دایکمـەوە ئـەو کەسـانەی کـە ئـەوکات لەگـەڵ باوکـم لـە زینـدانـدا بـوون لـە کەسـایەتی و خەبـات و بەرخۆدانـی باوکـم بکۆڵێتـەوە. لەبەرچـی و چۆناوچـۆن باوکـم گیـرا، دۆخـی نـاو زینـدان و شـێوەی دادگاییکـردن و حوکـم و سـێدارە و هەمـوو ئـەم پرسـیارانە بـوون کـە کاوە بەدوایانـدا دەگـەڕا کـە تەنیـا دەیتوانـی لـەو رێگەیـەوە کـە باوکـم گرتبوویەبـەر، ئـەم بیگرێتـە بـەر و سـەرەنجام بـە وەڵامـی پرسـیارەکانی بـگات.

**٥. شـەهید کاوە لـە ژیانیـدا تەنیـا، شۆڕشـگێڕ و پێشـمەرگە نەبـوو، بەڵکـوو هاوشـانی ڕێبـازی کوردایەتـی لـە چەنـد بـواری دیکـەدا چـالاک و هەڵسـووڕ بـوو، لەلایـەک وەرزشـوان بـوو (شـاخەوانی و مەلەوانـی) هـاوکات لـە بـواری هونەریشـدا دەسـتی هەبـوو (هەڵپەڕکـێ و وێنەکیشـی) پاشـان بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی خـۆی بـووە ڕۆژنامەنووسـێکی بـە ئەزمـوون، ئـەم هەمـوو بەهـرە و توانایـی و چالاکییـە فراوانانـە چـۆن لـە زەینـی کاوە فۆرمیـان گـرت؟**

وەڵام: ئـەو شۆڕشـگێڕێکی راسـتەقینە بـوو، ئـەو بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە تواناییەکانـی خـۆی لـە هونـەری نەقاشـی و پەیکەرسـازیدا زۆر سـەرکەوتوو بـوو. لـە بـواری ڕۆژنامەگەریشـدا زۆر قەڵەمێکـی ڕەنگیـن و بەهێـزی هەبـوو، هەمـوو هەوڵـی ئـەوە بـوو کـە ئـازار و خـەم و هەژاریـی نەتەوەکـەی بـە قەڵـەم و نووسـین وێنـا بـکا و ئەمـەش وای کـرد کـە ببێتـە یەکێـک لـە ناسـراوترین چالاکانـی مافـی مـرۆڤ. روانینێکـی ورد و تایبەتیـی لەسـەر خاڵـە بەهێـز و لاوازەکانـی بزووتنـەوە و خەبـات هەبـوو. لـە نووسـیندا نەتـرس و بوێـر بـوو لـە هیـچ هـەوڵ و تێکۆشـانێکیش نەدەترسـا و مرۆڤێـک بـوو ژیانـی پـڕ بـوو لـە ریسـک. لـە بـواری وشـیارکردنەوە لەسـەر مـادە هۆشـبەرەکان و تەنانـەت قسـەکردن لەگـەڵ زۆریـک لـە توشـبوان بـۆ مـادە هۆشـبەرەکان و هاندانیـان بـۆ وەلانانـی مـاددەی هۆشـبەر درێغـی نەدەکـرد. بەهـۆی وردبینـی وتێگەیشـتنییەوە هەمیشـە کاریگەریـی خـۆی دادەنـا و ئاکامـی باشـی لـە کارەکانـی خـۆی دەبینـی.

کـۆی ئەمانــە وای کردبــوو نەتەنیــا ببــووە خۆشەویســت و جێگــەی متمانــەی هاوڕێکانــی، تەنانــەت ســیمبۆلێکی کاریزماتیکیشــی لای هاوڕێکانــی هەبــوو.

**٦. لەبــارەی چۆنبیەتیــی دەســتگیر و بەندکرانــی شــەهید کاوە و ئــازار و ئەشــکەنجەی نــاو زینــدان چ زانیارییەکتــان هەیــە؟**

**وەڵام:** لـە سـەرجەم خۆپیشـادانەکان بـەدژی ڕێژێـم بەشداریی دەکـرد و هەموو خۆپیشــاندانەکانی دەکــردە دەرفەتێــک بــۆ بەگژداچوونــەوە زەبــر لێــدان لــە پەیکـەرەی ڕژیـم. سـالی ٨٤ لـە خۆپیشـاندانە نارەزایەتییـەکان کە بەهۆی شـوانە سـەید قادرییـەوە بەڕێـوە چـوو، ئەوەیـش یەکێـک لـە خۆپیشـاندەر و ڕێکخـەرە چالاکەکانــی ئــەو خۆپیشــاندانە بــوو، کــە هــەر دەســتبەجێ دەستبەســەر کــرا.
زیاتـر لـە مانگێـک هیـچ هەواڵێکمـان لـە کاوە نەبـوو، هەمـوو ناوەنـدە ئیـداری و ئیتلاعاتییـەکان گەڕایـن، بـەڵام نەمانتوانـی هیچ خەبەریکی لێ بزانین. پاشـان کە درا بە زیندانی سنە چووینە مولاقاتی و چاومان پێی کەوت کە دیتمان هەموومان شـۆکە بوویـن، نیـوەی کیشـێ لەشـی لەدەسـت دابـوو، پـاش دوو مانـگ زیاتـر لە هەموو ئاسەوارەکانی ئەشکەنجە و هەڵواسین و لێدان بە جەستەیەوە دیار بوون.
هــەر ڕۆژی یەکەمــی دەستبەســەر کــران کــە برابــووە حەوشــەی ئیــدارەی ئاگاهــی لــە شــەقامی ژاندارمریــی ســنە، ٢٠ کــەس زیاتــر بــە باتــۆم بــەر ببوونــە لیدانــی و هەمــوو پــارە و کاتژمێــر و شــتەکانیان دزیبــوون. بــە باتــۆم کــە لــە ســەرو چاویــان دابــوو چاویلکەکانیــان لــە چاویــدا شــکاندبوو. هــەر ئــەو شــەوە گواســتبوویانەوە بــۆ زیندانــی ئیتلاعاتــی ســنە لــە بلــواری خوســرەواوا. هــەر ئەوکاتــە لــەوێ دکتــۆر کــە چــاوی پێــی دەکــەوێ، دکتــور دەڵــێ ئەگــەری مردنــی هەیــە و ئیتلاعــات نابــێ وەری بگــرێ لەبــەر ئــەوەی نــەوەک کاوە لەســەر دەســتی ئیتلاعــات بمــرێ. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو ماوەیــەی بــە ئەشــکەنجەوە لــە زیندانــی ئیتلاعاتــی ســنە تێپــەڕ کــرد و چەندیــن شــوێنی جەســتەی شــکابوون و برینــدار ببــوون،

هەتــا ســەرەنجام توانیمــان ٩مانــگ دواتــر بــە دانانــی بارمتەیەکــی زۆر قــورس ئــازادی بکەیــن. ڕەوتــی دادگاییکــردن و ســەپاندنی حوکمــی دادگا ٢ ســاڵ درێــژەی کێشــا. حوکمــی ســەرەتایی زۆر قــورس بــوو کــە هەوڵێکــی زۆرمــان بــۆ پێداچوونــەوە کــرد و هەتــا توانیمــان حوکمەکــەی بشــکێنین. لــەو کاتانــەدا کــە خەریــک بــوو خــۆی بــۆ چوونــە نــاو زینــدان و تێپەڕاندنــی ئــەو مــاوە زیندانیــە ئامــادە دەکــرد، ســەرلەنوێ جارێکــی دیکــە دەستبەســەر کرایــەوە. چەکدارەکانــی ئیتلاعــات ئەمســەر بــۆ ئەوســەری شــەقامی ماڵەکــەی ئێمەیــان گەمــارۆ دا و زیاتــر لــە ١٠ ماشــێنی پــلاک شەخســی و هێزێکــی زۆری چەکــدار هاتــن کاوەیــان لەگــەڵ خۆیــان بــرد و هەمــوو کەلوپەلــە شەخســییەکانی و هەرچــی بەدەســتیان هــات کۆیــان کــردەوە و بردیــان. زۆر کاتێکــی ســەخت و ناخــۆش بــوو، دایکــم زۆر زۆر ناڕەحــەت و پەشــۆکاو بــوو، وێناکردنــی ئــەو دیمەنــە زۆر ســانا و ئاســان نییــە. ئەمجارەیــان کاوەیــان زۆر زیاتــر و خراپتــر ئەشــکەنجە کردبــوو. شــان و چەناگەیــان شــکاندبوو و مۆغــەرەی پشتیشــی بــە تونــدی ئازاریــان پێگەیشــتبوو.
٨ مانــگ هیــچ هەواڵێکمــان لێــی نەبــوو هەتــا ڕۆژێــک کــە بــۆ بەدواداچــوون چووبووینــە دادگا زۆر بــە ڕێکــەوت بینیمــان کــە بەدەســت و لاق بەســتراوییەوە لەژێــر چاوەدێرییەکــی زۆر تونــدا هێنابوویــان بــۆ دادگا. دایکــم کــە کاوەی بینــی، خێــرا چــوو کاوەی لــە بــاوەش گرت، دیمەنێکــی زۆر تراژیدی بــوو، هێندە تراژیدی بــوو کــە ئــەوەی ئــەو لــەوێ بــوو و دیمەنــەی دی خــۆی پــێ نەگیــرا و گریــا. دوای چەنــد مانــگ دادوەرێــک بەنــاوی بابایــی بــە تۆمەتــی «محاربــە لــە لقــی ٢ی دادگای ئینقلابــی سنە حوکمێکــی درێــژ مــاوە و دوور خســتنەوە بــۆ زیندانــی مەراغەیــان بەســەردا ســەپاند. ئــەو زیندانەشــی کــردە مەکــۆی شــۆڕش و بەرخــۆدان. بەبــێ لەبەرچاوگرتنــی ڕوانگــەی سیاســی کۆڕێکــی خەباتکارانــەی لــە هەمــوو زیندانییــە سیاســییەکان پێکهێنابــوو، کــە هیچکات تەســلیم نەبــوون. کــە ماوەیەکــی کــورت مەرەخەســیی وەردەگــرت هــەر لــەو مــاوە کەمــەدا لێبڕاوانــە دەکەتــە دوای کاری هــاوڕێ زیندانییەکانــی و هــەوڵ تەقەلایەکــی بــۆ ئــەدان. پاش ئازادبوونــی لــە زینــدان لــە ئەنجامــی فشــار و زەخــت و چاوەدێــری و بانگکــران

بـۆ ناوەنـدە ئیتلاعاتییـەکان، خـۆی گەیانـدە ریـزی شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی.

**٧. ئێـوە وەک بـرا گـەورە و بەخێوکـەری شـەهید کاوە، ئـەو کەسـانەی کاوەتـان پـەروەردە کـرد، ئایـا چەنـدە ئـاگاداری ئـەو ئـازار و ئەشـکەنجانە بـوون کەلـە کاتـی چالاکیـی سیاسـی و کاتـی بەندکرانـی لـە زینـدان و ئیتلاعاتـی سـنە بـوون؟ خـۆی چـۆن باسـی ڕۆژانـی گرتووخانـە و ئـازار و ئەشـکەنجەکان و بەرگرییەکانـی خـۆی دەکـرد؟ بـەڕای ئێـوە چ شـتێک بـووە هـۆی ئـەوەی دوای ڕزگاربـوون لـە زیندانیـش دیسـان لەسـەر بیروباوەڕەکانـی خـۆی پێداگـر و شـێلگیرتر بێـت و ئـەو ڕێبـازە بگرێتەبـەر؟**

وەڵام: هەرچەنـد کاوە بـرا و کەسـمە، بـەڵام ناتوانـم هەمـوو لایەنەکانـی توانایـی و بەهـرە و بیروبـاوەڕی بـاس بکـەم، ئەمانـەی دەیانگێڕمـەوە تەنیـا دڵۆپێکـن لـە دەریایـەک توانایـی و شۆڕشـگێڕیی کاوە. نەبوونـی کاوە ژیانـی زۆر تـاڵ کـردووم کـە هەمـوو چرکەکانـی ژیانـم زۆر بـە سـەختی تێپـەڕ دەبـن. ئـەو لـە چ لەنـاو زینـدان و چ لـە ریـزی شـۆڕش و حیزبـی دێمۆکراتـدا هێنـدە چێـژی لـەو ژیانـە شۆڕشـگێرانە دەبـرد، کـە کاریگەریـی لەسـەر هەسـتی ئێمـەش دادەنـا و تەنانـەت ئـەو لەوێـوە وەرەی شۆڕشـگێڕیی بـەر ئێمـە دەدا. حەزیکـی قـووڵ و لەبـڕان نەهاتـووی بـە خەبـات هەبـوو، کـۆی ئەمانـە کاوەیـان کردبـووە شۆڕشـگێڕێکی ڕاسـتەقینە و بێوێنـە.

ئـەو بەوپـەڕی ڕێـز و حورمەتـەوە باسـی لـە هاوسـەنگەر و شۆڕشـگێڕانی ئێسـتای و ڕابـردووی دەکـرد، ئـەو بـاوەڕی وابـوو دەبـێ بـە پلانرێژییـەوە هەمـوو توانـا و ڕەنـگ و دەنگـە جیـاوازەکان لـە ڕێگـەی خەبـات و بەگژداچوونەوەدا بەکار بێنیـن. ئەگـەر ئـەوکات باسـی ئەشـکەنجە، یەکدەنگیـی زیندانییـەکان و دۆخـی نـاو زیندانـی بـۆ دەکـردم، سـەرم لـەو هەمـوو وەرە و ئیمـان و مرۆڤدۆسـتییە سـووڕ دەمـا.

**٨. هـەروەک دەزانـن خەبـات و تێکۆشـانەکانی شـەهید کاوە و بیروبـاوەڕی**

**شۆڕشـگێڕانە و بەتایبـەت جـۆری شـەهیدبوونی لـە ڕۆژهـەڵات و لەنـاو دۆسـتان و هاوسـەنگەرەکانی بـە شـێوازی جۆراوجـۆر دەیگێڕنـەوە و چەنـد گێڕانـەوەی جیـاوازی لێکـراوە و هەنـدێ جـار بووەتـە هێمـا و ئوسـتوورەیەک لەنـاو خەڵکـی ڕۆژهـەڵات، ئێـوە چـۆن لـەم بابەتـە دەڕوانـن؟ ئایا پێتـان وایـە دەرس و وانەکانی شـەهید کاوە بووەتـە سەرباشـقە (سرمشـق)ی لاوانـی خەباتگێـڕی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان؟**

وەڵام: بێگومـان بەرخـودان و گیانبازیـی کاوە و هاوڕێکانـی وانەیەکـی گـەورە و مێژووییـە کـە تەنانـەت هێـزە بەکرێگیـراو و دوژمنەکانـی کاوەش دانـی پێـدا دەنێن. ئـەو کارانـەی ئـەو کـە لـە ئۆرگانـە حیزبییـەکان و ڕاگەیانـدن و بـواری مافـی مـرۆڤ و ڕێکخسـتنی حیزبـدا کردوویەتـی هەتـا ئێسـتاش بـەو پێیـە درێـژەی هەیـە.

بەرخودانــی کاوە و هاوڕێکانــی لــە کۆســاڵان و تێکشــکاندنی کەمینــەکان و تابـۆی سـوپای پاسـدارانی کـردە بڵقـی سـەر ئـاو، هەیمەنـەی بەکرێگیـراو و چڵکاوخۆرەکانـی شـکاند. ئـەو بەخودانـە سـەلماندی کـە ئیـرادەی مـرۆڤ زۆر لـە توانایـی نیزامیـی داگیرکـەر و چـەک و تەقەمەنیـی ئـەوان بەهێزتـرە. ئـەو ڕێگەیـەی کاوە هەتـا سـەر پێـوای، نیشـانی دایـن کـە ئێمـەش لەو ڕێگەیـەدا هەتا سـەر بـۆ ڕزگاری و بەختـەوەری و سڕینەوەی چەوسـانەوە و بەشـمەینەتییەکانی کـورد، هەنـگاو بنێیـن. کـە بێگومـان سەرمەشـقی شۆڕشـگێڕی و بەخودانـە بـۆ ئێمـە و هـاوڕێ و هاوسـەنگەرەکانی. ئەگەرچـی بەهـۆی سانسـۆر و دۆخـی ئەمنییـەوە هەتـا ئێسـتا زۆر لایەنـی ئـەو حەماسـەتەی کۆسـاڵانمان بـۆ ڕوون نەبۆتـەوە، بـەڵام هەمـوو ڕۆژێ ئـەو حەماسـەتە وەکـوو ئەفسـانە مێژووییـەکان زار بــەزار دەگــەڕێ و دەیگێڕنــەوە. شـێوەی شـەهیدبوونی کاوەو هاوڕێکـەی (مامۆسـتا سـەرکەوت) زۆر ئازایانـە و شۆڕشـگێڕانە بـوو، ئـەوان نەیانهێشـت دەسـتی دوژمنیـان پـێ ڕبـگا و ببنـە ئامـرازی تەبلیغـات و پڕوپاگەنـدە بـۆ دوژمـن و تەحقیرکردنـی خەڵکـی کوردسـتان، ئـەوان بـەو کارە ڕێگـەی نەمـری و هەرمانیـان هەڵبـژارد، بۆیـە دوژمـن تەنانـەت سڵـی لـە تەرمەکەشـیان کـردەوە و تەرمەکانیشـی بێسەروشـوێن کـرد.

# کاوە پڕ بوو لە هێزی بەردەوامی و هیوای ژیان

دیمانە لەگەڵ خاتوو «ئاژین ڕەزابی» هاوژینی شەهید کاوە

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. تکایە سەرەتا کورتەیەک لە ژیاننامەی خۆتان باس بکەن و بڵێین چۆن بوو ژیانتان لەگەڵ خەباتی حیزبی دێمۆکرات گرێی خوارد؟**

**ئاژین ڕەزابی:** تەمەنم ٩ مانگ بوو و لە کاتی جەنگی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق لەگەڵ بنەماڵەکەم روومان لە عێراق کرد. بنەماڵەم سیاسی بوون و ژیانی منداڵیشم لەناو پێشمەرگە و سیاسەتدا تێپەری، تا کاتێک لە باشوری کوردستان بووم، وەک خۆم پێوەندیم بە ڕێکخراو یان حزبێکی سیاسییەوە نەبوو بەڵام تا رادەیەک ئاگاداربووم لە بەرنامە و پێڕەوی حزبەکان و ئەو ئامانجانەی بۆ تێکۆشانیان لە پێناویدا دیارییان کردبوون. ساڵی ٢٠٠١ پاش کۆچکردنمان بەرەو دەرەوەی وڵات و جێگیربوونمان لە وڵاتی فینلاند، وێرای ئەوەی بنەماڵەکەم بنەماڵەیەکی حیزبی بوون، بەڵام لەو باوەرەدابووم کە دەبێ پێش ئەوەی خۆم تێکەڵ بە رەوتێکی سیاسی بکەم، ئەبێ خۆم بناسم بە تێگەیشتنێکی تەواوە تێکەڵ بە ڕێکخراو و حزبی سیاسی ببم، بۆیە خوێندنەوەیەکی جدیترم لەسەر حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی سەر بە حزب کرد، دوای مەودایەکی کەم لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی کورد ئاشنابووم، کە ئەوانیش هەر وەک من لە بنەماڵەیەکی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدبوون و بەڵام کەسیان سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نەبوون، بۆیە ئێمە لەوێوە بیرمان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کـردەوە، بـۆ ئـەوەی لاوان لـە دەوری ئـەو ڕێکخراوەیـە کۆبکەینـەوە و هەوڵبدەیـن پێناسـەی نەتەوەیـی خۆمـان بـۆ هەمـوو لاوانـی تاراوگـە نشـین شـی بکەینـەوە. لـە پایـزی ٢٠٠١ کۆمەڵێـک لاو ئـەو ڕێکخراوەیەمـان دامەزرانـدەوە و چالاکمـان کـرد. ئەمـە بـوو بـە سـەرەتایەک کـە بـە شـێوەیەکی کردەیـی تێکـەڵ بـە حیزبـی دێموکـرات ببـم، پاشـان بوومـە ئەنـدام لـە حزبـدا و کارو تێکۆشـانی خۆمـم لـە یەکیەتیـی لاوان و حزبـی دێموکراتـدا درێـژەداوە لـە چەنـد ئەرکـی جیـاوازدا تـا دوا ئەرکـی تەشـکیلاتیم کـە نوێنەرایەتـی حیزبـی دێموکـرات بـوو لـە وڵاتـی فینلانـد. لـەو کاتـەوە و لـە تەمەنـی ١٧ سـاڵییەوە ژیانـی مـن لەگـەڵ یەکیەتـی لاوان و پاشـان حزبـی دێموکـرات گرێـی خـواردووە، بـە شـانازییەوە.

**٢ – چـۆن و کـەی لەگـەڵ شـەهید کاوە ئاشـنا بوویـت؟ هـۆکاری هەڵبژاردنـی وەک هاوژیـن بـۆ چـی دەگەڕێتـەوە؟**

**ئاژیـن ڕەزابـی:** سـاڵی ٢٠١٢ لـە سـەردانێکمدا بـۆ کوردسـتان و کۆیـە، لـە نزیکـەوە لەگـەڵ کاوە ئاشـنا بـووم. پێشـتر بەهـۆی ئـەوەی چالاکـی مافـی مـرۆڤ بـوو و زیندانـی سیاسـیی بـوو، لەگـەڵ نـاو و خەبـات و تێکۆشـانی لـە ناوخـۆی ڕۆژهـەڵات ئاشـنا بـووم، بـەڵام سـاڵی ٢٠١٢ لـە نزیکـەوە بینیـم و لەگەڵـی ئاشـنا بـووم. لـە کاوەدا زۆر هـۆکار هەبـوون بـۆ مـن کـە وەک هاوژینـی خـۆم هەڵیبژێـرم، لـە پلـەی یەکەمـدا کەسـایەتیی بـەرزی خـۆی، هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتیکردنی، ویسـتی بەردەوامـی بـۆ بەرەوپێشـچوون و سـەرکەوتن لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانیـدا، خـاوەن هەسـتێکی کاریگـەری بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی، هێمنـی و باوەڕبەخۆبوونـی و وردی و تیژبینـی و میهرەبانـی، ئاسـتی بـەرزی تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی لەسـەر هەمـوو ڕووداوەکانـی ژیـان و پاشـان بیروبـاوەڕە سیاسـییەکەی و دڵسـۆزبوونی بـۆ حیـزب. ئەمانـە وەک سـەرەتا کاریگەرییەکـی زۆریـان لەسـەر مـن هەبـوو و پاشـان ئـەو خۆشەویسـتی و ڕێـزەی بەرانبـەر بـە مـن هەیبـوو، لایەنـە سـۆزدارییەکانی نێوانیشـمان ئەوەنـدەی دیکـە

هەردووکمانـی لەسـەر ئـەو بڕیـارە بـە ئـاکام گەیانـد کـە پـاش ماوەیـەک لـە ئاشـناییمان سـاڵی ٢٠١٣ ژیانـی پێکەوەبـوون و هاوبـەش پێـک بهێنیـن.

**٣. جەنابـت کـە لـە دەرەوەی وڵات و لـە ژیانێکـی ئاسـوودەدا دەژیـای، چـی وای لێکردی ببیتـە هاوسـەری کەسـێک کـە ژیانـی لەنـاو بزووتنەوەیەکـی سیاسـی و هەلومەرجێکـی دژوار دایـە، ئـەم هەڵوێسـتە چـی لـە پشـتەوە بـوو؟**

**ئاژیـن ڕەزابـی:** گەورەیـی کاوە لـە هەمـوو بوارەکانـەوە، هەروەهـا بـێ سـنووری ئـەو ئەوینـەی لـە نێوانمانـدا دروسـت بـوو، هەمـوو بیـر و ژیانـی منـی گرتبـوو، کـە ئامـادە بـم لـە هـەر شـوێنێک و هـەر بارودۆخێکـدا بـێ، لەگەڵـی ژیانـی هاوسـەری دروسـت بکـەم. ئێمـە هەردووکمـان لـە بنەماڵـە گەورەکـەی دێمۆکراتدا لـە نزیکـەوە پێکـەوە ئاشـنا بوویـن و هەردووکمـان باوەڕمـان بـەو ڕێبـازە هەبـوو تێییـدا کارمـان دەکـرد. لەگـەڵ ئـەوەی مـن ئـەو کات ١١ سـاڵ بـوو لـە دەرەوەی وڵات ژیانـم بەسـەر دەبـرد، بـەڵام حیـزب و پرسـی نەتەوەیـی کـورد لـە مـن جودا نەبـوون، بەڵکـوو مـن لـە تاراوگـە زیاتـر هۆگـری ئـەم پرسـانە بـووم، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە ڕەوتـی ژیـان لێـرە و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی شوناسـی نەتەوەیـی و بـاوەڕی سیاسـی بـۆ هـەر تاکێـک لەبارتـرە و ئـەوە مافـی تاکەکەسـی هـەر کەسـێکە. سـووربوونی کاوە لەسـەر ئـەو ئەرکانـەی پێـی ئەسـپێردرابوو کـە لـە پێناویانـدا حـازر نەبـوو ژیانێکـی ئاسـایی لـە ئورووپـا لـە بەرانبەریانـدا هەڵبژێـرێ، منـی زیاتـر بـەو بـاوەڕە گەیانـد کـە کاوە شـایانی زیاتـر لەوەیـە کـە مـن بتوانـم هـەر چەشـنە فیداکارییەکـی لەپێنـاودا ئەنجـام بـدەم و تەنانـەت بـۆم گرنـگ نەبـێ زەحمـەت و تێکۆشـانی خوێنـدن و کار لـەم وڵاتـەدا لەدەسـت بـدەم بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کاوە ژیانێکـی نـوێ دروسـت بکـەم، لەپێنـاو ئـەوەی کاوە بتوانـێ باشـتر بـە بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد خزمـەت بـکا. ئـەو بیـرو پڕۆژانـەی کاوە هەیبـوو لەپێنـاو باشـتر بەڕێوەبردنـی ئەرکـی حیزبـی لـەو ئۆرگانـەی کاری تێـدا دەکـرد، نـەک هـەر کاوە منیـش هەسـتم بـە جۆرێـک لـە

بەرپرسیارییێتی دەکرد، کە دەبێ هاوکاری، هاوفکری و پشتیوانی بکەم بۆ ئەوەی سەرکەوتووتر بێت.

**٤. تکایە لە تایبەتمەندییە ئەخلاقی و ڕەوشتە بەرزەکانی شەهید کاوە لە هەڵسوکەوتی لەناو ماڵ و لە کۆڕی گەرمی پێشمەرگەکان باس بکەن؟**

**ئاژین ڕەزابی:** کاوە لە سەرەتادا دەبێ بڵێم کەسێکی «کمال گرا و کامل گرا» بوو، کەسێکی ئارام، خۆش هەڵسوکەوت، دەم بە پێکەنین، خاکیی، دڵسۆز، بەسۆز، میهرەبان، بە نەزم و دیقەت، یارمەتیدەر، لێبووردە، خۆشسەلێقە، کاوە پڕ بوو لە هێزی بەردەوامی و هیوا و ژیان. لە هەر لایەنێکەوە تەماشای کاوە و ژیانی کاوە بکەم، ئەوەم هەست پێدەکرد کە کاوە کەسێکە تەنیا بۆ باشبوون لەم دنیادا هەیە و هەرگیز ناتوانێ خراپ بێت، ئەمە روانگەی منەوە و دڵنیاشم زۆرێک لەو هاوڕێ پێشمەرگانەی لەگەڵ کاوە ژیاون و کاریان کردووە، ئەمەیان بینی بووە. بەردەوام بە هەڵسوکەوتی دەوروبەری سەرسام بە گەورەیی خۆی ئەکرد، من هەموو ڕۆژێ تازەییم لە کاوەدا ئەبینی، کاوە هەرگیز دووبارە نەبوو بۆم، بۆیە کاوە بۆ من واتای ژیان و هیوا و داهاتووە. لە ماڵەوە یان لەگەڵ من و کوری بنەماڵەیماندا، کاوە هەستی بە بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر هەموومادا دەکرد، هەموومانی لەبەرچاو دەگرت، خواست و داوای هەموومانی جێبەجێ دەکرد، بە جۆرێک کوانووی ژیانی هەموومانی گەرم ئەکرد، ئەگەر ڕۆژێک لەبەر ئەرک و کاری حزبی لێمان دوور بوایە، یان پێوەندی نەگرتبایە لەگەڵم، بۆشاییەکی گەورە دروست ئەبوو کە ئەوپەڕی بێ ئۆقرەیی بۆم دروست ئەکرد. کاوە هێزی باوەڕبەخۆبوون و قایمبوونی بە من ئەدا، دڵنیاییەکی تەواو و ئارامییەکی کامڵی بۆم دروست کردبوو. لەگەڵ هەموو پێسمەرگەکانیشدا بەردەوام هەستی دڵنیایی بەوان ئەدا و دڵەڕاوکێی لێیان دوور ئەخستەوە لە هەر بوارێکدا بوایە. بەرچاوڕوونی زۆری ئەکرد بۆیان و بۆ هەموویان برایەکی

خەمخۆر و دڵسۆز بوو، ئاگادار بووم هەندێک لەو هاوڕێ پێشمەرگانەی کە بڕیاریان دابوو بەرەو دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەن، چەندین جار پێی وتن «ئێستا هەر بڕیاری ڕۆیشتنتان داوە، کە دەڕۆن دەبێ خۆتان پێ بگەیەنن و زمان فێر ببن و بخوێنن، لە دواڕۆژدا باشتر ئەتوانن کاری حزبیش بکەن».

## هیچکات خۆی لە پێشمەرگەکان جیا نەدەکردەوە

**٥. شەهید کاوە لەگەڵ زۆربەی پیشمەرگەکان دۆست و هاوڕێی نزیک و بۆ بەشێکیان پشت و پەنا و ڕازدار بوو، ئێوە هۆکاری ئەمە لە چیدا دەبینن؟**

**ئاژین ڕەزابی:** کاوە هیچکات خۆی لە پێشمەرگە جیا نەکردەوە، بەو واتایەی کە سنووری پلە و پایەی حیزبی دانەنابوو لەگەڵیان، تەنانەت کاتێکیش ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوو، حەزی دەکرد لەگەڵ پێشمەرگەکان شوێنی حەوانەوەی جیا نەکاتەوە، لەگەڵیان هاوڕێیەکی نزیک بوو. ڕێزێکی زۆری بۆ هەموو پێشمەرگەکان دادەنا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەو فەرهەنگە جێ بخات و پێشمەرگە و ئەندامێکی ڕێبەری جیا نەبن و تا بتوانن باشتر هەموو بۆچوونەکان وەربگرێت و بیگەیەنێ، لە ئۆرگانەکانی کارکردنیشدا، هەوڵی ئەدا بەردەوام بە شێوەیەکی دروست فێریان بکا و هانی ئەدان بۆ ئەوەی ئاستی زانیارییان ببەنەسەر لەو پێوەندییەشدا هاوکاریی ئەکردن تا بتوانن پێ بگەن و دەیان کەسی لە دوو ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا و کوردستان میدیا پێ گەیاند. من دەمبینی هیچ کات لەو کاتانەشدا کەسێکی کارێکی هەڵەی ئەنجام بدایە، بە جۆرێک پێی نەدەوت کە ئەو کەسە بە جۆرێک هەستێکی ناخۆشی لەلا دروست بێ لەسەر ئەو هەڵەیەی، ئەوەندە بە زمانێکی جوان ئەو کەسەی تێدەگەیاند و بەرچاوڕوونی بۆ دەکرد، کە نەفەرەکە هەست بە گەورەبوونی خۆی بکات. ئەم شێوازە نزیکایەتییەی لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی هەیبوو بە بڕوای من هۆکار بوو بۆ ئەوەی پشت و پەنا و رازداریان بێت.

**٦. لە هەر ئۆرگانێکی حیزبی کاری کردبێت، کەسێکی سەرکەوتوو، جیدی، بە پرەنسیپ و پابەند بە پێوەرە ئەخلاقی و یاساییەکان بوو، جگەلەمانە تایبەتمەندییانە جەنابت ڕازی سەرکەوتنی شەهید کاوە لە کارەکانی لە چیدا دەبینی؟**

**ئاژین ڕەزابی:** هونەری کارکردن و ئیبتیکاری هەرکەس بۆ کارەکەی جیاوازە، لەوانەیە هەندێک راز لالەی هەرکەس بۆ خۆی بمێنێتەوە و بۆ کەس روون نەبێتەوە، بەڵام ئەوەی من لە کاوەدا دەمبینی و خۆم لێوەی فێر دەبووم، ئەوە بوو کە کاوە بە خۆشەویستییەکی ئێجگار زۆر و بە ئەشقەوە کاری دەکرد، هەر ئەو حەزەی بۆ کارەکانی لە ئۆرگانەکان هۆکاری دروستکردنی فەزایەکی زۆر دۆستانە بوو، دروستبوونی ئەو ڕۆحی هاوکارییە لە نێوان بەرپرسی کار و ئەو کەسانەی لەوێ کاریان ئەکرد زۆر گرنگ بوو بۆی، بە جۆرێک نەیدەهێشیت کەس بە دڵئێشاوی ڕۆژێک لە ئۆرگان بمێنێتەوە و شوێنی کار بەجێ بهێڵێ تا ڕۆژی دواتری کارکردن. دیارە زۆر ئاساییە لە ئۆرگانێکدا چەندەها کەس کۆ دەبنەوە، جیاوازی سەلیقەی کارکردن گرفت بهێنێتە پێشەوە، یان دڵئێشانێک دروست بکا، هەموو کێشە و گرفتێک لە کاتی کارکردندا بە هەر هۆکارێک بهاتایەتە پێش، حەتمەن چارەسەری دەکرد، نەیدەویست بچووکترین دڵئێشان لەناو هاوکارەکاندا بمێنێتەوە. کاوە بۆ هەر کارێک، هەنگاوی بێ بیرۆکە و پرۆژەی هەڵنەدەگرت، حەتمەن بیرۆکەیەکی دەوڵەمەند، یان پرۆژەیەکی بەهێزی هەبوو کە لەسەری کار بکات، بە واتایەکی دیکە زۆر بە بەرنامە بوو، کاتێکی زۆری تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ تەرحێکی باش دابرێژێ بۆ ئۆرگانەکانی کارکردنی. ئەمەش تەنیا جارێک و چەند جارێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو هەمیشە لە هەوڵداندا بوو. سنوورەکانی بیکردنەوەی لەپێناو کاری باش و سەرکەوتن بڕیبوو. کاتێک پرۆژەیەکی هەبوو بۆ کارکردن، زۆر لێی ورد ئەبووەوە بە تاقەتێکی قووڵەوە چەندەها جار پێداچوونەوەی لەسەر دەکرد، تا بچووکترین ئەگەرەکانی سەرنەکەوتنی پرۆژەکەی لەو کارەدا پێش پێ بگرێت. هەموو

ئـەو شـتانەی کاری لەسـەر ئەکـرد، شـارەزاییەک و توانایەکـی بەهێـزی هەبـوو لەسـەریان. لـە کارکردنـدا هیـچ گومـان و دوودڵییەکـی بـە خـۆی ڕێگـە نـەدەدا و لـە کارکردنـدا ترسـی نەبـوو.

## پڕ بوو لە توانایی و داهێنان و ئیرادە

کاوە لــە مــاوەی کار و تێکۆشــانیدا لــە هــەردوو ئۆرگانەکانــی ڕاگەیاندنــی حیـزب و تەشـکیلاتی ئاشـکرای حیـزب، لەبـاری بیرکردنـەوە و جەسـتەییەوە خـۆی بـۆ کارەکان مانـدوو دەکـرد و کاتـی دەدا پێیـان، بـەڵام هەسـتی بـەو ماندووبوونـەی خـۆی نەدەکـرد، ئـەم دڵگەرمییـە بـە کارەکانـی هانـی ئـەدا کـە بـەردەوام بـێ و ڕەخنـە بنیاتنەرەکانـی لەبەرچـاو دەگـرت و بەرپەرچـی هــەر کارشــکێنی و بــێ پرسنیپییەکیشــی ئەدایــەوە لــە هــەر جێگایــەک بکرابایــە. کاوە پــڕ بــوو لــە توانایــی و داهێنــان و ئیــرادە، ئــەم تایبەتمەندییانــەی کاوە بــۆ خــۆی پێــڕەوی دەکــرد لــە کارکردنیــدا و لــەو شــوێنانەی کاری دەکــرد تێیانـدا، هـۆکار یـان کلیلـی سـەرکەوتنی کاوە بـوون بـە بـڕوای مـن. کـە بـە کەمتریــن ئیمکانــات، بــەڵام باشــترین شــێوە کارەکانــی دەگەیانــدە ئەنجــام.

**٧. دایـک لـەلای هەمـوو کـەس خۆشەویسـتە، بـەڵام شـەهید کاوە، دایکـی وەک مامۆسـتای خـۆی لەقەڵــەم دەدا و دەیپەرسـت، خۆشەویسـتیی نێوانیـان، زۆر قـووڵ بـوو، ئێـوە لـەم بـارەوە چـی دەزانـن؟**

**ئاژیـن ڕەزابـی:** بـە هـۆی ئـەوەی کاوە تەمەنـی لـە یـەک سـاڵ و نیـو کەمتـر بـووە باوکـە نەجمەدیـن دەسـگیر کـرا و ٤ سـاڵیش بـوو لـە سـێدارەدرابوو، بۆیـە دایکـە نەهیـەم هـەم بـاوک و هـەم دایـک بـوو بـۆ کاوە. لـە منداڵییـەوە بەیەکـەوە تێکەڵاوبـوون، مامۆسـتای ڕەوشـت و خۆراگـری کاوە بـووە. خۆراگـری دایکـە نەهیـە لەبەرانبـە هەمـوو ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـەی پـاش لـە سـێدارەدانی

باوکە نەجمەدینم هاتبووە رێگەی وەک دایکێکی گەنج و خاوەن سێ منداڵ و وەفاداری دایکی بە بنەماڵە و خۆشەویستی باوکی لە سێدارەدراوی هەمیشە جێگای شانازی و ستایش بووە بۆ کاوە و وە من خۆیشم بە یەکێک لەو ژنە دەگمەنانەی لە قەڵەم ئەدەم کە بەرنگاری ژیانێکی سەخت بووەتەوە لە پێناو پێگەیاندنی منداڵەکانی بەرەنگاری ژیانێکی سەخت بووەتەوە.

کاوە کوڕی بچووکی بنەماڵە بووە، بۆیە لە هەموو لایەنێکەوە و لە هەموو لایەکەوە لە ماڵی خۆیاندا گرنگیی زۆری پێ دراوە و دەدرا تا ئێستاش. دایکە نەهیە شایەتی ساڵانێک بەندبوونی کاوە بوو لە بەندینخانەکانی رێژیم و لەپێناو دیتنی کاوە بۆ ماوەی چەند خولەکێک بە هەفتە و شەورۆژ لە پشت دەرگاکانی بەندینخانەوە چاوەڕوانی کێشاوە. دایکە نەهیەم قارەمانییەتی باوکە نەجمەدینمی هەر لە منداڵییەوە بۆ کاوە باس کردبوو وە بیری کوردپەروەری و نیشتیمانپەروەری لە تەمەنێکی کەمدا لە کاوەدا گەشە دەکات، کاتێک لە تەمەنێکی کەمدا کاوە دەیتوانی بە پێوەندیگەلێکی تەلەفۆنی حەرەکەتە ناڕەزایەتییەکانی شاری سنە رێک بخا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە دایکێکی گەورە لە پشت ئەم کوڕەوە هەبووە و پشتیوانی بووە و مامۆستای بووە تا بتوانێ ئاوا کارێکی گەورە لە شارێکی گەورەدا رێک بخات، ئەمە جیا لەو باوەڕەی کاوە خۆی هەیبوو بەو ڕێبازەی باوکی کە لە پێناویدا گیانی لەدەستدابوو. دایکە نەهیەم هەموو خۆشەویستی و سۆزێکی بە کاوە بەخشیبوو لە ئاستێکدا، کاوە لەو پێوەندیەدا بچووکترین بۆشایی لە سۆزی بنەماڵەدا هەست پێنەدەکرد. دایکە نەهیەم لە هیچ هەڕەشەیەکی رژێم نەترسا، هەموو کات سەردانی کاوەی ئەکرد و بەردەوام ڕۆژانە لە هەواڵی یەکترین ئاگادار دەبوون. ئەوان هەم دایک و کوڕ بوون هەم دوو هاوڕێی زۆر نزیک. من ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەوانم لە نێوان دایک و کوڕێکی دیکەدا نەدیبوو.

**٨. لە قۆناغی ڕاسانەوەی حیزبی دێمۆکراتدا شەهید کاوە یەک لەو کەسانە بوو، بەوپەڕی ماندوویی‌نەناسی و پێداگرییەوە بە نووسین و بە کردەوە لە شاخ بەشدار بوو، باسی هەست و هەڵوێستی ئەوکاتەی بکە؟**

**ئاژین ڕەزابی:** کاوە لە یەکەمین کەسەکان بوو کە تەرح و بەرنامەی ئەم جووڵانەوەیەی بە شێوەی تێئۆری داڕشتەوە، بە بڕوایەکی قووڵەوە دەستی دایە ئەو کارە، کاوە خۆی زیندانی سیاسیی بووەوە و ژیانی ئێستای نەتەوەکەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدیت، ئەو هەموو ماڵ وێرانییەی بە هۆی مادده هۆشبەرەکان و گرفتەکانی دیکەی وەک کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بەرۆکی خەڵکی ئێمەی گرتبوو، دەبینی لەوە دڵنیا بوو ئەو شێوەی خەباتەی پێش ڕاسانەوە، ناتوانێ وەڵامدەر بێت و ڕژێمی ئێران لە ماوەیەی چەند دەیەی پێشوودا، بە شێوەی جیاواز هەوڵی دابووە نفووز بکاتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە کە ئەمە هەم بە زەرەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو و هەمیش لایەنە سیاسییەکان. پێی وابوو ئەو مەودایەی کە دروست بووە یەکێکە لە هۆکاری ئەو جۆرە ماڵوێرانییەی خەڵکی کوردستان، بۆیە پێی وابوو، تەنیا چوونەوە شاخ وە چوونەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی فیزیکی دەتوانێ خەڵک و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پێکەوە گرێ بداتەوە. ئاوا جووڵانەوەیەکی بە هەستانی خەڵک و بە خۆدا هاتنەوەی کۆمەڵگەی دەبینی. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پرسەدا کە هەنگاوی هەڵگرتبوو، وێڕای ئەوەی دەیزانی نرخێکی زۆری دەوێ و زۆرێک لە دڵسۆزان دەچنە ریزی کاروانی شەهیدانەوە، بەڵام هەمیشە لایەنە گرنگەکانی باس دەکرد بۆ حزب و ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئاسۆی کوردی لە ڕۆژهەلات بە تایبەتی و کوردستان بەگشتی ڕوون دەبینی. بۆیە پاش پەیامی نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاویی حیزب لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، لەژێر دروشمی «بەهار، هێمای ڕابوون و پێشمەرگە پێناسەی گەل و شۆڕشە» زۆرتر لە هەموو کات

خۆشحاڵ بوو و لەوە دڵنیا بوو کە کاتی بەکردەکردنی ئەو هەنگاوە نزیکە و بەرهەمی ئەو تێکۆشان و ماندوویی‌نەناسییەی لەو ڕاستایەدا دەبینی.

**٩. بۆ دوایین جار کە بڕیاری دا لەگەڵ هاوسەنگەرانی بچێتەوە ناو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات، هەست و هەڵوێستی چۆن بوو؟ لە ناوچە لەگەڵتان پەیوەندیی هەبوو؟ باسی چی دەکرد؟**

**ئاژین ڕەزابی**: ماوەیەک بەرلە ڕۆیشتنەوەی پێمی وت کە بڕیاری چوونەوە ناوچەی داوە و لەو ماوەیەدا دەچێت. من لەو باوەڕەدا بووم، چونکە کاوە کەسێکی خەباتکار بوو و دەیەوێ ئاڵوگۆڕ دروست بکا و دروست ببێت. لام وابوو کاوە خۆی دەبێ بمێنێتەوە بۆ بەردەوامیی ئەو ئاڵوگۆڕ و خەباتە، چونکە ئەو قۆناغە نوێیەش بێ ئەملاو ئەولا پێویستیی بە حزووری فیزکیی کاوە هەبوو.

کاوە بە ئیمانێکی قایمەوە بڕیاری دابوو و ئەو هەستەی کە چەندە خۆشحاڵ بوو لەگەڵ هاوڕێ و برا پێشمەرگەکانی ئەو ڕێگایە دەبڕێ، لە رووخساریدا دەمبینی. چونکە لە باوەڕەدا بوو لە کۆتاییدا کارێک کە هەوڵی بۆ دەدا و پێداگریی لەسەری دەکرد گەیشتبووە ئەنجام و ئێستا ئیتر کاتی ئەوە بوو کارەکە بکرێت.

کاوە زیاتر کاری دەکرد تا قسە یان دروشم بدە، هەر بۆیە لەو پێوەندییەدا هەرچییەکی باس دەکرد و دەینووسی، من بە جۆرێک نیگەران بووم. بۆیە کاتێکیش باسی ڕۆیشتنەوەی کرد، پێمی وت، **«ئێستە کاتی عەمەلە، من ناکرێ دروشم بدەم بۆ کەسانی دیکە و خۆم تەماشاچی بم، منیش وەکوو هەموو ئەو پێشمەرگانە ئەو هەنگاوەم هەڵگرتووە و بەو ڕێیەدا دەڕۆم»** کاوە باوەڕی وابوو دەبێ خۆی پێش بکەوێ بۆ ئەوەی بتوانێ داوا بکات کەسانی دیکەش لەگەل ئەو ڕەوتە خۆیان ڕێک خبەن و لاوان

زیاتـر بـە ریزەکانـی تێکۆشـانی حزبـەوە پەیوەسـت ببـن. بـاوەڕی ئـەوە بـوو لـە نێوان پێشـمەرگەیەک و ئەندامێکـی ڕێبەریـی حیزبـدا نابـێ جیـاوازی پلـە و پایـەی تەشـکیلاتی هەبێـت بـۆ چوونـەوە ناوچـە و ئـەوەی بـە ئەرکـی هەمـوو حیزبییـەک دەزانـی. بۆیـە ئـەو ئیـرادە و ئیمانـە بەهێـزەی هەیبـوو بـەو پرسـە، بـەردەوام لـە دابەشـکردنیدا بـوو لەگـەڵ هاوسـەنگەرەکانی و لەڕێگای پێنـووس و نووسینەکانیشـیەوە لەگـەڵ ئازادیخوازانـی دیکەیـدا. لـەو کاتـەی کەلـە ناوچـە بـوو، بـە مەبەسـتی ئـاگادار بـوون لـە هەواڵـی، پێوەندیـم بـە شـوورای نیزامیـی ئەوکاتـی حزبـەوە دەکـرد.

**١٠. چۆنیەتیـی بەرگریـی و شـەهیدبوونی شـەهیدان کاوە و سـەرکەوت، بووەتـە سەرمەشـقی وانـەی ڕاسـان و لـە کوردسـتان بـە گرنگییـەوە وەسـف و باسـی دەکـەن، کۆڵنـەدان و خۆبەدەسـتەوەنەدان و شـەهید بوونـی سـەربەرزانەیان چـۆن دەنرخێنـی؟**

**ئاژیـن ڕەزابـی:** ڕۆیشـتنەوەی کاوە بـۆ ناوچـە و خوڵقاندنـی حەماسـەی کۆسـاڵان لەگـەڵ هاوسـەنگەرکانی و پـاش ئـەوەش، ئـەو هەوڵـدان و بەرگرییـەی کاوە و مامۆسـتا سـەرکەوت مـاوەی ١٠ ڕۆژ لـە خۆیانیـان کـرد، ئەمانباتـەوە لای وانـە بـە کەڵـک و ئەمرۆییەکانـی ڕێبەرمـان دکتـۆر قاسـملوو، لێـرەدا ئامـاژە بـە وتەیەکـی دوکتـۆر قاسـملوو دەکـەم، لـە باسـێک لـە سـەر سۆسـیالیزم بـاس لـەوە دەکا:

«پێـوەری ڕاسـتی و دروسـتی تێئـۆری، کتێـب نییـە، بەڵکـو کـردەوە و تاقیکردنەوەیـە. تێئـۆری کۆمەڵایەتـی لـە کاتـی جێبەجێکردنـدا، ڕاسـتی و دروسـتی خـۆی نیشـان ئـەدا. ڕاستە کـە واقعیـەت سـەرچاوەی تێئـۆری بـووە، بـەڵام چونکـە واقعیـەت هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە و هەلومەرجیـش لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە جیـاوازە، تێئۆریـش دەبـێ بگـۆڕدرێ. لـە کۆتاییـدا معیـار تێئـۆری نییـە، بەڵکـو معیـار پراکتیـک و واقعیەتـە. ئەگـەر تێئۆرییـەک لەگـەڵ

واقعیەتــدا ڕێــک نەکــەوێ، واقعیەتــی ڕەق بــە زۆر ناچێتــە نــاو چوارچێــوەی تێئۆرییــەوە».

حەماســەی بۆڕیــەر لــە درێــژەی حەماســەی کۆســاڵاندا، لــە ڕیــزی یەکەمیــن ســەرهەڵدان و ڕاســانەکانی ئێــران و کوردســتاندایە، بۆیــە ئامــاژە دەکــەم بــە حەماســەی ســاڵانی ١٣٤٦ بــۆ ١٣٤٧ی هەتــاوی شــەهید ئیســماعیل شــەریفزادە و هاوڕێیانــی و ڕوداوی «ســیاهکل» ١٣٤٩ی هەتاویــی چەپــەکان لــە ســیاهکل. ئەودەمیــش ئــەو جووڵانەوەیانــە بــە دژی دەســەڵاتی پاشــایەتی ئێــران، ئێرانیــان لەرزانــد و دەســەڵاتیان خســتە ترســەوە.

هــەر جووڵانەوەیەکــی بــەم جــۆرەی سیاســیی بچێتــە نــاو لایەنەکانــی دیکــەی ژیانــی خەڵــک وەک لایەنــی فەرهەنگــی و هونــەری، بــە ڕێگــەی خــۆی کاریگەریــی جیــاواز لەســەر خەڵــک دادەنــێ و ئەچێتــە نــاو ژیانی خەڵکەوە، ئەم حەماســەیەی بۆڕیــەر و ئــەم ڕاســانە ئێســتا لەنــاو هەمــوو چیــن و توویژەکانــی کۆمەڵگــەی ئێمە باســی لەســەر دەکرێــت و لــە ئاســتێکی بــێ هاوتــادا، خەڵکــی وەخەبــەر هێنایــەوە بــە هەمــوو بیــر و بــاوەڕە جیــاوازە سیاســییەکانی کوردیشــەوە. کاتێــک کەســێک لــە ژیانــدا نەمێنێــت، زۆر شــت لەگــەڵ خۆیــدا دەبــات، کاوە و مامۆســتا ســەرکەو زۆر ئەزموونــی کــەم وێنــە و گرنگیــان لەگــەڵ خۆیــان بــرد، بــەڵام بیســتنی ئــەم نەبەردییــەی ئــەوان، هەموومــان فێــر دەکا کــە بــە کــردەوە ئەرکدار بیــن. فێربوون لــە بــاوەڕ و ئیــرادەی پۆلاییــن و نەترســییان، ئەرکــدار بە درێژەدانی ئــەو ڕێگایەی ئــەوان کــە لــەو ســاتەدا لــە نێــوان ژیانێکــی دیلانــە، بــەڵام نەمانێکــی ســەربەرزانە لەپێنــاو هەمیشــە ژیــان لــە مێــژووی نەتــەوە و حزبەکەمانــدا و زینــدوو لــە ڕێبــاز و هــزر و ئەندێشــەیاندا، هەڵبــژاردەی دووەم دەکەنــە تاجــی ســەربەرزییان. ئــەم شــەهیدبوونەیان بــە جۆرێکــە هەرکــەس ئــارەزووی شــەهیدبوونی بــەو چەشــنە قارەمانانــە بــۆ خــۆی بــکات. کاوە و مامۆســتا ســەرکەوت لــەو کاتــەوەی خۆیــان ناســیوە بیروبــاوەڕی نیشــتیمانپەروەری لــە فکریانــدا گەشــەی کــردووە، ئاســتی تێگەیشــتن و ڕۆشــنبیری و سیاســی بوونیــان بــە ڕادەیــەک جیــاواز بــووە کــە تــا دوایــن هەناســەیان کاریگــەری لەســەر ژیانیــان هەبــوو و ئــەو کاریگەریەیــش وای

کرد تەنانەت شێوازی شەهیدبوونیشیان لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نەک هەر کورددا، بەڵکوو هەر نەتەوەیەکی دیکەیشدا، تەک و جیاواز بێت. بۆیە دەبێ ئەم حەماسەیەی بۆرپیەر، وانەیەکی تایبەتی فێربوون بێ و دەرسێکی تایبەتی وتنەوە بێت لەناو شۆڕشدا، لە هەر جێگەیەک کە مەودای ئەوە هەبێت. لە ئاست ئەو گەورەییەی کاوە و مامۆستا سەرکەوت، کە نەبوونیان کردە بوون و زیندووبوونەوە شۆڕش و خەباتیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە فیداکردنی گیانی خۆیان هەستاندەوە. سەری رێز لە بارەگای ئیرادە، باوەڕ، گەورەیی و خۆشەویستی کاوە و مامۆستا سەرکەوت دادەنەوێنم، ژیانی پڕ لە سەربەرزی و شەهیدبوونی قارەمانانەیان و شانازی بە نسیببوونی پێشەنگی راسانیان لێ پیرۆز دەکەم، شانازییەکەی تەنیا تایبەت بە خۆیانە ئەم پێشەنگییە، بۆ ئەوەی هەر کەس یان ئێمەش شانازیمان بە نسیب ببێ، دەبێ کاوە ئاسا و سەرکەوت ئاسا ئەو ڕێبازە درێژە بدەین و رۆحیان بە تەشەنەسەندیی گڕی ئەم راسانە و بەردەوامییەکەی شاد بکەین.

وتووێژ لەگەڵ

## تەیموور مستەفایی، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حدکا

### کاوە، ستوونێکی بەهێزی تەشکیلاتی شاری سنە بوو

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. شەهید کاوە، بەرلەوەی بە فەرمی بێتە ڕیزی پێشمەرگەوە بە حوکمی ئەوەی کوڕی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ بوو، کەسێکی هەڵسووڕ و چالاکوانێکی سیاسیی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ بوو جەنابت کارەکانی و کاریگەریی ئەو شەهیدە لەو بوارە و لەو قۆناغەدا چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**

**تەیموور مستەفایی**: ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی بوو، بەرپرسی ناوەندی [١]ی کوردستان بووم و بە ئاگاداریی کومیسیونی سیاسی- نیزامی تیمێک لە کادرەکانی سنەم بۆ کاری تەشکیلاتی ناردەوە نێو خۆی وەڵات و لەو مەئموورییەتەدا بە تیمەکەمان سپاردبوو زۆرترین فوکۆس بخەنە سەر شاری سنە، کە پاش نزیکەی دوو مانگ مانەوە لە نێوخۆی وەڵات گەڕانەوە، کاتێک ڕاپۆرتی تێکۆشانی ئەو ماوەیەیان پێدامەوە، ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو زۆرتری ئەو ماوەیە تیمەکە لەنێو شاردا مابوونەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە هاوکاریی لاوێک کرابوو کە ئەو شوێنی مانەوە، تەداروکات و ڕاگۆستنیانی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکەی بۆ ئەنجام دابوون، ئەو لاوەش شەهید کاوە جەوانمەرد بوو.

بە دوای ئەم مەئموورییەتەوە بوو کە کاوە سەردانی کردم و لە نزیکەوە

ناسیم. کوڕێکی زۆر هەڵسووڕ، بە ورە و بە ئیمان هاتە بەرچاوم و ئیتر بەدوای یەکەمین سەردانی، پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی من و کاوە بوو بە ڕۆژانە.

لە ساڵی ١٣٨٤ کاتێک شوانەی سەید قادر لە مەهاباد بە دەستی ڕێژیم شەهید کرا و ئێعتراز و مانگرتنەکان هەموو کوردستانی گرتەوە، لە ڕۆژی ١١ی گەلاوێژی هەمان ساڵ لە شاری سنەی قارەمانیش ڕێپێوان و مانگرتن تەواوی شاری گرتەوە، دەتوانم بەبێ دوو دڵی بڵێم تیمەکەی کاوە دەورێکی سەرەکییان لە ئاگادارکردنەوەی خەڵکی شاری سنەدا گێڕا. پاش ئەمەش تێکۆشانی کاوە و تیمەکەی بەردەوام بوو، ڕۆژانە ڕاپۆرتێک و تەنانەت زۆر جار دوو ڕاپۆرتم لە سەر وەزعی شاری سنە لە کاوەوە پێ دەگەیشت. بەهۆی ئەم هەڵسوڕانەوە بوو کە ڕێژیم گومانی دەخاتە سەر و دەستبەسەری دەکات.

کاوە لەژێر سەختترین ئەشکەنجە دژی ئینسانییەکانی مەئمورانی ڕێژیمدا بە چۆکدا نەهات و لەسەر ئەوەی کاری سیاسی کردبێ، یا کەسێک لە پەیوەندی لەگەڵیدا بێ، بە هیچ شێوەیەک ئیعترافی نەکرد، هەر بۆیە تا ئێستاش تەنانەت یەک نەفەر لە تیمەکەی کاوە لەلایەن ڕێژیمەوە نەگیران، بەڵام بەو حاڵەش ڕێژیم بە ٥ ساڵ بەند کردن حوکمی دا. کاوە بێجگە لەوەی کە لە بەرانبەر شکەنجەکاندا نموونەی خۆڕاگری بوو، لە نەزم و پاک و خاوێنیشدا هەر نموونە بوو. ئەو لە بەندیخانەشدا شێلگیرانە پارێزگاری لە سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکرات دەکرد.

کاوە پاش ئازادبوونی لە زیندان هەر زۆر زوو دەستی بە چالاکیی تەشکیلاتی کردەوە، لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا بوو کە بۆ جارێکی دیکە هەستی بەوە کرد بوو کە لەژێر چاوەدێری ڕێژیم کەوتووە، بۆیە لەگەڵ من پەیوەندیی گرت و هەلومەرجی خۆی بۆ باس کردم، منیش لەبەر پاراستنی خۆی و هاوڕێیەکانی پێم ڕاگەیاند بێتە دەرەوە، هەرچەند بۆ خۆم ئەم بڕیارەم زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە بەڕاستی بوونی کاوە لە سنە زۆر بە

کەڵکتـر بـوو تـا هاتنـە دەرەوەی، ئـەو سـتوونێکی بەهێـز بـوو بـۆ ئێمـە لەنێـو شـاری سـنەدا و بـەم چەشـنە بـوو کاوە لـە سـنە هاتـە دەرەوە و ڕووی لـە خەباتـی پێشـمەرگانە کـرد.

**٢. شـەهید کاوە، کاتێـک هاتـە ڕیـزی پێشـمەرگایەتییەوە، بەبـێ ئـەوەی قۆنـاغ و پلـە حیزبییـەکان ببڕێـت، وەک نوێنـەری پێشـمەرگە و لـە کۆنگـرەی ١٥دا بـوو بـە ئەندامـی ڕێبەریـی حیـزب، بـەڕای جەنابـت چ خەسـڵەت و تایبەتمەندییەکـی تێـدا بـوو کـە ئـەو متمانەیـە بەدەسـت بهێنێـت؟**

**تەیمـوور مسـتەفایی:** کاتێـک کاوە بـوو بـە پێشـمەرگە باگراوەنـدی چەنـد سـاڵ کاری تەشـکیلاتی هەبـوو و شـارەزای سیاسـەتەکانی حیـزب بـوو ئەمـە لـە لایـەک، لەلایەکـی دیکەشـەوە کاوە پێـش لـەوەی بێتـە دەرەوە ڕۆژنامەنـووس بوو و لـە حەفتەنامـەی (کەرەفتـوو) ئەندامـی دەسـتەی نوسـەران بـوو و باباتەکانـی لـەم ڕۆژنامەیـە بـڵاو دەکرانـەوە و لـە حەفتەنامـەی (ئاسۆ)شـدا وتـاری بـڵاو دەکرایـەوە. پـاش تەواوکردنـی دەورەی پێشـمەرگە بـە سـەرنجدان بـە توانـای لـە نووسـیندا، هـەر وەهـا ڕابـردووی تەشـکیلاتی داوامـان کـرد بدرێتـە کومیسـیونی چاپەمەنـی و لـەو کومیسـیۆنەدا بـوو بـە بەرپرسـی بەشـی فارسـیی ماڵپـەڕی (کوردسـتان میدیـا) و زۆر زوو توانـای خـۆی نیشـان دا، لـە کاتـی جیاکردنـەوەی ماڵپەڕەکانـی کوردسـتان میدیـا و کوردپـا لـە کومیسـیونی چاپەمەنـی کاوە وەک بەرپرسـی ئـەو ئۆرگانـە نوێیـە دیـاری کـرا.

کاوە کوڕێکـی خـۆش فیکـر و بـە ئیبتـکار و هەڵسـووڕ بـوو , لـە هەمانکاتـدا لەگـەڵ هاوکارەکانـی هـاوڕێ و خاکـەڕا بـوو , هـەر بۆیـە لەلایـەن هاوڕێکانییـەوە پشـتیوانی لـێ دەکـرا و بـەم هۆیـەوە لـە کونفرانسـەکانی پیـش کۆنگـرەی پـازدە دەنگیـان بـۆ ئەندامەتـی لـە کۆنگـرە پێـدا. هەرچەنـد باسـکردنیم پـێ خـۆش نییـە , بـەڵام وەک ڕاسـتییەک ئـەوەش بڵێـم چ لـە ناسـاندنی کاوە بـە ڕێبەرایەتیـی حێـزب و چ لـە کاتـی کۆنگـرەدا مـن پشـتیوانیێکی زۆرم لێکـرد، ئەمـە وەک وەفایـەک بـوو بـۆ ئـەو هەمـوو فیـداکاری و بوێرییـەی کـە بـە

خۆشـییەوە لـە کۆنگرەی پازدەیەمـی حیزبـدا دەنگـی بـۆ ئەندامەتیـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هێنایـەوە.

**٣. بـەڕای ئێـوە لـەڕووی ئەخـلاق و کـرداری شۆڕشـگێڕییەوە خـاوەن چ تایبەتمەندییـەک بـوو؟ شـەهید کاوە کەسێکی کـرداری بـوو و بـاوەڕی بـە گـۆڕان و بەرەپێشـچوون هەبـوو، ڕوانگەتـان لەمبـارەوە چییـە؟**

**تەیمـوور مسـتەفایی:** مـن لـە پرسـیارەکانی پێشـوودا وەڵامـی ئـەم پرسـیارەم داوەتـەوە و لـە چوارچێـوەی کارەکانیـدا تایبەتمەندییەکانـی ئـەوەم باس کردووە. کاوە کوڕێکـی هەڵسـووڕ، نەتـرس، خاکـەڕا ، جیـدی، بەنـەزم و داهێنـەر بـوو.

**٤. کاریگەریـی شـەهید کاوە لـە ئۆرگانەکانـی ڕاگەیاندنـی حیـزب چـۆن لێـک دەدەنـەوە و لەمبـارەوە چ کاریگەرییەکـی هەبـوو؟**

**تەیمـوور مسـتەفایی:** لـە پرسـیارەکانی پێشـوودا باسـم کـرد کـە بەهـۆی لێهاتوییـەوە بـە بەرپرسـی ماڵپەڕەکانـی کوردسـتان میدیـا و کوردپـا دیـاری کـرا. کوردسـتان میدیا ماڵپـەڕی ڕەسـمی حیـزب بـوو و دەبـوو لـە چوارچێـوەی سیاسـەتەکانی حیزبـدا کاری کردبـا، بـەڵام کوردپـا هەرچەنـد ماڵپـەڕی حیزبـی بـوو، بـەڵام ئازادیـی عەمەلێکـی زۆری هەبـوو. لـە ماوەیەکـی کورتـدا کوردسـتان میدیـا ڕێـژەی بینەرانـی چـووە سـەر و کوردپـاش بـوو بـەو ماڵپـەڕە کـە هەواڵنێرییـە بەناوبانگەکانـی وەک: بـی بـی سـی، ئەلجەزیـرە، و voa و زۆری دیکـە وەک سـەرچاوە هەواڵەکانـی بـڵاو بکەنـەوە. ئەمـەش دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەو مودیرییەتـەی کـە کاوە هەیبـوو ئـەو بـۆ خـۆی تۆڕێکـی پەیوەندیـی فراوانـی لەگـەڵ چالاکانـی سیاسـی و مەدەنـی و ڕۆژنامەوانانـی ناوخـۆ هەبـوو و هـەواڵ و زانیـاری لـێ وەردەگرتـن. لەگـەڵ کۆمیسـیونی تەشـکیلات کـە سـەرچاوەی وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری لـە ناوخـۆی وڵات بـوو پەیوەندییەکـی بـەردەوام

و سـات بەسـاتی هەبـوو. بـۆ سەرخسـتن و شـوێندانەربوونی ئـەو ماڵپەڕانـە کاتـی نەدەناسـی و هەمیشـە و هەمـوو کاتێک لەسـەر خـەت بـوو تـا هەواڵـەکان بـە زووتریـن کات بگاتـە خەڵـک. بـۆ دڵنیـا بـوون لـە ڕاسـتی و دروسـتیی هەواڵەکانیـش زۆر بـە جیـدی بەدواداچوونـی دەکـرد. هـەر ئـەم مودیرییـەت و تایبەتمەندییانـە بـوون کـە کاوەیـان کردبـووە مرۆڤێکـی سـەرکەوتوو.

**٥. کاوە یەکێکـە لـە شـەهیدە پێشـەنگ و سـیمبۆلەکانی قۆناغـی ڕاسـان و لەگـەڵ هاوسـەنگەرە قارەمانەکانـی حەماسـەی کۆسـاڵانیان خولقانـد، جەنابـت چـۆ دەڕوانیتـە ئـەو قۆناغـە و بەرگریـی قارەمانـەی شـەهید کاوە و شـەهید سـەرکەوت و چۆنیەتیـی شـەهیدبوونیان هەڵگـری چ واتـا و دەرسـێکین بـۆ نـەوەی ئەمـڕۆی خەباتـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان؟**

**تەیمـوور مسـتەفایی:** شـەهید کاوە لـەو مرۆڤانـە نەبـوو کـە نوسـخە بـۆ خەڵـک بپێچێتـەوە و خـۆی لـە دورەوە تەماشـا بـکات. ئـەو ئەگـەر پێشـنیارێکی کردبـا بـۆ خـۆی لـە پێـش هەمـوو کەسـەوە ئامـادەی کارکـردن لەپێنـاو جێبەجێکردنیـدا بـوو. شـەهید کاوە یەکێـک لـەو کەسـانە بـوو کـە بڕوایەکـی قووڵـی بـە ناردنەوەی پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی حـزوور لەنێـو خەڵکـدا هەبـوو و ئەوەشـی دەزانـی کارێکـی ئەوتـۆ بێگومـان تێچـووی دەبـێ. لـە کۆبونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە بەهـاری سـاڵی ١٣٩٤ەوە کـە بڕیـاری حـزووری پێشـمەرگەمان لـە ناوخـۆی وڵات درا، ئـەو یەکێـک لـە موافیقەکانـی ئـەو بڕیـارە بـوو. لـە سـاڵی ١٣٩٥لـە کاتێکـدا کاوە بەرپرسـی تەشـکیلاتی ئاشـکرا لـە باشـووری کوردسـتان و جێگـری کۆمیسـیۆنی سیاسـی- نیزامـی بـوو، بـە پێداگرییەکـی زۆرەوە وێـڕای ئـەوەی کـە بەرپرسـانی سـەرەوەتر موافیقـی چوونـەوەی ناوخـۆی وڵاتـی کاوە نەبـوون، بـەڵام قەناعەتـی پێهێنـان و ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٣٩٥ چـووەوە ناوخـۆ و پاش ماوەیـەک هەڵسـووڕان لـە ناوچـەدا کەوتنـە کەمینـی هێزەکانـی ڕێژیـم و هەمـوو نەفەراتـی تیمەکەیـان بەداخـەوە شـەهید بـوون. بەهـۆی تەشـکیلاتی ناوخـۆوە

هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی لە یەکەم قۆناغدا شەهید نەبووبوون، لە پەیوەندی بە ڕزگارکردنی ئەو تیمەوە چەند ئەندامێکمان گیران و چەند کەسێکیشیان قاچاخ بوون و هاتنە دەرەوە. ئەوەی لە جەریانی شەهیدبوونی «کاوە و سەرکەوت»دا جێگای تێڕامان و شانازییە شێوەی شەهیدبوونەکەیانە، ئەوان کە لە گەمارۆی دوژمندا بوون، بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەونە دەستی دوژمن، نارنجۆکە دەستییەکانیان بە خۆیاندا تەقاندەوە و شەهید بوون. ئەمە وانەیەکە کە لە «سەیدجەمیل»ەکانەوە بۆ کاوە و سەرکەوت ماوەتەوە، بێگومان ئەم وانەیە لە کاوە و سەرکەوتیشەوە دەمێنێتەوە بۆ کۆمەڵی ڕۆڵەی فیداکاری گەلەکەمان کە لەپێناو ڕزگاریی ئەم گەلە حەباتگێڕەدا تێدەکۆشن. هیواخوازم ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر بڕۆخێ و گەلەکەمان بە مافەکانی بگات و چی دیکە ڕۆڵەکانمان ناچار نەبن لەپێناو ڕزگاری و ئازادیی ئەم گەلەدا خۆیان فیدا بکەن

لە دوا ڕەستەدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان لە ناویاندا شەهیدانی حەماسەی کۆساڵان.

وتووێژ لەگەڵ

## دکتۆر مێرۆ عەلیار، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حدکا

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. سەرەتای ئاشنابوونتان لەگەڵ شەهید کاوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بە حوکمی ئەوەی ماوەیەک پێکەوە لە یەک ژووری پێشمەرگایەتیدا ژیاون، ئەخلاق و ڕەفتاری لە کاتی کار و لەناو ماڵ چۆن بوو؟**

**د. مێرۆ عەلیار:** مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی (مانگی سپتامبری ٢٠١٢ی زایینی) بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ١٥ی حیزب گەڕابوومەوە کوردستان. بەرلە کۆنگرە، شەوێک لە ماڵی هاوڕێیەک میوان بووم، کە چوومە ژووریٚ چاوم بە لاوێکی شۆخ و شەنگ کەوت. هاوڕێی خانەخویٚ بە یەکتریی ناساندین و کاک کاوە دەم بەپێکەنین زۆر بە گەرموگوڕی بەخێرهاتنی کردم.

ئەو شەوە بە کەمی قسە کرد، بەڵام ئەوەندەی بۆچوونی خۆی دەردەبڕی، بۆم دەرکەوت کە لاوێکی تێگەیشتووە. دوایە لە ڕۆژانی پێش کۆنگرە و لە کۆنگرەدا زۆرمان یەکتر دەدی و باسی پرسە سیاسییەکانمان دەکرد و بەو جۆرە زیاتر و زیاتر کاوەی جەوانمەردم ناسی. دوای کۆنگرە، هەتا ماڵ بۆ من ساز بوو، بەیەکەوە دەژیاین. لەو ماوەیەدا زۆر بە موراعات و بەحەق وەک برایەکی لە خۆم کەمتەمەنتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم. وردەوردە یەکترمان باشتر ناسی و ئەو ناسیاوییە بوو بناغەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتێکی پتەو و سەمیمانە و متمانەیەکی زۆر لەبەینماندا دروست بوو. ئەو دۆستایەتییە هەتا کاتی شەهیدبوونی درێژەی هەبوو و ئێستاش

خۆشـحاڵ و سـەربەرزم کاوەی جەوانمـەردم ناسـی.

بـە شـەهیدبوونی کاوە، حیـزب پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کادرێکـی بەوەجـی ڕێبەریـی لەدەسـت دا و ئەمنیـش دۆسـتێکی زۆر عەزیـز و خۆشەویسـت.

کاوە جەوانمـەرد نێوەکـەی خەسـار نەکردبـوو، چونکـە: پیاوێکـی خـۆش دیمـەن، ڕوح سـووک و لـەدڵ نزیـک، بەئـەدەب و بەفەرهەنـگ، جیـددی و داهێنـەر و بەتاقـەت بـوو، هەتـا بڵێـی خـاوەن بەڵێـن و بـە بیروبـاوەڕ بـوو و دنیایـەک تایبەتمەندیی خەباتگێڕانـەی تێدا کۆ ببۆوە. بەڕاسـتی هیـچ تەنگـەژە و ناخۆشـییەک، ورەی بـە کاوە لاواز نەدەکـرد.

**٢. شـەهید کاوە، کاتێـک هاتـە ڕیـزی پێشـمەرگایەتییەوە، بەبـێ ئـەوەی قۆنـاغ و پلـە حیزبییـەکان ببڕێـت، وەک نوێنـەری پێشـمەرگە و لـە کۆنگرەی ١٥ دا بـوو بـە ئەندامـی ڕێبەریـی حیـزب، بـەڕای جەنابـت چ خەسـڵەت و تایبەتمەندییەکـی تێدا بـوو کـە لـەو تەمەنـە کەمـەدا ئـەو متمانەیـە بەدەسـت بهێنێـت؟**

**د. مێـرۆ عەلیـار:** کاوە بەرلـەوەی بـێ بـۆ پێشـمەرگایەتی، لـە ناخـۆدا کادریکـی چـالاک و ناسـراوی تەشـکیلاتی حیـزب بـوو، وەک دەڵێـن «ئیمتحانـی خـۆی دابـوو». لـە کاتـی پێشمەرگایەتیشـدا لێوەشـاوەیی و لێهاتوویـی خـۆی نیشـان دابـوو، بۆیـە متمانـای تـەواوی پێدەکـرا و بـە دەنگێکـی زۆرەوە بـۆ ئەندامەتیـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیـزب هەڵبژێـردرا.

بێجگەلەوە، کاوەی شۆڕشـگێڕ لە ناخۆدا سـەختی و زیندانی زۆری چێشـتبوو و کەسـێکی بەرپرسـیار و دەروەسـت بـوو، هەربۆیـەش پتـر لـە تەمەنـی، بەئەزمـوون و پوخـت و پێگەیشـتوو بـوو

**٣. بـەڕای ئێـوە لـەڕووی ئەخـلاق و کـرداری شۆڕشـگێڕییەوە خـاوەن چ**

**تایبەتمەندییەک بوو؟ شەهید کاوە کەسێکی کرداری بوو و باوەڕی بە گۆڕان و بەرەپێشچوون هەبوو، ڕوانگەتان لەمبارەوە چییە؟**

د. میرۆ عەلیار: کاک کاوە بە مانای تەواوی وشە خاوەنی خۆو و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە، بەکار و بەتوانا بوو و سەختی و هەڕەشە و مەترسی هەنگاوی پێ شل نەدەکرد. ئەوەی بە قسە دەیکرد، شێلگیرانە بۆ وەدیهێنانیشی تێدەکۆشا و ئەو ڕاستییەی بە شێوەی شەهیدبوونی سەلماند.

**٤. کاریگەریی شەهید کاوە لە ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی حیزب چۆن لێک دەدەنەوە و لەمبارەوە چ کاریگەرییەکی هەبوو؟**

د. مێرۆ عەلیار: هاوڕێ کاوە بەرپرسێکی بەنەزم و دیسیپلین و ماندوویینەناس بوو، ئەوەی لە هاوڕێ و هاوکارانی خۆی دەویست، بۆ خۆشی بڕوای پێی هەبوو، هەربۆیەش لەنێو هاوڕێکانیدا زۆر خۆشەویست بوو.

کاوە لە کاری ڕاگەیاندندا بەتوانا و داهێنەر بوو. بۆ نموونە، ئاژانسی «کوردپا» کە زۆر زوو دەنگی دایەوە و بوو بە سەرچاوەیەکی خەبەریی جێگای متمانا، بەرهەمی کار و تێکۆشان و شارەزایی ئەو بوو .

**٥. کاوە یەکێکە لە شەهیدە پێشەنگ و سیمبۆلەکانی قۆناغی ڕاسان و لەگەڵ هاوسەنگەرە قارەمانەکانی حەماسەی کۆسالانیان خولقاند، جەنابت چۆن دەڕوانیتە ئەو قۆناغە و بەرگریی قارەمانەی شەهید کاوە و شەهید سەرکەوت و چۆنیەتیی شەهیدبوونیان هەڵگری چ واتا و دەرسێکین بۆ نەوەی ئەمڕۆی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

د. مێرۆ عەلیا: کاک کاوە بە هەموو وجوودییەوە بڕوای بە خەباتی

نوێـی حیزبەکـەی هەبـوو و بـۆ سـەرکەوتنی خەبـات لـەو قۆناغـەدا ئـەوەی لەدەسـتی هـات، کـردی. ئامـاژەت بـە شـەهید سـەرکەوت سـەمەدی کـردووە. کاک سـەرکەوت ماوەیەکـی زۆر لـە کۆمیسـیونی پـەروەردەدا هـاوکار و هاوڕێـی نزیکـی مـن بـوو. سـەرکەوتیش یەکێک لـە قارەمانـەکان بـوو، چ وەک پێشـمەرگە و چ وەک فەرمانـدە. کاتێـک چـاوت بـە هەیبـەت و ورە و کـرداری سـەرکەوت سـەمەدی دەکـەوت، خەباتگێڕێکـی بەتـەواوی مانـات تێـدا بـەدی دەکـرد.

هەڵسـوکەوت و ورە و ئیمانـی قایـم و بەرگریـی بوێرانـەی کاوە و سـەرکەوت لـە شـەڕی کۆسـالاندا، بەهـەق ئـەو دوو ڕۆڵـە بەجەرگەیـان کـرد بـە سـیمبۆلی ئـەو قۆناغـەی خەبـات.

خەباتـی ڕەوای کـورد بـۆ ئـازادی خەباتێکـی دژوار و نابەرابـەر و پـڕ ئێـش و ئـازارە و ئـەو مەیدانـە ڕۆڵـەی فیـداکار و بـە بیروبـاوەڕ و بوێـری گەرەکـە. کاوەی جەوانمـەرد و سـەرکەوت سـەمەدی ڕاسـت ئـەو ڕۆڵانـە بـوون. ئەگـەر ژیـان و فیداکاریـی ئـەوان ڕەچـاو بکەیـن و بـە ڕێگاکەیانـدا بڕۆیـن، دەرسـێک بەنرخمـان وەرگرتـووە و بێگومـان خەباتەکەمـان سـەردەکەوێت.

سـوپاس بـۆ بەڕێـزت مامۆسـتا شـەریفی هێـژا کـە بـۆ ڕاگرتنـی یـادی ئـەو ڕۆڵـە بەنرخـە هـەوڵ دەدەی.

وتوویژ لەگەڵ

## ڕۆستەم جەهانگیری، بەرپرسی دەزگای چاودێریی حدکا

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. وەک پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی دێرین و خاوەن ئەزموونی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، کەسایەتیی سیاسی و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی شەهید کاوە چۆن هەڵدەسەنگێنن و کام خەسڵەتی سەرنجی ئێوەی ڕادەکێشا؟**

ڕ. **جەهانگیری**: بە داخەوە تەمەنی خەباتی شەهید کاوە لە ڕیزی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبدا زۆر کەم بوو و زۆر زوو لە ئێمە و حیزبی دێموکرات و لە هەموو گەلی کورد ئەستێندرا. بەڵام لەو ماوە کورتەدا بۆم دەرکەوت کە کەسێکی بە تەواوی مانا شۆڕشگێر، لە کاروباری نووسین و ڕاگەیاندندا بەهێز بوو. ئەو خاوەنی قەڵەمێکی زۆر بەهێزی ئەدەبی و سیاسی و شۆڕشگێڕی و بە تایبەتی نەتەوەیی بوو. تەنانەت ئەو کاتەش کە لە نێوخۆی وڵات بوو، من لە نووسینەکانی شەهید کاوە کەڵکم وەردەگرت. شەهید کاوە لە ناوخۆی وڵات ئەندامێکی چالاکی حیزبی بوو لە ڕێکخستن و کار و چالاکیی مەدەنی لە ناوچەکانی شاری سنەدا ڕۆڵی ڕێبەرێکی دەگێڕا. هەر بۆیە زۆر زوو دەیتوانی جێگە و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکدا پەیدا بکات و ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات. لە نێو خەڵکدا سیمایەکی ناسراو و جێگای باوەڕ بوو.

**٢. شـەهید کاوە دەسـپێکی چالاکیـی لـە قۆناغـی پێشـمەرگایەتیدا لـە ئۆرگانـی ڕاگەیانـدن و میدیـای حیزبییـەوە دەسـت پێکـرد، جەنابتـان ڕۆڵـی ئـەو شـەهیدە لــە پێشخسـتن و گۆڕانـکاری لــە میدیـای حیزبـدا چـۆن دەبینـن؟ ئایـا لـەو ماوەیـەدا کـە بەرپرسـیارێتیی هەبـوو توانـی بـەو پـلان و ئامانجانـەی کـە هەیبـوو بـگات؟**

ڕ. **جەهانگیـری**: بەڵـێ، شـەهید کاوە دوای ئـەوەی لـە ناوخـۆی وڵات لـە بـواری تەشـکیلاتی و سیاسـی، چالاکـی مەدەنـی بـوو لـە کاری ڕاگەیاندن لە کوردسـتانی ڕۆژهـەلات ڕۆڵـی بەرچـاو و گرینگـی هەبـوو، بۆیـە لـە کاری حیزبیـدا، هاوڕێیانـی تەشـکیلاتی حیـزب، کارو ماندووبوونـی شـەهید کاوەیـان لـە بیـر ناچێتـەوە کـە خۆپێشـاندانەکانی سـاڵی١٣٨٥ لـە جەرەیانـی شـەهیدکردنی شـوانەی سـەید قـادر لـە شـاری مەهابـاد، ئـەوە شـەهید کاوە و هاوڕێیانـی بـوون کـە خەڵکـی شـاری سـنەی خۆشەویسـتی خروشـاندو شـاری مەهابادیـان بـە تەنیـا نەهێشـت، دەقـە بـە دەقـە هـەواڵ و ڕاپۆرتەکانـی ڕەوانـەی لای حیـزب دەکـرد، لـە گۆڤـار و بڵاوکراوەکانـی حیـزب و ناوخـۆدا بـڵاو دەبوونـەوە و ئـەو و هاوڕێیانـی دیکـەی ڕێبەریـی خۆپێشـاندانیان لـە شـاری سـنە دەکـرد. بـە پـلاکارد و شـوعار و وێنـەی شـەهیدان لـە نێـو خۆپێشـاندەران ڕۆڵـی سـەرەکییان دەگێـڕان. بۆیـە هـەر زوو لـە لایـەن هێـزە دژی گەلییەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی شناسـایی کـراو و دەستبەسـەریان کـرد بـەڵام بـە گرتـن و ئەشـکەنجە نەیانتوانـی وورەی ئـەو ڕۆڵـە قارەمانـەی دێموکـرات لاواز بکـەن و تەسـلیمی ویسـتی خۆیانـی بکـەن. بۆیـە زیندانـی کـردە سـەنگەرێکی دیکـەی خەبـات، بـوو بـە جێگـەی هیـوا و ئومێـد و ڕێنوێنێـک بـۆ زێندانییەکانـی دیکـە. دوژمـن لـە مـاوەی گرتنیـدا نەیتوانـی ئیـرادەی بـە چۆکـدا بێنـێ. کاوە دوای ماوەیەکـی زۆر ڕاگرتـن لـە زیندانـدا کاتێـک کـە ئـازاد کـرا، لـە کاری سیاسـی و ڕێبـازی دێموکـرات سـارد نەبـووەوە و درێـژەی بـە خەبـات و تێکۆشـان لـەو ڕێگایـەدا دا. دەیزانـی کـە ڕێژیـم دەسـتبەرداری نابـێ، بۆیـە بـە ڕێنوێنیـی تەشـکیلاتی حیـزب شـارەکەی بـە جـێ هێشـت و گەیشـتە نـاو ڕیزەکانـی پێشـمەرگەی کوردسـتان. بـە هـۆی

لێزانیـن لـە نووسـین و شـارەزایی لـە کاری ڕاگەیاندنـدا بـوو بـە بەرپرسـی بەشـێکی سـەرەکی لـە کۆمیسـیۆنی ڕاگەیاندنـی حیـزب. بـۆ مێـژوو پێویسـتە بگۆتـرێ کـە لـە سـەردەمی شـەهید کاوەدا ڕاگەیاندنـی حیـزب پێشـڤەچوونی زۆر باشـی بـە خـۆوە بینـی و سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا. شـەهید کاوە هـەر لـەو کاتـەدا لـە سـەختی ژیانـی نـاو کەمپـی حیزبیـدا کەوتـە ژێـر گوشـاری هاوژینـی یەکەمـی خـۆی کـە دەبـێ ڕێـکاری دیکـە بگرێتـە بـەر و ڕیزەکانـی حیـزب بەجـێ بهێڵـێ، یـان دەسـتبەرداری ژیانـی هاوبـەش بێـت. بەهـۆی ئیمـان و بیرۆبـاوەڕی تـەواو بـە خەباتـی ڕەوای حیـزب و گەلەکـەی، شـەهید کاوە ڕێـگای دووهەمـی هەڵبـژارد و حـازر بـوو ژیانـی هاوبەشـی خـۆی تێـک بـدات و لێـی جیـا بێتـەوە.

**٢. یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو شـەهیدە، کۆڵنـەدان و پشـوودرێژی و پێداگـری لـە سـەر ڕوانگـەی عەقڵانیـی خـۆی بـوو، ئامانجیشـی لـە کاردا هـەردەم گۆڕانکاریـی نـوێ و پێشـڤەچوون بـوو، ئێـوە کـە هـاوکاری بـوون، ئـەو ڕەفتارانـەی چـۆن پێناسـە دەکـەن؟**

ڕ. **جەهانگیـری:** بـە ڕای مـن شـەهید کاوە لەگـەڵ ئـەوەی کـە زۆر گەنـج بـوو، بـەڵام نایشـارمەوە هێندێـک جـار وەک ڕێبەرێکـی زۆر بـە ئەزموونـی مەیدانـی خەبـات و تێکۆشـان دەهاتـە بـەر چـاو. بیـر و هـزری هەمیشـە بـە دوای گۆڕانـدا بـوو. لـە ڕێگـەی خوێندنـەوە و نووسـین و و بەشـداری لـە کۆبوونەوەکانـدا، ڕاوبۆچوونـی خـۆی لەسـەر بـاس و بابەتـە ناوخۆییەکانـی حیـزب زۆر بـە وردی بـاس دەکـرد و ئێسـتدلالی دەهێنایـەوە، سـەرنجی هەمـوو لایەکـی نێـو ڕیزەکانـی حیزبـی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـابوو. کـە قسـەی دەکـرد زۆر ڕەوان، بێبـاک و نەتـرس، بیـر و هـزری خـۆی ڕادەگەیانـد و دیفاعـی لـە بۆچوونەکانـی خـۆی دەکـرد. کاک کاوە بـە هـۆی لێزانـی و وشـیاریی خـۆی بـوو بـە خاوەنـی جێگـە و پێگەیەکـی تایبـەت، ئـەو کەسـێک نەبـوو کـە هـەروا بـە گۆتـرە قسـە بـکات، موتالعـەی دەکـرد و لـە سـەر زۆر بابـەت و پرسـی سیاسـی لێکدانـەوەی

خۆی هەبوو و پرس و ڕاوێژی دەکرد، هەتا دەگەیشتە دڵنیایی، ئەوجار ڕاوبۆچوونی خۆی دەردەبڕی، بەو هۆیەوە بوو بە خۆشەویستی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی. حیزبی دێموکرات بە لە دەستدانی شەهید کاوە خەسارێکی گەورەی بەر کەوت.

**٣. یەکێکی دیکە لە ئەرکە حیزبییەکانی شەهید کاوە وەک ئەندامی ڕێبەری، بەرپرسیارێتیی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان بوو. لەو ئەرکەدا هەتا چەند سەرکەوتوو بوو و چ کارگەلێکی جیاوازی لەم بارەوە ئەنجام دا؟**

ڕ. **جەهانگیری:** شەهید کاوە هەر بە هۆی ئەو کار و تێکۆشانەی لە ڕاگەیاندنی حیزبدا بوو کە زۆر زوو توانیی ببێتە کەسێکی دیار لە بەرچاوی ڕێبەری و بەدەنەی حیزب. دەبینین کە لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبدا بە دەنگی نهێنی بەشداربووان، ڕێژەیەکی زۆری دەنگی بەشدارانی کۆنگرەی بە دەست هێنا و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دوای ماوەیەک، لە تەشکیلاتی حیزبدا کاری پێ ئەسپێردرا و بە ڕاستی توانی هەر زوو جێگای خۆی لە تەشکیلاتی حیزبدا بکاتەوە و ئەو بەشە لە تەشکیلات بە شێوەی سەردەمیانە ڕێک بخات. لە سەردەمی کورتی شەهید کاوەدا بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (باشوور) بەڕێوە چوون. بە مەسئولیەتەوە دەتوانم بڵێم، دوای شەهید کاوە کۆبوونەوەی لەو ئاستەدا ئیدی بەڕێوە نەچوون. لەو کاتەدا بڕیارمان دا میتینگێکی گەورە بە بۆنەی نەورۆز بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی تازەی حیزب لە شاخەکانی کوردستان ڕێک بخەین، بەرپرسیارەتیی ئەو کارە لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بە شەهید کاوە سپێردرا و پاش پێکهێنانی چەند کۆبوونەوە لەگەڵ هاوکارانی، بڕیارەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن. ئیدی ڕۆژانە کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ئەو متینگەی نەورۆز بەڕێوە دەبرد و ڕاپۆرتی کار و

چالاکییەکانی بە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی دەدا. بەڕاستی زۆر بە باشی کارەکانی بەڕێوە دەبرد و لە کارەکانیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. من هەمیشە لەو بوارەدا کە پێکەوە هاوکار بووین، خۆم بە قەرزداری شەهید کاوە دەزانم کە توانی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ حیزب مسۆگەر بکات و تەشکیلاتی حیزب بە ڕێکوپێکی سازمان بدات و بیبەین بۆ شاخ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو میتینگە نەورۆزییە کە لەو کاتەدا بە هەوڵ و ماندووبوونی تێکڕای ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب و لە ژێر بەرپرسایەتیی شەهید کاوەدا بەڕێوە چوو.

**٤. قۆناغی ڕاسانی ڕۆژهەلات کە لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە بڕیاری لەسەر درا، وەک دەرفەت و پەنجەرەیەکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵات دێتە ئەژمار، شەهید کاوە وەک گەنجێکی داهێنەر و ئەندامێکی ڕێبەری لە سەرخستنی ئەو بڕیارەدا چ دەورێکی گێڕا؟**

ڕ. **جەهانگیری**: من پێم وایە لە دانی بڕیاری دەستپێکردنی خەباتی تازەی حیزبدا، کە دوایی بە ڕاسان ناوبانگی دەرکرد لە لێکدانەوەی خۆماندا وەک ڕێبەرایەتیی حیزب سەرکەوتوو بووین. ڕێبەرانی حیزب لەو کاتەدا بە پشتگەرمی کەسانی وەک شەهید کاوە ئەو بڕیارەیان دا. شەهید کاوە یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە دانی بڕیارێکی وادا زۆر کاریگەر بوو، پێی وابوو دەبێ هەموو لایەکمان لە سەرخستنی ئەو خەباتە تازەیەدا بەشدار بین. بەڕاستیش کاوەی لاو لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا سادق و دڵسۆز بوو. ئەو بەڵێنەی کە دابووی بە حیزب و گەلەکەی، توانی چ لە بواری تەشکیلاتیدا لە ناوخۆی وڵات و چ بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی کردەوەدا پێی وەفادار و پابەند بێت. من چەندین جار لە گەڵ شەهید کاوە کۆبوونەوەم پێک هێنا کە نابێ ئەم جارە بچێت، بەڵام ئەو پێی وابوو کە دەبێ ئێمە ببینە سەرچۆپی کێشی ئەو زەماوەندە، بۆ ئەوەی بتوانین

هیـوا و ئومێدێـک بدەیـن بـە گەلەکەمـان، ئەگـەر لـەو پێوەندییـەدا ئـەو ئەرکـە جێبەجـێ نەکەیـن، هـەرەس دێنیـن. مـن بـۆ دوایـین جـار پێـم گـوت کـە ئێمـە چەندیـن سـاڵ لـە مەیدانـی خەباتـی چەکداریـی ڕاسـتەوخۆ دوور کەوتووینەتـەوە، نابـێ لـە سـەرەتای ڕێگادا ڕیسـک بکەیـن، چونکـە کاریگەریـی نەرێنـی لـە بـاری سـەر دەروونیـی خەڵـک و پێشـمەرگە دادەنێـت ئەگـەر ئێمـە سـەرنەکەوین و تووشـی شکسـت بیـن، بـاش نابـێ، ئیـدی هەتـا جارێکـی دیکـە هەسـتینەوە دوورە دیمەنـی ئـەو هەسـتانەوەیە نادیـار دەبێـت. ئـەو گوتـی: زۆر ڕاسـتە بـەڵام دەبـێ بـە وشـیاری و ڕێنوێنیـی زیاتـرەوە بچیـن و هەنـگاوی بـۆ هەڵگریـن، بـە شـێوەی زانسـتییانە، ڕەوشـی ئێسـتای ڕۆژهـەڵات و دەسـتپێکردنەوەی خەباتـی «شـار و شـاخ» بۆیـان ڕوون بکەینـەوە، بـە تایبـەت لـە نێـو چینـی مـام ناوەنـد و توێـژی ڕووناکبیـر و خوێنـدەوار و تێکـڕای خەڵکـی کوردسـتاندا تەبلیـغ بکەیـن بـۆ ئـەوەی پەیوەسـت بـن بـەو خەباتـە و خەباتـی شـار بەرفراوانتـر بکەیـن تـا شـار ڕۆڵـی خـۆی بگێڕێـت. مـن پێـم گـوت زۆر باشـە بـەڵام ئێمـە توانـای ئەوەمـان نیـە کـە ڕیسـکی گـەورە بکەیـن و قوربانـی گـەورە بدەیـن، دەبـێ زۆر بـە وشـیاری هەنـگاو هەڵگریـن.

شـەهید کاوە گوتـی: کاک ڕۆسـتەم ڕاسـتە نابـێ ڕێگـە بدەیـن ئـەو ڕیسـکە گەورەیـە بـە زیانـی حیـزب تـەواو بێـت، دەبـێ بـە قازانجـی بێـت، **بـەڵام تەنیـا پێـم خۆشـە بزانـی کـە نابـێ بـە زیندوویـی بکەومـە دەسـت ڕێژیـم**. دوایـی یەکترمـان لـە ئامێـز گـرت و دوایـین ماڵئاواییمـان کـرد. بەداخـەوە کاوە شـەهید بـوو و نەگەڕایـەوە و لەگـەڵ پۆلێـک لـە هاوڕێیانـی خـۆی گیانیـان کـردە قوربانـی بـۆ ڕزگاریـی نەوەکانـی داهاتـووی گەلەکـەی.

**٥. بەشـداریی شـەهید کاوە لـە مەیدانـی ڕاسـان بـە کـردەوە و چوونـەوە نـاو قووڵایـی خاکـی ڕۆژهـەڵات، کـە لەگـەڵ ئایدیـا و فکـری یەکیـان دەگرتـەوە، چۆن لێـک دەدەنـەوە و هەڵگـری چ واتایەکـە؟**

ڕ. **جەهانگیری:** پێشتر گوتم چەندین کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە ناوچەکانی وەک سەقز و مەهاباد و شنۆ و ورمێ چووبوونەوە. فەلسەفەی ئەو چوونەوەیە بۆ ناو خەڵکی خۆمان ئەوە بوو کە بە گەلەکەمان بڵێین دوای هەر کەوتنێک دەتوانین هەستینەوە و بە دوژمن بڵێین کە ئێمە زۆر جیدین لەو بڕیارەی کە داومانە و هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانمان بەردەوام دەبین لە خەبات و تێکۆشان، ئەگەرچی نرخەکەشی قورس بێت. دیارە مێژووی خوێناوی و پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکراتیش هەر ئەوەمان پێ دەڵێت، کە دەبێ ڕێبەران پێشڕەو بن و ڕێبەریی ئەو خەباتە بکەن و ورە بە هاوسەنگەرانیان بدەن. لە هەمووی گرینگتر، دەبێ بیسەلمێنن کە شۆڕشگێڕی دێموکرات لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت، لە گیانبازی و قوربانیدان ناترسێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان شەهیدبوونی ڕێبەرێک یان پێشمەرگەیەک یان ئەندامێکی تەشکیلاتی ناوخۆی وڵاتدا نییە و دەبێ بە هەموو هێزەوە لەو خەباتەدا بەشدار بین.

**٦. وەک بەرپرسێکی ئەوکاتی حیزب (بەرپرسی شووڕای نیزامیی ئەو کات) کە حەماسەکانی قەرەسەقەل و کۆساڵان لەسەر دەستی فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگەی حیزب خولقان و بوونە ڕچەشکێن و دڕیان بە سەردەمی تاریکی دا، بەڵام نرخێکی بۆ درا، پێتان وایە ئەو هەڵە و کەموکۆڕییانە چی بوون کە حەماسەی کۆساڵان ئەو هەموو شەهیدەی لێ کەوتەوە.**

ڕ. **جەهانگیری:** ڕاستە کە ئێمە لە حەماسەی قەرەسەقەل و کۆساڵان و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نرخێکی گرانمان دا. مومکین بوو ئەگەر هەر لایەنێکی دیکە با، ئیدی هەڵنەستابایەوە، ئەو دوو حەماسەیە لە هەلومەرجی ئەو کاتدا بۆ حیزبی دێموکرات برینێکی قورس و ژانێکی گران بوون، بەڵام ئێمە لە خەباتدا فێر بووین کە لەدەستدانی ڕێبەرانمان

پێشەوا قازی محەممەد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، د. سادق شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەی نەچەماوین و بێ هیوا و نائومێد نەبووین و نابین و لە خەبات بەردەوام دەبین.

لێکدانەوەی حیزب لەو سەروبەندەدا ئەوە بوو، ڕێژیم پاش ئەوەی کە لەگەڵ گرووپی ٥+١ بەرجامی ئیمزا کرد، هەستی غرووڕێکی لەڕادەبەدەر دایگرتووە و خۆیان بە سەرکەوتووی ئەو گرێبەستە دەزانن. بە ڕای من، ئورووپا و ئەمریکا لەو کاتەدا لە بواری سیاسی و ئابووری و تەنانەت ئاواڵەکردنی دەستی کۆماری ئیسلامی لە بواری سەربازیدا باجێکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامی دا. دوای ئەوە ئێران بوو بە خاوەنی هێژمۆنییەکی تێکدەرانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا. بڕیاری بە سەر وڵاتانی ناوچەکەدا دەدا و دەستتێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا بە مافی خۆی دەزانی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئیدارەی وڵاتانی عێراق و سوریە و یەمەن و لوبنان و فەلەستینی دەکرد. بەرپرسانی ئێران ڕاستەوخۆ دەیانگوت کە ئێمە بڕیار لە سەر چوار پایتەختی ناوچەکە دەدەین، واتە ئێران چوار پایتەخت بەڕێوە دەبا. بە بێ ئێمە کەس ناتوانێ بڕیار لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدا، پێیان وابوو هەر لایەک بێتە ئەو ناوچەیە دەبێ ڕوخسەت لە تاران وەربگرێت، ئێمە لە حیزبدا بەو ئاکامە گەیشتین کە دەبێ بە ڕێژیمی ئێران بڵێین کە کورد لەگەڵ بیر و هزری ئێوەدا نییە و بە دنیا بڵێین کە لەوپەڕی توانای سەربازیی ڕێژیمی ئێراندا دەتوانین شەڕ لە بەرانبەریدا بکەین و گومی ئارامی لێ بشڵەقێنین. دەبوایە جیهان تێبگەیەنین کە ئێران ئەو وڵاتە ئارامە نییە، گەلانی ئێران ئەگەرچی لە ژێر زوڵم و ستەمدان، بەڵام تەسلیمی ئیرادە و ویست و داخوازی ڕێژیم نەبوونە و بەرگری لە ویست و داخوازە ڕەواکانی خۆیان دەکەن. بە ڕای من ڕاسان ئەو پەیامەی خۆی هەم بە ئێران و هەم بە جیهان گەیاند، بەرخۆدانی پێشمەرگە، بە تایبەتی شەڕی قەرەسەقەل لە شنۆ و کۆسالان لە ناوچەی مەریوان بە ڕوونی ئەو پەیامەی گەیاند کە ڕێژیم زۆر لەوە لاوازترە و گورزێکی قورس

بەر پەیکەری ڕێژیم کەوت، لەو دوو شەڕەدا نزیک بە یەک حەوتوو شەڕ بەردەوام بوو. بەم شێوەیە خۆهەڵکێشانی سەرانی ڕێژیم بوو بە بڵقی سەر ئاو. گەلی کورد و بگرە گەلانی ستەملێکراوی ئێران برووسکەی هیوا و ئومێدێکی دیکەیان بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیم، لە کوردستانەوە پێ گەیشت. سەرانی ڕێژیم تووشی سەرسووڕمان بوون لەوەی کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەو چەکوچۆڵە سادەیەوە شەڕی چەندین ڕۆژە بەرێوە دەبەن. بە ڕای من لە سەر دەستی شەهیدانی قەرەسەقەل و کۆسالان و شەهیدانی ڕاسان بە گشتی، شکۆ و هەیمەنەی پووچەڵی کۆماری ئیسلامی (کە ناوچەکە لێی تۆقیبوو) بە تەواوی شکا. ئێستا خەبات لە کوردستان بووەتە ئەمری واقیع. ڕێژیم بۆ ئەوەی کە بتوانێ شۆڕشی کورد کپ بکا و کورد ملکەچی خۆی بکات، بەردەوام دەستی داوەتە هەڕەشە و گوڕەشە و تەنانەت ئیمزاکردنی گرێبەستی ئەمنیەتی لەگەڵ دراوسێ و جیرانەکانی، بەڵام لەو بوارەدا سەرکەوتوو نەبووە. بۆ بارودۆخی خەباتی ئێستای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕای ئێمە **قەرزداری شەهید کاوە و هاوڕێیانی شەهیدین.**

**٧. ئایا لایەنێکی ناڕوون و باسنەکراو لەبارەی حەماسەی کۆسالان و بەتایبەت شێوازی دەربازبوون و دواتر شەهیدبوونی شەهیدان مامۆستا سەرکەوت سەمەدی و کاوە جەوانمەرد هەیە کە خەڵکی کوردستان بیزانن کە بۆ گێڕانەوە بشێت و ببێتە وانەیەک بۆ هەمووان، تکایە باسی بکەن.**

ڕ. **جەهانگیری:** بەداخەوە لایەنی ناڕوون هەیە، بەهۆی ئەوەی کە لە قووڵایی ناوخۆی وڵاتدا ئەو شەڕە کرا. شەهید کاوە و شەهید سەرکەوت بەهۆی ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب و بە فیداکاری بێوێنە لە مەیدانی شەڕ دور خرانەوە، بەڵام ڕێژیم لەبەر ئەوەی کە هێزێکی زۆری هێنابووە ناوچەکە، هەموو گوند و ئاواییەکانی کوردستانی بە هێزی نیزامی

داگیـر و میلیتاریـزە کـرد. لـە چەندیـن شـوێن وردە شـەڕ کـران و خۆیـان دەربـاز کـرد. سـەرەڕای هەوڵـەکانـی هاوڕێیانـی تەشـکیلاتی ناوخـۆ، مخابـن سـەرکەوتوو نەبوویـن لـە ڕزگارکردنـی هاوڕێیانمـان و بـە داخـەوە تەرمـی پیـرۆزی هەمـوو شــەهیدانمان بەهــۆی ئــەوەی کــە ئیمکانــی ڕاگواســتنیان نەبــوو، کەوتنــە دەسـتی دوژمـن. ڕێژیـم وەک ڕەفتـاری نامرۆیـی هەمیشـەی خـۆی، تەرمەکانـی لـە شـوێنێکی نادیـار شـاردەوە، ئێمـە تـا ئێسـتا لـە شـوێنی گڵکۆیـان هیـچ هەواڵێکمـان نییـە. دەمهـەوێ بڵێـم بـە درێژایـی چـل سـاڵ خەباتـی چەکداریـی ئێمـە بەرانبـەر بـە کۆمـاری ئیسـلامی، ئەگـەر تەرمـی شـەهیدەکانمان کەوتبێتـە دەسـتی ڕێژیـم، شـوێنی گڵکویـان نادیـارە و ڕێگـەش بـە بنەماڵـەکانیـان نـەدراوە پرسـە و سەرەخۆشـی بەڕێـوە ببـەن.

**٨. پێتــان وایــە ئــەو بوێـری و گیانفیدایـیــەی ئــەو دوو شــەهیدە مەزنــە و هەڵبژاردنـی مەرگـی ئاگایانـە بـە دەسـتی خۆیان و تەسـلیم نەبوون بـە داگیرکەر، هەڵگری چـە وانەیەکی بۆ نـەوەی ئێسـتا و داهاتـووی گەلەکەمـان تێدایـە و چ کاریگەرییەکـی لـە سـەر کۆمەڵگـە و وشـیاریی نەتەوەیـی لـە ڕۆژهـەڵات هەیـە؟**

ڕ. **جەهانگیــری:** بــە ڕای مــن لــە ڕابــردوو و ئێستاشــدا، ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی ئــاوات و ئــارەزووی ئــەوە بــووە کــە بتوانــێ شۆڕشــگێڕانی کــورد دەستبەســەر بــکات و ئــەو جــار لەژێــر گوشــاری ئەشــکەنجەی جەســتەییدا تەسـلیمی ویسـتی خـۆی بـکات و ئێعترافاتیـان لـێ بسـتێنێ. بـەڵام مەگـەر لـە خـەودا یـان بەهـۆی خیانەتـی خۆفرۆشـێک توانیبێتـی پێشـمەرگە دەستبەسـەر بکات و لـە سـیاچاڵەکانی خۆیدا ئەشـکەنجەی بـدات. ئـەوە بـووە بـە خـەون بـۆ ڕێژیـم کـە بتوانـێ پێشـمەرگە و فەرماندەکانـی وەک شـەهید کاوە و سـەرکەوت و کەمـاڵ خـزری و لوقمـان شـێخانی و هاوڕێیانیـان بـە زیندوویـی دەستبەسـەر بـکات و ڕق و قینــی دڵــی خــۆی بــە ســەریاندا بڕێژێــت. بــە ڕای مــن ئــەوە نیشـانەی ورەبـەرزی و ئیمـان بـە بیروبـاوەر و ویسـتی نەتەوەیـی گەلـی کـوردە.

پێشمەرگەکان سوور دەیانزانی گەمارۆ دراون و شەهید دەبن، بەڵام شەهیدبوون قبووڵ دەکەن و تەسلیمی دەستی دوژمن نابن. ڕێژیم لەوە چاک دەزانێ کە چ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی تەشکیلاتی و سەربازیشەوە هیچ پێگەیەکی لە نێو کۆمەڵگای کورد و کوردستاندا نییە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر لە کورد تووڕە و داخ لە دڵە و بە شێوەی دڕندانە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت ئەوانەی کە کاری مەدەنی و ژینگەپارێزی و ڕاگەیاندن دەکەن، دەستبەسەر دەکات و زیندانی دەیان ساڵەیان بە سەردا دەسەپێنێت یان ئێعدامیان دەکات. کۆنترین زیندانییەکان کە لە زیندانەکانی ڕێژیمدان، زیندانیی کورد و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن کە هێندێکیان زیاتر لە ٢٧ ساڵە لە زیندانەکانی ورمێ و کرماشاندا دەستبەسەرن.

وتووێژ لەگەڵ

## عەدنان حەسەنپوور، ڕۆژنامەنووس و هاوبەندیی سیاسی کاوە

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. وەک ڕۆژنامەنـووس و بەندکراوێکـی پێشـووی سیاسـی، کـە ماوەیـەک لـە گرتووخانــەی ناوەندیــی ســنە، هاوبەندیــی شــەهید کاوە بوویـت، چــۆن ئــەو مرۆڤــە شۆڕشــگێڕەت ناســی، بۆچوونـت لەبـارەی بیروبـاوەڕی کاوە چۆنــە؟**

**عەدنـان حەسـەنپوور:** ژیانـی نـاو زینـدان ژیانـی ئاوارتەیـە نـەک ئاسـایی. پرەنسـیبەکانی، دونیایـەک دوورن لـەوەی لـە دەرەوەی دیوارەکانـەوە ئەزموونمـان کـردوون. قووڵبوونـەوە بـۆ دانەبەدانـەی خەسـڵەتە ئاوارتـەکان شـیاوی ئـەم باسـە نییـە، بۆیـە هـەوڵ ئـەدەم بـە خسـتنە پێـش چاوی یـەک لـەو تایبەتمەندییانـە یادێـک بکەمـەوە لـە یەکێـک لـە بەرزتریـن مـرۆڤ و هـاوڕێ هەمیشـەییەکانی زیندانـم.

بەندیخانـە شـوێنێکە مرۆڤـەکان چرکـە بـە چرکـە پێکـەوە ئەژیـن، یـان باشـترە بڵێیـن ژیانیـان ئاوێتـە ئەکـەن. هـەر بیسـتوچوار سـەعاتەکە لـە کەنـار یەکدیـدا هەناسـە بـە هەناسـە ئەزموونـی بوونـی هاوبەندەکـەت دەکەیـت، هەرکـەس بـێ؛ خـاس یـان خـراپ، دز یـان قاتـڵ، قـەرزدار یـان سیاسـی، هیـچ فەرقـی نییـە، تـۆ ناچـاری لەگەڵـی بدوێـی، پیاسـە بکەیـت، خـواردن بخۆیـت، تەنانـەت بخـەوی. خەویـش لـە چەنـد سـانتیمەتریی یەکدییەوەیـە. زیندانییـەکان هیـچ شـتێکیان نییـە تەنیـا تایبـەت بـە خۆیـان بـێ، هەمـوو شـتێکیان لـە پێـش چـاو و داوەریـی

یەکتـر و زیندانبانیشـدایە. گەورەتریـن شـانۆگێڕەکانیش تەنیـا ماوەیـەک ئەتوانـن سـیمای ڕاسـتەقینەی خۆیـان لـە دەوروبەریـان بـزر کـەن، دواجـار مرۆڤـی زیندانی بوونەوەرێکـە ڕووتوقـووت و ڕوون و بـێ هیـچ سـەرپۆش و حیجابێـک. «کاوەی جەوانمـەرد»م لـە ڕوونتریـن و ڕووتتریـن سـاتەژینیدا ناسـی، لـە وەختێکدا کـە لـە بـەردەم چاودێریـی توندوتۆڵـی زیندانبانـدا دەبـوو بەهاکانمـان بپارێزیـن و لـە هەمـان کاتـدا هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی ڕوانینێکـی ڕەخنەگرانـە لـە ئاسـت خۆمـان و چەمکـی تیۆریـک و کرداریـی خەباتـدا بدەیـن، لـەو لاشـەوە نەهێڵیـن جیاوازییـەکان ببنـە هـۆی چەندبەرەکیـی زیاتـر و زیاتـر لەنـاو بەندێکدا کـە پـڕە لـە لایەنگـر و ئەندامـی پـارت و ڕێکخـراوەکان و هەنـدێ کەسـی سـەربەخۆیش. لـە یـەک وشـەدا ئەتوانـم بڵێـم کاوە مامۆسـتای ڕاگرتنـی ئـەم هاوسـەنگییانە بـوو.

**٢. شـەهید کاوە هەموو کات کە باسـی گرتووخانەی سنەی دەکرد، جەنابتانی وەک کەسـێکی هاوبیـر و نزیـک لـە خـۆی دەناسـاند، پەیوەندیـی نێوانتـان لەنـاو بەنـد چـۆن بـوو؟ ئـەو شـەهیدە چـۆن لەگـەڵ گرفـت و ئاسـتەنگەکانی نـاو زینـدان بـەرەوڕوو دەبـوو، لـە بەرانبـەر زەبـر و زەنـگ و پیلانەکانـی نـاو زینـدان خـاوەن چـۆن ئیرادەیـەک بـوو؟**

**عەدنـان حەسـەنپوور:** وەک وتـم کاوەی جەوانمـەردم لـە ڕوونتریـن و ڕووتتریـن سـاتەژینیدا ناسـی، هەمـوو بوونـی و سـەرجەم خەسـڵەتەکانی لـە تەنیشـتمدا خۆیـان دەنوانـد. زۆر زوو تێگەیشـتین ئەتوانیـن یەکدیمـان خـۆش بـوێ و هاوڕێـی نزیـک بیـن، زووتـر لـەوەش بووینـە گیانـی بەگیانـی. نـەک ئـەوەی ڕاسـت و دەقـاودەق وەک یـەک بیـر بکەینـەوە، بـەڵام ڕیـک یـەک کەڵکەڵـە و دڵەخورپەمـان هەبـوو و دڵنیـا بوویـن کـە هەردووکمـان تامـەزرۆی کۆمەڵـە بەهایەکـی هاوبـەش و چونیەکیـن و بـە ڕێکـەوت و بـێ ویسـتی خۆمـان پێمـان نەناوەتـە نێـو زیندانـەوە. ڕۆژان و شـەوان بـە سـەعات لەسـەر هـەر شـتێ قسـەمان ئەکرد، بـە جـووت، یـان لەگـەڵ هەنـدێ هاوڕێـی دیکـەدا. لەوانەشـدا وا

هـاوڕای یـەک نەبووین بەبێ دەمارگـرژی بیروڕامـان دەگۆڕییـەوە و زۆرجـار بـە ئـاکام و دەرئەنجامـی تازەتـر دەگەیشـتین. کاوە لەوپـەڕی دڵفراوانیـدا گوێـی بـۆ باسـەکان شـل دەکـرد، بـۆ توندترین ڕەخنـەکان لـەو شـتانەی بـاوەڕی پێیانـە و لەپێناویانـدا هاتۆتـە زینـدان. هیچکات نکۆڵیـی لـە کەموکورتییـەکان نەدەکـرد، بـەڵام پێـی وا بـوو دەتوانیـن بـە نزیکتربوونـەوە لـە گۆڕەپانەکـە خەسـارەکان کەمتـر و ڕەوتەکـە بەهێزتـر و کاریگەرتـر بکەینـەوە. هـەر لـەو پێناوەشـدا بـوو کـە دوای ئـازادی لـە زینـدان شـاری بەجـێ هێشـت و بەپێـی تێگەییشـتنەکەی خـۆی هەوڵـی دا مێـژوو بگێڕێتـەوە سـەر ڕێچکـە و هێڵێـک کەمتـر خەسـارئامێز بـێ و هەڵگـری دەسـکەوتێکی زیاتـر بـێ.

**٣. شـەهید کاوە خـاوەن چ تایبەتمەندییەکـی ئەخلاقـی مرۆیـی و شۆڕشـگێڕانە بـوو؟ بـەڕای ئێـوە کام خەسـڵەتی ئـەو شـەهیدە وای دەکـرد کـە ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی کاریگەریـی لەسـەر بەرانبـەر دادەنـا؟**

**عەدنـان حەسـەنپوور:** نامـەوێ وەک لای ئێمـە بـۆ باسـکردنی مرۆڤـە خۆشەویسـتەکانمان بـاوە بڵێـم کاوە کامڵتریـن مـرۆڤ بـوو و بوونێکـی ئاسـمانیی پـێ ببەخشـم، بـەڵام ئەتوانـم بـە بـاوەڕی تـەواوەوە بڵێـم کاوە دونیایـەک تایبەتمەندیـی بـاڵا و بـەرزی هەبـوو کـە جیـای دەکـردەوە لـە زۆربـەی مرۆڤەکانـی دەوروبـەری، لـە دڵسـۆزییە ناکۆتاکانییـەوە بگـرە تـا ڕاسـتگۆیی و سـۆزە ئینسـانییە بـێ خەوشـەکەی. بـەڵام ئـەوەی کاوەی لـە زۆرمـان جیـا دەکـردەوە ئامادەبوونـی تایبەتمەندییەکـی دانسـقەی بەڕێوەبەرایەتـی بـوو؛ وەک بڵێـی هـەر زاتـەن بەڕێوەبـەرە. گەلێـک کێشـەی نێـوان زیندانییـەکان، یـان نێـوان زیندانـی و زیندانبـان هەبـوو کـە هەمیشـە کاوە ڕۆڵـی یەکەمـی لـە چارەسـەرکردنیاندا دەگێـڕا. لـە هـەر شوێنێکیشـدا پێویسـت بوایـەت لـە ئاسـت سـیخوڕ و بەڕێوەبەرانـی دامـودەزگای ئەمنییەتیـدا دەوەسـتایەوە و بـێ ئـەوەی تووشـی ئـەو شـتە بـێ پێـی ئەڵێـن سـۆزەکیبوون، لۆژیـکاڵ و بەگـوڕ هەڵوێسـتی

دەگـرت، بۆیــە خۆشەویسـتی هەمــووان بــوو، تەنانــەت زیندانبانەکانیشــمان.

**٤. چۆن پێناسـەی ڕەوتـی ژیانـی شـەهید کاوە دەکـەی، بۆ وێنـە کـە کـوڕی باوکێکـی شـەهید و بنەماڵـە شۆڕشـگێڕ بـوو، سـەرەڕای زینـدان و قوربانیـدان و چەرمەسـەری، بـەڵام کۆڵـی نـەددا و بۆ گەیشـتن بـە ئامانـج خەباتـی کـرد، کاوە بـەدوای چیـدا دەگـەڕا و هەڵـوەدای چـی بـوو؟**

**عەدنـان حەسـەنپوور:** نەریتێکـی نائەقڵانـی لـە کۆمەڵگەمانـدا سـاڵانێکە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان خـۆی سـەپاندووە کـە بۆتـە یـەک لـە هۆکارەکانـی بێدەسـکەوتمانەوەی بەشــێ هــەرە زۆری خەبــات و تێچووەکانمــان. زۆرجــار دەبینیـن و دەبیسـین ئەوتـرێ فـڵان کـەس یـا بنەماڵـە بەشـە خەباتـی خۆیـان کـردووە و ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان بەجـێ هێنـاوە، ئالێـرەوە ئـەو بۆچوونـە گەڵاڵــە دەبــێ کــە هەڵگرتنــی دەوری چالاکڤانێکــی سیاســی یــا کۆمەڵایەتــی زیاتـر بـۆ ئاسـوودەکردنی ویژدانـە و تۆمارکردنـی ناوێـک لەنـاو مێـژوودا. زۆر کـەس دەناسـین کـە خۆیـان یـان ئەندامێکـی بنەماڵەیـان سـەردەمانێک کارێکـی سیاسـییان کـردووە و ئێستەشـی لەگەڵـدا بـێ هـەر بـەو شـانازییەوە خەریکـن دەژیـن. چەنـد جارێـک وا ڕێ کـەوت لەگـەڵ کاوە باسـی ئـەم خەسـارەمان دەکرد و هـەردووک هـاوڕا بوویـن کـە گۆڕینـی سـاحەی خەبـات بـۆ «شـرکت سـهامی» و دابەشـکردنی بـەش بـۆ کەسـە خەباتـکارەکان تەنیـا و تەنیـا لەخشـتەبردنی سیاســەتە و هیچیتــر. کاوە بــە کــردەوە ســەلماندی کــە نەتەنیــا بــاوەڕی بــە ئــاوا فۆرموولێکــی چــەوت نییــە، بەڵکــوو دەیهــەوێ کەمــڵ بەرنگاریشــی ببێتــەوە. دڵنیـام تەنانـەت یـەک جاریـش بـە مێشـکیدا نەهاتـووە بڵـێ باوکـم بـە قوربانیکردنـی گیانـی خـۆی بەشـی منیشـی لـە سیاسـەت و خەباتـی جێبەجـێ کـردووە، گرنـگ بـۆ ئـەو «دەسـکەوت» بـوو نـەک «ئاسـوودەکردنی ویـژدان» یـان «دەسـتەبەرکردنی شـانازی».

**٥- ڕوانگەت لەبارەی چالاکیی ڕۆژنامەنووسی و هەوڵەکانی شەهید کاوە لە بواری مافی مرۆڤ و پشتگیریی گیراوانی سیاسی و بەتایبەت ڕۆژنامەنووسانی بەندکراو چییە و لەمبارەوە چ کارگەلێکی کرد؟**

**عەدنان حەسەنپوور:** کار و نووسراوەکانی کاوە لە بواری کولتوور و ڕۆژنامەڤانیدا دیار و بەرچاوە و بێگومان قەڵەمێک بوو دەیتوانی گەلێ لەوەش بەپێزتر و بەهێزتر دەرکەوێ و بنووسێ، مخابن تەمەنی کورت، بەڵام بەرزی دەرفەتی بەو شتە نەدا. کەچی هەرکەس تەنانەت کورتەئاوڕێکیش لەو نووسراوانە بداتەوە کە لەدوای بەجێ ماوە زۆر زوو تێدەگات **ئەوەی نەیتوانی بینووسێ زۆر زیاترە لەوەی نووسیویەتی**. بەڵام بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکە دەبێ بڵێم هەوڵدانەکانی لەپێناو یارمەتیدانی زیندانییانی سیاسی و تەنانەت هەندێ لە زیندانییە ئاساییەکاندا هێندە بەرفراوان و کاریگەر بوو ڕەنگە بە خەیاڵیشدا نەیەت. ئەو سەردەمە هێشتا دادگای سنە «مورەخەسی»ی زیندانییانی سیاسیی دانەخستبوو و ئەوانەی حوکمی قەتعییان هەبوو مانگ، یا دوو مانگ جارێ بۆ چەند ڕۆژێ دەچوونە مورەخەسی. کاوە هەرجار کە دەچووە دەرەوەی زیندان لە یەکەم دەقەوە تا ئەو کاتەی دەهاتەوە بەدوای گرتنی پارێزەر یان هەرچەشنە یارمەتیدانێکی مادی و مەعنەویی زیندانییەکان و بنەماڵەکانیانەوە بوو. لە ئاست زیندانییە سیاسییەکاندا هیچ کات سەیری ئەوەی نەدەکرد کێ لایەنگر یا ئەندامی کام حیزبە و بەبێ جیاوازی هەوڵی تەواوی بۆ هەموو زیندانییەکان دەدا، بەڵکوو بەشێک لە کێشەکانیان چارەسەر بکات. زیندووترین و هەرمێنترین نموونەی بۆ من ئەو هەوڵانەیە کە بۆ هاوڕێی خۆشەویستمان ئێحسان فەتاحیان خستیە گەڕ و لە هیچ شتێک درێغی نەکرد. لە بیرمە چەند سەعات پێش ئەوەی ئێحسان بگوێزنەوە بۆ سلوولی تاکەکەسی پێکەوە تێلێفۆنمان بۆ کاوە کرد کە لە مورەخەسیدا بوو، ئێحسان ئاگادار بوو کە قەرارە دوو ڕۆژیتر ئێعدام بکرێ، هەموومان کەوتبووینە هەوڵ بەشکوو بەر بەو شتە بگرین. سەرەتا من لەگەڵ کاوە قسەم کرد و ئینجا خودی ئێحسان، دوایی

وتـی زۆر باشـه کـه کاوه لـەم سـاتەوەختەدا لـه دەرەوەیـە، دڵنیـام ئیمکانـی هەبێ شـتێ بـه کەسـێ بکرێ کاوه ئەیکات. هەرچەنـد هەوڵـەکان بۆ بەرگرتـن بـه ئێعدامـی ئێحسـان بێسـەرئەنجام بـوو، بـەڵام ئـەو تـا دواسـاتەکانیش هـەر دڵـی قـورس بـوو کـه کاوەی لـه پشـتە.

گێڕانـەوەی هەمـوو ئـەو بیرەوەرییانـەی لـه شـەهید کاوەی جەوانمـەرد هەمـە، «حەدیسـی حەفتـاد مـەن کاغـەز»ە و لـەم مەجالـەدا ناگونجـێ. شـەهیدبوونی کاوه یەکێکـه لـه ناخۆشـترین ڕووداوەکانـی هەمـوو ژیانـم، کاتێـک شـەهید بـوو مـن هێشـتا لـه زینـدان بـووم و هەواڵەکـەم لـه تێلێڤیزیۆنـی ئێرانـەوە بیسـت. هەنـدێ ڕووداو و حاڵـەت هەیـە هەرچـی هـەوڵ ئـەدەی ناتوانـی بـه تـەواوی یـا تەنانـەت نیوەچـڵ بیگـۆڕی بـۆ وشـە، حاڵـی مـن دوای بیسـتنی ئـەو هەواڵـە لـەو شیشـه نەگریسـەوە ڕێـک لـەو سـاتەوەختانەیە کـه توانـای وەسـفکردنیم نییـە. بەختـەوەرم لەگـەڵ کەسـێکدا هەناسـە بـە هەناسـە ژیـاوم کـه تـا دواچرکـە ئەڤینـداری لووتکـە بـوو و لـه لووتکەشـدا گیانـی بەخـت کـرد.

وتووێژ لەگەڵ

# ئیدریس ناسحی، هاوبەندیی سیاسیی شەهید کاوە

سازدانی: شەریف فەلاح

**١. جەنابت وەک هاوبەندییەکی سیاسیی شەهید کاوە، ئەخلاق و ڕەفتاری ئەو شۆڕشگێڕە خۆڕاگرە چۆن پێناسە دەکەی و چۆن لەگەڵی ئاشنا بووی؟**

ئیدریس ناسحی: من پێش ئەوەی شەهید کاوە لە نزیکەوە ببینم و لەگەڵی ئاشنا بم، ناویم لە میدیاکانەوە بیستبوو کە دەستبەسەر کراوە، هاوکات دەشمزانی کە باوکی بەڕێزیشیان کاتی خۆی تێکۆشەرێکی ناو شاری سنە بووە کە دوایی گیراوە و لەسێدارە دراوە. بەڵام بۆ یەکەمجار لە زیندانی سنە بینیم و پێکەوە ئاشنا بووین. بۆ یەکەمجار کە دیتم، کەسێکی زۆر خۆشەویست هاتە بەرچاوم و خێرا لە دڵما جێگەی گرت، ئەو بەڕێزە خاوەن کەسایەتییەکی وا بوو کە دەستبەجێ و لە یەکەم دیداردا لەگەڵ دەوروبەر جێگەی خۆی لەنێو دڵیاندا دەکردەوە. کەسێکی دەم بە بزە، ڕووخۆش و بە ئەدەب و ئەخلاق و لەسەرەخۆ و بێ تەکەبور و خاکی بوو.

**٢. شەهید کاوە لە بەرانبەر زەبر و زەنگ و ئازار و ئەشکەنجەی بەرپرسانی زیندان و پیلانەکانیان چۆن هەڵسوکەوتی دەکرد؟**

**ئیدریس ناسحی:** شەهید کاوە خاوەن ورە و ئیمان بوو، قەت وای نیشان

نەدەدا کەلە بەندیخانەیە و هیچکات پەرۆش و خەمین نەتدەدی و هیچکات کارێکی وای نەدەکرد ببێتە مایەی خۆشحاڵیی بەرپرسانی بەندیخان. بە تەکبیری ژیرانە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هەڵوێستی هاودەنگی و یەکدەستیی زیندانییەکان و بەتایبەت زیندانییە سیاسییەکاندا لە بەرانبەر کاربەدەستی زینداندا هەبوو. بۆ وێنە کاتی وا هەبوو کە زیندانییە سیاسییەکان پێویست بوو لەبارەی مەسەلەیەکەوە دەبوا پێکەوە هەڵوێست بگرن، شەهید کاوە بۆ ئەمکارە هەموو کات پێشەنگ بوو و هەڵوێستەکەی لە نامەیەکدا دەنووسی و واژۆی بەندییە سیاسییەکانی لەسەری کۆ دەکردەوە و دەینارده دەرەوەی زیندان و دەدرایە ڕاگەیاندنەکان و بۆ بڵاوکردنەوە لە تەلەفزیۆن و ماڵپەڕەکان. یەکێک لە پیلانەکانی کارابەدەستانی زیندان ناکۆکی نانەوە بوو لەنێو بەندییە سیاسییەکاندا، بەتایبەت نانەوەی جەڕ و باس و مشتومڕی سیاسی لەنێو لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات لەلایەک و لایەنەکانی دیکە، لەم کاتانانەدا شەهید کاوە زۆر بە وریایی و ژیرانە تا ئەو جێگایەی بیتوانیایە نەیدەهێشت ناکۆکی و ململانێ و جەڕوبەحس لەنێو بەندییە سیاسییەکاندا پەرە بستێنێ و ببێتە مایەی نیگەرانی.

**٣. ڕەفتار و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگریی شەهید کاوە چ کاریگەرییەکی لەسەر هاوبەندییەکانی هەبوو؟**

**ئیدریس ناسحی:** شەهید کاوە خاوەن کەسایەتییەکی وەها بوو کە هەموان خۆشیان دەویست. لەگەڵ هەموو کەس بە جوانی و بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و ڕێزی بۆ کەرامەت و کەسایەتیی ئەوانەی لەگەڵی ڕەفتار و قسەیان دەکرد، دادەنا. سووکایەتی و تەوهینی بە کەس نەدەکرد، هیچکات تووڕە نەدەبوو و بێ ڕێزیی بە کەس نەدەکرد. ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە ببوونە هۆی ئەوەی هەمیشە جێگەی ڕێز و حورمەتی هەموان بێت. جگە لەمانە بابەتێکی دیکە کە کردبوویە جێگەی ڕێزی

هەموان، ئەوە بوو کە خاوەن بنەماڵەیکی تێکۆشەر و خەباتکار بوو. چونکە باوکی بەڕێزیان هەر لەڕێگەی نیشتمان و کوردایەتیدا تێکۆشان و خەباتی کردبوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر و پاشان شەهید کرابوو. ئەمە خاڵێکی دیکە بوو کە هێندەی دیکە پێگەی کاوەی بەرز کردبۆوە. شەهید کاوەش بۆ خۆی پێشتر چەند جاری دیکە دەستگیر و زیندانی کرابوو، هەرچەند بنەماڵەکەشی بەم بۆنەوە زۆر لەژێر گوشار و هەڕەشەی ئیتلاحاتدا بوون، بەڵام هیچکام لەو پیلانانە نەیوانتوانی ورەی بشکێنن و بەر بە تێکۆشان و چالاکیی بگرن. شەهید کاوەی خۆڕاگر ئەم ڕەفتارانەی ببوونە هۆی ئەوەی لەلای بەندییەکان و تەنانەت ئەوانەش کە بەندیی سیاسی نەبوون، زۆر جێگەی ڕێز و حورمەت بوو.

## ٤. لەناو زیندان شەهید کاوە بۆ لێک نزیککردنەوەی بەندییە سیاسییەکان و هاوکاریکردنیان چە کارگەلێکی دەکرد؟

**ئیدریس ناسحی:** شەهید کاوە جیا لەوەی کە پێشی بە ناکۆکیی نێوان زیندانییەکان دەگرت، دۆستایەتیی لەگەڵ هەموان زۆر باش بوو. جیا لەوەی کە لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکان دانیشتنی زۆر بەە، لەگەڵ زیندانییەکانی دیکەش کە بە تۆمەتگەلی تر هاتبوونە زیندان دادەنیشت و دۆسایەتی باشی باشی لەگەڵیان هەبوو. تەنانەت کەسێک کە بە تۆمەتی کوشت (قەتڵ) کەلە ژوورەکەی ئەوان بوو و هاوخەرج بوو. شەهید کاوە هیچکاتێ خۆی لە باقیی زیندانییەکان جیا نەدەکردەوە و جیاوازیی لە نێوانیان دانەدەنا. بۆ چارەسەریی گیروگرفتی بەندییەکان تا ئەو جێگەیە توانیبای و لە دەستی هاتبا یارمەتی و هاوکاریی دەکردن. هەر ئەم خەسڵەتانە ببوونە هۆی ئەوەی کە هەموان بە قسەی بکەن و خۆشیان بوێت. کارێک کە زۆر جوان بوو و شەهید کاوە لەنێو زیندان ببوو بە باو و بەتایبەت لەنێو بەندییە سیاسییەکاندا، ئەوە بوو کاتێک بەندکراوێکی سیاسی ماوەی زیندانەکەی ئازاد دەبوو، هەموو زیندانییەکان و

بەتایبەت بەندکراوە سیاسییەکان پێکەوە تا بەر دەرگای بەندەکە و تەنانەت هەتا بەر دەرگای نگابانی بە چەپڵەڕێزان ڕەوانەیان دەکرد و ئافەرینیان پێ دەگوت کە ئەمەش ببووە نەریتێک و زیندانیەکانی زۆر لە یەکتر نزیک دەکردەوە، ئەم کارەش داهێنانی شەهید کاوە بوو.

**٥. جیا لەوانە بەڕای ئێوە شەهید کاوە هەڵگری چ تایبەتمەندی و خەسڵەتگەلێکی مرۆیی بوو کە هێندە لەناو هاوڕێ و دەوروبەری و خەڵک خۆشەویست بوو؟**

**ئیدریس ناسحی:** شەهید کاوە هەڵگری کەسایەتییەکی بە ورە و ڕێکوپێک بوو، کە لەگەڵی دادەنیشتی مرۆڤ وەرە و وزە و ئێنرژیی وەردەگرت، قەت نائومێدی و پەرۆشیی پێوە دیار نەبوو، قەت جەستە و ڕوومەت و ڕوخساری وەک کەسێکی زیندانی نەیدەنواند، بەڵکوو سیاسییەکی بە تەواو مانا بوو، خاوەنی تێگەیشتن و سەوادێکی قووڵی سیاسیی باش بوو. مرۆڤێکی خاکی، قەت لەخۆبایی و غرووری پێوە دیار نەبوو، خۆی لە کەسی دیکە بە سەرتر نەدەزانی. پەڕ بە دڵ و بە بیروباوەڕێکی قووڵ و لەڕووی ئەقڵێکی سیاسییەوە باوەڕی بە ڕێباز و کار و تێکۆشانەکەی هەبوو.

بەداخەوە من پێش ئەو لە زیندان ئازاد بووم، ئیتر دەرفەت و هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا جارێکی دیکە لە نزیکەوە ببینمەوە، هەرچەند پێکەوە پێوەندیمان هەبوو، تەنانەت دوای ئەوەی بە فەرمی چووە ڕیزەکانی حیزبەوە، پەیوەندیمان بەردەوام بوو، بەداخەوە ئەو مرۆڤ و قارەمانە مەزنە تەمەنی کەم بوو و زوڵم و ستەمی داگیرکەران و گەمارۆی سەنگەرەکەی خۆی و هاوڕێکەی بووە هۆی ئەوەی کە سەربەرزانە خۆی شەهید بکات، هەتا بە دیلی نەکەوێتە دەستی دوژمنەکەی و نەتەوەکەی شانازی بە ئیمانییەوە بکات. ئەو بە خوێنی خۆی خاکی پیرۆزی کوردستانی ڕەنگین کرد، ڕۆحی شاد و ڕێگای بەردەوام بێت تاکوو ئازادیی کوردستان.

## (کەچەڵیزم)؛ بیرەوەرییەکی سەیری ناو زیندان

ماوەیـەک بـوو، چەنـد کەسێک لـە زیندانییـە سیاسـییەکان دەچووین بـۆ یاری و وەرزش لـە باشـگای زینـدان، لەبـەر ئـەوەی دوای وەرزشـەکەمان زۆر ئارەقمـان دەکـرد و مووسـی سـەرمان فـرە بـوو و بۆمـان نەبـوو هەمـوو ڕۆژێـک حەمـام بکـەی، بۆیـە لەبـەر پاراسـتنی پـاک و خاوێنیـی خۆمـان برمـان دا سـەرمان سفر بکەیـن و بیتاشـین. بـۆی چـوار کـەس بوویـن و چوویـن و سـەرمان بـە نمـرەی ژمـارە ٢ تاشـی. بـە واتایـەک کەچـەڵ بوویـن کـە بـە گاڵتـەوە پێمانیـان دەگـوت کەچـەڵ. ئێمـەش بـە گاڵتـەوە دەمانـوت ئەمـە مەکتەبـی کەچەڵیزمـە و هەرکەس حـەزی لێیـە و خـۆی کەچـەڵ بـکات، دەتوانـێ بێتـە نـاو ئـەم مەکتەبـەوە. منیـش بـۆ گاڵتـە و شـۆخیی خۆمـان، ئەساسـنامەیەکم بـۆی نووسـی بەنێـوی کەچەڵیـزم. نووسـیبووم کەچەڵیـزم چییـە؟ کەچـەڵ کێیـە؟ و شـەرایەتی بـوون بـە ئەنـدام چۆنـە؟ و مـن ئەساسـنامەکەم دەخوێنـدەوە و باقـی زیندانییـەکان پێـی پـێ دەکەیـن. دواتـەر لەنـاو زیندانییـە سیاسـییەکان دە کەسـی تـر چـوون و وەک ئێمـە سـەریان تاشـی و هاتنـە نێـو مەکتەبـی کەچەڵیـزم. ئەمـە تاکـوو ئێـرە ئاسـایی بـوو، بـەڵام سـەیر لـەوەدا بـوو کـە کاربەدەسـتانی زینـدان لـەم مەسـەلەیەش دەترسـان و نیگـەران بـوون، تەنانـەت لـە گاڵتـەش دەترسـان، بۆیـە بـە سەرتاشـخانەی زیندانیـان سـپاردبوو کـە ئیتـر بۆیـان نییـە لەمـەودوا سـەری کـەس کەچـەڵ بکـەن و بیتاشـن.!

وتوویژ لەگەڵ

## کەریم زارعی، هاوبەندیی سیاسیی کاکۆ

### «کاک کاوە ڕازدار و جێ متمانەی زۆربەی زیندانییەکان بوو»

**١. وەک هاوبەندییەکی سیاسی و هاوسەنگەرێکی شەهید کاوە، یەکەم جار کەی و چۆن پێکەوە ئاشنا بوون، بەگشتی کەسایەتیی کاوە چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**

**کەریم زارعی**: یەکەم جار ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی دوای ئەوەی لە ستادی خەبەریی ئیتلاعاتی سنەوە، گوازرانەوە بۆ گرتووخانەی ناوەندیی سنە، ئەودەم کاک کاوە لە بەندی حەوتی زیندانی سنە بوو، بەو پێیەی کە ئەو گرتووخانەیە ئیمکاناتی زۆر کەم بوو، بەندی حەوت هەم وەک قەرەنتینە بوو و هەم وەک شوێنی مانەوەی بەندکراوانی سیاسی بوو، لەو بەندە کە وەک قەرەنتینە بەکاریان دەهێنا، دوو ئەرکیان جێبەجێ دەکرد، یەکم قەرەنتینە و دووەمیش وەک بەندی ڕاگرتن. جیا لەبەندکراوی سیاسی، بەندکراو و تۆمەتبارانی دیکەی وەکوو «بکوژ، ماڵی و مادەی هۆشبەر»یشی تێدا بوو کە دوای ماوەیەک مانەوە لەو بەندە ئەو بەندکراوانەیان بەسەر بەندەکانی دیکەدا دابەش دەکرد، بەڵام زۆربەی بەندکراوانی سیاسی لە بەندی حەوت بوون، بەجرێک ئەو بەندە ببووە قەرەنتینەی دووەم، چونکە گرتووخانەی سنە قەرەنتینەیەکی دیکەشی لێ بوو. ئەو کاتەی ئێمە چووینە ناو زیندانی سنە بووین، کاک کاوە بۆ خۆی لە کتێخانەی زیندانی سنە بوو. چونکە بەرپرسی ئەو بەشی کتێبخانەیەش بوو و کتێبی دەدا بە بەندکراوان و سەرپەرستیی بردن و هێنانەوەی کتێبەکانی لە ئەستۆ بوو. لە گەڕانەوەدا

زانیبـووی ئێمەشـیان هێناوەتـە زینـدان و ئـەو بەنـدەی ئـەوان. کاتێـک هاتـە بـەر دەرگای هاتنـە ژوورەوەی بەندەکـە دەسـتبەجێ ئێمـەی بینـی، چونکـە ئێمـە دوو کەسـی سـیمای تازەهاتـوو بۆ ئـەو بەنـدە بووین. یەکـەم دیدارمـان ناسـینێکی کـوردت بـوو، بـەڵام ئـەو هەسـتێکی بـەرزی نیشـان دا کـە ئێـوە لێرە تەنیا نین و هەمووما‌ن پێکـەوە کات و ژیـان تێدەپەڕینین. ئیتر لەوێوە وردە وردە پێکـەوە ئاشـنا بووین و خـۆی ناسـاند بەگشـتی دڵدانەوەیەکـی زۆری داینـەوە و بەڕاسـتی کاک کاوە سـەرچاوەی ورەبەخشـین و هیـوا بـوو بـۆ هەمـوو بەندکـراوان.

**٢. هاوبەندییەکانـی دیکـەی باسـی دەکـەن کاک کاوە، لـە زیندانـدا هیچکاتـێ وەک بەندکـراو و تاوانبـار نیشـان نـەداوە و هەمـوو کات سـەربەرز و خـاوەن ورە بـووە و بووەتـە ڕازداری بەندکراوانـی دیکـە، جەنابـت لـە نزیکـەوە چـۆن ئـەو دۆخـەت ئەبینـی و هەڵسـوکەوتی ئـەو تێکۆشـەرە چـۆن بـوو بـۆ لێـک نزیککردنـەوەی بەندکـراوان و لەقاودانـی پیلانـی بەرپرسـانی زینـدان چـی دەکرد؟**

**کەریـم زارعـی:** دوای ناسـینی کاک کاوە لـە نزیکەوە، بەڕاسـتی بۆمان دەرکەوت کـە بـە مانـای ڕاسـتەقینەی وشـە کاوەیـە و ئـەو نـاوە پـڕ بە بـاڵای کەسـایەتی و ڕەفتارییـە، چونکـە هیـچ جیاوازییەکـی لەنـاو زیندانییـەکان دانەدەنـا، بەتایبەتـی بەندکراوانـی سیاسـی کـە هەرکامەیـان سـەر بـە حیزبێـک و بیروباوەڕێکـی جیاواز بـوون، لـەلای کاک کاوەوە هیـچ مانایەکـی نەبـوو کـە جیاوازییـەک دابنـێ، واتـە وا نەبـوو کەسـانی هاوفکـر و هاوڕێبـازی خـۆی (ئەندامانـی حیزبـی دێمۆکـرات) لـە ئەولەویـەت دابنـێ. بـۆ وێنـە ماوەیـەک کاک کاوە بەرپرسـی تەلەفۆنـی بەنـدی حـەوت بـوو، واتـە کاتـی تەلەفـۆن و پەیوەندیـی بەندکـراوان لەگـەڵ بنەماڵـە و کەسـوکاریان ئـەو دیاریـی دەکـرد. کاک کاوە کـە لەسـەر بیروبـاوەڕی نەتەوەیـی و وەرک ئەندامـی ڕێکخسـتنی نهێنیـی حیزبـی دێمۆکـرات زیندانـی کرابـوو، بـۆ وێنـە لـە نێـوان مـن وەک هاوسـەنگەری، یـان بەندکراوێکـی دیکـە کـە لەسـەر

بیروباوەڕی کۆمەڵە، یان پەکەکە گیرابوو، لەلای ئەو بۆ کاتی تەلەفۆنکردن جیاوازی لە گۆڕێدا نەبوو، بۆ وێنە شتی وا نەبوو بڵێ کەریم هاوسەنگەری خۆمە با بیخەمە پێشەوە و کەسانی دیکە بخەمە دواوە. زیندانی هەبوو لە بەندی دیکە کاتی تەلەفۆن و پەیوەندیی بەر نەدەکەوت، کاک کاوە ئەو کەسانەی دەدۆزییەوە و یارمەتییانی دەدا و کاتی تەلەفۆنکردنی خۆی بەوان دەدا و جۆرێک ڕێکی دەخست کاتە بەتاڵ و پشووەکانی خۆشی بەوان دەبەخشی و دەیوت ئەوانەی کە بەڕاستی پێویستیانە قسە بکەن، با بێن لەو کاتە بەتاڵە کەڵک وەربگرن. لەناو کۆڕی دانیشتنی بەندکراواندا وای ڕەفتاری دەکرد و خۆی زۆر لێیان نزیکەوە دەکرد، بە جۆرێک کە بەرانبەرەکان ئەو هەستەیان لەلا دروست نەدەبوو کە بەڵێ ئەوان لەباری بیروباوەڕی سیاسییەوە لێک جیاوازن. قسەی سەرەکیی ئەوە کە ئێمە هەموومان هاوچارەنووسین و کوردبوون و ڕزگاری خاڵی جەوهەریمانە، تەنانەت کەسانێک هەبوون کە بە بیروباوەڕ سەر بە پەکەکە بوون، بەڵام لەناو زیندان کاوەیان کردبووە ئۆلگووی خۆیان. هەر بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتە شیاوانەی شەهید کاوە هاوڕێیانی پەکەکە گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە ئێمە هەرچەند سەر بە پەکەکە، ڕەوتی چەپ، یان حیزبی دێمۆکرات، یان هەر باوەڕێکی دیکە بین، بەڵام لەژێر یەک چەترین کە ئەویش چەتری کوردبوونە و هەموومان چارەنووسێکی هاوبەشمان هەیە.

بۆ وێنە بەندکراوی قەدیمی و بەتەمەن زۆر بوون لە گرتووخانەی سنە مەحموود ساڵحی چالاکوانی کرێکاری و کەسانی دیکەی خاوەن ئەزموون هەبوون، بەڵام هەر گرفتێک لەناو ئەو بەندە ڕووی دابا، بۆ چارەسەکردنی ڕوویان لە کاوە دەکرد. بۆ وێنە مەحموود ساڵحی ڕۆڵی باشی هەبوو، بەڵام بەبێ کاوە گرفتەکانی بۆ چارەسەر نەدەکرا.

**٣. پێت وایە چی وای کردبوو کە کاک کاوە بتوانێ ئەو متمانەیە بۆ خۆی**

**لەناو هاوبەندییەکانی دروست بکات کە هەموویان پرسی پێ بکەن و ببێتە کلیلی چارەسەری کێشەکانیان؟**

**کەریم زارعی**: خەسڵەتانەی کە کاوە هەیبوو، ڕازداری و هەموو نهێنییاتی ئەو بەندکراوانە بوو کە ڕاز و دەردەدڵی خۆیان بەلایەوە باس دەکرد. بۆ وێنە کاتێک کەسێک ڕاز و خەم و نهێنییەکانی خۆی لەلایەوە باس دەکرد، ئەو ئەمانەتدا و ڕزدارێکی ڕاستەقینە بوو. هەستێکی لای بەرانبەر دروست دەکرد کە کەسەکە هەستی دەکرد ئەوا خەریکە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات و نهێنییەکانی پارێزراون. ئەم بابەتە ببووە هۆی دروستبوونی ئەو متمانەیە لەلای زۆرێک لە هاوبەندییەکانی و بۆ چارەسەریی زۆر گرفت کردبوویانە کەسێکی نزیکی خۆیان و هەر بەم بۆنەیەوە لەناو زیندان خاوەن ڕێز و ئیحترامی تایبەت بوو.

**٤. چ بیرەوەرییەکی ناو زیندانت لەبیرە کە پەیوەندیی بە کاک کاوەوە هەبێت؟**

**کەریم زارعی**: لە بەندی نەوجەوانان (میرمندالان) دوو برا هەبوون، لەناو زینداندا بە (قەندان و شەمعدان) ناوبانگیان دەرکردبوو. هەردوویان بە تۆمەتی مادەی هۆشبەر گیرابوون. لە هەفتەدا دوو یان سێ ڕۆژ دەهاتنە لای کاک کاوە و ئەویش بەشە قەندی خۆی دەدا بەو دوو برایە. لەبەر ئەوەی ئەو دوو کوڕە لەڕادەبەدەر قەندیان دەخوارد و بەم بۆنەوە کەوتبوونەوە بەرچاو و ناویان نابوونە «قەندان و شەمعدان». هەلومەرجی ناو زیندان جۆرێکە کە هەر کەسەو خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ دەکات. ئەو دوو کوڕەش خۆیان بە خواردنی قەندەوە سەرقاڵ کردبوو. داوایان لە زۆر کەس دەکرد و خەڵکیش پێیانی دەدا، بەڵام کاک کاوە هەموو بەشە قەندی خۆی پێیان دەدا. بیرەوەرییەکی دیکەش لەناو زیندان هەمە ئەوەیە کە

شەوی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٦ بوو، کەسێک لە زنیدان بوو کە بەهۆی پێکدادانی هاتوچۆ (تەسادف) و دانی دییە گیرابوو، ئەو کەسە زۆر نزیکی کاک کاوە بوو، بۆیە هەر گرفتێکی بۆ بهاتبایەتە پێش، ڕووی دەمی لە کاک کاوە دەکرد و کاوە ببووە، فریشتەی نەجاتی. ئێوارەی ٢٥ی گەلاوێژ پێی گوت: ئەگەر من بچم و چەند بەستە شوکلات بێنم تۆ بەناو زینداندا بڵاوی دەکەیتەوە؟ ئەو کەسەش وتی: ئەرێ وەڵا بۆ ناکرێ؟ کاک کاوە پێی گوت: دەی ئاخر دەزانی بۆنەکە چییە؟ لە وەڵامدا وتی: نەوەڵا نازانم چییە؟ وتی: جێژنی ٢٥ی گەلاوێژە، چونکە لەناو زیندان ئەوەندە لەبارەی بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکان لەگەڵ بەندکراوان قسەی کردبوو، هەموویان دەیانزانی ئەو بۆنەیە چییە. ئەو کوڕەش وتی بەسەرچاو دەیکەم، ئەی مەگەر من چیم لە تۆ کەمترە. کاک کاوەش چوو و دە بەستە شوکلاتی هێنا و دای بەو برادەرە و ئەویش بەند بە بەند هەمووی بەناو بەندکراواندا بڵاو کردەوە. بۆ بەیانییەکەی کاک کاوەیان بانگ کردبۆوە «حیفازەت ئیتلاعات»ی ناو زیندان. پێیان وتبوو ئەو شیرینی و شوکلاتە بۆچی دوێنێ شەو بڵاو کراوەتەوە، ئەوەیش لە وەڵامدا گوتبووی، یەکەم من بڵاوم نەکردووەتەوە، دووەمیش لەناو زیندان بووە و خۆ لە شوێنێکی گشتی نەبووە. دواتر ئەو کوڕەیان بانگ کردبوو بۆچی ئەو کارەت کردووە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبووی ماوەی دادگاییکردنەکەت نزیک دەبێتەوە (ئەو کەسە ماوەیەکی زۆر لە زیندان بەبێ چارەنووس مابووەوە و دۆسیەکەی ڕاگیرابوو)، بۆیە ئەبێ شیرینی بڵاو بکەیتەوە. بەو بیانووەوە هەردووکیان لەو گرفتە ڕزگاریان بوو و کارەکەی خۆشیان جێبەجێ کرد.

**٥. لەناو زیندان کاک کاوە ئاگاداری دۆسیە و پەروەندەی زۆرێک لە بەندکراوان و بەتایبەت بەندکراوانی سیاسی بوو، بەتایبەت ئەوانەی چارەنووسیان نادیار بوو، بەڕای تۆ ئەمە بۆ چی دەگەڕایەوە و پەیوەندیی بە چییەوە هەبوو؟**

**کەریم زارعی**: کاک کاوە بۆ ڕاپەڕاندن و بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئەو بەندکراوانەی کەلە خۆیەوە نزیک بوون دوو ڕێگەی بەکار دەهێنا. یەکیان ئەوە بوو لە دەرەوەی زیندان خەڵکێکی زۆری دەناسی و پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ پارێزەران، ڕۆژنامەنووس، چالاکی مافی مرۆڤ و مەدەنی، سیاسی و میدیاکاران هەبوو. بەو پێیەی کە خۆی بەرپرسی موخابراتی بەند بوو، کاتی زۆری بۆ ئەو پەیوەندییانە هەبوو پارێزەری باشی دەناسی و بۆ خۆشی شارەزاییەکی باشی لە یاساکان و ڕێوشوێنە دادوەرییەکان هەبوو. دووەمیش لەناو زیندان زووتر دەیتوانی «مەدەدکاران» و ڕاوێژکارەکان ببینێت، بەو پێیە جێگەی متمانەی زیاتر لە ٨٠٪ی بەندکراوان بوو. بۆ وێنە کاتێک بەیانیان کاک کاوە هەڵدەستا و دەیوت دەچم، وەک ئەوە وابوو ئەو بەرپرسێکی هەرە گەورەی زیندان بێت، زۆربەیان داواکاریی خۆیان دەخستە ڕوو، ئەم کارەم بۆ بکە ئەو کارەم بۆ بکە. دۆخی خواردن و خۆراکی ناو زیندان خراپ بوو، زۆربەی بەندکراوان داوای هێنانی خواردن و کەلوپەلیان لێ دەکرد، واتە تەنانەت بۆ نانخواردنیش یارمەتیی بەندکراوانی دەدا. کاتێک دەچووە بەشی مەدەدکاری کارەکانی ڕادەپەڕاند و لەوێ ژمارەی دۆسیەکەی دەبرد لە ڕەوتی پەروەندەی بەندکراوانی دەکۆڵییەوە و ئەوەی لەدەستی بهاتبایە، بۆ یارمەتییان درێغیی نەدەکرد. بەتایبەت بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەدەم، یان بە نووسراو کەسێکی شارەزا بوو و زۆربەی نامەکانی دەنووسی. یەکێک لە نامەنووسەکانی زیندانی سنە بوو، چەندین جاریش لەسەر نووسینی ئەو نامانە بانگیان کردبوو کە ئەو کارە نەکات، بەڵام هەر بەردەوام بوو. نامەی ئیعترازی کاریگەری وای بۆ دۆسیەی زیندانییەکان دەنووسی، زۆر پارێزەرێش لە دەرەوە کە کار و پیشەیان هەر ئەوە بوو، بۆیان نەدەنووسرا و ئامادە نەبوون بۆ کەسی بنووسن، بەڵام ئەو لەناو زیندان ئەو ڕچەشکێنانەی دەکرد و دەینووسی.

دارا قورەیشی:

# شەهید کاوە کەسێکی هێدی، بە ڕەحم، نەتەوەپەروەر و ئاشتیخواز بوو

بەڕێز «ئاژین رەزابی» هاوسەری شەهیدی تێکۆشەر کاک کاوە جەوانمەرد، ئاگاداری کردم کە بەتەمان کتێبێک دەربارەی شەهید کاوە بە ئارشیوی خەبات و تێکۆشانی زیاد بکەن.

من و شەهید کاوە پێکەوە لە تەبعید و لە بەندیخانەی مەراغە هاوزیندان بووین. من کۆمەڵە و کاک کاوەش دێمۆکرات بوو. چڵ و ئازاری بەندیخانە و نەبەردی هیوا و خۆڕاگریی پشت دیوارەکانمان شانبەشانی یەکتر ئەزموون کردبوو و گەلێک جار بە خەیاڵ و بە ئاوات دیوارە بەرزەکان و تۆڕە تەندراوەکانی سەر ئاسمانی ئەو زیندانە ناڕەوایەمان پێکەوە بڕیبوو. خۆزگەی هاوبەشمان لە شار و لادێکانی کوردستاندا گەڕابوو، یان دەنا خەم و کوڵەکانمان بۆ یەکتر هەڵگرتبوو. کە وایە کاتێک دادە ئاژین پێی وتم کە بە نووسینی هەندێک لە بیرەوەرییەکانی خۆم و کاک کاوەی گیانبەختکردوو لەو کتێبەدا بەشداری بکەم، زۆر کار و ئەرکی دیکەم ڕاگرت و هێزێک لە وەفادارییی هاوبەندییانە داینیشاندمە سەر نووسینی ئەم دێڕانە. بە دیارییانەوە زۆرم بزە هات، یان چاوم پڕ بوون لە ئاو، یان دەیان جار شەهید کاوە هاتەوە بەرامبەرم و دانیشت و دەنگی لە گوێمدا زرینگایەوە.

من ئەم دێڕانەم نووسی و هیوادارم بتوانم لانیکەم گۆشەیەک لەو هاوڕێیەتییە شۆڕشگێڕانەمان وەک خۆی باس بکەم کە زۆربەکەی لە

شوێنێکی چەند میتر و دوو جای وەک زیندانی مەراغەدا تیپەڕ ببوو، بەڵام پەیمانگەل و خۆزگەگەل و ئاواتگەلێکی بە قەد پانتایی خاکی کوردستان بەرین و بە قەد شاخە بەرزەکانی کوردستان بەرز و لە شکاننەهاتویان لەخۆ گرتبوو.

کۆتاییەکانی رەشەمەی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی، لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە لە بۆکان دەستبەسەر کرام و لە دادگای ئینقلابی مەهاباد بە تاوانی چالاکیی سیاسی و پێوەندی بە حیزبی کۆمەڵەوە، حوکمی سێ ساڵ و نیو زیندان و دوورخستنەوەیان بەسەردا سەپاندم کە دەبوو لە زیندانی شاری مەراغە تێپەڕی کەم.

دیارە لە کاتی دەستگیرییەوە هەتا تێپەڕاندنی لێپێچینەوەکانی سلوولەکانی ئیدارەی ئیتلاعات و پاشان ماوەیەکی چەند مانگەی نادیاربوونی دۆسییەکەم، نزیک بە ساڵێکی خایاند. مانگی رەشەمەی ١٣٨٥ی هەتاوی بۆ جێبەجێکردنی حوکمە سەپێندراوەکە لە زیندانی شاری بۆکانەوە بۆ زیندانی مەراغە گوازرامەوە.

بۆ یەکەمجار کە ناوی شەهید کاوە جەوانمەردم بیست، چەند مانگێک بوو لەگەڵ دوو زیندانی سیاسی دیکە «کاک فاتێح حەیرانی و کاک خالەق هەمەدزادە» کە ئەوانیش پێش من تەبعید کرابوون بۆ زیندانی مەراغە، پێکەوە هاوبەند و هاوڕێ بووین و هەین. لەلایەن چالاکانی مەدەنییەوە ئاگادار کراینەوە کە زیندانییەکی دیکەی سیاسی بە ناوی کاوە جەوانمەرد (داوود)، حوکمی دوو ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی مەراغەی بەسەردا سەپاوە و لە زیندانی سنەوە چاوەڕوانی گواستنەوەیە بۆ زیندانی مەراغە. مانگی بەفرانباری ١٣٨٦ی هەتاوی بوو کە شەهید کاوە جەوانمەردیان هێنا بۆ زیندانی مەراغە. ئێمە لەلایەک، بە دیدار و ناسینی یەکتر وەک تێکۆشەر و شۆڕشگێڕێ شاد بووین و لەلایەکی دیکەشەوە بەو بابەتە شاد نەبووین کە بە ناڕەوا و لەسەر بیری رزگاریخوازانە و بە بڕیاری ستەمکارانەی دوژمن،

لـە بەندیخانـە بەنـدی بوویـن.

خاڵـە هاوبەشـەکانمان ئێمـەی کردبـووە هاوڕێ و پێکەوە برایانە سـەختییەکانی زیندانمـان بـۆ یەکتـر ئاسـان دەکـردەوە. راسـتە هـەر کامـە و چالاکـی حیزبێکـی سیاسـیی تایبـەت بوویـن، بـەڵام تایبەتمەندییەکانـی بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی کوردسـتان و چارەنووسـی هاوبـەش وەک ئینسـانی کـورد، لێکـی هەڵپێکابوویـن. ئێمـە تەنانـەت ئەوەمـان پـێ رەوا نەبیندرابـوو کـە لـە زیندانەکانـی کوردسـتان حوکمـە سـەپاوە ناڕەواکانمـان تێپـەڕ کەیـن، بـەڵام بـۆ سـاتێکیش ورەمـان دانەبـەزی. ئێمـە بـەردەوام و لـە هـەر دەرفەتێکـدا و بـە هیـچ ئیمکانێکـەوە، هەوڵـی دەسـتخسـتنی زانیاری لەسـەر بارودۆخـی سیاسـیی ئێران و کوردسـتانمان دەدا. کـۆ دەبووینـەوە و هەواڵەکانمـان بـۆ یەکتر دەگێڕاویـەوە و لێکدانەوەکانمان دەکـرد. کتێبەکانـی کتێبخانـەی زینـدان هەموویـان لـە ئاراسـتەی خزمـەت بـە بایەخەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا بـوون، بۆیـە هەوڵمـان دەدا لـە دەرەوە کتێـب و ڕۆژنامـە و گۆڤـار دەسـت بخەیـن و لەنـاو یەکتـردا دەسـت بـە دەسـتمان دەکـرد. بـۆ وێنـە کاک خالـەق هەمـەدزادە کتێبێکـی باشـی دەسـت کەوتبـوو کـە هـەر کامەمـان سـێ بـۆ چـوار جـار خوێندبوومانـەوە. بـە خۆشـییەوە کاک خالـەق و کاک فاتێـح هەردووکیـان پێـش ئێمـە لـە بەندیخانـە رزگارییـان بـوو و مـن و شـەهید کاوە پێکـەوە ماینـەوە. هاوڕێیەتیمـان لەگـەڵ کاک کاوە هـەر دەڕۆیشـت و قـووڵ و قووڵتـر دەبویـەوە، هەتـا رادەیـەک کـە توێژەکانـی دەرەون و دەروەنناسـی یەکترمـان لەبـەر بـوو. گاڵتـە و شـۆخی و پێکەنیـن و خـەم و پـەژارە و خۆزگـە و هیوامـان دابـەش دەکـرد و لـەم چەرخـە دەروونناسـییەدا ئـەوە بابەتـی «رێـز» بـوو کـە جـار بـە جـار لـە نێوانمانـدا مەزنتـر دەبـوو.

شـەهید کاوە خاوەنـی کەسـایەتییەکی هێـدی، بـە ڕەحـم، نەتەوەپـەروەر و ئاشـتیخواز بـوو. سـۆزی یەکجـار زۆری بـۆ بنەماڵـەی و بەتایبـەت بـۆ دایکـی، واتـە دایـە نەهیـەی خۆڕاگـر هەبـوو. دایکێـک کە هاوسـەرە تێکۆشـەر و زیندانییە سیاسـییەکەی واتـە شـەهید نەجمەدینـی باوکـی کاک کاوەی لـە زیندانـی «دیزڵئابـاد»ی کرماشـان لـێ ئەسـتێندرابوو، و ڕۆڵـە شـیرینە بچۆکۆلەکـەی

ئـەوکات، واتــە کاک کاوەی ئێسـتا لــە چوارتــۆی زیندانێکـی دیکـەی هەمـان ڕژیمـدا بـوو، بـەڵام نەتەنیـا هـەر نەڕووخابـوو، تەنانـەت شانازیشـی دەکـرد کـە کاوە درێـژەی بـە هەمـان ڕێبـازی باوکـی دابـوو.

لـە بـواری هەڵسـوکەوت و خۆڕاگرییـەوە لـە زینـدانـدا و لـە کولتـووری بەرگـری و خۆڕاگریـی نـاو زیندانەکانـدا و لـە ئەزموونـە دژوارەکانـدا، هەمـوو وەک یـەک سـەربەرزانە تێپـەڕی ناکـەن. مـرۆڤ بـە گشـتی و لـە هەمـوو حاڵـەت و مـەکان و زەمانێکـدا بەڕێـزە، بـەڵام ئـەوە راسـتییەکی ئاشـکرایە کـە ناتوانیـن یـەک بـەراوردی کۆنکرێـت و هاوبـەش بـۆ هەمـوو زیندانیانـی سیاسـی قایـل بیـن. بـە داخـەوە هەندێـک کـەس لـە زینـدانـدا دەشـکێن، هەندێـک کـەس لـە نیـوەی ڕێگادا خـۆ بەدەسـتەوە دەدەن، زیندانبـان و فـرت و فێـڵ و وەعـدە و گوشـارەکانی سیسـتمە خـاوەن زیندانەکـە کاریـان تێـدەکا و جوانییەکانـی یاخیبوونیـان لـێ دەسـتێنێ. مەخابـن کـە ناچـارم ئـەم چەنـد دێـڕەش بونوسـم کـە لـە راسـتیدا بـۆ ئەوەشـیان دەنووسـم کـە بەرچاوڕوونـی و ئەزمـوون بـێ بـۆ تێکۆشـەرانێک کـە زیندانیـان ئەزمـون نەکـردووە. بەڵـێ کەسـی وەهـاش هەبـوون کـە دۆڕان و بوونـە تــەواب و فریویـان خــوارد و بوونـە ملکەچـی بەرپرسـەکانی دادگا و زیندانـی ڕژیـم.

زیندانیـی سیاسـی قەڵایەکـە کـە هەتـا دەرگاکـەی بـۆ زیندانبـان نەکراوەتـەوە شـکۆمەندە و خـەوی زیندابـان دەهەژێنـێ. بۆیـە زیندانبـان هەمـوو هەوڵێـک دەدا کـە داگیـری بـکات و بیرووخێنـێ. پیلانـی بـۆ دادەڕێـژێ و خەونـی گولیـی پێـوە دەبینـێ. هەندێـک کـەس دەکەونـە داو و داگیـر دەکرێـن. بـە زمانـی زینـدان و دەسـتەواژەکانی: دەبنـە موخبـر و قسـە و باسـی هاوبەندەکانیـان بـۆ دەزگای سـیخوڕیی ڕژیـم دەبـەن، دەکەونـە داوی مـادە سـڕکەرەکان و بایەخەکانیـان لـێ دەسـتێنن و لـە مرۆڤێکـی بـەرزەوە بەداخـەوە دەبنـە بوونەوەرێکـی ناحـەز.

بەڵام ژیانی خۆڕاگریی ئێمە بەدوور بوو لە خاو و خلیسکی!

دکتۆرێکـی سـپایی بەرپرسـی بەشـی پزشـکیی زیندانـی مەراغـە بـوو. تـازە

بەرپرسایەتیی وەرگرتبوو و هاتبووە ئەو زیندان. پێشووتر وەک سپایی لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەدا لە کوردستان بریندار ببوو. سەرەتا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێمە زۆر دوژمنانە و هەوڵی ئەزییەتکردنی ئێمەی دەدا. ڕۆژێک ئەم دکتۆرە، لە ئەفسەر نیگەهبانییەوە ئێمەی بانگ کرد و بەتەنیا لەگەڵمان دانیشت و پێی وتین: هەرچی بیری لێ دەکەمەوە و ڕەفتاری ئێوە دەبینم لە هەموو بوارێکەوە باشترین کەسەکانی نێو ئەم زیندانەن. بەڵام سەرم سوڕ ماوە کە چۆن و بۆچی ئێوە بوونەتە کۆمەڵە و دێمۆکرات؟، وتی:

_ من لە کوردستان بە دەستی کۆمەڵە و دێمۆکرات بریندار کراوم و زۆر لە هاوڕێ سپاییەکانم لە شەڕی پێشمەرگەدا کوژراون و...

ئێمە بە کوردی راوێژێکمان پێکەوە کرد و ئەم وەڵامەمان پێ دایەوە:

دکتۆر تۆ پێشمەرگەیەکت پێ شک دێت کە هاتبێتە مەراغە و لە شار و وڵاتەکەی ئێوە لە شەڕ لەگەڵ ئێوەدا شەهید بووبێت؟ دکتۆر هەرچی هێنای و بردی نەیتوانی وەڵامێکی مەنتقی ساخ بکاتەوە و دانی نا بە بوونی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا. بەڵام هاوکات ئەو تەبلیغاتە درۆیینەی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە و وتی: ئاخر شتیکی دیکەش هەیە ئەمەیە کە «کۆمەڵە و دێمۆکرات دژی دین و خودان، دایک و خوشکی خۆیان مارە دەکەن!!

ئێمەش ئاوا وەڵاممان دایەوە: ئێمە کۆمەڵە و دێمۆکرات لە نزیکەوە دەناسین و سیاسەتەکانیشیان دەزانین. لەناو هەردوو حیزبدا کەسانی دیندار و ڕۆژووگر و نوێژخوێن هەن. لە بواری ئەخلاقیشدا یەک نموونە شتی وا بوونی نییە، ئەمە تەنیا تەبلیغاتی رێژیمە بۆ رەشکردنی بزووتنەوەی خەڵکی کورد. ئەم قسانە تاکتیکی ئەهریمەنسازیی کۆماری ئیسلامییە بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لەو حیزبانە.

شەهید کاوە پێی وت: دکتۆر تۆ ئەگەر نموونەیەکی موستەنەدی وام

بۆ بێنیتـەوە، مـن بـە دەسـتی خـۆم حوکمـی ئێعـدام بـۆ خـۆم ئیمـزا دەکـەم! ئەگینـا پێویسـت دەبـێ کـە تـۆ پێداچوونـەوە بـە ڕوانگـەی خۆتـدا بکـەی لەسـەر سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە تایبـەت سیاسـەتەکانی دەربـارەی کوردسـتان.

ئەمـە تێپـەڕی و دوای چەنـد ڕۆژێـک دکتـۆر هاتـەوە و ڕووی کردە شـەهید کاوە و وتـی: حـەق بـە ئێوەیـە! مـن ئـەم چەنـد ڕۆژە زۆرم بیـرم کردووەتـەوە. مـن پێداچوونـەوەم کـردووە. مـن بـە ڕوانگەکانمـدا چوومەتـەوە دەربـارەی سیاسـەت و فیکرییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی و دەربـارەی دەسـەڵاتداریی کۆمـاری ئیسـلامی. دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕێژیمـی پاشـایی دیکتاتۆرتـرە! مـن بەداخـەوەم کـە کەسـی وەک ئێـوە، لەسـەر بیـر و بـاوەڕی ئازادیخوازانـە و بەرحـەق لـە زیندانـدان.

شـەهید کاوە هۆگـری خوێندنـەوە و نووسـین بـوو. لـە هەفتەنامـەی کەرەفتوودا بابەتـی شـەهید کاوە بـڵاو دەکرایـەوە. کارمەندێکـی زینـدان بەمـە دەزانـێ، بۆیـە داوای لـە شـەهید کاوە کـرد کـە بابەتێکـی بـۆ بنووسـێت تاوەکوو لـە ڕۆژنامـەی «حمایـت» سـەر بـە سـازمانی زیندانەکانـی ئێـران بـە نـاوی خۆیـەوە وەک کارمەنـدی زینـدان بـڵاوی بکاتـەوە!

لای مـن باسـی کـرد و وتـی پێـم باشـە بـە دڵـی خـۆم بینووسـم، بـەو مەرجـە کـە بابەتەکـە وەک خـۆی بـڵاو ببێتـەوە و ئـەو کارمەنـدەش قەبووڵـی کـرد.

وەک لـە بیـرم بێـت ناوەڕۆکـی بابەتەکـە «دێمۆکراسـی، مافـی مـرۆڤ و سیسـتەمی قەزایـی بـوو». بـە زمانێکـی شـیاو بنەماکانـی پەرلەمان و سیسـتەمی قەزایـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی بردبـووە ژێـر پرسـیار و بـە شـێوەیەکیش نوسـیبووی کـە ئامانجـی ڕەخنەگرانـەکان بپێکێـت و لـە هەمانحاڵیشـدا بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە لـەو کارمەنـدەی قەبـووڵ بکـەن.

هـەروای پێهـات و بـێ دەسـتکاری دەقـی بابەتەکـە لـە ڕۆژنامـەی «حمایـت»

بە ناوی ئەو کارمەندەی زیندان بڵاو بووەوە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە ئەو کارمەندە چەند کتێبی دڵخوازی خۆمانمان بۆ بێنێتە ناو زیندان.

زیندانی مەراغە زیندانێکی ناوەندیی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بوو بۆ دادگاکانی چەند شاری وەک مەراغە، عەجەبشێر، مەلێکان و بناو. زیندانی کوردیش بۆ کورتماوە دەکەوتنە ئەو زیندانە. وەک ئەرکی نەتەوەیی لەم ماوەی زیندانیماندا تێکۆشاین پشتیوانی بکەین لە سەدان زیندانی کورد. نەمانهێشتووە چەتە و لاتەکانی ناو زیندان غەریب کوژیان بکەن و بیانڕووتێننەوە. ببووینە پەنایان، بە جۆرێک کە هەموو ئەو کوردانەی لەو مەسیرانانە کەسابەتی ڕاگواستنی کەلوپەلی سنورییان دەکرد و گومانی گیرانیان هەمیشە لەسەر بوو، دەم بە دەم ناو و ئاوازەی ئیمەیان بیستبوو و لە کاتێکدا تووشی گیران ببوایەتن، دەستبەجی دەیانوت ئێمە خزمی «کاوە و دارا «ین و داوایان دەکرد بیاندەنە بەندەکەی ئێمە.

کەڕەتێکیان بەداخەوە کوردێکی خۆفرۆش و جاش کە لە زیندانیشدا مەوادفرۆشیی دەکرد و نەماندەهێشت لێمان نزیک بێتەوە، لە لای حیفازەت ئیتلاعاتی زیندان، راپۆرتی لێ دابووین کە کاوە و دارا لە لای کوردەکان تەبلیغ بۆ کۆمەڵە و دێمۆکرات دەکەن. حیفازەت ئیتلاعاتی زیندان بە سێ سەربازەوە هاتنە سەرمان، پرسیاریان کرد تەختەکانتان کامانەیە؟ پێش ئەوەی ئێمە وەڵام بدەینەوە دوو کەس لە زیندانییە کوردەکان کە لەگەڵمان بوون (یەکیان «مەسعود فەرەجی» ئێستا لە وڵاتی یۆنان پەنابەری سیاسییە)، دەیانزانی دەسنووس و نووسراوەی سیاسیمان لەلایە.

تەختەکانی خۆیانیان پیشان دا و وتیان ئەوە جێگەی ئەوانە!

کەسیتریش لە زیندانییە تەنانەت غەیرە کوردەکانیش کە ئاگایان لێ بوو، نەیانوت وا نییە! ئەو دوو تەختە کە هی ئێمەش نەبوو، بە تەواوی پشکێندران و دیارە ئەو شتانەی ئەوان دەیانویست دەستیان نەکەوت، بەڵام ئێمەیان بە جیا لەسەر تەبلیغ بۆ کۆمەڵە و دێمۆکرات بازجوویی کرد. بە

جیا مـاوەی چـوار ڕۆژیـان لـە ژووری تاکەکەسـی ڕاگرتیـن. لـە ئیتلاعاتـەوە هاتبـوون بـۆ بازجوویيمـان و هەردووکمـان جیـا لەیـەک وەڵاممـان دابـووەوە کـە ئەگـەر مەدرەکێکتـان هەیـە بمانـدەن بـە دادگاە! دواتـر منیـان بـۆ مـاوەی بیسـت ڕۆژ دایـە بەندێکـی دیکـە و لـەو ماوەیـەدا کـە داوامـان دەکـرد بماندەنـەوە بـە یـەک بەنـد، حیفـازەت ئیتلاعـات کـە دەیـوت ئیمکانـی نییـە بتاندەینـەوە لای یەکتـر، چونکـە ئێـوە بـە دژی نیـزام لەنـاو زیندانـدا تەبانیتـان کـردووە. دوای ئـەو بیسـت ڕۆژە سـەربازی حیفـازەت ئیتلاعـات هاتـن بـە شـوێنمدا و بردیانمـە حیفـازەت کـە لەبـەر دەرگای ئـەو شـوێنە بـۆم دەرکـەوت شـەهید کاوەشـیان هێنـاوە. هـەر لـە دوورەوە کـە یەکترمـان بینـی ڕوومـان گەشـایەوە. نەیانهێشـت پێکـەوە قسـە بکەیـن و پێکـەوە بردیانیانـە ژوورەوە. بەرپرسـێک لـە بەرپرسـەکان ئـەو کاتـە لـەوێ، دەرکـی بـە جیاوازییەکانـی ئێمـە کردبـوو. حاڵەتێکـی ویژدانـی دایگرتبـوو و خۆشـنود نەبـوو لـەوەی کـە ئێمـە ئەزییـەت بـکات. نەیدەزانـی چـۆن لـەو پارادۆکسـە بێتـە دەرەوە. لـە لایـەک ناچـار بـوو ئێمـە ئەزییـەت بـکات و لـە لایەکیشـەوە دەیزانـی ئـەو کارە ناڕەوایـە کـە درحـەق بـە کەسـانی ئازادیخـواز دەیـکات. ئەمـە دەتوانـێ چیرۆکـی زۆرێـک لـە دەسـت و پێوەنەکانـی سیسـتمێکی دیکتاتـۆر بێـت کـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ڕاسـتییەکانی بەرامبەریـان تووشـی ڕاپەڕینـی سـایکۆلۆژی ببنـەوە و بگەڕێـن بـۆ وەڵامەکانـی ویـژدان لـە دەرەونـی خۆیانـدا. لـە مەجالێکـدا بـە ئەسـپایی وتـی: مـن مەئمـوەرم و مەعـزوەرم. زۆرم پێناخۆشـە ئێـوە زیندانـی ئێمـەن. کاغەزێکـی دەسنووسـراوەی پێدایـن کـە بیخوێنینـەوە.

کـە خوێندمانـەوە و بۆمـان دەرکـەوت کـە ڕاپۆرتـی ئـەو کـوردە خۆفرۆشـەیە و ئەوەیـە کـە ئێمـەی تووشـی ئـەو کێشـانە کـردووە. بەرپرسـەکە کاغەزەکـەی لـێ وەرگرتیـن و لەبەرچاومانـەوە دڕانـدی. داوای لێبوردنـی لێکردیـن و وتـی بزانـن کـە خەتـای مـن نییـە و تکاشـتان لێدەکـەم بـە کـەس مەڵێـن. چونکـە مـن نەدەبـوو پێتـان بڵێـم بۆچـی و کـێ ڕاپۆرتـی لێـداون!

وتـی: مـن ئـەو کەسـە لـە بەندەکـەی ئێـوە لادەبـەم و دەردیشـی دەدەمـێ.

ئێمە هاوکات هوشیار بووین کە سەرەڕای ئەوەی کە خەیانەتمان لێ کراوە، بە گژ کەسێکیاندا نەکردبێتین! وتمان پێویست ناکا بە کەس بڵێین، وەک نەخۆشێک سەیری ئەو کەسە دەکەین و شکایەتێکمان لێی نییە. لەڕاستیدا تەنانەت لەو بارەیەشدا دەزگای کۆماری ئیسلامیمان بە شیاو نەدەزانی کە تۆڵەی ئێمە لە خۆفرۆشێک بستێنێتەوە.

شەهید کاوە زۆر هۆگری هونەر و ئەدەبیاتیش بوو، پێشتر تەڕاحی و نیگارکێشیی کردبوو. زۆربەی سروودە شۆڕشگێڕانەکانی لەبەر بوو. ئەمجارە دوای لێکدابڕانمان کە چووینەوە لای یەکتر، دەفتەری تەڕاحییەکەی بۆ هێنام و پێی نیشان دام، بینیم نیگارێکی منی کێشابووەوە و لەژێری نوسیبووی هاوڕێی تێکۆشەرم دارا قورەیشی. زۆر وەک خۆم دەچوو. ناشزانم لە لای مابوو یا نا؟ وێنەی شاخی زۆری کێشابووەوە و باسی شاخەکانی کوردستانی دەکرد کە لەگەڵ هاوڕێیانی بۆ شاخەوانی چووبوون.

بەگشتی سیستمی ئیداریی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی فاشلە و ئەم گەندەڵییە بەشی زیندانەکانیش لەخۆ دەگرێت. لەلایەکیترەوە ناڕەزایەتییە جۆراوجۆرەکان پانتایی ئێران و هەموو سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی داگرتووە.

ئەو هێزە ئیدۆلۆژیک و تەعەسوبییە کە بە درۆیەک فریوی دەخوارد و گیانفیدایی بۆ کۆماری ئیسلامی دەکرد، ئێستا وا نەماوە. بەرتیل و رشوە وەرگرتن لە هەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە. جارێک لەگەڵ شەهید کاوە توانیمان ئەو ریسکە بکەین و سەری گرت. رەمی گوشی موبایلی کارمەندێکمان کڕییەوە و مۆبایلەکەی خۆشی پێ داین چەند وێنەیەکمان لەناو بەندی دووی ئەوکاتی زیندان بە دووربینەکەی هەڵگرت.

رەمەکەمان شاردەوە و لای شەهید کاوە بوو کە دواتر بە نووسراوەیەکی خۆیەوە لە لاپەرەی فەیسبووکەکەی داینا و منیش لەوەوە شەیرم کرد و ئەمەی نووسیوە لە سەری:

(کاوە جەوانمەرد: زیندانی مەراغە ساڵی ١٣٨٧ یادی بە خەیر نەبێ! زیندانی مەراغە ساڵی ١٣٨٧ یادی بە خەیر نەبێ!- جا سەیری ئەو دیمەنە جوانانەی ناو زیندانی مەراغە بکەن کە بە موبایلێک لە گەڵ هاوڕێ تێکۆشەرم کاک دارا قورەیشی بە هەزار فرت و فێڵ لە بەیانیەکی ئەو ڕۆژە ناخۆشانە کێشاومانە کە ئەگەر کەشف کرابایەن لانیکەم یەکێک ٢ ساڵیتر زیندانیان بە سەرماندا دەسەپاند!- سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ کاک دارا بیرەوەریی زۆر خۆش و لەبیر نەکراومان بوو، بەڵام بە ڕاسی ڕۆژانێکی زۆر سەختمان تێپەڕاند، ئەوە ڕەسمانە حەمام، ئۆتاقەکەمان، هەوا خوەری، ئاودەستەکانی کۆشکی مەراغەیە کە ئێستاش بیری لێ دەکەمەوە خەریکە دڵم بتۆقێ.- سەر بەرزم بەوەی کە وەک خۆم ئێستە هەست بەو دەردەی کە هاوڕێیانی دیکەم لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئێراندا دەیکێشن دەکەم بە ئەو چەند ساڵە کە لەگەڵیان بووم.- هیچ شتێک لەم دنیا بە قەدەر لە بەندبوون پێ ناخوش نییە و هەر بە خوشی یادی ناکەم، بەڵام ئەو کاتانە کە لە زیندان بووم، هەروەها زۆربەی هاوڕێیانی دیکەشم، خۆمانمان بە پاشای سەر تەخت نەدەگۆریەوە...- ئێستەش هەموو سات و کاتێکم بە یادی ئەو کەسانە تێپەڕ دەبێ کە ئێستاش لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئێران شەو و ڕۆژ بە سەر دەبەن...- لەم زیندانەی مەراغە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بە فەرمی ئازاد بوو جگە لە من و کاک دارا بەداخەوە هەموو هاوبەندییەکانی دیکەمان مەوادی مۆخەدێریان مەسرەف دەکرد کە بۆ خۆی تراژیدیایک بوو کە باسکردنی ئێستەش وەحشەتم بو دروست ئەکات.- کاک داراش چالاکی سیاسی بوو کە ئەو ڕۆژانەمان پێکەوە تێدەپەڕاند و بە خۆشییەوە ئێستا درباز بووە و لە کەناڵی ڕۆژهەڵات بە سەربەرزی خەریکی تێکۆشانە.- بەڕاستی بەڕاستی مافی مرۆڤ و ئەم شتانە لەو زیندانە بوونی نەبوو... بوونی نەبوو).

ورده ورده لە کاتی کۆتایی حوکمەکەی شەهید کاوە لە زیندانی مەراغە نزیک ببووینەوە. پێیان ڕاگەیاندبوو دەیبەنەوە زیندانی کوردستان. دیارە

کاک کاوە حوکمی دیکەشی بەسەردا سەپابوو جگە لەو حوکمە کە دەبوو لە مەراغە تێپەڕی کات. لە لایەک پێم خۆش بوو کە بەشکەم حوکمەکەی دیکەی تەواو بێت و لەلایەکیش هەستێکی خەمباریم هەبوو بۆ ئەوە کە هاوڕێ خۆشەویستەکەی زیندانم لێ دوور دەکەوتەوە و بە تەنیا دەمامەوە. لام ناخۆش بوو. پێش دوورخرانەوەم بۆ زیندانی مەراغە، ماوەی نزیک ساڵی یەکەمی دەورانی بیلاتەکلیفی و پێش حوکم پێدرانم لەگەڵ ئاواتی قوڕەیشی برام کە پێکەوە سەبارەت بە کاری تەشکیلاتی کۆمەڵە گیرابووین، لە زیندانی بۆکان هاوبەند بووین.

بە هاوڕێیی، هاودەمی و یارمەتی باشی یەکتر نزیکەی یەک ساڵمان لە ماوەی زیندانییەکەمان تێپەڕاندبوو. دوابەدوای ساخبوونەوەی حوکمەکەمان ئەویان بۆ زیندانی تەورێز و منیان بۆ زیندانی مەراغە تەبعید کرد. ئەم جیابوونەوەانە زۆر ناخۆش و قورس بوو. ئەمجاریش دەبوو لە شەهید کاوە دوور بکەومەوە. ئەم دابڕانەش زۆر دژوار بوو. پاش ئەوە ئیتر پێوەندیمان لە ڕێگەی تەلەفوون بۆ بنەماڵەکانمانەوە بوو.

چەند مانگ دوای ڕۆیشتنی شەهید کاوە زیندانییەکەی منیش تەواو بو و هاتمە دەرەوە. زۆری نەخایەند دیسانەوە بەهۆی درێژەی چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی و چاوەدێری ئەمنی بەسەرمەوە لە ئێران دەرباز بووم و هاتمە هەرێمی کوردستان و بوومە پێشمەرگەی کۆمەڵە. جارێک لەلایەن شەهید کاوەوە تەلەفوونم بۆ کرا و بە گوێبیست بوونی دەنگی زۆر خۆشحاڵ بووم. زانیم کە ئەویش دەرباز بووە و بووەتە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات. دوای ئەوە ناوە بەناوە پێوەندی تەلەفونیمانمان هەبوو، تاکوو بەرلە نیوەڕۆی ڕۆژێک لە پرسگەی ئوردوگای ناوەندیی کۆمەڵەوە ئاگادار کرامەوە کە میوانم هاتووە. چوومە پرسگە بینیم شەهید کاوە و هاوڕێیەکی کە بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە، بەڵام ئەویش ئەندامی حیزبی دێمۆکرات بوو و دۆستایەتی لەگەڵ مامە عەودە (عەبدوڵا عەزیمی کادری ڕێبەریی کۆمەڵە) هەبوو، بە ماشێنێکی باری گەورە هاتبوون بۆ سەردانمان.

زۆر بـە دیـداری شـاد بوومـەوە زۆر بیرەوەریـی لەبیرنەکراوەمـان بـۆ زینـدوو بـووەوە. لـە ژوور و ماڵەکـەی مـن بوویـن و دواتـر بـە داوای ئـەو هاوڕێیـەی کـە لەگـەڵ شـەهید کاوە هاتبـوو چووینـە ماڵـی مامـە عـەودە لـە بەشـی ناوەنـدی و سـەرکردایەتی کۆمەڵـە. کاتـی نانـی نیـوەڕۆ هـات و مامـە عـەودە کـە خـۆی لـە مەقـەڕی ناوەنـدی بـوو، وتـی: لێـرە نانـی نێـوەڕۆ بخۆیـن، یـان بچینـە شـوێنی نانخواردنـی مەقـەڕی ناوەنـدی؟

ئـەو هاوڕێیـەی شـەهید کاوە چـوون بـۆ مەقـەڕی ناوەنـدی هەڵبـژارد و چەوینـە ئـەوێ. بەڕێـز کاک عەبـدوڵای موهتـەدی لـەوێ بـوو. مـن شـەهید کاوەم بـە کاک عەبدوڵـڵا و باقـی هاوڕێیـان ناسـاند و لـە کاتـی نانخـواردن و دواتریـش بـۆ دوو کاتژمێرێـک پێکـەوە بوویـن. زۆرمـان بیـرەوەری خۆمـان بـۆ هاوڕێیـان گێڕایـەوە. بارودۆخـی زینـدان و زیندانـی سیاسـییمان بـاس کـرد. بەداخـەوە شـەهید کاوە و هاوڕێکـەی کاتـی ڕۆیشـتنیان هـات و مەجالـی پێکەوەبوونـی زیاترمـان نەمـا و ڕۆیشـتن.

دواییـن جـار کـە شـەهید کاوەم بینـی، کاتێـک بـوو کـە بـە مەرەخەسـییەکی چەنـد ڕۆژە لـە کاری تەشـکیلاتی، بـۆ بەسـەر کردنـەوەی هاوڕێیانـی هاوبەنـد و خـزم و کەسـم لـە هەرێمـی کوردسـتان دەورە سـەفەرێکم کـرد. چوومـە سـەردانی کاک فاتێـح حەیرانـی لـە بەحرەکـەی هەولێـر. دواتـر چوومـە سـەردانی دادە ناهیـد حۆسـێنی لـە ئـوردووگای حـدکا کـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی ئـەوکات و خـزم و خاڵۆزامـە. لـەوێ جارێکـی دیکـە بـە دیـداری شـەهید کاوە شـاد بوومـەوە. زۆر پێکەنیـن و زۆرمـان قسـەی خـۆش کـرد. بیرەوەرییەکانمـان وەبیـر دەهاتـەوە و باسـمان دەکـرد. باسـی هەدانـەدان و پرۆگـرام و پلانـە داڕیژراوەکانـی خۆمـان لەنـاو زینـدان کـرد کـە وەک چاوەڕوانـی خۆمـان چوونەتـە پێشـەوە.

بـۆی بـاس کـردم لـە بەشـی ڕاگەیاندنـی تەشـکیلاتی حـدکا کار دەکات و بـە بۆنـەی کاریگەریـی ئەرێنـی کـەش و شـوێن و کـۆڕی خەبات و کاری پێشـمەرگانە،

هەمـوو خـەم و ئازارەکانـی زیندانی لەبیـر کـردووە. زۆر سـەر و دڵخۆشـم بینـی و زۆر پێـی خۆشـحاڵ بـووم. بـە داخـەوە ئـەم چاوپێکەوتنـە دواییـن چاوپێکەوتنـم لەگـەڵ ئــەو هــاوڕێ ئازیــز و خۆشەویســت و تێکۆشــەرە بــوو. ئــەو ڕۆژەی هەواڵـی دەرگیـری تیمـی پێشـمەرگەی حـدکا و هەواڵـی ناخۆشـی شـەهیدبوونی چەنـد لـە پێشـمەرگەکانی ئـەو تیمـەم پێگەیشـت لـە زاگرۆسـی کۆمەڵـە (بەشـی تەشـکیلاتی نهێنـی کۆمەڵـە) بـووم.

بەشـێک لـە هاوڕێیانـی نهێنیـی بەشـی مەریوان و سـەوڵاوە کـە دەرگیرییەکەیان ئـاگا لێببـوو، هەواڵەکانیـان بـۆ ئێمـە لـە زاگرۆس ڕادەگواست. ئامادەیـی خۆیان دەردەبـڕی کـە بچـن بـۆ یارمەتیـی ئـەو تیمـە دەرگیـرەی ئـەو پێشـمەرگانە کـە لـە دەرگیریـدا بـوون لەگـەڵ هێزەکانـی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی. ئێمـە بـە پشتراسـتی نەماندەزانی پێشـمەرگەی کام حیـزب و لایەنـن، بۆیـە هەواڵەکەمـان بـە چەنـد لایەنـی حیزبـی گەیانـد و لـە ئامادەبوونـی یارمەتـی و ئیمکانـی خۆمـان ئاگادارمـان کردنـەوە.

زۆری پــێ نەچــوو هەواڵــە گەیشــتووەکان زیاتــر پشتراســت بوونــەوە کــە ئـەو یەکـە پێشـمەرگەیەی کەوتوونەتـە گەمـارۆ، پێشـمەرگەی حـدکان و بەپێـی هەواڵــەکان زانیـم یـەک لـەو پێشـمەرگانە شـەهید کاوەیـە. زۆر بەلامـەوە سـەخت و ناخـۆش بـوو. نەمدەزانـی بـۆ ڕزگارکردنـی چیـم لەدەسـت دێ. پێوەندیـم بـە کاک سـەید عێـزەت لـە ئەمنییەتـی حـدکا کـرد و دیسـانەوە هەواڵەکـەم پـێ ڕاگەیانـدوو پێـم وت: کاک کاوە ڕفێـق و هاوڕێمـە بـە ئەرکـی حیزبـی و شەخسـی چیمـان لەدەسـت دێ پێمـان بڵێـن.

کاک سـەید عیـزەت وتـی: نیگـەران مەبـن دوور کەتوونەتـەوە و هەواڵـەکان بـۆ ئـەو دوو هاوڕێیـە تـا بـە ئێسـتا دڵخۆشـکەرە و لـە هەوڵداین. دیـارە لـەوە دڵنیـام هاوڕێیانـی پێوەندیـدار لـە حـدکا چـی لـە توانـادا بووبـێ کردوویانـە و لەوانەشـە هـاوکاری و هەوڵـی ئێمـەش بـۆ ڕزگاربوونیـان بـێ ئـاکام بوایـەت.

وابـوو بەداخێکـی گـەورە و گرانـەوە هەواڵـی شـەهید بوونیـان گەیشـت و دڵـە

گەورەکـەی شـەهید کاوە لـە ڕێگـەی پیـرۆزی ڕزگاریخوازانـە بـۆ کوردسـتان لـە لێدان کـەوت و زۆر مخابـن ناتوانـێ ڕزگاری کوردسـتان بـە چـاوی خـۆی ببینـێ، بـەڵام یـاد و بیرەوەرییەکانـی بـۆ هەمیشـە لـە دڵمـدا زینـدووە.

بـۆ جارێکی‌تـر سەرەخۆشـی لـە هاوسـەری خۆشەویسـتی شـەهید کاوە و خوشـکی ئازیـزم دادە ئاژیـن ڕەزابـی، دایـە نەهیـە دایکـی شـەهید کاوە، کاک ڕەئـووف بـرای شـەهید و هەمـوو بنەماڵـە و هاوڕێیانـی ئازیـزی دەکـەم. بـە هیـوای گەیشـتن بـە ئامانجـە بەرزەکانـی هەمـوو شـەهیدانی کوردسـتان.

سـەرکەوێ تەبایـی و ڕەبایـی و هاوڕێیەتـی و یەکگرتنمـان کـە پاداشـی شـەهید کاوەکانە.

شەریف بێهرووز:

## شەهید کاوە، شۆڕشگێڕێك بوو تژی لە ئیرادە

ڕاسان، وەکوو لاپەڕەیەکی نوێ و زێڕینی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی لایەنی هەر دیار و بەرچاوی پێشاندانی هێز و توانای پێشمەرگە و بوونی لە جەرگەی ڕۆژهەڵات دایە و بێگومان ئەمە لایەنەی هەر زەق و بەرچاو و گرینگیەتی، بەڵام هاوکات ڕاسان بیرۆکەیەکی بەخۆداچوونەوە و دووبارە خوێندنەوەی شێوە کاری حیزبایەتی و کاری سیاسییە کە وەکوو حیزبێک لە دەرەوەی نیشتمانی داگیرکراوماندا درێژە بە خەباتی سیاسی و چەکداری دەدەین.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕاسان پێداویستییەکی مێژوویی بۆ ئەم برگەیە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەایەتی بووە و لە برگە حاستەمەکانی خەباتی نەتەوەکەمان برگەی ئاوەهە زێرین و چارەنووسسازمان هەبووە، بۆ وێنە خەباتی چەکداریی ساڵانی ٤٦-٤٧، بەڵام بوونی مێشک و هزری نوێ بۆ ئەم شێوە خەباتە و بۆ ئەم ڕاسانەی ڕۆژهەڵات پێداویستییەکی مێژوویی بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران، بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی‌تری ناو ئێران، بەردەوامیی گرێدراوبوونی بزووتنەوەکەیە بە لانکەی نیشتمانەوە کە هەم ئەو فیداکارییە و قوربانییەی رابردوو لەبیر نەکراوە و هەمیش بەردەوام خوێنی نوێ و تازە تێکەڵاو بەو لەشە بووە کە بەردەوام زیندووی ڕاگرتووە. ئەم گرێدراوییە وای کردووە کە نەوێ نوێ بەردەوام بەم بزوتنەوەیەوە پەیوەست بێت و خوێندنەوەی نوێی بۆ دۆخەکە هەبێت و ئەم گرێدراوییەش پتەوتر و بەربلاوتر بکات.

بڕیاری راگەیاندنی ڕاسان بڕیارێکی تاکەکەسی و یەکلایەنە نەبوو، بڕیارێکی بەکۆمەڵی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات بوو، بەڵام ڕۆڵی تاکەکان لە ڕاگەیاندن و سووربوون لەسەر راگەیاندنی و پلان و بەرنامە دانانی زۆر یەکلاکەرەوە بوو. لێرەدا ناکرێ ڕۆڵی تاکەکان ناو شۆڕش دانە بە دانە باس بکەین و ناویان بێنین، بەڵام ڕۆڵی ئەوانەی وا کە گیانیان لە ڕێگای ڕاسان بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی فیدا کرد، ناکرێ باس نەکرێ و ڕێزیان لێ نەگیرێت.

شەهید کاوە جەوانمەرد، یەکێک لەو ڕۆڵە بەجەرگ و بەئەمەگ و خاوەن ئیرادەیە بوو کە تا دوایین ساتەکانی ژیانی بەم ڕێگا و ڕێبازە وەفادار مایەوە و ڕۆڵی ئەم کادرە پێگەیشتووە و تێگەیشتووە لە مێژووی کەمی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا وەکوو چرای ڕووناکی دەدرەوشێتەوە و باسی لێوە دەکرێت. شەهید کاوە ڕۆڵەیەکی پێگەیشتوو و پێشمەرگەی شار بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەرەوەدا گەورە بووە و هەموو ئەو نەهامەتییە و ناخۆشییانەی ژیانی چێشتووە، بەڵام بیر و باوەڕی قووڵی بە ڕێبازی باوکی شەهیدی هەبوو و هەولی دا وەکوو پێشمەرگەیەکی شار بە قەڵەمی دەستی چەک بەرەو دووژمن هەڵبگرێ، بەڵام لەو کاتەوە کە من شەهید کاوەم بینی لە دیوە بچکۆلانەکەی لە کاتی حەسانەوەیدا، لەسەر رەخت و خەشابەکانی دەخوت بۆم دەرکەوت کە ئەم خەباتگێڕە تەنیا پێنووسەکەی بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن پێ بەس نەبوو، بەڵکوو باوەڕی قووڵی بەوە هەبوو کە پێنووس بەبێ هێزی چەک، لە بەرامبەر ڕێژێمێکی دڕندەی وەکوو ئێران زۆر بڕ ناکات و هەردووکیان پشتیوان و تەواوکەری یەکترین.

سەرەتای ناسینی من لەگەڵ شەهید کاوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاوینی ٢٠١١، شەهید کاوە پاش کێشانی چەندین ساڵ بەندکران و زیندان لەسەر کار و چالاکیی سیاسی لە ناوخۆ، ناچار نیشتمانی بەجێ دێڵێت و پێوەست بە ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات دەبێت. پاش بڕینی فێرگەی

سیاسی- نیزامی لە دەورەی ١٩٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٥ی ٥ی ٢٠١٠دا سەرکەوتوانە کۆتایی پێ دێنێت. نزیکەی کەمتر لە ساڵێک لێهاتوویی و پێگەیشتوویی خۆی بە حیزبەکەی دەسەلمێنێ و لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبدا ئەرکی پێ دەسپێردرێت کە من لەگەڵی ناسیاو بووم. جیا لەو ئەرکانەی پێیان سپاردبوو، بۆ خۆی وەکوو کەسێکی خاوەن هزر، هێندێک پڕۆژە و بیرۆکەی میدیایی لە مێشکیدا بوون کە داوای هاوکاریی لە من کرد و منیش قەبووڵم و کرد و بەڵێنیم پێ دا بەپێی توانا هاوکاریی بکەم. بەو هیوایە لە داهاتوودا بتوانم ئەو کارانەی کە بەیەکەوە ڕامان پەڕاندن و ئەو قسانەی بەیەکەوە ئاڵوگۆڕمان کردوون بە یادی ئەم نەمرە بیانخەمە ڕوو، بەڵام دەبێ ڕاشکاوانە بڵێم کە زۆربەی بیرۆکەکان و پێشنیارەکان هی خۆی بوون و بە ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر توانیمان سەریان بخەین. لە پرۆسەی کار لەگەڵ یەکتر و قسە و باسی زۆر، کەسایەتیی شەهید کاوە بۆ من زیاتر ناسراوتر بوو و ڕاشکاوانە بڵێم کە لەگەڵ زۆرێک لەو تێکۆشەرانەیتر کە لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئیش و کاری حیزبایەتی لە ناوخۆ و دەرەوەدا کار دەکەم، جیاوازیی زۆری هەبوو کە لەسەر یەک ئەم تایبەتمەندییانە کەسایەتیی ئەو نەمرە جیاواز پێشان دەدەن.

## کەسێکی خاوەن هەڵوێست

چڕوپڕتر بوونی پێوەندییەکانی ئێمە ئەوکات زیاتر بوو کە شەهید کاوە ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتیی (تیشک تی ڤی)ی گرتە ئەستۆ و هاوکاری و هاوفکری ڕاگەیاندنی ئێمە زیاتر پەرەی سەند. جێگەی پەنجەی ئەم نەمرە لە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامە جیاوازەکانی تیشک تی ڤی و باشترکردنیان بە باشی دیار بوو. دیارە بەداخەوە تەمەنی تیشک تی ڤی ئەوکات لەگەڵ تەمەنی شەهید کاوە کۆتایی پێهات، بەڵام ئەگەر هاتبا و شانی (تیشک

تـی ڤـی) مابـا و شـەهید کاوەش تەمـەن زیاتـر مۆڵەتـی پێدابا، پێشـەوەچوون و سـەرکەوتنی بەرچاوی بەخۆیـەوە دەبینـی، بـەڵام ئـەوەی بۆ مـن گرینـگ بـوو و لەسـەر کەسـایەتی ئـەم نەمرە بۆم دەرکـەوت، ئـەوە بـوو کـە کەسێکی خـاوەن هەڵوێسـت بـوو. بەداخـەوە لـە حیزبـی ئێمـەدا هـەن کەسـانێک کـە حەزیـان لێیـە کەسـانی خـوارەوەی ئـەوان بـۆ ئـاو خواردنـەوەش ئیـزن لـەوان وەربگـرن و ئـەم کەسـانەش کـە وردە وردە پێدەگـەن، هـەر بـەو کەلتـوورە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ کەسـانی خـوارەوەی خۆیـان دەکـەن.

شـەهید کاوە تـا ئـەو جێگایـەی توانیبـای و دەیزانـی کـە لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتیدا سـنووری بـۆ دیـاری نەکـراوە، بـۆ خـۆی کارەکانـی دەکـرد و هەڵوێسـتی دەگـرت. دیـارە ئەمـە بەمانـای ئـەوە نییـە کـە کەسێک بـە غـروور بێـت، بەڵکـوو بـە پێچەوانـە ئـەوەی تێـدای نەبـێ غـروور بـوو، بـەڵام بـاوەڕی قووڵــی بــە ئیــرادە و هەڵوێســتی تاکــەکان هەبــوو. مخابــن لــە بەرپرســانیش کەسـانێک هەبـوون کـە ئـەم هەڵسـوکەوتەی ئـەم نەمرەیـان بـەدڵ نەبـوو و شـەهید کاوەش بـەردەوام لەسـەر ئەمـە پرسـە لای مـن گلەیـی دەکـرد و منیـش دڵـم دەدایـەوە کـە سـارد نەبێتـەوە و لـە هـەوڵ و تێکۆشـانی بـۆ باشـترکردنی کارەکان بـەردەوام بێـت. لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ٢٠١٢ مـن بـۆ بەشـداری لـە کۆنگـرەی ١٥ی حیـزب گەڕامـەوە کوردسـتان و شـانازیی ئـەوەم پـێ بەخشـرا شــەهید کاوە و زۆرێــک لــە هاوڕێیانیتــر کــە تەنیــا لــە دوورەوە ناســیبوومن ببینـم و زۆر بـە کورتـی لـە نزیکـەوە هاوکارییـان بـم. لەمیانـەی ئـەم سـەفەردا هـەل ڕەخسـا کـە لـە کۆبوونەوەیەکـی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد کـە لـە هەولێـر گیـرا و مـن بانگهێشـت کرابـووم، بەشـدار بـم کـە بـە سـەدان کـەس لـە کوردانـی تاراوگـە بانگهێشـتی ئـەم کۆبوونەوەیـە کرابـوون کـە بەشـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی حکوومەتـی هەرێـم پشـتیوانیی کردبـوو. دیـارە ناکـرێ باسـی ڕۆڵـی دکتـۆر ئـاڵان دیلانـی نەکـرێ کـە ببووە هـۆکاری بەشـداریی بەرچـاوی کوردەکانی ڕۆژهــەڵات لــە تاراوگــە لــەم کۆبوونەوەیــەدا. منیـش ئەمـەم بـە هەلێکـی بـاش زانـی کـە تیشـک لـە نزیکـەوە چاوپێکەوتـن لەگـەڵ هێندیـک لـەو کەسـانە

بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بێ بێنە ناو بنکەکانی حیزب. ئەمەم لەگەڵ شەهید کاوە باس کرد، سەرەتا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی «دەتهەوێ زیاتر گوشارم بۆ بێنن و بە یەکجاری دەرمپەڕێنن» . منیش وتم هەرچی رووی دا لە ئەستۆی من، تەنیا تیمێکم بۆ چەند ڕۆژ بدەیە کە من ئەم بەرنامانە جێبەجێ بکەم. بەخۆشییەوە یەک و دووی لێنەکرد و سەرەڕای کەمیی کادری فەنی و کەلوپەلی تکنیکی، تیمێکی سی نەفەری بۆ هەولێر بەڕێ کرد کە هەر لە دیوی حەسانەوەی خۆم لە هۆتێلەکە چەندین بەرنامەمان بەرهەم هێنا کە جێگای خۆیەتی سپاسی کاک فەخرەدین حیسام موکری بکەم کە خانەخوێی بەرنامەکە بوو و هاوڕێیانیتری تەکنیک و فیلمهەڵگر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.

شەهید کاوە ئەگەر لە جێگەی و پێگەی خۆی ترسابا، بەدڵنییاوە وەکوو زۆر کەسیتر ئەم داوایەی منی پشتگوێ دەخست و زیاتر نیگەرانی ئەوە دەبوو کە نەکا هەڵەیەک روو بدات و کێشەی بۆ دروست بکات، یان نەکا لێ تووڕە بن کە بۆ بەبێ ئیزنی وان کەسی بۆ بەرنامە بانگهێشت کردووە. ئەو بە بڕوایەی کە بە منی هەبوو و بە خاوەن هەڵوێستیی خۆی دەرکەوتنی هێندێک کەسی جیاواز لەناو تیشک تی ڤی کە لە روانگەی دەرەوەی حیزبی سەیری پرسەکانی کوردستانیان دەکرد پێ شتێکی باش بوو و بێگومان بەبێ شەهید کاوە سەرگرتنی ئەمە مەحاڵ بوو. لە کاری سیاسی و گرووپیدا ورە و بەجەرگبوون زۆر گرینگە. قەرار نیێ بۆ ئاو خواردنەوەش لە ئۆرگانی سەرەوەی خۆت ئیزن وەربگری. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی شەهید کاوە بوو. زۆر سوور بوو لەسەر پرەنسیب و بەها حیزبییەکان، بەڵام هاوکات کەسێکی خاوەن هەڵوێست و خاوەن بۆچوونی خۆی بوو.

## ئومێدوار و ماندوویی‌نەناس

بە هەلومەرجەی ئێمە و بزووتنەوەکەمان کە لە ڕۆژهەڵاتدا تێداین، هەست بە هەناسەساردی و ناهومێدیی زۆر دەکەی کاتێک لەگەڵ تێکۆشەران ناو ئەم بزوتنەوەیە قسە و دەردی دڵ دەکەی. شەهید کاوە، بەهۆی هاوکاریمان زۆر جار دەردی دڵی لە کن من دەکرد و هەر کات دڵی گیرابا، یەکڕاست پێوەندیی بە منەوە دەکرد و بە لەنگ و لار لەگەڵی باس دەکردم. دیارە بەردەوام لەوەش نیگەران بوو کە منیش لە کارەکان دڵسارد ببمەوە، بەڵام ئەودەندەم دڵخۆشی دابووەوە کە ئیتر دەیزانی کە من چەرمم چڕ بووە و ئیتر ئەمانە کارم تێناکەن. لەم کۆتاییانەدا هەستم دەکرد تۆزێک لە شێوەی بەڕێوەچوونی کارەکان گلەیی هەبوو و لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا ئەم بابەتەی باس کرد کە زیاتر پێوەندیی بە کارەکانی تیشک و ماڵپەڕەکان و کاری ڕاگەیاندن بەگشتی هەبوو، بەڵام هەردەمیش ئومێدوار بوو کە کارەکان بە باشی دەچنە پێش. دیارە ناکرێ ڕۆڵی لێپرسراوی گشتیی حیزب، بەڕێز کاک مستەفا هیجری کە ئەوکات سکرتێری گشتیی حیزب بوو نەکرێت. هەرکات هەر شتێکی پێویست با لە دانیشتەکانی کە بەردەوام لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هەیبوو باسی دەکرد و ئەو رای وابوو کە کاک مستەفا زیاتر گوێ دەگرێ و زیاتر لە ویست و هەست و پێداویستییەکانی ئەو تێ دەگات. دیارە ئەمەش زیاتر هومێدی بەو دەبەخشی کە لە کارەکانی بەردەوام بێ و زیاتر لە بەردەوامی لە خەبات لەناو حیزبی دێمۆکراتدا سوور و خۆڕاگرتری دەکرد.

شەهید کاوە تێکۆشەرێکی بە واقیع ماندوویی‌نەناس بوو. بەهۆی بەرپرسایەتیی قورسی لە ڕاگەیاندنی حیزب ڕۆژانە زیاتر لە پازدە کاتژمێر کاری دەکرد و بە بەرپرسایەتییەوە کارەکانی ئەو ئۆرگانانەی خۆی چاوەدێریی دەکرد و بە باشی و دروستی بەڕێوەی دەبردن. هەر کاتێک پێویستی بە قسەکردن لەگەڵ من، یان کەسانی‌تر لە دەرەوەی وڵات با، زیاتر کاتی خۆی لەگەڵ ئێمە بۆ پێوەندیگرتن دەگونجاند و دەیوت هەر کات بۆ ئێوە

گونجاوە من پێوەندیتان پێوە دەکەم. جاری وابوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لە کاتی نیوەشەو تا بەرەبەیانی کاتی دیاری دەکرد کە بتوانێ لە کاتی گونجاوی ئێمە لەگەڵمان قسان بکات. هیوا و هومێدی زۆر بە کەسانی چالاک بوو کە بتوانێ لە بازنەی حیزبدا کۆیان بکاتەوە و کەڵک لە تواناییەکانیان وەربگرێ و بەڕاستیش لەم کارەیدا سەرکەوتوو بوو و دەیان کەسی لە بازنەی ڕاگەیاندنی حیزبدا کۆ کردبووەوە کە هەر یەکەو بەپێی توانایی خۆی خەریکی هاوکاریکردن لە بەشی ڕاگەیاندن بوون، بەڵام ئەوە ماندوویینەناسی و هەست بە بەرسایەتیی شەهید کاوە بوو کە ئەم هەموو هێز و وزەی لە دەوری بزووتنەوەکە کۆ بکاتەوە. بە بەرنامەیی و بە پلانی ئەو تێکۆشەرە هومێدی بە ئەو دەدا کە ئەم ماندووبوونە هەتاهەتایی نییە و ماندووبوونی ئەمڕۆ حەسانەوەی سبەی بەدوادا دێت.

## مرۆڤێك تژی لە دەریایەك ئیرادە

لەگەڵ زۆر لە هاوڕێیان لەو ماوەیەدا کارم کردووە، بەڵام لە شەهید کاوە بە ئیرادەتر و ورەبەخشتر لە حیزبدا نەمبینیوە. بەڕاستی زۆر حەزم بە کاردکردن لەگەڵی دەکرد و بە قسەکردن لەگەڵی بە کاتژمێر لێ وەرەز نەدەبووم. هەر کاتێ پێوەندیی دەکرد، کەڵکی لە چرکە بە چرکەی پێوەندییەکانمان وەردەگرت بۆ ئەوەی کە کارەکان بە باشی بچنە پێش. هێندێک جار سەری ئەوەندە قاڵ بوو کە دەرفەتی پێوەندیگرتنی زوو زووی نەدەبوو، بەڵام کۆی دەکردەوە سەریەک و لە هەلێکدا باسمان دەکردن.

شەهید کاوە کەسێک نەبوو کە تەنیا ئەو ماوەیەی بەرپرسایەتیی هەیە کارەکان بە شێوەی پێشوو، یان هەروەکوو جاران بچنە پێشەوە. هەوڵی دەدا بەردەوام جێگای پەنجەی دیار و جیاواز بێت. کارەکانی لە تیشک و ئەو بەرنامانەی کە بەرهەم هاتوون، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب بوو. هەستم دەکرد کە

ئیرادەی ئـەو ورە و ئیـرادەی لەنـاو باقـی کادرەکانـی تیشـک و ڕاگەیاندنـدا بـەرز کردبـووە و هەسـتێکی تایبـەت هەبـوو کـە پێشـتر لـەوێ هەسـتت پـێ نەدەکرد.

لەبیرمـە سـەرەتاکانی دارشـتنی سـایتی حیـزب کـە مـن کـەم و زۆر ئـاگادار بـووم، کارەکان چەنـد بـە هێواشـی و بـە کـزی دەچوونـە پێـش و ئـەو سـایتانەی هەشـبوون و ئـەو کەسـانەی کاریـان تێـدا دەکـرد، ئیرادەیـان بـۆ بەڕێوەبردنـی کارەکان زۆر کـەم بـوو، یـان هەسـتت پێنەدەکرد. شـەهید کاوە پـاش وەرگرتنـی بەرپرسـایەتیی سـایتەکان، زۆر زوو هەسـتی بـەوە کـرد کـە ماڵپـەڕی فەرمیـی حیــزب پێویســتە ئاڵوگــۆڕی بەســەردا بێــت و بــۆ ئەمــەش پــلان و پــڕۆژەی هەبــوو. بەدواداچوونێکــی زۆری بــۆ دارشــتنەوەی و دیزاینــی نــوێ بــۆ ئــەم ماڵپــەڕە کردبـوو و زۆری پێـوە مانـدوو ببـوو کـە ویژدانـەن شـتێکی باشـێ لـێ دەرهـات و ئـەوەی ئێسـتاش هەیـە کـەم و زۆر یـادگاری ئیـرادەی شـەهید کاوەیە. ئــەو دەیتوانــی بەبــێ ئــەوەی کــە خــۆ مانــدوو بــکات وەکــوو جــاران کارەکان بچنــە پێــش و بــەدوای دارێــژەری ســایت نەکــەوێ و بــۆ بڕێــک پــارە لێــرە و لـەوێ لـە ئـەم بەرپـرس و ئـەو بەرپـرس نەپاڕێتـەوە، بـەڵام ئـەو ئیرادەیـەی لـە شــەهید کاوەدا هەبــوو، ئیزنــی پــێ نــەدەدا لــە هەمبــەر کەموکوڕییەکانــدا بــێ هەڵوێسـت بێـت، بەڵکـوو بـەردەوام هەوڵـی دەدا بەچۆکیـان دابێنـێ و بـە سـەر نەهامەتییەکانـدا سـەربکەوێت.

## قسە نەرم و هێدی

هێـدێ و نـەرم و نیانـی و قسـە ئەژماردەیـی شـەهید کارە بـە ڕادەیـەک بـوو کـە لەگـەڵ هـەر کەسـێک بـە دڵێـک بـە ڕەقایـی بـەرد قسـەی کردبـا، نەرمـی دەکــرد و ڕازیــی دەکــرد. ئەوەنــد بــە هیــدی و لەســەرەخۆ و بــە نەزاکــەت و تێبینییــەوە قســەی لەگــەڵ دەکــردی کــە توانایــی ئــەوەت نەبــوو وەڵامــی «نـا»ی بدەیتـەوە. لـە پرۆسـەی دارشـتنەوەی ماڵپەڕەکانـدا، گرفتێکمـان کـە بـۆ هاتبـووە پێـش، دۆزینـەوەی کەسـێکی بـە توانـا و جێگـای متمانـە بـوو کـە

ئیش و کاری داڕشتنەوەکان و کاری تەکنیکی جێبەجێ بکات. دیارە روونە، پرسی تێچووی داڕشتنەوەکانیش گرینگ بوون کە هیچ کەس حازر نەدەبوو بە هەزاران دۆلار ئەم کارە بۆ حیزب بکات، ئەوانەی ئەندامی حیزبیش بوون. شەهید کاوە، ناوبانگی کۆچکردوو کاک «ئاسۆ نادری»ی بیستبوو و دەیهەویست بە جۆرێک کاک ئاسۆ، یادی بەخێر، رازی بکات کە ئەم ئەرکە وە ئەستۆ بگرێت. دیارە پاشان بۆم دەرکەوت کە کاک ئاسۆ سەرەڕای ئەوەی کە سەرتاپێ حیزب بوو، بەڵام هەم بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی و هەم بەهۆی هێندیک تایبەتمەندیی خۆی و لە هەمووی گرینگتر هیندێک هەڵسووکەوتی نابەجێی بەرپرسانی پێشوو کە کاری لەگەڵ کردبوون حازر بە کارکردن لەگەڵ حیزب نەبوو. لە ماوەیەکی کورتدا بەبێ ئەوەی کاک ئاسۆ نادری ببینێ، تەنیا لە رێگای قسەکردنەوە توانیبووی کاک ئاسۆ رازی بەم کارە بکات و وای لێکرد کە هانی کاک ئاسۆش بدات سەردانێکی کوردستان و بنکەکانی حیزب بکات کە زیاتر ورە و ئیرادەی کارکردنی لەگەڵ حیزب زیاتر کرد.

دیارە ئەمەش باس بکەم کە شەهید کاوە بە باشی زانیبوو پاش ئەو هەموو هاوکارییەی کاک ئاسۆ کردوویەتی کەسێک لە ئاستی بەرزدا لە سەرکردایەتیی پێوەندیی پێوە بکات و سپاسی بکات. ئەو هاوڕێی سەرکردایەتیی نازانم چۆن بۆ باسەکە دەچێ و کاک ئاسۆ چۆنی وەردەگرێ، لەجیاتی لاواندنەوە و هاندانی زیاتر کاک ئاسۆ تووڕە دەکات و وەڵامی شەهید کاوە ناداتەوە. شەهید کاوە لەگەڵ من پێوەندیی گرت و ئەمەی بۆ باس کردم و داوای هاوکاریی کرد کە ئەم تووڕەییە لە دڵی کاک ئاسۆ دەرکەین. پاش ماوەیەک دووبارە کاک ئاسۆ زیاتر لە رێگای شەهید کاوە دەستی بە کارەکانی کردەوە و تا دوایین هەناسەکانی کە لە نەخۆشخانەدا بوو هەر بەردەوام لە کارەکانی و خزمەت بە حیزب بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە جێگای ئەوپەڕی رێز و پێزانینە، بەڵام رۆڵی شەهید کاوە لە هاندانی کەسانی وەکوو کاک ئاسۆ و کێشانی تواناکان بە دەوری حیزب بێوێنە

بـوو کـە لـە هێـدی و هێمنـی و قسـە نەرمـی و خەڵکیبوونـی ئـەم مرۆڤـەوە سـەرچاوەی دەگـرت.

داخرانـی تیشـک تـی ڤـی، زەبرێکـی قورسـی نـەک لـە ئیـرادەی خەباتگێڕانـی ڕۆژهـەڵات، بەڵکـوو گشـت خەڵکـی ڕۆژهـەڵات دا و داخرانـی ئـەم تلویزیونـە و نەمانـی لەسـەر مانگـی دەسـتکرد و نەبوونـی وەشـانی لـە ناوخـۆ بـووە هـۆی دڵساردیی زۆر لەنـاو خەڵـک. شـەهید کاوە وەکـوو بەرپرسـی (تیشـک تـی ڤـی) لـە هەمـوو کـەس زیاتـر لـەم داخسـتنە تـووڕە بـوو، بـەڵام وەکـوو زۆرێـک لـە ئێمەمانـان دەسـەڵاتی ئـەوەی نەبـوو کـە بتوانـێ پێشـی پـێ بگرێـت. پـاش تەواوکردنـی پـڕۆژەی داڕشـتنەوەی ڕاگەیاندنەکانـی حیـزب و هێندێـک ئاڵوگـۆڕ لـە بەرپرسـایەتییەکان لـە ئاسـتی ڕێبەریـدا، شـەهید کاوە بڕیـاری دا بگوازرێتەوە بـۆ بەشـی ڕێکخسـتن کـە لەنـاو ڕێکخسـتندا، ڕێکخسـتنی ئاشـکریان لـە سیاسـی — نیزامیـی ئـەوکات پـێ سـپاردبوو. لەمـە بەشەشـدا وەکـوو ڕاگەیانـدن هەوڵـی دا جێگـە پەنجـەی دیـار بێـت و بـە پـڕۆژە و بەرنامـەوە شـان وەبـن کارەکان بـدات. دیـارە لـەم بەشـەدا ئێمـە زۆر هاوکاریمـان نەبـوو، بـەڵام منیـش ئـەوەم بە هـەل زانـی کـە بتوانـێ لـەم ڕێگایـەوە ئاوڕێـک لـە دۆخـی نالەبـاری ڕێکخسـتنی دەرەوە بداتـەوە و بتوانـێ لەمبـارەوە یارمەتیـدەر بێـت. هێندێـک قسـەمان کـرد و ئاڵوگـۆڕی بیروڕامـان کـرد لەمبـارەوە و قـەرار بـوو کـە کار گەیشـتە دەرەوە ئـەوکات لەگـەڵ یـەک زیاتـر قسـان بکەیـن. بەداخـەوە تەمـەن ئیزنـی نـەدا کـە جارێکیتـر لەمبـارەوە بەیەکـەوە قسـان بکەیـن، بـەڵام دیـار بـوو کـە شـێلگیرانە خەریکـی ڕێکوپێککردنـی ڕێکخسـتنی ناوخـۆی باشـووری کوردسـتانە، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی ڕۆژێـک لـە دەرەوەی کوردسـتان ژیابێـت ئـاگاداری کێشـەکانی ڕێکخسـتنی حیـزب لـە دەرەوەی وڵاتیـش بـوو و پێـی وابـوو ئـەم کێشـانە دەبـێ لـە دەرەوەی وڵاتـەوە چارەسـەرییان بـۆ بدۆزرێتـەوە، نـەک لـە ناوخـۆی حیـزب لـە کوردسـتان کـە ئـاگاداری هەلومەرجـی دەرەوە و تـاک بـە تاکـی وڵاتـەکان نیـن.

هەلومەرجـی خەبـات لـە ڕۆژهـەڵات و ئـەو دۆخـەی حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی

تێدانــە، مخابــن زۆرێــک لــەو چالاکانــەی نــاو حیزبــەکان لــە دەرەوەی بازنــەی ڕێکخســتن، یــان بنکەکانــی حیزبیــدا درێــژە بــە چالاکییەکانیــان دەدەن. دیــارە هــۆکار بــۆ ئــەم دیاردەیــە زۆرن کــە مــن کاتــی بابەتەکــەی پــێ ناگــرم، بــەڵام هومێــدوارم پێکهاتــەی نــوێ و ئیــرادەی ڕێبەرایەتیــی حیزبــی دێمۆکــرات بتوانــێ زیاتــر پێــش بــەم ڕەوتــەی ڕەوینــەوە و دوورکەوتنەوەیــە بگرێــت و کەڵــک لــە تواناییەکانیــان وەربگرێــت. شــەهید کاوە بــە هەســتکردن بــەم دیاردەیــە و خەسارناســی رای وابــوو کــە مــادام لــە تواناییەکانــی ئــەم تێکۆشــەرانە لــە ناوخــۆ بــە دروســتی کەڵــک وەرنەگیــراوە و بگــرە دڵیشــیان لــە حیــزب ئێشــاوە، باشــترە ئەمانــە بــە جۆرێــک لــە بازنــەی بزووتنەوەکــە پەیوەســت بکرێنــەوە و کەڵــک لــە توانــای و پوتانســییەلەکانیان وەربگیرێــت.

لــە بەرەبــەرەی نــەورۆزی ٢٧١٦ی کوردیــدا، بیرۆکــەی گرتنــی جەژنــی نــەورۆز لــە چیاکانــی کوردســتان، لــەو شــوێنانەی پێشــمەرگە لــێ جێگیــر ببوونــەوە، باســێکی گرینــگ بــوو کــە شــەهید کاوە بەهــۆی بەرپرســایەتیی لــە ڕێکخســتنی ئاشــکردا لــە ئەســتۆی گرتبــوو. لــە پێوەندییــەک کــە لەگــەڵ یــەک هەمانبــوو، ئــەم بیرۆکــەی لەگــەڵ بــاس کــردم و وتــی کــە هێندێــک هــاوڕێ نیگەرانــن کــە خەڵــک بەشــدار نەبێــت و تەداروکاتــی ئــەم ڕێوڕەســمە و هێنانــی خەڵــک و هتد... تێچووی زۆری بــۆ حیــزب دەبێــت. لــە درێــژەی قســەکانیدا وتــی کــە مــن دڵنیــام کردوونەتــەوە کــە فلســێک لــە گیرفانــی حیــزب بــۆ ئــەم ڕێوڕەســمە ســەرف ناکــرێ و هەمــووی بــە هیمــەت و زەحمەتــی ئەندامانــی ئاشــکرا لــە باشــوور جێبەجــێ دەبێــت. دیــارە ئەزموونــی گرتنــی بەرنامــەی ٢ی ڕێبەندانــی چەنــد مانــگ پێشــتری لــە هەولێریــش هەبــوو کــە ئەویــش هــەر بــە هــاوکاری و لەگــەڵ پێشــوازی بەرچــاوی ئەندامانــی ئاشــکرای حیــزب بــەرەوڕوو ببــوو و ســەرکەوتوانە بەڕێــوە چــوو.

هــەر لــەو نــەورۆزە بەشــکۆیە دابــوو کــە «ڕاســانی ڕۆژهــەڵات» بــە یەکجــاری ڕاگەیانــدرا و شــەهید کاوە وەک ڕازاوەتریــن و گەشــترین ســەرچۆپیکێشــی ڕاســان نــاوی دەرکــرد. نــاو و دەســتەواژە هێماکاییەکانــی وەکــوو، «خاکیپۆشــان و

نـەورۆزی جامانـەکان» و هـەوری و هتـد.. کـە ئـەمـڕۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بوونەتـە چەکـی هـەر تاکێکـی ئـەم کۆمەڵگەیـە و تـرس و لـەرزی لـە پەیکـەری ڕێژێمـدا پێکهێنـاوە، میراتـی بیـر و بـاوەڕی شـەهید کاوە و بەتایبەتـی و گشـت ئەویندارانـی ئـەم ڕێبازەیـە کـە لـەم قۆناغـەی ڕاسـان و سـەرهەڵداندا گیانـی خۆیـان پێشـکەش بـە نیشـتمانی سـەربەرز کـرد. لـە یەکـەم نـەورۆزی راسـاندا کـە چەخماخـەی لاپەڕەیەکـی نـوێ لـە خەبـات و بەرخـودان لێـدرا، پێکەنیـن و بـزەی سـەر رووخسـاری شـەهید کاوە پێشـانی دەدا کـە گەشـبینە بـە داهاتـوو و لەڕاسـتیدا لەگـەڵ ویژدانـی خـۆی ئاسـوودەیە کـە جووڵـەی ئـەم ڕێبـەرە جووڵەیەکـی بەهێـزی لـە بزوتنەوەیەکـدا وەڕێ خسـتووە کـە هەمووـمـان ئەمـڕۆ شـانازیی پێـوە دەکەیـن و جێـگای هیـوا و هومێـدی گشـت خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە کـە تامـەزۆری بینینـی پێشـمەرگە و سەربەسـتی و رزگاریـی وڵات لـە چنـگ داگیرکـەر و زوڵـم و زۆرداریـن.

ڕۆحـی شـەهید کاوە و سـەرجەم شـەهیدانی ڕێگای رزگاریی کورد و کوردسـتان شـاد و ڕێگایـان هەمیشـە پـڕ ڕێبـوار بێت.

# مانیفێستی شۆڕشگێڕی

ئەلبورز ڕووئینتەن

ڕاسان، ناوێک بوو کە جارێکیتر هیوای گەلی کوردی بۆ ڕزگاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندوو کردەوە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو ئەو خوێنەی کە ڕێبەرایەتی ڕاسان لەپێناو زیندووبوونەوەی ئەو هیوایە کردە فیدای نیشتمان و گەل.

ئەو چەندە لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا شتێکی نوێ نییە. لە خوێن و گەوهەری ئەو حیزبە دایە، کە لە گیانفیداکردن بۆ نیشتمان پێشڕەو بێت، بە شێوەیەک پێشەواکەی پەتی سێدارە قەبووڵ دەکا بۆ ئەوەی گیانی هاونیشتمانیانی کورد بپارێزێت، ڕێبەرانی زیندان دەکەنە سەنگەری خەبات و شێلگیربوون، مێزی گفتوگۆ سەرەڕای زانینی ئەزموونی فریو و درۆی دوژمن دەکەنە سەنگەرێکیتر بەشکەم بتوانێ دەرگایەک بۆ کورد بکاتەوە، ڕێبەری دیکە سوێندی پەیمانی دەبێتە یان ئازادی، یان سەردانان لەڕێگەی ئازادی، بە هەزاران هەزار ڕێبواری ئەو ڕێگەیە کە مەرگ بە نرخی ئازادی دەکڕن و میدالیای شۆڕشگێڕی لە سینگ دەدەن و ناویان پێشمەرگە و ئامانجیان ئازادی و شەهیدبوون بە سەربەرزی دەزانن.

زۆر جار کە لە گێڕانەوەی مێژووی ئەو فیداکارییە بۆ نەوەی نوێ کەمتەرخەمیش دەبین و هەن کە هەڵدەستن بە هەمان خوێن و کردەوە ڕێبواری هەمان ڕێگا گەوهەری گیانفیدایی لە مێشک و دڵیاندا وەک ڕێبەرانی نەمرمان هەیە و داستانی ئەوان دەبێت بە وانەیەکیتر لە وانەکانی خەباتی

نەتەوەیەکی بە کەرامەتی وەک کورد کە بۆ ئازادی تێدەکۆشێت.

شەهیدانی ڕاسان و داستانی ژیان و شەهیدبوونیان بە مانای وشە مانیفێستی شۆڕشگێڕین، چونکە هەر یەکەیان بە جورێک داستانی گەلەکەیان لە سینگدا بۆ خاک برد تا داری ئازادی گەشە بکات و بۆ ساتێکیش نیشتمان بحەسێنتەوە.

لەوانە شەهید کاوەی جوانمەرد، چەندین لایەنی چیرۆکی ئەو شەهیدە جێگەی سەرنجن و هەبوونیان لە سەردەمی ئێستا هیوای ئازادین و بە شیکردنەوەی ئەو لایەنانەی ئەو شەهیدە سەربەرزە دەردەخات کە دۆزی ڕەوای گەل سەرەڕای دڕەندەیی دوژمن لە خوێنی گەلدایە.

وەک بنەماڵەی شەهید، باوکی شەهید کاوە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی لەسێدارە دەدرێ لەسەر ئەوەی کە بۆ ڕزگاریی گەل خەبات دەکات و هەبوونی شەهید کاوە نموونەی هەرە زیندووی ئەوەیە، کە بە مەرگ ناتوانرێت خەباتی گەلێک لەنێو ببردرێت، یا کورد بە مەرگ دەست لە خەباتی ڕەوای هەڵناگرێت، ئەگەر نەجمەدینی باوکی لەسێدارە دەدرێت، بەڵام دوای سی و چەند ساڵ کوڕەکەی دەبێتە چەخماخەی شۆڕشێکی گەورە کە هیوایە بۆ چەندین ملیۆن کورد و هەموو ئازادیخوازێک کە لە دێوی کۆماری تیرۆریست وە زاڵە هاتوون.

وەک چالاکوانێکی خەباتی مەدەنی هەر لە سەرەتای پێگەیشتنییەوە لە ڕێگەی جوراوجۆرەوە هەوڵ دەدات بتوانێت دەرتانێک بۆ هێنانە بەرباس و دابینکردنی داخوازە ڕەواکانی هاونیشتمانانی برەخسێنێت و هەر لە زووەوە و لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە بە نهێنیش دەبێتە بەشێک لە تەشکیلاتی حیزبی دایک و پێشڕەو تا پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی خەبات و تێکۆشان نەپچڕێت و بەردەوام بێت.

وەک لاوێکی خولیای ئازادیش نەتەیا یەک سات لە خۆپێگەیاندنی خۆی

غافڵ نەبووە، بەڵکو وێڕای هەموو ڕێگرییەکانی کۆماری ئیسلامی و زیندان، خۆی لە بواری جیاجیادا پێدەگەیەنێت تا بتوانێت زانستی و تواناکانی بخاتە خزمەت شۆڕش جا لە هەر قۆناغ و شوێنێک بێت.

وەک زیندانییەکی سیاسی و چالاکوانی مەدەنی میلەکانی زیندان و دیواری سارد و ئازار و ئەشکەنجە ڕقئەستورتری لە سەر بەردەوامیی خەبات تێکۆشان شێلێگیری دەکەن بۆ ئەوەی ئازادی بەدەست بێنێت، ئەو چەندەش نموونەی شۆڕشگێڕی کوردە کە شەهیدبوونی باوکی، زیندان و ئەشکەنجە ڕێگری ناکات تا ئەوەی دەست لە تێکۆشان هەڵبگرێت، بەڵام نەتەنیا دەست هەڵناگریت، بەڵکوو شێلگیرتر دەبێت.

وەک پێشمەرگە کە دەبینێت هەموو دەرفەتەکان بۆ خزمەتی زیاتر لە ناوخۆ لەدەست دەچن، دێتە ڕێزی پێشمەرگەوە وەک لاوێکی خۆێنگەرم و لێهاتوو ڕۆژ لە دوای و پلەکانی یەک بە یەک لە سەرەتاوە بە سەرکەوتوویی دەباتە سەر و ئەوەی دەبنین خوێنی شۆڕش لە ڕەگیدا دەسووڕێتەوە و ناڵێت دوای باوکێکی شەهید و زیندان و یادگاری بابە و ئازیزی دایەبوون و ژیانێکی ئاسایی ببەمە سەر، بەڵکوو دەڵێت شۆڕش لەکوێ پێویستی بە من بێت، دەبێ لەوێ بم و دەبێتە پێشمەرگەیەکی نموونە و درێژە بە خەبات دەدات.

وەک پێشمەرگەیەکی نوێ بە بیرێکی سەردەمیانە و بە هزرێکی پێشکەوتووەوە وێڕای بەجێهێنانی ئەرکەکانی کار دەکات بۆ سەرخستنی ئامانجی حیزب و پێشخستنی ڕێکخراوەی پێشڕەو هەر لەو سۆنگەیەوەش هەست بە گرنگیی دونیای ئێنتێرنێت و بۆشایی لەو بوارەدا دەکات هەر بۆیەش کار دەکات بە وەڕێخستنی وێبسایت و ئاژانسی «کوردپا» و وەک ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتوو لەو بوارەدا کاری کرد و بە کردەوە سەلماندی ئەو کارە پێویستییەکی سەردەمی شۆڕشە.

وەک ئەندامێکی ڕێبەری بەشێک بوو لە هێزی بڕیاری «ڕاسان» و

ئەنجامدانی بەرنامە و پلانەکانی تەنانەت کاتێک کە پێویست بوو نەیگوت ڕێبەریم و وەک کولتووری نێو حیزبیمان لە ڕیزی پێشەوەی پێشەوە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان وەک ڕۆڵەیەکی نەبەز هەنگاو هەنگاو کۆڵەپشتیی بڕیارەکانی ڕاسانی لە شاخی کوردستانی ڕۆژهەڵات جێبەجێ دەکرد.

وەک فەرماندەیەک بە هێز و وزەیەکی بەتین بەرەوڕووی هێزێکی بەرفراوانی دوژمن بووەوە و سەلماندی تا کورد مابێت، نەتەنیا شەهیدان «خەلیل خەلەبان، حەکیم ڕەزایی، سەرگورد عەلیار، سەروان حاتەم، عەبدوڵڵا شەریفی و شەهید نحۆ باپیر شکاک» و هەموو قارەمانانیتری لێنابڕێ، بەڵکوو یەک دەڕۆن و هەزار شوێنان دەگرنەوە.

لە شەڕیشدا شۆڕشگێڕانە نەیانهێشت دڵی دوژمن خۆش بێت و وێڕای ئەوەی بە هلیکۆپتەر و هێزێکی زۆر و بەرد بەردی کۆسالان گەڕان، بەشکەم بتوانن بیانگرن، نەیانزانیبوو کە ڕۆڵەی دێمۆکرات بەرنامەی ڕاسان لە سینگیاندا بۆ هەمیشە بۆ ناو دڵی خاک دەبەن و نەک ئەوەی بکەوێتە دەست نەیاران و نارنجۆکی تیکەتیکەکەر لە سەر جەرگ و هەناوی پۆڵایینی خۆیان دانا و وەک «ئەرشەدی»ی شاعیر گۆتەنی «بە باڵی نارنجۆک فرین». کۆسالانیش وەک هەورامان و شاهۆ و بێستوون و ئاویەر و ئەربابە و ئاگری شایەدی بۆ خەباتی قارەمانێتی ڕۆڵەی دێمۆکرات و گیانفیداییان دەدەن.

بۆیە دەڵێم مانیفێستی شۆڕشگێڕی، چونکە شەهید کاوە توانیبووی هەموو خەسڵەتەکانی شۆڕشگێڕێک کە من زۆر بە کورتی ئاماژەم پێداوە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و بیخاتە خزمەتی حیزب و گەل و نیشتمانەوە، بۆیە دەڵێم مانیفێست تا بخوێنینەوە بزانین کاوە و کاوەکان ڕەمزی هەرمان و وانەی سەرکەوتنن.

غالب حەبیبی:

## شەهید کاوە، پێشمەرگەیەکی داهێنەر بوو

نـاو و ناوبانگـی شـەهید «کاوە جەوانمـەرد»م بەرلـە یەکـەم دیدارمـان لـە ناوەڕاستی پاییزی ساڵی ٨٩، بیستبوو. ئەو کاتێک لە خۆرهەڵاتی نیشتمان سـەرقاڵی چالاکیـی سیاسـی دەبـێ، دەستبەسـەر دەکـرێ و بەهـۆی پیشـەی ڕۆژنامەڤانیش، ناوی لە هەواڵنێرییەکان و لەوانیش «کوردستان میدیا» جێی باس و خواس بوو و ئەمنیش لەو دەورانە، ناسیم.

گەڵاڕێزان بوو، من کە بە بەردەم درگای سکرتاریادا تێپەڕ دەبووم، ئەو وا دیار بوو لە کۆبوونەوە لەگەڵ سکرتێری ئەوکاتی حیزب دەهاتە دەرێ، هەر کە منی بینی، هاتە پێش و وتی ئەتۆ «غالب»ی؟. ئەو بەهۆی مامۆستا «شەریف فەلاح»ەوە منی ناسیبوو. وتم بۆ خۆمم، وتی وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین تاریفت دەکەن. ئەو کە بە بزەوە خەریکی باسکردنی ئەو تاریفانەی من بوو، کە پێشتر بیستبووی، منیش لە زەینی خۆمدا، دەمبرد و دەمهێنا کە خودایە ئەو سیما و سوورەتە چەندە ئاشنایە، بەڵام بۆم ساخ نەکرایەوە کە کێیە و لە کوێ دیومە، تاکوو لێم پرسی بەڕێزتان ناناسم، بەڵام شێوەتان دەکەم. گوتی «کاوە جەوانمەرد»م. ئەو کە زیاتر لە ساڵێک دەبوو هاتبووە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە، ئاشنایەتیمان پێکەوە نەبوو کە هۆکارەکەیشی خوێندنی من لە پەیمانگەی تەکنیکیی سۆران (دیانا) بوو و لە کاتی سەردانم بۆ کۆیە، لە بنکە و بارگەکانی حیزب نەمدیبوو. ئەو چەند خولەک چاوپێکەوتنەی بەردەم سکرتاریا، بووە هەوێنی ئاشنایی زیاتر و دوای ماوەیەکی دوو مانگە لە هێزی پارێزگارییەوە

نەقڵـی ئۆرگانـی تـازە دامـەزراوەی «ئاژانسـی هەواڵدەریـی کوردپـا» کـرام. بـە جورئەتـەوە دەیڵێـم کـە چوونـم بـۆ ئـەو ئۆرگانـە، وەرچەرخانێکـی لـە ژیانـی حیزبایەتیـم هێنایـە ئـاراوە کـە هەڵسـوکەوتی شـەهید کاوە کاریگـەری زۆری بەسـەرەوەیە و پاشـان کاوە بـوو بـە یەکێـک لـە ئۆلگوکانـی کاروبـاری حیزبیـم. ئـەو هەمیشـە دەیگـوت حەسـوودیت پـێ دەبـەم کـە وەک پێشـمەرگەیەکی بـە دیسـیپلین و بەکـردار ناوبانگـت هەیـە و دەشـیوت کـە هاتنـی تـۆ بـۆ ئاژانسـی کوردپـا بـە پێشـنیاری کاک مسـتەفا هیجـری بـووە کـە گوتوویـە بزانـە غالبیـش کاری لەدەسـت دێـت، لـە دیانـا خوێندوویەتـی، بیبەنـە ئـەو شـوێنە.

ئێمـە لـە سـەرەتای بەفرانبـاری ٨٩ بووینـە هـاوکار و پاشـان هاوڕێـی نزیکـی یەکتـر. کاک کاوە یەکێـک لـەو پێشـمەرگانە بـوو کـە تێکەڵاویمـان زوو سـەری گـرت و خـۆم بـە نزیـک لـە هـزر و ڕوانگـەی دەزانـی. وام هەسـت دەکـرد کـە کاک کاوە لـە کارەکان، لـە یاسـا و ڕێسـاکان پێشـقەدەم و پێشـەنگە. لـە سـەردەمی دامـەزران و بەڕێوەبردنـی ماڵپـەڕە حیزبییـەکان و دواتـر تیشـکتیڤی، هەوڵـی بێوچانـی دا. ئێمەمانـان کـە زۆر لـە گرنگیـی ڕاگەیاندنێکـی سـەردەمیانە و پڕۆفێشـناڵ، بەئـاگا نەبوویـن، ئـەو بەڕێـزە بـوو کـە هـەم هاوکارانـی و هەمیـش بەرپرسـانی سـەرووتری بـە قەناعـەت دەگەیانـد کـە خەباتـی ئێمـە بەبـێ سـەرنجدانی ئـەو توانسـتەی کـە ڕاگەیاندنێکـی «معتبـر» و « متعهـد» هەیەتـی، بـە ئـاکام گەیشـتنی ئەسـتەمە. خـۆی هەمیشـە دەیگـوت کـە ڕێبەریـی حیـزب ئیـدەی لـەو شـێوەیەی هەیـە، بەڵام لـە ڕێکارەکانـی جیاوازیـی بۆچوونیان هەبـوو و وەک تایبەتمەندیـی کەسـیی خـۆی، تـا جێبەجێکردنـی داواکارییەکانـی کۆڵـی نـەدەدا. ئۆرگانـی تازەدامـەزراوە لـە هەمـوو بوارەکانـدا لـە سـیفرەوە دەسـتی پێکـرد. بیچمگرتنـی کوردپـا و چوونـی هـەواڵ و ڕاپۆرتەکانـی بـۆ سـەر ئینترنێـت، نزیـک بـە حـەوت مانگـی خایانـد. لـەوە ماوەیـەدا شـەهید کاوە لـە دابینکردنـی کەلوپەلـی پێویسـت بـە ئاژانسـێکی خەبـەری «سـنگ تمام»ـی دانا و هـەر لـەو ماوەیەشـدا بەشـداریمان لـە چەنـد خولێکـی فێربوونـی دروسـتکردنی هـەواڵ و ڕاپۆرتـدا بینـی. هەڵبـەت کاوە لـەو هەمـوو کلاس و وانانـەدا بۆچـوون

و تێگەیشـتنی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو. ئـەو پێشـتر لـە چەنـد ڕۆژنامـە و هەواڵدەرییەکـدا کاری کردبـوو. یەکێـک لـە بیرەوەرییەکانـی ئـەو کاتـەم دێتـەوە بیـر کـە بەڕێزانـی کۆمیسـیۆنی ماڵـی سـەرقاڵی ئامادەکردنـی شـوێنی «کوردسـتان میدیـا» و «ئاژانسـی کوردپـا» بـوون و بـۆ دانانـی کامپیۆتێـر و لەپتاپـەکان، مێزێکـی فلـزی گەورەیـان لـە ژووره گەورەکـە پێکـەوە جـۆش کردبـوو، کاک کاوە خـۆی زۆر نـاڕازی بـوو و تـا دواجـار وتـی دەچمـە لای کاک مسـتەفا و پێـی ئەیـژم کـە بەڕێوەبردنـی ئاژانسـێکی خەبـەری وا نابـێ و دەبـێ تێچووی بـۆ بدەن. دوای دوو سـێ جار بیروڕاگۆڕینـەوە لەگـەڵ سـکرتێری ئـەو کاتـی حیـزب، خەرجێکـی زۆریـان بـۆ ئـەو ئـۆرگان کـرد و ئاژانسـی کوردپـا لـە یەکـی گەلاوێـژی١٣٩٠ بـە فەرمـی چـووە سـەر ئینترنێت. ئـەو ساڵە، کاک کاوە لـەڕووی کار و چالاکییـەوە زەخـت و گوشـارێکی زۆری لەسـەر بـوو. ئـەو کـە پێشـمەرگەیەکی تازەپەیوەسـتبوو بـە حیـزب بـوو و زۆر زووش کـرا بـە بەرپرسـی ئـۆرگان، هەڵبـەت بـە لیاقـەت و حەقـی خـۆی، بووە باسـی کۆبوونـەوە حیزبی و مەحفیلییـەکان. هـەر لـەو سەردەمەشـدا کێشـەی بنەماڵەیشـی لەگـەڵ هاوسـەری یەکەمـی هەبـوو، بـەڵام مـن بـۆ خـۆم هیـچ هەسـتم بـەوە نەکـرد کـە کاریگـەری نەرینـی لەسـەر کارەکـەی دابنێـت. ئاژانسـی کوردپـا سـاڵێک دەبـوو وەگـەڕ کەوتبـوو، بـەڵام سـەرووی ٧٠٪ ئەنـدام و لایەنگـری حیـزب نەیاندەزانـی کـە کوردپـا لـە کـوێ و بـە پاڵپشـتی مەعنەویـی کـێ بەڕێـوە دەچێـت. **بـۆ کاک کاوە کارکـردن ئەولەویەتـی یەکـەم بـوو،** کارکردنێـک کـە بەبـێ چاوەڕوانـی و خـۆ هەڵکێشـانێک بـێ و بـە ڕاسـتیش بـۆ خۆمـان و خەڵکـی دیکـەش شـاهیدی ئـەو بانگەشـەن.

ئەمـن و کاک کاوە زیاتـر لـە ٥ سـاڵ لـە یـەک ئۆرگانـی حیزبـی کارمـان کـرد، ئـەو شـەهیدە مەزنـە هەنـدێ تایبەتمەندیـی کەسـیی هەبـوو کـە ڕۆڵـی کاتالیـزۆری لـە کاری حیزبـی و سیاسـیدا هەبـوو. ئـەو کەسـێک بـوو کـە «ابتکار عمل»ـی لـە پیشـەیدا دەنواند و بـۆ بەردەوامیـی کاروبـاری حیزبـی و چوونـە سـەری ڕاندمانـی کاریـی، پێشـی بـەوە دەگـرت کـە سروشـتی کاری بەکۆمـەڵ

ببێتـە هـۆی فەوتانـی داهێنـان لـە کار و کـردەوەدا، هەروەهـا «تقسـیم کار» لای ئـەو گرنگیـی تایبەتـی هەبـوو و هەمـوو کاتێـک پێداگریـی لەسـەر دابەشـبوونی کارەکان و وەرگرتنـی بەرپرسـیارەتی لـە نێـوان هەمـوو پرسـونێلی ئۆرگانـدا دەکـرد. ئـەم دوو تایبەتمەندییـەی کاک کاوە بـوو بـە ڕەمـزی بەرەوپێشـچوون و سـەرکەوتنی ئـۆرگان و ئـەو ئەرکانـەی ڕاپەڕاندنیـان لـە ئەسـتۆی بـوون، بـە چەشـنێک کـە سـەرەڕای بوونـی لەمپـەر و بەربەسـت، بـەڵام لـە زۆربـەی پـلان و بەرنامەکانیـدا، بـە سـەربڵیندی بەرەوپێشـەوە دەڕۆیشـت. فـارس وتەنـی، «قراین» و «شواهد»ـی حاشـاهەڵنەگر سـەلمێنەری سـەرکەوتنی شـەهید کاوە لـە بەڕێوەبەریـی ماڵپـەڕە هەواڵدەرییـەکان یـەک لـەوان «ئاژانسـی هەواڵدەریـی کوردپا»ـیە کە لەو سـەردەمە ڕێنسانسـێک لە بەسـتەڵەک و داخراویی خەبەری کوردسـتانی ئێران بـوو کـە داهێنـەر و سەرپەرسـتی ئـەو سـەرکەوتنە کاک کاوە بـۆ خۆیەتـی.

## بۆ کار و کردار، ویژدان و ئەخلاقی خۆی دەکردە نێوبژیوان

کۆنگـرەی ١٥ی حیـزب، شـەهید کاوە بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی هەڵبژێـرا و بەڕێوەبـەری تیشـکتیڤیش کەوتـە ئەسـتۆی ئـەو لـەو پۆسـت و بەرپرسیارەتەشـدا هـەر پێشـمەرگەی خاکـی مایـەوە و بەرپرسـیارەتیی نـوێ نەبـووە هـۆی لەخۆباییبوونـی. ئـەو کاتـە، شـوێنێ کار و بینـای «تیشـک و کوردسـتان میدیا» لـە یـەک جیا بـوون و ئـەوە کاری سـەرەکیی لـە تیشـک و کاری منیـش لـە کوردسـتان میدیا بـوو، ڕۆژانـە دەمانبینـی کـە بەرلـە هەمـوو کـەس دەهاتـە سـەرکار و لـە یەکـەم کەسـەکانیش بـوو کـە دەسـتی دەدایـە پـاک و خاوێنیـی گشـتی و هـەر زووش دەسـتبەکار دەبـوو. هەبـوون کەسـانێک کـە ئـەم هەڵسـوکەوتەی شـەهید «کاوە»یـان بـە ناتـۆرەی «پۆپۆلیسـت» لێـک دەدایـەوە و دەیانـوت کـە بەرپـرس نابـێ ئەوەنـدە تێکـەڵ ببێـت!، ئـەوە شـڕۆڤەی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو لەبـارەی «مدیـر و مدیریـت». تێگەیشـتنی

ئـەو وا بـوو کـە تێکەڵـی و بەشـداریی «مدیـر» لـە کارەکان و خـۆی بـە «تافتـە جـدا بافتـە» نەزانیـن، کرداریکـی مودیرانـە و ئەمرۆییـە و ئێمـەی پێشـمەرگە لـە کۆمپانیایەکـی «درآمـدزا» نیـن کـە یاسـا و ڕێسـای کارفرمـا و کارمەنـد زاڵ بێـت، بەڵکـوو دەبـێ هەمیشـە هـەوڵ بـۆ جێگیرکردنـی ڕۆحـی هـاوکاری و هاوڕێیانـە بدەیـن و دواجـار ویژدانـی و ئەخلاقـی خۆمـان بکەینـە نێوبژیـوان بـۆ کار و کردارەکانمـان. تیشـک تیڤـی کـە لـە یەکسـاڵی کۆتایـی داخرانیـدا، کێشـەی ماڵـی و مودیریەتـی بەرۆکـی گرتبـوو، کاک کاوە زۆر هەوڵـی دا پێـش بـەو داخرانـە بگرێـت، بـەڵام کێشـەکانی زۆر قـووڵ و کـۆن بـوون و شـتێکی ئەتـۆی پێنەکـرا. ئـەو زۆر ڕەخنـە و گلەیـی لـە بەڕێوەبەریـی تیشـک هەبـوو. پێـی وابـوو پێنـج سـاڵەی یەکەمـی دوای دامەزرانـی تیشـک بـێ بەرنامەیـی بووەتـە هـۆی خەسـار و زیانـی ماڵـی، بەرەبـەرە دەنگـۆی داخرانی تیشـکتیڤی بـڵاو بوویـەوە، شـەهید کاوە دەیـوت دەکـرێ «دسـت و پـا شکسـتە»ـش هـەر تیشـک بەڕێـوە بەریـن، بـەڵام ڕێبەریـی حیـزب کـە باشـتر لـە لێکەوتەکانـی ئـەو شـێوە بەڕێوەبەرییـە ئـاگادار بـوو، بڕیـاری داخرانـی تیشـکی دا. لـەو سـەردەمەدا کـە کاک کاوە سـەرقاڵی قەناعەتهێنـان بـە بەرپرسـانی سـەرووی حیـزب و پاشەکشـەکردن لـەو بڕیـارە بـوو، ڕۆژێکیـان لـە ماڵـی کاک کاوە بـووم و بـاس باسـی تیشـک بـوو، وتـم ئەگـەر لێکدانەوەیـەک بکـەم لەسـەر زەینیەتـی ڕێبەرایەتیـی حیـزب کـە زۆر بەپەرۆشـی داخرانـی تیشـک نیـن و خـۆت لـە کۆبوونـەوە و قسـە دوو قۆڵـی و چەنـد قۆڵییـەکان فامـت کـردووە، وەڕاسـتی دەگەڕێنـی، وتـی بێـژە. وتـم چاویـان لەسـەر ئـەو چەنـد خولـەک هەواڵانـە چنیوە کـە یـەک دوو ڕایەڵـەی پرۆفێشـناڵی باشـووری کوردسـتان هەیـە و قانعـن بـەوە، ئەونـدە واقعیـەت کاریگەریـی هەبـووە کـە ئایدیالیسـتبوون لـە ژیانـی سیاسـییان کەمڕەنـگ بووەتـەوە و بـۆ ئۆمیدیـان بـەو شـتە هەیـە، پێکەنـی و وتـی منیـش هەڵێنجانێکـی لـەم شـێوەم لـە «فحـوای کلام»ـیان هەیـە.

کاتـێ کـە لـە کۆمیسـیۆنی سیاسـی نیزامـی ئەرکـی پـێ ئەسـپێردرا و منیـش هـەر لـە ڕاگەیانـدن مامـەوە، هاوڕێیەتیمـان گەرموگوڕتـر بـوو. لـە کارە

نوێیەکەشدا هەر ئۆمید و جدیەتی بەردەوام بوو. شەهید کاوە بەرلە هاتنی بۆ ناو حیزب و لە سنە بەشداریی دامەزران و بەڕێوەبردنی دوو NGO ببوو و لە کاروباری ئیداری و ئارشیڤسازیدا شارەزا بوو. لە بەشی تەشکیلاتی ناخۆ هەوڵی بێوەچانی بۆ ساماندانی ئەو بەشە دا و چەند گەڵاڵەیەکیشی بۆ ئەو ئۆرگانە بنەڕەتی و دایکە دا.

خۆی بۆی گێڕامەوە کە لە ڕاگەیاندنی فەرمیی ڕاسان لە نەورۆزی ١٣٩٥ هەتاوی، دوو کاری کردووە کە شانازییان پێوە دەکا. یەکەم ڕێکخستنی لۆجێستیکی ئەو ڕێوڕەسمە، هەر لە پاڵپشتییماڵییەوە بگرە، تاکوو بانگهێشتی ئەندامانی دانیشتووی باشوور. دووهەم قەناعەتهێنان بە حیزب و ڕێبەریی حیزب کە ڕاگەیاندنی ڕاسانی خۆرهەڵات کە پێویستە لە چیا سنوورییەکان بێت. کاک کاوە کە خۆی ڕاگەیاندکارێکی زیرەک و وردبین بوو، گرنگیی پەیامی ڕاسانی لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆرهەڵاتی نیشتمان دەبینی و بۆ ئەو مەبەستە هاوڕای کاک مستەفا هیجری بوو کە ڕاگەیاندنی خەباتێکی نوێ، پێویستی بە شوێن و فەزای نوێش هەیە، کە هاوکاتیش پیشاندەری درێژەی خەباتی پڕ لە شانازیی ڕابردووی حیزب و گەل بێت.

من و کۆمەڵێک پێشمەرگە دوو ڕۆژ بەرلە ڕاگەیاندنی نەورۆزی ڕاسان لە ٢٨ی ڕەشەمێ ١٣٩٤ چووینە بنکەکانی شاخ لە سنووری شنۆ و پیرانشار. (کەمتر لە ساڵێک بوو کە حیزب لە ڕووداوی تێکهەڵچوونی لەگەڵ گریلای (پ.ک.ک) خەزووری پێشمەرگانە لە سنووری خۆرهەڵاتی نیشتمان هەبوو.) لەوێ پرسۆنێلی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و یەک لەوان کاک کاوە و مامۆستا سەرکەوت سەرقاڵی ئامادەکاریی ڕێوڕەسمەکە بوون. کە ئێوارەیەک گەیشتمە یەکێک لە بنکەکان، شەهید سەرکەوت و کاوە هاتن بۆ لامان. مامۆستا سەرکەوت ڕووی کردە کاک کاوە و وتی؛ خۆ ئەو کاتە لە (کوردستان میدیا) بوو پێت نەداین بێتە شاخ، کەچی ئەوا ئێستا بەپێی خۆی هاتووە و لە سیاسی نیزامی کارئاسانی بۆ بکە با بێتە هێزی تایبەت. کاک کاوە پێکەنی و وتی غالب خۆی حەزی لە شاخ هەیە، بەڵام

لە ڕاگەیاندنی حیزبیش پێویستە. شەوی بەرلە مەڕاسم، کە چەند ڕۆژێک بوو لە ئێران و دەرەوە مەلاقاتی هاتبوو، بەڵام هەر سەرقاڵی ئامادەکاریی ڕێوڕەسم بوو، چووە هەولێر و بەیانییەکەی هاتەوە. کاک کاوە بە ڕاگەیاندنی فەرمیی ڕاسان زۆر شاگەشکە بوو و دەیوت کە ئەو شێوە خەباتەی کە حیزب هەڵیبژاردووە، شۆڕش لە ڕۆژهەڵات زیندوو دەکاتەوە و دەبێ بە وردی پلانەکانی ڕاسان جێبەجێ بکەین. شەوێکی سەرەتای مانگی بانەمەڕی ٩٥، پێکەوە پیاسەمان دەکرد و وتم کاک کاوە حیزب بەرنامەی چییە بۆ ئەو ساڵی ڕاسان، وتی بەرنامە هەیە و زۆر شتی نهێنییە. ڕاستی دەکرد، تیمێکی شناسایی حیزب کە مامۆستا سەکەوتیشیان لەگەڵ بوو، هەر ئەو کاتە چووبوونەوە ناوچە. لە قسەکردن بەردەوام بووین کە وتم من نیگەرانیشم هەیە لەم دۆخەی حیزب. وتی چۆن. وتم من لە بیرکردنەوەدا تۆزێک ڕەشبینم، بەڵام لە ئیدەدا زۆر خۆشبینم، کۆماری ئیسلامی دوژمنی ئێمەیە و فارسی وتەنی ئیتر «ول معطل»ـە، بەڵام خۆمان توانستی ئەوەی کە بە چاکی و باشی نەتوانین ڕاسان بگەیێنینە سەرکەوتن، هەمانە، وتی ڕاست دەکەی و هەر لە ئێستاوە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا کەند و کوسپی بۆ دروست دەکەین.

نازانم چ حیکمەتێکی تێدایە کە من لە ئاخرین کەسەکان بووم کە بەرلە شەهیدکرانی کاوە پێکەوە بووین. حەوتوویەک بەرلە چوونەوەیان (لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت) بۆ ناوچە، بانگی کردمە شوێنی کارەکەی لە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی. وتی خۆ ئاگاداری ئاسۆ ساڵح دێتەوە بۆ ئێرە؟ وتم بەڵێ، وتی دەی شتێکی دیکەش هەیە کە با تۆش بیزانی. وتی لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت دەچینەوە مەنتیقە. باس لەوە کرا کە دەبێ ئێمەمانان خۆمان پێشقەدەم بین لە ڕاسان تاکوو خەڵکەکەمان بەشدار و هاوکارمان بن و قسە و باسی ئاوا. پاشان وتی ڕێکەوتی هاتنی ئاسۆ و چوونی ئێمە بۆ ناوچە، یەکە. ئێنجا تۆ بچۆ بۆ فرۆکەخانە بە شوێنی ئاسۆدا، ئەگەر زوو گەیشتەوە، ئەوا نیوەشەویش بووە دێم بۆ بینینی. کۆتاییەکانی بەهاری

٩٥ بوو کە ئاسۆ ساڵح کاتژمێر ١ی شەو هاتەوە و یەکسەر هاتە دیوەکەی من و وتی حەز دەکەم کاک کاوە ببینم و منیش تەلەفوونم بۆ کرد و وتی دێم. بەیانییەکەی کاتژمێر ٤ لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت وەڕێ کەوتن. ئاسۆ چەند مۆبایلێکی سۆرەیای و هەندێ وەسیلەی خاتوو موژدە حەیدەری وەک پێڵاو و ... هێنابوو بۆ مامۆستا سەرکەوت. ئەو بەیانییە باس باسی ڕاسان و کرداری پێشمەرگە لەم قوناغە بوو. مامۆستا سەرکەوت وتی ئەوەی من لە یەک مانگی ڕابردوودا لە ناوخۆی وڵات بینیمە، بەستێن و هەلومەرجی زۆر باش و ئەرێنی هەیە بۆ خەباتی نوێی حیزب. دواتر ڕووی کردە من و وتی دا غالب شتێک بە کاوە بڵێ کە جارێ پێویست ناکات ئەو (وەک ڕێبەریی حیزب) بێتەوە ناوچە، با بزانین جارێ چیمان پێ دەکرێت. دیارە ئەو بەرنامەیەی کاک کاوە زۆر پێشتر کاری بۆ دەکرد، دوو مانگ بەرلەوە خەرێکی پیادەڕەوی و جەولە بوو و کێشی خۆی دێنایە خوارێ. ئەو بەیانییە کاک کاوە، مامۆستا سەرکەوت و ئاسۆ چوونە ماڵی کاک ڕۆستەم بۆ ئاشنابوون بە کاری مۆبایلی سۆرەیا و ئابدەیتی ئەو چەند مۆبایلە. کاتژمێر ٧ بوو کە هاتنەوە و خواحافیزیمان کرد و ئاسۆ بە مامۆستا سەرکەوتی گوت کە ئەو کات جێگری فەرماندەری هێزی تایبەت بوو، کە لەلای غالب دەبم تا بێنەوە پێکەوە بچین بۆ لای پێشمەرگە لە شاخ.

کەسایەتیی کاک کاوە، فرەڕەهەند بوو، ئەو کە لە بنەماڵە و ژینگەیەکی «تەواو شار»ی وەک سنەوە هاتبوو، بەڵام هەر زوو خۆی لەگەڵ دۆخی پێشمەرگایەتی گونجاند و بوو بە پێشمەرگە و ڕێبەرێکی خاکی و لەبەردڵان. بۆ زۆر کاری حیزبی ڕاوێژمان پێکەوە دەکرد و کێشە و لە یەکتر زیزبوونیشمان پێکەوە هەبووە، بەڵام شتی لێ فێر بووم و بیر و کرداری لە بیر و کردارمدا جێی هەیە و شانازی بەوەوە دەکەم کە هاوڕێ نزیکی ئەو شەهیدە سەربەرزە بووم. ڕێگای شەهید کاوە و هەموو شەهیدان پڕڕێبوار بێت.

ئەوین مستەفازادە:

## کاکۆ گەوهەرێك بوو کە بە بایەخەوە دەیڕوانییە ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیاندندا

کاتێک دەتهەوێ لەسەر کاکۆ قسە بکەیت، بە هەمان ئەندازە کە قسەت بۆ نایەت و پێت خۆشە بێدەنگ بی و لەناو هزری خۆتدا یەک بە یەک بیر لە شتەکانی بکەیتەوە؛ بە هەمان ئەندازەش پێت خۆشە باسی گەورەیی و جیاوازبوونی ئەو گەوهەرە بکەیت. جا شانازیکردن بە قوتابیبوون و هاوکاربوونی کاکۆ هەر بمێنیت؛ هەڵبەت ئەو پێخۆش بوو هەموومان هاوکار و هاوڕێ بین تا مامۆستا و قوتابی... هەر بۆیە بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی لەجیاتی کاک کاوە یان کاوە جەوانمەرد ناسناوی «کاکۆ»ی لە خۆ نا.

هەر کاکۆش بوو کە لە بوونی ئەو دەهاتەوە، کاتێک لە کۆڕی پێشمەرگەکان دەتبینیەوە، کاتێک هەموو کەسی زیاتر لەوەی خۆی بیهەوێ لەخۆ دەگرت و لای ئەو ئەوەندە هەستت بە بوونی خۆت دەکرد کە دوور دەکەوتەوە هەموو دەیانزانی کە بوونێک کەمە.

کاکۆ، پێش ئەوەی پلەی ئەندامی ڕێبەری و شەهیدبوون وەربگرێت، پلەی خۆشەویستی لای پێشمەرگە و هاوڕێیانی وەرگرت. هەستی پێشمەرگە بۆ کاکۆ نەک تەنیا بەهۆی خۆی، بەڵکوو بەهۆی ئەوە بوو پیشمەرگەکان لای کاکۆ، بوون و پێشمەرگەبوونی خۆیانیان لەلا زیاتر بەنرخ دەبوو؛ بۆیە ئەو لە هەناوی پێشمەرگەوە هەڵقوڵی، کاتێک لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بە زۆرینەی دەنگی پیشمەرگە چوو بۆ کۆنگرە و بە زۆرینەی دەنگی

کۆنگرە بوو بە ئەندامی ڕێبەری.

کاکۆ کە بوو بە ئەندامی ڕێبەریش، هەر کاکۆی پیشمەرگەکان مایەوە؛ ئەو پێش ئەوەی ببێتە ڕێبەر دامەزرێنەری ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» بوو، کوردپایەک کە هەموو شتی جیاواز بوو لە شێوازی مێز و کورسی دانانی تا هاوکاری و تێکەڵاوی و ئێرادەی کارکردن کە من خۆم لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێک بوو پێشمەرگە بووم، شانازیم دەکرد کە لە شوێنێکی وا کار دەکەم و خۆشحاڵ بووم کە باشترین شوێنی کار لە حیزب تاقی دەکەمەوە. شێوازی مێز و کورسی دانانی کوردپا بە جۆرێک بوو کە لە یەک ژووردا بێت و هەموومان ڕووبەڕووی یەکتر بین و یەک ببینین و دەنگ و قسەکانی یەکترمان گوێ لێ بێت، تا فێری هەموو شت بین، خۆ ئەوە نەبوو کاکۆش لەگەڵمان نەبێت، ئەو بەدەگمەن و بۆ کارێکی تایبەتی دەچوو بۆ ژوورەکەی خۆی و هەر لەگەڵ ئێمە بوو و ڕۆژانە دەیان شتی ورد و درشتی لە کاری ڕۆژنامەوانی فێر دەکردین؛ ئەوەش نەبوو کە چونکە لە یەک دیو داین قەرەباڵغی دروست بێت و کاتەکانمان هەروا بەڕێ بکەین، کاکۆ لەگەڵ ئەوەی لەتەک پێشمەرگەکان زۆر میهرەبان بوو لە هەمان کاتیشدا زۆر جدی و پێداگر بوو لە کار و بێ نەزەمی و جدی نەگرتنی کاری لەکەس قەبووڵ نەدەکرد؛ بیرمە ڕۆژیکی هەینی کە ئێمە لەو ڕۆژەش چەند سەعاتێک دەچووینەوە سەر کار، من چەند دەقەیەک درەنگ گەیشتم، کاکۆ وتی ئەگەر لەکاتی خۆت نەیەت، یانی جدی نیت و هەر ئەو ڕۆژە مەیە؛ ئێوە کەلە سەرەتاوە لەگەڵ کوردپا بوونە دەبێ ئولگوو بن، ئەوە نەبوو منیش نارەحەت بم، چونکە شتەکانی کاکۆ و ڕەخنەگرتنی لە کەسەکان بە پلەی یەکەم لەبەر خودی ئەوە کەسە و ڕەوتی کار بوو، نەک شکاندنی کەسەکان و خۆ بە بەرپرس دانان، بۆیە لەمە تێدەگەیشتی.

کاکۆ ڕۆژانە لە ژووری کوردپا لەگەڵمان بوو و بە بەردەوام چاودێریی هەواڵ و کارەکانی دەکرد تا باشترین ئەنجامی هەبێت هەر ئەوەش بوو کە کوردپا لە ماوەیەکی کەمدا گەشەیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی و وەکوو ئاژانسێکی

هەواڵــدەری بــووە جیــگای متمانــە و ســەرچاوەی هەواڵدەرییــە ناوخۆیــی و دەرەکییــەکان لەســەر بارۆدخــی مافــی مرۆڤــی لــە کوردســتان. هەروەهــا دەتوانــم بڵێــم هــەر کوردپــا بــوو بــۆ یەکەمجــار گرنگــی دا بــە ئامارەکانــی پیشــێلکاریی مافــی مــرۆڤ لــە کوردســتانی ئێــران وەک بەرنامەیەکــی هەمیشــەیی و درێژخایــەن و زەقکردنــەوەی مەســەلەی کوڵبــەر و ئامــاری زندانیانــی سیاســی کــورد و هەمــوو ئــەو پێشــێلکارییانەی مافــی مــرۆڤ کــە لە کوردســتان روودەدەن. دروســتکردنی ناوەندێکــی ئامــاری و ناردنــی راپۆرتــی ئامــاری بــۆ دەرەوەی وەڵات و ناوندەکانــی مافــی مــرۆڤ هــەر بــە پێشــەنگیی کوردپــا و فکــر و بۆرکــەی کاکــۆ بــوون. هەمــوو ئەمانــەش بــە هــۆی هەســتکردن بــە گرنگیــی ئامــار و ئەزموونــی ڕۆژنامەگەریــی کاکــۆ بــوو و مــن خۆشــحاڵم کــە لــە ســەرەتاوە تاکــوو ئێســتا لــە بەشــی ئامــاردا کار دەکــەم، بیرمــە پێــی دەوتــم ٩٠٪ لەســەدی ئەرزشــی کوردپــا بــە ئامارەکەیەتــی و دەبێــت بــە گیــان و دڵــەوە کاری بــۆ بکەیــت.

ســەرکەوتنی کوردپــا و بوونــی کاکــۆ بــە ئەندامــی ڕێبــەری لــە کۆنگــرەی ١٥ وای کــرد کــە دوای کۆنگــرە کاکــۆ ببێــت بــە بەرپرســی تیشــک و لەویــش کار بــکات، هەرچەنــدە کاکــۆ وەک جــاران لــە کوردپــا لەگەڵمــان نەبــوو، بــەڵام ڕۆژانــە چەنــد کاتژمێرێکــی دادەنــا بــۆ کوردپــا، ئــەو نیگــەران نەبــوو لــە کاری کوردپــا، چونکــە ئەوەنــدە مەیدانــی پــێ دابوویــن و ورد و درشــتی کاری فێــر کردبوویــن کــە ئــەو مــاوە کەمــەی کــە دەهاتــەوە کوردپــا وەڵامــدەر بــوو بــۆ کارەکان.

بــوون لەگــەڵ کاکــۆ زۆری شــتی دیکــەی تێــدا بــوو کــە هەموویــان بەنرخــن، کوردپــا یەکــەم ئۆرگانــی حیزبــی بــوو کــە چاپــەزی نەبــوو، بەڵکــوو ڕۆژانــە یەکێکمــان ئــەو کارەمــان دەکــرد و کاکــۆ لــە خۆیــەوە دەســتی پێکــرد، بــۆ ئــەوەی کــەس وا نزانــی لــە کوردپــا ئیشــی هــەر چایتێکردنــە و بــۆ هەموومانیــش وەک یــەک دەرفەتــی پێگەیشــتن هەبێــت، هەمیــش پەیوەندیــی کاری و هاورێیەتیمــان وەکــوو پێشــمەرگە بەهێزتــر بێــت. هەروەهــا ڕۆژانــی هەینــی کــە کاتــی پاکوخاوینــی بــوو کــە دەگەیشــتینە کوردپــا کاکــۆ یەکــەم کــەس بــوو لــەوێ دەســتی بــە پــاک و خاوێنــی کردبــوو، لــە ســەرەتا هەرکــەس مێــزی خــۆی

پـاک دەکـردەوە و بیرمـە کاکـۆ دەیگـوت هەرکـەس مێزەکـەی پیـس بێـت بـا کار نـەکات و کەسـێک نەتوانـی شـوێنی کاری خـۆی خاوێـن ڕابگـرێ، ناتوانـی کاریش بـە جـدی بـکات؛ دەتوانـم بڵێـم کوردپـا خاوێنتریـن و ڕێکوپێکتریـن ئۆرگانـی حیـزب بـوو کـە مـن بینیبـووم. کاکـۆ زۆری شـتی دیکـە هەبـوو؛ هەمیشـە لەگـەڵ ئێمـە چـا یـان میـوەی دەخـوارد نـەک لـە دیوەکـەی خـۆی، ئـەم شـتانە لەوانەیـە بچـووک و لاوەکـی بـن، بـەڵام وا نییـە، بـە تایبـەت لـە ژیانـی پێشـمەرگەیاتی و ئەوانـەی لـە بنەماڵـەی و هەمـوو شـت دەسـتیان کێشـاوە و بـۆ بـاوەڕ کار دەکـەن، چونکـە ئـەم شـتانە لەگـەڵ ئـەوەی فێـری نـەزم و دیسـیپلینی ڕۆژانـەی دەکردیـن، فێـری کاری هاوبـەش و ئەرزشـی پێشمەرگایەتیشـی دەکردیـن کـە بوونـی هـەڵ و فیرکـردن و پـەروەردە و ماندووبـوون پیشـمەرگە پـێ دەگەیەنێـت.

قسـەکردن لەسـەر کەسـایەتیی کاکـۆ زۆر زۆر هەڵدەگـرێ و پێـم باشـە لـە بەشـی کۆتاییـدا بـاس لـە گرنگـی پێدانـی کاکـۆ بـو ژن چ لـە کاری ڕۆژنامەگەریی و فۆکسـکردنە سـەر پرسـی ژنـان لـە کوردپـا و چ لـە ژیانـی حیزبایەتیـدا بکـەم.

گرنگیـی پرسـی ژن لـە هـەواڵ و ڕاپۆرتەکانـی کوردپـا ڕەنگـی دابـووەوە و کاکـۆش بـۆ زیاتـر گرنگـی دا بـە پرسـی ژن دەسـتی دایـە دانانـی ڕاپۆرتـی هەفتانـە لەسـەر پێشـێلکاریی مافـی ژنانـی کـورد و ئـەو دیاردانـەی ژنانـی کـورد دەکەنـە قوربانـی و ئەوەنـدە بـۆی گرنـگ بـوو کـە نـاوی ئـەو ڕاپۆرتـە هەفتانەیـە بـکات بـە چـی کـە نـاوی «بەرمـوور»ی دۆزییـەوە، هـات و زۆر بـە گرنگییـەوە باسـی لێـوە کـرد. کاکـۆ بـە گرنگییـەوە باسـی لـە ڕۆژە جیهانییەکانـی ژنـان و مەسـەلەکانی ژن لـە کوردسـتان و ئێـران دەکـرد و ئـەوەی کـە دەبوایـە ڕاپـۆرت و وتووێژمـان لەسـەریان هەبووبایـە و خـۆی لەگـەڵ چەندەهـا ژنـی چـالاک پەیوەندیـی هەبـوو کـە پـێ دەناسـاندین.

جگـە لەمانـە ئـەو بـاوەڕی بـەوە بـوو کـە ژنـان دەبێـت لـە ڕاگەیاندنـدا کار بکـەن و لـە تواناکانـی ژنـان کەڵـک وەربگیرێـت، هـەر بۆیـە جگـە لـە پێشـوازی لـەو کچانـە کـە دەیانهەویسـت لـە کوردپـا و ڕاگەیانـدن کار بکـەن، تەنانـەت

داوای هێـزی کاری ژنانیـش دەکـرد بـۆ هاتنـە نـاو کاری راگەیانـدن لـە کاتـی دابەشـکردنی نەفەراتـی تـازە کـە دەهاتنـە نـاو حیـزب، هـەر بۆیـە لـە دەرەوەی وڵاتیـش ژنێکـی وەک وتەبێـژی کوردپـا دیـاری کـرد.

هەروەهـا دەمهەوێـت وەک ژنێکـی پێشـمەرگە کـە لەگـەڵ کاکـۆ کارم کـردووە و لـە نزیکـەوە دەیناسـم بـاس لـە ئەزموونـی خـۆم بکـەم...

تـازە سـاڵی یەکەمـی زانکـۆم تـەواو کردبـوو و نەمدەویسـت هاوینەکـەی لـە ماڵـەوە بـم، شـەهید سـەرکەوت کـە لەگـەڵ کاکـۆ شـەهید بـوون، پـێ وتـم کاکـۆ دەیهەوێـت ئۆرگانێکـی تـازە دابمەزرێنێـت و هەلێکـی باشـە بـۆ کار، خۆشـحاڵ بـوو کـە شـوێنکی نـوێ کراوەتـەوە و دەتوانـم لـە سـەرەتاوە لەگەڵـی بـم و بەتایبەتیـش کـە کاری راگەیانـدن بـوو؛ ماڵپـەری کوردپـا هێشـتا بـە رەسـمی دەسـتی بـەکار نەکردبـوو و هـاوکاران لـە حاڵـی ئامـادەکاری و ئەزمـوون دابـوون، چـووم بـۆ لای کاک کاوە، سـەرەتا پـێ وتـم حـەزت لـە چ بەشـیکە؟ منیـش حـەزم لـە بەشـی فارسـی بـوو و خەبەرێکـی کوردیـم وەرگێـران کـرد؛ ئیتـر وەک ئـەوەی لـە پێشـووتر باسـم کـرد کاکـۆ هەمـوو کەسـی لەخـۆ دەگـرت و بـە کەسـی نـا نـەدەوت بـۆ کار. بـەم شـێوەیە دەسـتم بـەکار کـرد و وەک باقـی هاورێیـان رۆژانـە خەریکـی خۆئامادەکـردن بوویـن.

لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات و دەسـتبەکاربوونی فەرمیـی کوردپـا وردەوردە شـتەکان بـۆم روونتـر دەبوونـەوە، کاکـۆ گرنگیـی دەدا بـەوەی کچانی پێشـمەرگە لـە ئۆرگانەکانـی راگەیانـدن کار بکـەن و سـەرەتا هـەر مـن بـووم و دواتـر بوویـن بـە چەنـد کـچ، لـە راسـتیدا کاکـۆ بـۆی گرنـگ بـوو ژنـان لـە ئۆرگانـە گرنـگ و سـەرەکییەکانی حیزبـدا کار بکـەن، هـەر بۆیـە لـەو بـوارەوە هەوڵـی دەدا ژنانـی پێشـمەرگە بێنـە نـاو کوردپـا و تەلەفزیۆنـی تیشـک. ئـەو درکـی بـەوە کردبـوو کـە پێویسـتە هەلـی زیاتـر بـە ژنـان بدرێـت و لـە شـوێنە باشـەکان پـەروەردە و فێـر بکرێـن و کار بکـەن، هـەر بۆیـەش گرنگـی بـە هەندێـک شـت نـەدەدا کـە دەیانـوت ژنـان کێشـەخولقێنن بـۆ ئۆرگانـەکان، یـان ئاسـتیان نزمـە، یـان

دەیـان بەربەسـتـیتر کـە وایـان دەکـرد باشـترین شـوێن بـۆ ژنـان نەخۆشـخانە بێـت، ئەویـش نـەک لـە کارە سـەرەکییەکان، بەڵکـوو زیاتـر کاری لاوەکـی. کاکۆ بـاوەڕی بـەوە هەبـوو کـە لەگـەڵ ئـەوەی ژنـان لەوانەیـە کیشـەی زیاتریـان بـۆ بێتـە پێـش لـە ڕەوتـی کاریـان {کـە بێگومـان ئـەوە هەڵبژاردنـی خـودی ژنـان نییـە و کۆمەڵێـک هـۆکاری پەروەردەیـی و بـە کۆمەڵایەتیبوونـی ژنانـی لـە پشـتە}، بـەڵام دەبێـت هەڵیـان بـۆ برەخسـێندرێ و پشـتیوانی پەروەردەیـی و تواناسـازی زیاتریـان هەبێـت تـا لـە شـوێنە باشـەکاندا خۆیـان ببینـەوە؛ بـۆ نموونـە کـە کاتـی دەوامـی زانکـۆم دەسـتی پێکـردەوە و مـن دەبـا چووبامـەوە زانکـۆ، لەگـەڵ کاک کاوە قسـەم کـرد بـۆ بارودۆخـی خـۆم، ئـەو وتـی دەرس خوێندنـی تـۆ بـۆ هەموومـان سـوودی هەیـە، خـۆت و حیزبیـش، هەربۆیـە دوانیوەڕۆیـان دەتوانـی کار بکەیـت و سروشـتی کاری ئاماریـش لـە هـەر شـوێنێک بـێ دەکرێـت و لەوانەیـە ڕۆژێـک دابێـت ئێمـە (غیـر متمركـز) کار بکەیـن. ئەمـە زۆر گرنـگ بـوو بـۆ مـن، چونکـە نەمدەویسـت لـە کاری کوردپـا و حیزبـی داببڕێـم؛ هـەر بۆیـە کاکـۆ وەک هەمیشـە و زیاتـر لـە خـۆم بـاوەڕ بەخۆبوونـی لا زیـاد کـردم، متمانەکردنـی کاکـۆ بـە مـن و کارەکـەم، هـەر لـە بەرژەوەندیـی مـن نەبـوو، بەڵکـوو دروسـتکردنی فەرهەنگێکـی جیـاواز بـوو لەنـاو حیـزب بـۆ پشـتگیریکردنی ژنـان و ئـەوەی کـە شـێوازی سیسـتەم و پرۆسـەی کاریـی و هەلـی بـاش چـۆن دەتوانـن کاریگەریـی باشـیان هەبێـت لەسـەر کارکردنـی ژنـان و دروسـتکردنی سـەرمایەی مرۆیـی بـۆ حیـزب، بـۆ مـن لانیکـەم هـەر وای لێهـات. هـەم خوێندنـم بـاش بـوو هـەم کارکردنـم لـە کوردپـا و بگـرە خوێندنەکـەم بـە سـوودی کوردپـاش تـەواو بـوو، چونکـە وانەیەکمـان هەبـوو بـە نـاوی ئامـار کـە شـێوازی شـیکاریی ئامـاری فێـر دەکردیـن و توانیـم لـە ڕاپۆرتەکانـی کوردپـا زۆر کەڵکـی لـێ وەربگـرم بـە شـێوازێکی زانسـتی. لـەم کاتانـەدا هەسـتم بـەوە دەکرد کـە مـەرج نییـە ژنبـوون و بارودۆخـی تایبـەت ببێتـە هـۆی دووربوونـەوەت لـە ڕەوتـی ئـەو کارەی کـە دەتوانـی بیکـەت و ئەگـەر ئـەم هەلـەت لـی بسـتێندرێ چەنـدە زیانـی هەیـە، چەنـد ئـەم پەراوێزخسـتنە نـەرم و نادیارانـە بـە زەرەری ژنـان و پێگەیشـتنی ژنـان شـکاوەتەوە.

ئـەو بـاوەڕم لا دروسـت بـوو کـە چەنـدە بەربەسـت و شـتی بچـووک دەتوانێـت لـە شـتێکی گـەورە بێبەشـت بـکات و چەنـدە زیانـی بـۆ ژیانـی ژنـان و بەگشـتی کۆمەڵگـە هەیـە و چەنـدە ئـەم نەرمـە پەراوێزخرانـە وای کـردووە هـەر ژنـان بـە بەرپرسـیاری ئەمـە بزانـن. بۆیـە لەوکاتانـە بـۆت دەردەکـەوێ کـە چەنـدە کـەس، یـا خـود ئـەو شـوێنەی تێیدایـت کاریگـەری لەسـەر ئەمـە هەیـە. بـە خۆشـحاڵییەوە کاکـۆش بـەوە گەیشـت کـە ئـەرزش بـۆ کارەکـەم دادەنێـم و سەرسـەری بەسـەریدا تێناپـەڕم، بۆیـە لـە کاتـی ئیمتحانـەکان دەیـوەت ڕۆژانـە نیـو سـەعاتیش بێتـەوە کێشـە نییـە.

کاکـۆ خـۆ هـەر ئـەوە نەبـوو کـە بـۆ کار متمانـەی لا دروسـت دەکـردی و خۆشـی متمانـەی پێـت دەکـرد و پاڵپشـتت دەبـوو؛ ئـەو بـە جۆرێـک بـوو کـە بـۆ بابـەت و نیگەرانییـە شەخسـییەکانیش پێـت خـۆش بـوو راوێژێکـی لەگـەڵ بکەیـت، هـەم کچـەکان و هەمیـش کـورەکان.

مـن لـە قۆناغێکـی ژیانـم سـوور بـووم لەسـەر پرۆسـەی جیابوونـەوە، لەگـەڵ چەنـد کەسـی دەوروبـەرم قسـەم کردبـوو، بـەڵام زۆربەیـان ترسـیان پـێ دەدام و هەسـتم دەکـرد جورئەتـی بڕیاردانـم لـێ دەسـتێنێت. وتـم بـا لەگـەڵ کاک کاوەش باسـێکی لـێ بکـەم، ئـەو هیچـی نـەوت بـەس پێـی وتـم زۆر سـەخت دەبـێ بـۆت، ئـەوەی تـا ئێسـتا لـەو بـوارەوە بـۆم گرنگـە ئەوەیـە لـە بەکارهێنانـی ئـەو مافـەی خـۆم نەیترسـاندم.

ترسـاندنی ئـەو مۆتەکـەی هەمیشـە ژنـی پـێ کۆنتـڕۆڵ کـراوە، ئاخـر ترسـاندن بـۆ ئـەم بابەتـە زۆر ناڵۆژێکـی و بیرێکـی دژە ژنـە، منیـش کـە وەک هەمیشـە کەللـەڕەق بـووم و بێـزارم لـە ترسـاندن.

ژیـان بـۆ ژنـان هەمیشـە لاپەڕەیەکـی پـڕ لـە کلێشـە و عەیبدارکردنـی ڕەگـەزی هەیـە کـە لەوانەیـە زۆر ئاسـان بەسـەر زاری تاکەکانـدا بێت؛ کاتێـک بـە دەربڕینـی ئـەو کلێشـانە بـە وشـەی ناشـیرین و پـڕ لـە عەیبدارکردنـی ڕەگـەزی وەک «بێـوەژن»و «کچـێ» و ئەدەبیاتێکـی دەچـووم بـۆ شـکایەت لای کاک کاوە،

وەک ئەوانیتر نەدەیوت قەیناکا خۆ شۆخی دەکەن و ئەمانە. ئەو دەیوێت نابێ وابێ و پێیان دەڵێم، بۆ من گرنگ بۆ کە لەسەرەوە هەڵوێست بۆ ئەم شتانە بگیرێت، چونکە ئەوەی لای من دروست دەکرد؛ بە پلەی یەکەم جورئەتم هەبێت لە بەرامبەر ئەو شتانەدا بەرگری لە خۆم بکەم و دواتریش ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکەم ئەو شتانە بە هەند وەردەگرێت و لەبەردەم ئەو شتانەدا دەڵێت بەسە.

کاکۆ، خۆ ئەوە نەبوو بۆ ئێمە دیاری بکات کە چۆن بین یان خود نا؛ بەڵکوو هاوکار و پاڵپشتمان دەبوو تا ئەوە بین کە خۆمان دەمانویست، تاکوو بایەخ بۆ کاتەکان، باوەڕ و کاری خۆمان دابنێنن؛ چونکە بوونی کەسانێک لە ژیانتدا کە وەڵات نەنێن و بتهێنە ناو پرۆسە دروستەکەی ژیانەوە، ئەویش لە ژیان و کاری پێشمەرگایەتیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنگیزە و وزە و توانات بۆ کار هەبێت و بەها بۆ باوەڕی خۆت دابنێنی و گەشەی باشت هەبێ لەم ڕێگایەدا، نەک گەشەیەک کە هەمیشە تۆ بە کەس، یان لایەنێک ببەستێتەوە و کە بێ ئەو مانا نادەیت.

من وەکوو ژنێک نامهەوێ بڵێم ئەوەی ئێستا هەم کاکۆ لێ دروست کردم، بەڵکوو دەمهەوێت بڵێم ئێمە پێویستمان بە کەسانی وایە لە ژیانماندا، بەتایبەت لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە پرۆسەی پێگەیاندن و بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی دەسەڵاتیان بە دەستەیەوە و کاریان لەدەست دێ تا تۆش بتوانی خۆت چاک بکەیت و ڕێگاکە بە باشی ببڕی.

من بەو ئەزموونەی کە لە ژیانی حیزبایەتی هەمە دڵنیام ئەگەر زۆر لە بەرپێوەبەرەکان و بەرپرسەکان گرنگییان بە زۆر شتی ورد و درشتی لە ژیانی پیشمەرگەکان و ڕەوتی کار و پەروەردە دابا و ئەمڕۆکە ژنانێکی لێهاتووتر و خودساختەترمان لەناو حیزب دەبوو کە دەیانتوانی دەوری سەرەکی نەک زۆرتر لاوەکی لە ڕەتی خەباتی نەتەوەیی و پرسی ژناندا بگێڕن.

لە کۆتاییدا یادو ناوی کاکۆی مامۆستا بەرز رادەگەم، کاکۆی ڕۆشنبیر،

کاکۆی شـەهید و کاکـۆی ڕێبـەر و پـی دەڵێـم ئـەو نـەک لـە یادمـان، بەڵکـوو لـە بیرکردنـەوەی ڕۆژانەمانـدا لەسـەرووی ئەرزشـەکان دایـە.

سڵاو دەنێرم بۆ ڕۆحی پاکی و پێ دەڵێم خۆشمان دەوێی.

٢٠١٩/٤/١٠

ژیلا موستەجر:

# كاك كاوه بڕوای زۆری بە هێزی ژنان هەبوو

یەکەم جار کە کاک کاوەم بینی، بۆ پیرۆزبایی زەماوەندمان هاتبووە ماڵمان لەگەڵ هاوژینەکەی و چەند هاوڕێیەکی دیکەی پێشمەرگەی، من شامم ئامادە کردبوو و زۆر دڵەڕاوکێم هەبوو، چونکە من وامدەزانی کەسێک وەکوو بەرپرسی ئەرسەلان (مێردەکەم) دێتە ماڵمان، دوای ئەوەی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی تەواو بوو و میوانەکان دانیشتن، منیش یەکسەر دڵەڕاوکێم تەواو بوو، چونکە ئەو شتەی لە مێشکمدا سەبارەت بە کاوە جەوانمەرد نەخشی بەستبوو، بە تەواوەتی گۆڕدرا و من بەڕاستی جەوانمەردێکم بینی. کوڕێکی ڕۆحسووک و سادە و ساکار و ڕەفتاردا سەردەمیانە.

کاک کاوە جەوانمەرد لەو ساتەوە بوو بە هاوڕێیەکی منیش وەکوو هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی و بە هۆی ڕەفتاری (سەمیمانە)یەوە ببووینە هاوڕێ.

ئەوەی ئەو شەوەی لە مێشکی مندا هێشتەوە جگە لە یەکەم ئاشنایەتی، هەستی جوانی کاک کاوە بوو کە بە دیتنی بەرنامەی شەهیدان کە لە تیشک بڵاو دەبووەوە و بە هێمنی فرمێسکەکانی هاتنە خوار و هیچ هەوڵێکی بۆ شاردنەوەیان نەدا، بوو کە من تا ئەوکاتە نەمدیبوو پیاوێک ئەوەندە ئاسان ئیجازە بە فرمێسکەکانی بدا لە کۆڕێکی هاوڕێیانیدا بێنە خوارەوە، و دواتر زانیم کە کاوە جەوانمەرد کوڕی شەهیدە. کاک کاوە لەگەڵ ئەوەی دەیزانی قەرارە تیشک دابخرێت، بەڵام هەر لە کارەکانی خۆی بەردەوام بوو و وەکوو جاران هەوڵی پەروەردەی پێشمەرگە

و ئەندامانی دەدا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندندا کاریان پێ بسپێرێت، هەر بۆیە پێشنیاری بە من دا کە دەتوانم لە خولێکی پەروەردەیی بەشدار بم، بەڵام بە مەرجێک کە خۆم پرۆژەم هەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەنگۆی داخرانی تیشک بەهێز دەبوو، بەڵام ئەو هەر ئەو خولەی بەڕێوە برد و هەرکات ئێمە و هاودەورەکانم دەمانوت کە کاک کاوە تیشک دادەخرێ و ئەم خولە هیچ فایدەی نییە، دەیوت ئەگەریش دابخرێ، دڵنیام دیسان دادەگیرسێتەوە و داخرانی کاتییە و پێویستە کاتێ ئیمکاناتمان هەیە کەڵکی باشی لێ وەربگرین.

کاک کاوە جەوانمەرد کەسێک بوو دەستی بۆ هەر کارێک دەبرد، هەوڵی دەدا بە باشترین شێوە ئەنجامی بدات، یەکێک لە بیرەوەرییە خۆشەکانی من ئەوە بوو کە یەکەمجار چوومە ماڵی، کاک کاوە هەمیشە ماڵەکەی پڕ بوون لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی، جارێکیان پۆلێک لە پێشمەرگە ئازیزەکان و ئێمەی بۆ شام دەعوەت کرد، ئێمە زوو ڕۆشتین و بەو تەمایە کە لەوانەیە کاک کاوە پێوستی بە یارمەتی بێت بۆ دروستکردن شام، بەڵام کاتێک من خۆم وەکوو ژنێک چاوم بە ئاشپەزخانە و ئەو مەنجەڵانە لەسەر گازەکە بوو کەوت، ڕێک وتم ئەوە یەکەمین جارە دەبینم، پیاوێک ئەوەندە جەسوورانە لە ئاشپەزخانە ئاوا هونەرنەمایی بکات، یەکێک لە خۆشترین شامەکانی ژیانم لە ماڵی کاک کاوە و بە دەسپ و پەنجەی کاک کاوە خوارد، نەک هەر من هەموو میوانەکان کە تامی خواردنەکانیان دەکرد، سەریان لەو تامانە سوڕ دەما، کاک کاوە دەیوت ئەوە شێوازیکی تایبەتی خۆمە بۆ سازکردنی خواردنەکان بەکاریان دەبەم و دەیوت زۆریش حەزم لە چێشتلێنانە و دەبێ دڵنیا بم کە بە شەوقەمە چێشت لێ دەنێم.

زەمان تێبەڕ بوو، ڕاسان دەستی پێکرد و پۆل پۆل پێشمەرگەی حیزب دەچوونە شاخەکان و جێگیر دەبوون، کاتێ هاوسەرەکەی من ڕۆیشتەوە بۆ شاخ و من لە ڕەوانەکردنی گەڕامەوە، هەر کە گەیشتمە ماڵەوە کاک کاوە جەوانمەرد تەلەفۆنی کرد، ئێستاش دەنگی لە گوێم دایە کە چ

هێــز و باوەڕبەخۆبوونێکــی بــە مــن دا و وتــی کــە دەبــێ جێــگای ئەرســەلان پــڕ بکەمــەوە و کارەکانــی لــە کوردپــا مــن بەڕێــوەی بــەرم، کاک کاوە زۆر متمانــەی بــە مــن کــرد و مــن لــەو کاتــەوە بــوووم بــە یەکێــک لــە ئەندامانــی بنەماڵــەی گــەورەی ئاژانســی کوردپــا و ئــەوە کاک کاوە جەوانمــەرد بــوو کــە ناخۆشــیی ڕۆژانــی دووری بــۆ مــن کــرد بــە دڵەڕاوکێــی خۆشــی کارکــردن. ئــەوەم دەزانــی کاک کاوە بــڕوای زۆری بــە هێــزی ژنــان بــوو و هەوڵــی دەدا لــە ڕێگــەی ڕاگەیاندنــەوە بتوانــێ پــەرە بــە توانایــی ژنانــی نێــو حیــزب بــدات، بــەردەوام دوورەی فێــرکاری لــە بەشــە جۆراوجۆرەکانــی ڕاگەیانــدن بەڕێــوە دەبــرد کــە ژنــان بەشــێکی زۆری ئەندامانــی ئــەو دەورانەنەیــان پێــک دەهێنــا.

(کاری ئــەو بەشــە کۆکردنــەوەی زانیــاری لەســەر ئــەو کــچ و ژنانــە بــوو کــە ڕۆژانــە لەلایــەن دەزگا ئەمنیەتییەکانــی ئێرانــەوە بــە تۆمەتــی جۆراوجــۆر دەگیــران، حوکــم دەدران و بێسەروشــوێن دەکــران، ســەختیی کارەکــەی مــن ئــەوە بــوو کــە دەبوایــە جیــا لــە کــوردەکان، زانیــاری و ئامــاری نەتەوەکانــی دیکــەی ئێرانیــش کــۆ بکەمــەوە. ئــەو ڕاپۆرتانــە بــە شــێوەی هەفتانــە و ئامــاری بــە دوو زمانــی کــوردی و فارســی لەژێــر نــاوی (بەرمــوور/ گیســو) بــڵاو دەبــووەوە. دیــارە پێــش مــن لــە مــاوەی تەمەنــی کوردپــا ئــەو ڕاپۆرتانــە ئامــادە دەکــران.)

لــەو ماوەیــەدا بــە یارمەتیــی کاک کاوە و هاوڕێیانــی ئەوکاتــی کوردپــا مــن کارەکانــم بەڕێــوە بــرد، دوایــی ئــەوەی کــە ئەرســەلانیش هاتــەوە، هــەر کاری ئــەو بەشــەیان دا بــە مــن و تــا ماوەیــەک دوای ئــەوەش کە کاک کاوە خۆی بە شــێوەی ئیجبــاری لــە ڕاگەیاندنــی حیــزب نەمــا، مــن هــەر هەمــان ئــەو ڕاپۆرتانــەم ئامــادە دەکــرد، بــەڵام وردە وردە مەیلــی بەڕێوەبەرانــی نوێــی کوردپــا لەســەر ئــەو جــۆرە کارانــە نەمــا، منیــش وردە وردە و بــە نەمانــی هاوکاریەکانــی پێشــوو (کاتیــک کاک کاوە لــەوێ بــوو مانگانــە بودجــەی ئێنتێرنێتــی پــێ دەدایــن و چونکــە ئــەو بەشــانەی بــۆ گرینــگ بــوو و بــڕوای وابــوو کــە کاری لــەو جــۆرە متمانــەی دەرەکی بــۆ کاری کوردپــا ڕادەکێشــێت) نەمتوانــی و نەمویســت کــە ڕاپۆرتــەکان ئامــادە

بکـەم، بـەڵام بەداخــەوە هیچکــەس خــۆی لــەو بۆشــاییە نەکــردە بەرپــرس و جۆرێـک ڕەفتـار کـرا لەگـەڵ ئـەو بەشـە گرینگـە کـە وەکـوو قـەد نەکرابـێ وابـوو.

هــاوکات لەگــەڵ ئــەوەی کاک کاوە لــە بەشــی تەشــکیلاتی ئاشــکرای ســەر بــە کۆمیســیۆنی سیاســی- نیزامــی دەســت بــەکار ببــوو، مــن وەکــوو بەشــی تەشـکیلات لـە کۆمیتـەی تەشـکیلاتی ئاشـکرای کەمپـی جەژنیـکان کارم دەکـرد، دیســان ئێمــە بووینــەوە بــە هــاوکار.

مـن ماوەیـەک دەبـوو کـە لەو بەشـە کارم دەکـرد، کارگەلێکـی ڕۆتینمان دەکرد، کۆبوونـەوەی تەشـکیلاتیمان دەگـرت، ڕاپۆرتمـان دەنووسـی و کارەکان کـە حیزب پێمانـی دەسـپارد جێبەجێمـان دەکـرد، ئەگـەر زۆر خـەلاق بوایەتیـن سـیمینارمان لەسـەر هاوکێشـە سیاسـی و کۆمەڵاتیەکانـی ڕۆژ دەگـرت. بەشـی سەرەوەشـمان هەمیشــە دەستخۆشــیان لــێ دەکردیــن و دەیانــوت کــە کۆمیتەیەکــی چالاکــن!

یەکـەم کۆبوونـەوە کـە کاک کاوە وەکوو بەرپرسـی تەشـکیلات لەگەڵمان بەڕێوەی بــرد، دنیایــەک ڕخنــەی ئاراســتەمان کــرد، هەمــوو ڕاپۆرتەکانــی پێشــووی لــە ئارشـیڤی حیـزب دەرهێنابـوو، تەنانـەت ئەوانـەی پێـش مـن ئامـادە کرابـوون، هەمـووی لەسـەر مێـز دانـا، وتـی پێتان وا نییە ئەو شـتانە زۆر سەیروسـەمەر بن! پێتـان وا نییـە ئێـوە بـەو جـۆرە کارانـە پاسـیڤ دەبـن و هیـچ سـوودتان نامێنـێ! زۆر شــتی بــە جوانــی و نەرمونیانــی بــۆ شــی کردینــەوە، هەڵســوکەوت و جدیەتــی کاک کاوە لای هەمــوو ئەندامانــی بەشــداربووی کۆبوونەوەکــە جێــگای سەرســوڕمان بــوو، هیچکــەس تــا ئــەو کاتــە ئەوەنــدە جــدی لەســەر کار و چۆنیەتیــی کارکردنــی هێزێکــی ئینســانی وەکــوو تەشــکیلاتی ئاشــکرا هەڵوێســتی نەگرتبــوو، لەگــەڵ هەمــوو ڕخنــەکان کاک کاوە پەیامێکــی ســەیر و ســەمەرەی پــێ بــوو، پێمانــی وت بەتەمایــە ئــەو هێــزە ئینســانیە لــە ڕاکدبــوون بێنێتــە دەرەوە و بــە شــێوەیەکی کاریگەرتــر کار بکــەن.

لـە یەکـەم هەنگاویشـدا وتـی بـە تەمایـە ئەگـەر دەفتـەری سیاسـی بـەو پێشـنیارەکە ڕازی بـن، لـە شـاخەکانی کوردسـتان نەورۆزێکـی بەشـکۆ بەڕێـوە بچێـت و ئـەو نـەورۆزە هەمـوو ئەرکەکانـی لەسـەر تەشـکیلاتی ئاشـکرا دەبێـت، ئـەو وتـی دەبێـت یارمەتیـدەرم بـن تـا بتوانیـن نەورۆزێکـی ڕێکوپێـک و بێوێنـە بەڕێـوە بەریـن. ئـەوەی کـە هەمـوان دەیانزانـی کاک کاوە هەمیشـە بیرۆکـەی نوێـی پێیـە، هەوڵیـان دەدا همیشـە هـاوکاری بـن، بۆیـە هەمیشـە دەمـدی خەڵک زۆر پێشـوازی لـە بیرۆکەکانـی کاک کاوە دەکـەن و هەوڵیـان دەدا لەگەڵـی بـن.

قـەرار درا هەرکـەس هـەر ئیـدە و پێشـنیارێکی هەیـە تـا کۆبوونـەوەی داهاتـوو بیـری لـێ بکاتـەوە و دواتـر باسـیان لەسـەر بکەیـن، کاک کاوە بەوپـەڕی ماندوویینەناسـییەوە بـەو جـۆرە سـەردانی هەمـوو کۆمیتەکانـی تەشـکیلاتی ئاشـکرای لـە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتانی کردبـوو و ئـەم بابەتـەی لەگەڵیـان بـاس کردبـوو.

ئیـدی بـاس باسـی نـەورۆزی شـاخ بـوو، هەمـوو کـەس بەتایبـەت ئەندامانـی حیـزب لـە هەوڵـدا بـوون، یـەک پووڵـی کـۆ دەکردەوە، یـەک ئامادەکاریـی دەکرد، یـەک هەوڵـی دەدا ئیـدەی هونـەری بـدات، هـەر یەکـەو لـە جێگـەی خۆیـەوە و بەپێـی توانـا پێشـنیاری دەدا. ئەمـە جمانێکـی خسـتبووە نێـو کەمپـەکان و ئەندامانـی تەشـکیلاتی ئاشـکرا. گرینگتـر لـە هەمـووی هەسـتیان دەکـرد جیـا لەوانـە هەسـتیان بـە هەبوونـی خۆیـان دەکـرد و پێیـان سـەلمێندرا کـە ئەوانیـش بـە کـردەوە دەتوانـن بەشـێکی گرینگـی کارتێکـەری ئـەو حیزبـە بـن.

مـن لـەو مایـەوە کـە کارمـان دەکـرد بـۆ ئامادەکارییـان چەندیـن جـار لـە نزیکـەوە شـاهید بـووم کـە کەسانێک هەوڵیـان دەدا لـە پێـش کارەکان لەمپـەر دروسـت بکـەن، کەسـانێک هەبـوون کـە بـەو هێـزەی کاک کاوە هەسـتیان بـە کەمبـوود دەکـرد، بۆیـە هەوڵیـان دەدا ناهەماهەنگـی دروسـت بکـەن، خـۆم چەنـد جارێـک لەسـەر ئـەو بابەتـە ناچـار بـووم شـکایەت ببەمـە لای کاک کاوە و دەیـوت دەبـێ بـۆ ئـەو ئامانجەمـان هەندێـک مایـە لـە خۆمـان دابنێیـن و

ئەوەنـدە سـوور بیـن لەسـەری تـا ڕێوڕەسـمەکە بەڕێـوە بچێـت.

ڕۆژەکان تێپـەڕ دەبـوون و بـەرەو نـەورۆز و ڕۆژی دیاریکـراو دەچوویـن، کاک کاوە بـەردەوام خەریکـی هەماهەنگـی بـوو، هەمـوو هـاوڕێ و هاوکارەکانـی دڵنیـام شـایەتی ئـەوە دەدەن کـە چەنـدە بـەو نـەورۆزە مانـدوو بـوو، لـە هیـچ کاریـک سـڵی نەدەکـردەوە، ئـەو ڕۆژە کـە قـەرار بـوو ڕێوڕەسـمەکە بەڕێـوە بچێـت، کاتژمێـر چـواری بەیانـی لـە بنکەکانـی هێـزی تایبـەت لـە شـاخەوە بـۆ ئـەو شـوێنە بـەڕێ کەوتیـن، لەگـەڵ ئێمـە دەسـتی دایـە کارکـردن. لـە چنینـی کورسـییەکان تـا دیاریکردنـی حەسـار و پەرژینکردنـی شـوێنەکە، تەنانـەت دانـە بـە دانـە پوسـتێرەکانی بـە دەسـتی خـۆی هەڵواسـی، هەمـوو ئـەو سـەحنانەم بیـرە دڵنیـام لـە ڕاگەیاندنـی حیزبیشـدا هـەر هەیـە، چونکـە یەکێـک لـە پێشـمەرگەکان کـە ڕێزێکـی تایبەتـی بـۆ کاک کاوە هەبـوو ئێسـتاشـی لەگـەڵ بـێ یـادی دەکات، کاک بەختیـار نـەزەری، کامێراکـەی بەدەسـتەوە بـوو بـە دوای کاک کاوەوە بـوو، دەیـوت سەرسـامم لەگـەڵ هەمـوو مەسـئوولەکانی دیکـە جیاوازیـی هەیـە، بۆیـە حـەزی دەکـرد هەمـوو ئـەو ماندووبونانـەی تۆمـار بـکات، تەنانـەت وێنـە تایبەتەکـەی کاک کاوەش کـە دوایـی کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسـمەکە بە مشـکیەکەی خۆیـەوە دەسـتی کـردە چۆپیکێشـان و دواتـر بـە «چۆپیکێشـی ڕاسـان» بـڵاو بوویـەوە، هـەر کاک بەختیـار لێـی گـرت.

دوای تەواوبوونــی ڕێوڕەســمەکە هەمــوو خەڵــک شــوێنەکەیان چــۆڵ کــرد، دیســان کاک کاوە لەگەڵمــان هەمــوو شــتەکانی کــۆ کــردەوە و چونکــە کات درەنـگ بـوو، ئیسـرارێکی زۆری لـە شـەهید سـەرکەوت کـرد کـە دەبێـت سـبەینێ تیمێـک بێنـی شـوێنەکە خاوێـن بکرێتـەوە، ئەویـش بەڵێنـی پـێ دا و کاک کاوە بـۆ کۆیـە گەڕایـەوە.

دواتــر قــەرار بــوو لــە هەمــوو ســاتەکانی ئامــادەکاری و بەڕێوەچــوون و تەنانــەت خاوێنکردنــەوەی شــوێنی ڕێوڕەســمی نەورۆزەکــە پیشــانگایەکی وێنــە بکرێتــەوە کــە بەداخــەوە هیــچ کات نەمزانــی بۆچــی بەڕێــوە نەچــوو.

**کاک کاوە کەسێک بوو لەگەڵ هەموو خەلاقیەت و ماندووبوونێک، هیچکات حەزی لە «نمایش و خۆنوێنی» نەبوو،** ئەو خەسڵەتەیم بە دەیانجار لەلا سەلمێندرا. هەمیشە کاری خۆی دەکرد بەبێ هات و هاوار.

بەهار لە نیوەدا بوو کە هەواڵ هات کاک سدیقی کەبوودوەند لە بەندیخانەی ئێڤین مانی لە خواردن گرتووە، کاک کاوە ئۆقرەی لێ بڕابوو بە هەموو شێوەیەک دەیهەویست هەڵوێستی کەبودوەند بە دنیا بناسێنێ لە هەموو ڕێگاکانەوە هەوڵی بۆ دەدا، سەرەتا گرووپێکی گەورەی لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی حیزب دروست کرد، هەر جارەو بە دروشمێک و هەلوێستێک هەوڵی دەدا یارمەتیدەری کاک سدیق بێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات، تەنانەت منداڵانیشی هاوردە نێو کایە و بە دروشم داوای خۆڕاگری لە کەبودوەند کرد، هەموو ئەمکارانە لە کەمپەینێ بە ناوی «هەنگاو» سازمان دەدرا کە لە ناساندنی مانگرتنەکەی کەبوودوەند بە دنیای دەرەوەی بەندیخانە زۆر کاریگەر بوو.

لە درێژەی هەمان هەوڵانەدا کاک کاوە وتی دەبێت ڕێپێوانی مەدەنی تا سنووری حاجی ئومەران (سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵات) دەست پێ بکەین، تا حکوومەتی ئێران ناچار بێت داخوازییەکانی کەبودوەند قەبووڵ بکات، هەرچەند شتێکی ئەستەم دەهاتە بەرچاو، بەڵام بیرۆکەیەکی زۆر دەگمەن بوو، بەداخەوە ئەو کارە هەرچەند زۆر ئامادەکاریشی بۆ کرا، بەڵام جێبەجێ نەبوو. بە داخەوە ئەو کارە ناتەواوە ئاخرین بیرەوەریی کاری من لەگەڵ کاک کاوە بوو، هەرچەند کاک کاوە پێش لە ڕۆیشتنی بڕیاری دا کە ئەگەر هاتەوە حەتمەن لە دوای کاریگەرییەکانی پرۆژەی هەوڵدان بۆ سدیقی کەبوودوەند کە چەند بۆشایی کاریی مافی مرۆڤی لە ڕۆژهەڵات هەست پێ دەکرا، کارێکی گەورەی مافی مرۆڤی لانیکەم لە چوارچێوەی سایتێکیشدا بێت بیکات، بەڵام بەداخەوە جەوانمەرد بۆ هەتا هەتایە نەهاتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە و وەکوو ڕێزێک بۆ ڕۆحی نەمری، ئێمە دوای نزیکەی

سێ مانگ لە شەهیدبوونی کاوە جەوانمەرد، هەوڵمان دا سایتێکی مافی مرۆڤی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینەوە و بەرەبەرە توانیمان بە هاوکاریی چەندین کەسی ئازیز، ئەو سایتە وەکوو ڕێکخراو و ناوەندێکی مافی مرۆڤ تۆمار و لە کارەکانی بەردەوام بێت، ئەوەی کە هەر مرۆڤێک بیری جوان و هزری شۆڕشگێڕانەی هەبێت کە دوای نەمانیشی ناو و یادی هەر زیندوو دەهێڵێتەوە، کاک کاوە جەوانمەرد نموونە و وێنەی ئەو قسەیە. تا هەمیشە یاد و ناوی لە دڵی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەدا دەمێنێتەوە.

فواد حەقیقی:

## کاوە زۆر پابەندی بنەماکانی بێلایەنی و پیشەیبوونی میدیای ئازاد بوو

ماوەیەکی زۆر بوو هەر دووراودوور دەمناسی. ناسین وەک ئەوەی کە پێکەوە کار بکەین، یا ئەوەی کە دۆستایەتی نزیکمان هەبێت. لەمێژ نەبوو قاچاخ ببوو. لە ماڵپەڕی (کوردستان میدیا) و چاپەمەنی کاری دەکرد. دوای ماوەیەک فایلکێکی تایبەت بە مافی مرۆڤ کردبۆوە. ئەمە هێڵێکی جیاواز بوو لەنێو ڕاگەیاندنی حیزبدا، بەڵام تاوەکوو کاتێک لە کوردستان میدیادا بوو، ئەمە هێڵێکی زۆر تۆخ نەبوو، بەڵام هەر ئەم هەنگاوە بچووکە ڕچەشکێنییەکی گەورە لە ڕاگەیاندنی «حیزبی»دا بوو. هاوینی ساڵی ٢٠١١ تازە خوێندنم تەواو کردبوو. نەمدەویست چیدیکە لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبدا کار بکەم. ویستم بچمە ئۆرگانێکی لاوەکی و سەرقاڵی خوێندنەوە بم. هێشتا نەگویشتبوومە ئەم قۆناغە، کە ڕۆژێک مامۆستا شەریف فەلاح پێشنیازی کرد ببمە هاوکاریان. وەڵامی ئەرێنیم بە مامۆستا شەریف نەدایەوە. بەس ئەو پێشنیاری کرد ئەو چەند مانگەی هاوین هاوکاریان بم، ئەگەر پێم خۆش بوو، بمێنمەوە دەنا بەلایەکی دیکەدا بچم. دوای چەند ڕۆژێک، ڕۆژێک کاوە جەوانمەرد خۆیشی هەمان پێشنیاری کرد. بۆ کار لە ئۆرگانێک کە تازە دامەزرابوو. بە ناوی ئاژانسی هەواڵی کوردپا.

کارکردن لە کوردپا جیاوازی زۆری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزب/ حیزبیدا هەبوو، کە پێشتر ئەمن ئەزموونی کارم لەوانەدا هەبوو.

هەم شێواز و جۆریکارەکە جیاواز و هەمیش کەسایەتیی بەڕێوەبەرەکەی. هەڵبەت هەر ئەم کەسایەتییەش بوو کە وای کردبوو کارەکە جیاواز بێت. ئامانج لە دامەزراندنی ئاژانسی کوردپا ئەوە بوو کە هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان — بێلایەنانە — بڵاو بکاتەوە. چەند شت هۆکاری ئەمە بوون، خۆی گیراوی سیاسی بوو. بەم هۆیەشەوە درک بە پێویستیی گەیاندنی دەنگی گیراوانی سیاسی و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بە ناوەندە جیهانییەکان و دروستکردنی گوشار بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر گیراوانی سیاسی و مەدەنی، دەکرد. زۆر لەو چالاکڤانانەی پێشتر لەم بوارەدا کاریان کردبوو، بێلایەنانە نەیانکردبوو، بەڵکوو ڕوانگە سیاسی و باکگراوندە سیاسی — هزرییەکانیان تێکەڵ بە پرسەکانی مافەکانی مرۆڤ کردبوو. هەندێ کەس و ڕەوتی بچووک بۆ هەندێ کەس کەسایەتییان دروست کردبوو. کەیسیان بۆیان دروست کردبوو. دواتر ئەم کەسانە وەک چالاکڤان و کەسایەتیی کۆمەڵگە بە خەڵک فرۆشرابوونەوە یان بۆ وەرگرتنی کەیسی سیاسی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی سوودیان لەمە وەرگرتبوو. لە ڕاگەیاندنەکاندا لەم جۆرە کەسانە پاڵەوانێک دروست کرابوو، کەچی واقەعییەت شتی دیکە بوو. ئەو پێی وابوو هەر کەس لە کوردستان، بەبێ ئەوەی کە چ ڕوانگەیەکی هەیە یان سەر بە کام لایەنی سیاسییە، با چالاکی بکات، بەڵام ئەمانە کاتێک کێشەی ئەمنییان بۆ دروست دەبێت، ئیدی نابێت لەسەر بنەمای ڕوانگەکانیان داکۆکییان لێ بکرێ. ئەم پرسانە بەشێک لە کەڵکەڵەی کاوە جەوانمەرد بوون.

ئامانجێکی دیکەشی هەبوو کە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ تاوەکوو ئەو کات لە ڕاگەیاندنە حیزبییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاو دەبوونەوە. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندنە گەورەکان وەک سەرچاوە بەکاریان نەهێنن، بەمەش ئەو چالاکڤانانەی یان ئەو خەڵکە ئاساییەش کە مافیان لەلایەن دامودەزگا ئەمنی- سەربازییەکانی ئێرانەوە بنپێ دەکرا، نەگاتە

شـوێنی کاریگـەر. ئـەو زینـدان، زیندانـی تاکەکەسـی و ئەشـکەنجەی دیتبـوو. دیتبـووی و ئەزموونـی کردبـوو کـە چـۆن کەرامـەت ئینسـانێک بنپـێ دەخـرێ، بـێ ئـەوەی شـوێنێک بـۆ سـکاڵا هەبێـت. کاوە جەوانمـەرد ئـەم پێکهاتـە کلیشـەییانەی شـکاند. ئـەو بەبـێ ئـەوەی کـە ئـەوە لەبەرچـاو بگـرێ، یـان بـۆ تەنیـا چرکەیـەک تێڕامێنـێ، ئـەو کەسـەی کـە گیـراوە، بانـگ کـراوە، هەڕەشـەی لێکـراوە، حوکـم دراوە یـان بـۆ شـوێنی دیکـە ڕاگوێـزراوە سـەر بـە کام ڕەوتـی سیاسـی – هـزری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە، هەوڵـی دەدا دەنگـی ئـەو کەسـە/ کەسـانە بـە شـوێنی مەبەسـت بگەیەنێـت.

بێلایەنبـوون لـە بـواری مافـی مرۆڤـدا تەنیـا پرنسـیپی کاوە جەوانمـەرد نەبـوو، بەڵکـوو بێلایـەن کارکردنیـش لـە بـواری ڕاگەیاندنـدا، بنەمایەکـی دیکـەی هـزری/ چالاکـی ئـەو بـوون. لەڕاسـتیدا پابەندنەبـوون بـە هـەر یـەک لـەو دوو بنەمایـە، ئـەوی لـە گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی دوور دەخسـتەوە. کارەکـە کەموکـوڕی و نەقوسـتانی دەبـوو، بۆیـە ئـەو زۆر ئـاگای لـەوە بـوو کـە سیاسـەتە حیزبییـەکان تێکـەڵ بـەکار ڕاگەیانـدن نـەکات. گەرچـی ڕەنگـە ئەمـە بـۆ زۆر لـە ئەندامـان، یـان بەرپرسـانی حیزبـی پەسـند/ جێـی ڕەزامەنـدی نەبـوو. ئاسـان نەبـوو هێڵێـک لـە نێـوان ئـەو هەواڵانـەی کـە دەبـوو لـە کوردپـا، یـان لـە کوردسـتان میدیـا – کـە تەنیـا سیاسـەتەکانی حیزبـی بـڵاو دەکـردەوە، بکێشـێت. دوای ماوەیـەک لـە دامەزرانـی کوردپـا ئەمیـش بـوو بـە بەشـێک لـەو ئۆرگانـە تـازە دامەزراوەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەم بنەمـای سـەروو/بان حیزبییـە لـە ئاژانسـی کوردپـادا نەچێتـە ژێـر پرسـیار، ئێمـە ئەوانـەی لـەوێ کارمـان دەکـرد هەوڵمـان دەدا شوناسـی کوردپـا بـە لێڵـی بمێنێتـەوە. جەوانمـەرد زۆر پابەنـدی یەکێـک لـە گرنگتریـن بنەماکانـی کار لـە ڕاگەیاندنێکـی ئـازاددا بـوو. ئەویـش بنەمـای بێلایەنبـوون و پیشـەییبوونە. ئـەم بنەمایـە پێـش هـەر شـت پێویسـتیی بـە دڵفراوانـی و دڵئاوەڵایـی زۆرە. ئـەم بنەمایـە لەسـەر کاغـەز ئاسـانە، بـەڵام کاتێـک دەگاتـە ئاسـتی کـردەوە هیـچ ئاسـان نییـە. بێلایەنبـوون لـە کاری هـەواڵ/ ڕاگەیاندنـدا بـەو مانایەیـە کـە ئـەو ڕووداوەی ڕووی داوە وەک خـۆی ببیینـی و وەک چـۆن

رووی داوە بۆ وەریبگری و بگوازیتەوە. وەرگریش دەبێت دادوەری لەسەر بکات. دەستێوەردان لەم بنەمایە وا دەکات راگەیاندن جێی متمانە نەبێت و دەبێتە شوێنێک تەنیا لەپێناو پڕوپاگەندەدا. پڕوپاگەندەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ زانیاری. پێدانی زانیاریی دروست بە وەرگر و خۆ بواردن لە پڕوپاگەندەی چڕوپڕ بە مانای رێزدانان بۆ کەسی وەرگر/خوێنەرە. جگەلەمە بنەمایەکی دیکە راست و دروستی هەواڵ/ زانیارییەکانی هەواڵەکەیە. کە کاوە جەوانمەرد لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەیاندا هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. دەبوو لە سەرچاوەکانی هەواڵەکەی و زانیارییەکانی دڵنیا بووایەت. هەر زانیارییەک کە بە دەستی دەگەیشت، بڵاوی نەدەکردەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێ هەواڵ بڵاو دەکەینەوە. یەکێک لەو شتانەی گرنگی پێ دەدا، کۆکردنەوەی ئامارەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بوو لە راگەیاندنی رۆژهەڵاتی کوردستاندا تا ئەوکات گرنگی بەم بەشە نەدرابوو، بۆیە ئەو هەستی بەوە کردبوو کە دەبێت لەم بوارەشدا ئەو رووداوانەی روو دەدەن، دێکیومێنت بکرێن. بۆ ئەوەی وەک بەڵگە و وەک ئارشیو سوودیان لێ وەربگیرێ. ئەمە بۆشاییەکەی گەورەی پڕ دەکردەوە. تاکوو ئەو کات بۆ ئامارە مانگانە، وەرزانە و ساڵانەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ ماڵپەڕ و راگەیاندنە کوردییەکان پشتیان بە ئاژانسە بێگانەکان دەبەست. ئەم رەوتە دواتر لەلایەن ناوەندی دیکەوە درێژەیان پێدرا. ئەمانە وایان کردبوو ئاژانسی کوردپا لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. هەم بۆ وەرگر/ خوێنەر و هەمیش بۆ ئاژانسەکانی دیکەی هەواڵ، بەڵام ئەمانە بە ئاسانی وەدی نەهاتبوون. ئەو لەپێناو گەیشتن بەمانە قوربانیی زۆری دا. ژیانی تایبەتی خۆی لەسەر دانا و ماندووبوونی زۆری کێشا. کاوە جەوانمەرد هەمیشە بیرۆکەی نوێی بۆ کارەکانی هەبوو. **بۆی گرنگ بوو ئەو کارەی دەیکات، چی لێ دەچنێتەوە.** بۆیە دواتر بازنەی کارەکەی بەربڵاوتر کرایەوە. بەرپرسایەتیی تەلەفزیۆنی «تیشک»ی پێدرا. بەڵام لەم بەرپرسایەتییەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو. کارکردن لە تەلەفزیۆن زۆر جیاوازتر بوو

لـە کارکـردن لـە ماڵپـەڕ و ڕۆژنامـە. ئـەو ئەزموونـی کاری تەلەفزیۆنـی نەبـوو. لەڕاسـتیدا ئـەو دەرفەتـەی بۆ نەخوڵقابـوو لـەم بـوارەدا توانایيەکانـی پـەرە پـێ بـدات و بـە گوێـرەی پێویسـت ئەزمـوون بەدەسـت بێنێـت. لەلایەکـی دیکەشـەوە شـێوازی کار لـە تیشـک و جـۆری چاوەڕوانییـەکان لـە بڵاوکراوەکانـی، جیـاواز بـوون. تیشـک ڕاگەیاندنێکـی تـەواو حیزبـی بـوو و بازنـەی کاری زۆر سـنووردار بـوو. گەرچـی کاوە جەوانمـەرد بەرپرسـێکی حیزبـی بـوو، بـەڵام شـێوازی کاری ئـەو لـە ڕاگەیانـدن بـەو جـۆرە نەبـوو کـە هەمـوو شـت لـە بازنـەی بەرتەسـکی حیزبیـدا تێپـەڕ ببێـت.

جەعفەر موبەشرنیا:

# کاکۆ گوتی کینە لە دڵ خاڵی مەکە

## کاکۆ، شۆڕشگێڕێکی دەروەست، خوێندەوار و بە ئەخلاق بوو

رستەیەک سەرەتای یەکتر ناسینمانی کرد بە سەرەتای دروستبوونی قەناعەتێکیش کە ئەم گەنجە شتی جیاوازی پێیە. کە بووین بە هاوکار، ئەوجا هاورێ، زیاتر لەگەڵ ناخی ئاشنا بووم و دەرکم بەوە کرد کە ئەم گەنجە دەبێتە خوێنی نوێ و دەڕژێتە دەمارانی شۆڕشەوە و جووڵە دەخاتە جەستەی تەڤگەری «دوو دەیە قاڵبگرتووی» رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

جگەلە فێربوونی کاری میدیا و هەستکردن بە شێوازێکی نوێ لە بەرپرسایەتی، پەراوێزێکم کردبووەوە بەردەوام خاڵی جێ سرنجی خۆمم لە کەسایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی ئەودا هەڵدەچنی. گرینگترینیان پووچەڵکردنەوەی دوو بیرۆکەی دژبەیەک و لە یەکبەستنەوەیان، هەروەها فێربوونی کینە لەدڵ خاڵینەکردن لە خەباتدا.

دوو بیرۆکەکە:

یەکێکیان ئەو بیرۆکەیەی کە پێیانوایە چەک واتە توندوتیژی و رێگەی رزگاریخوازیی نەتەویی کورد بە چەک ناپێورێ، کە سەرلێشێواوییەکی لەنێو بەشێک لە رەوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست کردووە. چالاکڤانانی هەڵسووڕی نێو بازنەی ئەم بیرۆکەیە، زیاتر بە ئاهەنگ

و ریتمی ڕووداوەکان و کەشوهەوای زاڵی کورتماوە هەڵبەز و دابەز دەکەن و بە شرۆڤەی ڕۆژ نەک ستراتیژی شەن دەخۆن. جگەلە ڕەنگکردنی رستەکان و چەورکردنی پارووی خەیاڵ، هیچ ئەگەرێکیان بۆ ڕۆڵدیتنی بەشی دیکەی کۆمەڵگە دانەناوە لەکاتی هەڵکردنی بای پێچەوانەدا.

دووەمیش، ئەو هەڵگرانی بیرۆکەیە کە پێیانوایە تەنیا بەچەک نەبێ، کورد بە ئاوات ناگات. ئەو بیرۆکەیەی کە توانای ئەوەی نییە لەو ڕاستییە تێبگات کە هێزێکی بێ پشت و پەنا، لە گرەوی یەکڕەهەندیی شەڕی سربازی لەگەڵ دەوڵەتێکدا براوە نابێت. نموونە زۆرن، بەشێک لە ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵکەندنی خەندەق لە شارەکانی باکووری کوردستان و وێرانبوونی چەند شار لە ساڵی ٢٠١٥دا دوای تێکچوونی پێڤاژووی ئاشتی لە تورکیا، ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووک لە ساڵی ٢٠١٧دا و داگیرکردنی عەفرین لە ساڵی ٢٠١٨دا. لەم سێ نموونانەدا ئەو حیزبە کوردییانەی لایەنی شەڕی دژەداگیرکاری بوون، لە بەهێزترین پێگە و هێزی سەربازیی خۆیاندا بوون.

ڕەتکردنەوەی هەر دوو بیرۆکەکە بە شێوەی جیا و تاکڕەهەندی، چەکوچێک لە ناڵ و یەک لە بزمار نییە، بەڵکوو لێگرێدانی ئەم دوو بیرووکە (خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکداری یان خەباتی چەکداری) بە شێوەیەکی کرداری و ڕوون، دەرەنجامی نەرێنیی هەردوو بیرۆکەکە بەجیا ڕوون دەکاتەوە و پلانی ڕادیکاڵیزمی تاکڕەهەندی پووچەڵ دەکاتەوە.

بە هەموو باوەڕەوە دەڵێم، کاوە جەوانمەرد بە کرداری و بە ڕوونی ئەو دوو ڕەهەندەی لێک گرێ دا و لە هەردووکیشیاندا پێشەنگ بوو. لە خەباتی مەدەنیدا ڕۆڵی ئەو لەنێو خۆی ڕۆژهەڕلاتی کوردستاندا بە شاهیدیی چالاکانی ئێستای نێو خۆی ڕۆژهەلات، لە خەباتی چەکداریدا بە شاهیدیی هاوخەباتانی ئێستای سەنگەری بەرگریی چەکداریدا، پێشەنگبوونی کاوە جەوانمەرد دەسەلمێندرێت.

بۆ ئـەوەی حیزبـی دێمۆکـرات جووڵەیەکـی نوێـی لەخـۆی نیشـان دابـا یـان بـە بڕیارێـک لـەو قاڵبـە ٢٠ و چەنـد سـاڵەی کـە گرتبـوو دەرهاتبـا، هەمیشـە بیـر لـەوە دەکرایـەوە کـە دەبـێ خوێنێکـی نـوێ بڕژێتـە نێـو دەمارانـی ئـەو حیزبـەوە.

لـەو ماوەیـەدا کۆمەڵێـک گەنجـی بلیمـەت و خوێنـدەوار هاتنـە ریـزی شۆڕشـی ڕۆژهەڵاتـەوە، بـەڵام بـە بـاوەڕی مـن سـەرکەوتوو نەبـوون، بـە چەنـد هۆکارێـک. یـان تیئۆرییەکەیـان بـە روونـی و بـە بەرنامـە و بـە زمانێکـی قەناعەتپێکەریـان دەرنەدەبڕی، یـان لـە یەکێـک لـە رەهەندەکانـی (مەدەنـی- چەکداری) خەباتـدا زۆر رادیـکاڵ بـوون، یانیـش تەنیـا تیئۆرییەکانیـان دادەڕشـت و کـردار و جێبەجێکردنیـان بـە ئەرکـی هێزێکـی دیکـەی مرۆیـی دەزانـی.

لـە کۆتاییـدا، دوای ماوەیـەک یـان لـە جێبەجێبوونـی بیرۆکەکانیـان بێهیـوا دەبـوون و بەجێیـان دەهێشـت، یانیـش بـە تێپەڕبوونـی کات عادەتیـان بـەو قاڵبـە دەگـرت کـە حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تێیـدا جێگـری ببـوون و دەبـوون بـە بەشـێک لـەو ژینگەیـە.

## بەڵام کاوە جەوانمەرد بۆ جیاواز بوو؟

بـە هەمـوو بـڕواوە دەڵێـم، کاوە جەوانمـەرد رێـک ئـەو خوێنـە تازەیـە بـوو کـە جووڵــەی خسـتە ناوەنـدی بڕیـاری حـدکاوە. کەسـایەتیی کاکـۆ بـە کـرداری و بـە پێشـەنگیی خـۆی، هـەردوو بیرۆکـەی تاکڕەهەنـدی (یـان خەباتـی مەدەنـی یـان خەباتـی چەکـداری)ی پووچـەڵ کـردەوە و بـە ئەندێشـەیەکی دوور لـە سەرلێشـێواوی لێکـی بەسـتنەوە، کـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا کاریگـەری لەسـەر لایەنەکانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش دانـا.

## خاڵی سەرکەوتنی کاکۆ کات بوو

لە نێوان دانانی بەرنامەیەک و جێبەجێکردنیدا، کەمترین کاتی لەدەست دەدا. تیئۆریی خۆی لە کاتێکی کەمدا و لە گۆڕەپانی کرداردا بۆ هەموو دەوروبەری شرۆڤە دەکرد. بە تەواوی خۆی لە برۆکراسی بەدوور دەگرت و سەت قسەی بەفیدای کردارێک دەکرد. ئەنجامەکەش بۆ هەموو کەسێک بە دیار کەوت کە لە چ ماوەیەکی کورتدا گۆڕانکاری کرد و بە پشتیوانیی هێزی دەروەستی شۆڕش لە گۆڕانکاریدا سەرکەوتوو بوو. ئەو هێزەی کە هەمیشە ئامادە بووە، بەڵام پێشەنگێکی کاکۆئاسای دەویست.

ئەگەر نەوەکانی داهاتوو چیرۆکی ژیان و خەباتی کاوە جوانمەر بخوێننەوە، کە بە چەکەوە و لە شەڕدا شەهید بووە، تەنانەت بە گوللە هێزی دژبەری خۆی نا، بەڵکوو بە نارنجۆکی دەستی گیانی خۆی بەخشیوە، ڕەنگە وا بیر بکەنەوە کە هیچ ڕێگەیەکی بەدی نەکردبێت بۆ مافخوازی و بڕیاری بەخشینی گیانی بەدەستی خۆی هەڵڕشتنی هەموو داخی دڵی بووبێت، بەڵام ڕستەیەکی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە ئەو بیرکردنەوەیەش پووچەڵ دەکاتەوە ئەوی دەیگوت (کینە لە دڵ خاڵی مەکە) یەکەم ڕستەییەک کە هەندێک بە بڕیارەوە پێی گوتم، «بۆ سەرکەوتن لە کاری میدیادا، بەتایبەتی میدیای حزبی کە هەموو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەگەڵ دژبەری خۆی هەبووە، «تکایە کینە لە دڵ خاڵی مەکە».

واتە ئەرکی میدیا و میدیاکار ئەوەیە زانیاری بدات، ئەگەر خەڵک کینەیەکی لەدڵدا هەبوو، لێگەڕێ، چۆنکە بە زمانی خۆی باشتر دەزانێت هەڵیڕێژێت.

خوێندنەوەی من بۆ کەسایەتیی کاوە جەوانمەرد ئەوەیە کە ئەو تەنیا چەکدارێکی سێرف نەبوو، میدیاکار و چالاکی مەدەنیی سێرفیش نەبوو. ئەو شۆڕشگێڕێکی خۆ دەروەستی خوێندەوار و بە ئەخڵاق بوو.

هادی عارفی:

## کاوە، باوەڕی قووڵی بە ئازادیی قەڵەم و هزری ئازاد هەبوو و نرخی ڕەخنەشی دەزانێ

دەگمەنن ئەو کەسانەی لە مێژوودا دەبنە وانەیەکی زێڕین بۆ نەتەوەکانی خۆیان و وانەی شەهامەت و مرۆڤایەتی لە پاش خۆیان بەجێ دێڵن. بۆیە شۆڕشگێڕی بە درێژایی مێژووی مرۆڤ خەسڵەتێک بووە کە هەموو کەس ویستوویەتی هەڵی بگرێت و بەو ناوەوە پەسن بکرێ، بەڵام کاوە جەوانمەرد ڕۆح سووک و ڕەزا شیرین، یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە هێشتا ئەستێرەکانی هیوا و ئاواتی هەروا پڕ نوور دەدرەوشانەوە خۆی لە چاوی ئەویندارانی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی ون کرد و دڵی هەزاران هەزار مرۆڤی ئازادیخوازی پەژارەدار کرد.

«برا و هاوکاری عەزیزم» دەستپێکی یەکەمین نامەی کاک کاوە بوو کە دوای چەند مانگ دوور کەوتنەوەم لە کۆڕی هاوڕێیانی پێشمەرگە بۆی ناردم. نووسین لەسەر کەسایەتی و ئەخلاقی کەسێکی بەرزە مرۆڤی وەکوو کاک کاوە کە برا و هاوکاری ئازیز بووین، کارێکی زۆر ئەستەمە، هەواڵی شەهیدبوونی هەستێکی هێندە دڵتەزین چزاندۆتە جەرگم، کە قەڵەم و زمان لە ئاست ئەو ژانە کول و کۆڵە.

کاک کاوە بەرلەوەی هاوسەنگەری پێشمەرگایەتیم بێ، هاوڕێ و هاوەڵێکی زۆر دڵسۆز و بە پەرۆش بوو بۆم و لە دارەدارەی کاری ڕۆژنامەگەری و نووسیندا دەستی گرتم و هاوکات پاشخانێکی گەورە و مەزنی ڕۆژنامەگەریی

ئەخلاقگەرای لە پاش خۆی بەجێ هێشت. کاک کاوە سەرڕای ئەوەی کە خۆی ئازارچێشتووی دەستی دیکتاتۆری و چەوسانەوە بوو، ڕۆژی ڕەشی زۆری بەسەردا هات، بەڵام بەو حاڵەش لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا باوک و برا دڵسۆزی هەموو پیشمەرگەکان بوو. پێم وا نییە پێشمەرگەیەک هاوڕێ و هاوکاری کاک کاوە بووبێ، فارس گوتەنی کاک کاوەی نەکردبێتە «سنگ بور×»ی خۆی. ئێستا لە دوای کاک کاوەی برا و باوک و هاوسەنگەرم، غەم و پەژار و فرمێسک بوونەتە هاوەڵم. مانگی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی لەگەڵ کاک کاوە بووم بە هاوکار، لە یەکەم چاوپێکەوتنمدا هێندە هەستم بە نزیکایەتی دەکرد، دەتگوت هاوڕێ و هاوەڵی سەردەمی منداڵی بووین، قەت ڕۆژێک هەستم نەکرد وەکوو بەرپرسێک مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا بکات، بەڵکوو ئاستی خۆشەویستیی پێشمەرگەکان بۆ کاک کاوە وای کردبوو کە کارکردی ئۆرگان وماڵپەڕەکانی حیزب وەکوو نموونە لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەی پێشمەرگەکاندا باسی بکرێ. خەمی دەستبەسەر کراون و زیندانی سیاسی یەک لەو تایبەتمەندییانەی کاک کاوە بوو کە زۆر بۆیان بە پەرۆش دەبوو، لە جەریانی کاری ڕاگەیاندن و مافی مرۆڤدا هەموو هەوڵێکی ئەدا کە هەواڵی گیراوان لە بنەماڵە کەسوکاریان بپرسین و لە خەمیاندا بین، بێگومان هەر ئەمەش بوو وای کرد کە «هەواڵدەریی کوردپا» لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە وەکوو بڕواپێکراوترین سەرچاوەی هەواڵ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاماژەی پێ بکرێت.

## رایەڵەیەکی بەرینی پەیوەندیی لەگەڵ زیندانەکان دامەزراندبوو

خۆشەویستیی کاک کاوە بۆ زیندانیانی سیاسی بێسنوور بوو، هەر بۆیەش رایەڵەیەکی بەرینی پەیوەندی گرتنمان لە ناو خۆی زیندانەکان پێکهێنابوو کە هەتا ئێستاش لەگەڵ بەشێک لەو زیندانیانە لە پەیوەندیدام. خۆشەویستیی کاک کاوە بۆ ئەو زیندانییانە بە ڕادەیەک بوو کە لەسەر

تێچووی خۆی پارێزەری نارده سەر دۆسیەی یەکێک لە بە پێشینەترین زیندانیانی سیاسیی کورد. بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، لە دوای دەستبەسەرکرانی برایانی کوردپوور وێڕای ئەوەی کە دەستبەسەرکرانیان زۆری ناڕەحەت کرد، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە هەمیشە لە هەواڵ و راپۆرتەکاندا برایانی کوردپوور بە بیری خەڵک بهێننەوە، با لە یادی خەڵک نەچنەوە. ڕۆژێک بە ڕێکەوت لەسەر کار باسی وتار و مانیفێستەکەی دکتۆر «مەسعوود رۆستەمی»م دەکرد کە لە فەیسبووک بڵاویان دەکاتەوە هەرچەندە ڕەخنەی لە حیزبی دێمۆکراتیش گرتووە، بەڵام زۆر شتێکی دەگمەن و دانسقەن. کاک کاوە گوتی مەسعوود زۆر زیرەک و تێگەیشتووە، بۆیە هەموو نووسینەکانی لە کوردپا بڵاو بکەنەوە با ئارشیڤ ببن و بخوێندرێنەوە و نەفەوتێن. بێگومان ئەم هەڵوێستە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم کەسە چەندە کەسێکی کراوە و باوەڕمەند بە ئازادیی قەڵەم هزری ئازادە و نرخی ڕەخنە دەزانێ.

کورد دەڵێ: دڵ ئاوێنەی دڵە. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەدەستچوونی کاک کاوە، ڕۆژێک لەگەڵ کاک مەسعوود باسی کاک کاوەمان دەکرد، پێش ئەوەی من باسی هیچی بۆ بکەم گوتی: «دوێنێ چەند دۆستێ وتیان پێم کە کاک کاوە شەهید بووگە. من جیا لەو چەن دۆستە کە جێگای متمانەن لەگەڵ کەسیتر پێوەندیم نییە. ڕاستییەکەی من کاک کاوەشم تا ئێستا لە نزیکەوە نەدیگە، بەڵام لە چەند جار پێوەندی و چەت، هەستێکی دۆستانەم لە بەرامبەر کاک کاوە هەبوو کە بەدەگمەن کەسێک وا هەیە بە دڵمەوە بنیشێ. بۆیە کاتێک ئەو هەواڵەم بیست خۆم پێ ڕانەگیراو دەستم کرد بە گریان. لە ژیانمدا بۆ دوو کەس گریاوم کە یەکیان کاک کاوەیە، ئێستاش خۆشترین هەواڵ بۆ من لەم ڕۆژانە هەواڵی زیندووبوونی کاک کاوەیە».

بێگومان ئەم ئەخلاقە بەرزانە، ئەوە دەسەلمێنن کە کاک کاوە هیچکات شەرمەزاری ویژدانی خۆی نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە هیچکات ئیدیعای نەبوو، بەڵام ئەوەی لە دەستی هات بۆ ئازادی و بەختەوەری و ڕزگاریی

بەشـمەینەتان و کـوڕی هەژارانـی کوردسـتان درێغیـی نەکـرد کـە ئەمـە خـۆی گەورەتریـن خەسـڵەتی کەسـیەتیی شۆڕشـگێڕانە.

## هەرگیز پلە و پۆست لەلای ئەو جێگای هەقیقەت و ئەخلاقی نەگرتەوە

کۆمەڵێـک خەسـڵەت و تایبەتمەندیـی وەک گیانبـازی، فیـداکاری، بوێـری، راسـتبێژی، خۆنەویسـتی و خەڵـک ویسـتی، پێشـەنگبوون و پێشـمەرگەبوون لەپێنـاو بەختەوەریـی دەوروبـەردا خەسـڵەتی ئازادیخـوازی و پێشـمەرگەبوونی کاک کاوە دەگەیەننـە لووتکـە، هـەر بۆیـەش هەرگیـز لـەلای ئـەو دەسـەڵات جێگای هەقیقـەت و ئەخلاقـی نەگرتـەوە. چونکـە ئامانجـی ئـەو نـەک گەیشـتن بـە دەسـەڵات و دەسـەڵاتداریی خـۆی وەکـوو تاکەکـەس نەبـوو، بەڵکـوو سـەرەوەریی نەتەوەیـی و لابـردن و سـڕینەوەی جیاوازیـی چینایەتـی و چەوسـانەوەی ئینسـان بەدەسـتی ئینسـان بـوو.

ئالبێـرت شـوایتزر «Albert Schweitzer» بیرمەنـدی ئاڵمانـی دەڵێـت: شورشـگێڕ، تاسـەیەکی قـووڵ، حەزێکـی لەڕادەبـەردەر و ئەڤینێکـی لـە بنـا نەهاتـووی بـۆ ژیـان هەیـە«. عەشـق و خۆشەویسـتییەک کـە دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە ئەویندارانـە لـە پێنـاوی ژیانـدا گیـان بەخـت بـکات، بـەو مەرجـەی کـە مەرگـی ئـەو دابینکـەری ژیانـی کەسـانی دەوروبـەری بێـت.

بۆیـە کەسـی شۆڕشـگێڕ بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی کـە ئامـادەن هەمـوو کەسـێک بکـوژن بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان، ئـەم ئامادەیـە گیـان بـدات لەپێنـاو دەسـتەبەربوونی ئامانجەکانـی ئەویتـردا، چونکـە لـە روانگـەی شۆڕشـگێڕەوە خووگرتـن بـە خۆشـبژێوی، شـتێکی جیـاوازە لـە عەشـق بـە ژیان. ئاسـاییبوونی مـەرگ و نەترسـین لـە مـەرگ مەرجـی بنچینەیـی شۆڕشـگێڕ بوونـە، بـەڵام ئەمـە نەتەنیـا بـە مانـای مەرگدۆسـتی نییـە، بەڵکـوو بـە واتـای بەهاداربوونـی ژیانـە.

«سەربەخۆیی»، «ئازادی»، « ئازایەتی»، «رەخنەگرتن»و «وەرگرتنی رەخنە«، هەوێنی کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی کاک کاوە بوو. چونکە پێی وابوو ئەم چەمکانە، زانایی و توانای «بیرکردنەوە«و «بڕیاردان»ی شۆڕشگێڕانە دەبەخشێت. هەروەها یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی کاک کاوە «نا» گوتن بوو، واتە هەمیشە پشتیوانی راستییەکان بوو. بۆ مێژوو باسی دەکەم ئەو کاتەی پێشمەرگەکانی راگەیاندن بۆ (کۆنفرانسی بە سمینار کراو*»یەکێک لە قسە خۆش و پڕ ماناکانی شەهید سەلاح نادری») پەراوێز خران لەگەڵ ئەوەی کە هەموومان بە دڵ و بە گیان شەو و شەونخوونیمان بۆ کاری حیزبی دەکێشا، کاک کاوە پشتیوانی لە کادر و پێشمەرگەی راگەیاندن کرد کە «نا» بەو سمینارە بڵێین. ئەم گەورەیی، تێگەیشتنە، لێزانی، بیرمەندی و خۆشەویستییە، نەک بە خواستی کاک کاوە نەبوو، بەڵکوو هەقیقەتی ئەندێشە و کەسێتیی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی ئینسانی و توانای «نا « گوتنی ئەو بوو کە کاوە جەوانمەردی ئافراندبوو ببێتە گوڵێک لە بیاباندا، هەر بۆیەش داخی لەدەستچوونی دڵی هەزاران ئەویندای ژیان و ئازادیی کوردی پەژارەدار کرد. کاوە **جەوانمەر دێمۆکرات و شۆڕشگێڕانە ژیا، هەر بۆیەش مەرگیشی وەکوو ژیانی هەزاران چیرۆک و وانەی ئەشق و شۆڕشگێڕانەی لەخۆ گرتووە.**

سەرەتا ناویانم لە تیشک تیڤی بیست، ئەو کاتە بوو کە پاش تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی و ئازاد بوون لە زیندان، بەهۆی گوشاری ڕژیمەوە، ناچار بوو دایکی بەجێ بهێڵێت و ڕوو بکاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێبکات.

پاش ئەوەی کە دەورەی ٢٠٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێمۆکرات کۆتایی پێهات. ئەمن لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتدا سازمان درام و بووم بە یەکێک لە ئەندامانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا کە بە بەرپرسیارێتیی کاک کاوە بەڕێوە دەچوو. پێش هەموو شتێک، کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیمان گرت و لەو کۆبوونەوەدا کاک کاوە بە وردی

باسـی کار و ئامانجـی ماڵپـەڕ کـرد و پاشـان ئایینناـمەی کاریـی بـە وردی شـی کـردەوە؛ جەوێکـی قـورس بەسـەر کۆبوونەوەکـەدا زاڵ بـوو و ئەمنیـش لـە یەکـەم ڕۆژەوە جیددییەتـی کاک کاوە کـە بەرپرسـی ئـۆرگان بـوو بـۆ دەرکـەوت.

مـاوەی سـێ سـاڵ و نیـو لـە ماڵپـەڕی کوردسـتان میدیـا لەگـەڵ کاک کاوەدا هـاوکار بـووم و ئـەو ماوەیـە بـۆ مـن وەکـوو پـەروەردە لـە گەورەتریـن زانکـۆی جیهانـدا بـوو، چونکـە بەڕاسـتی کاک کاوە وێـڕای کار و ماندووبـوون، وانـەی بەرخـودان، خۆڕاگـری، شۆڕشـگێڕی و ژیانـی دەگوتـەوە. کاکـۆ مرۆڤێکـی بـە وتـەی خۆیـان یاخـی بـوو، **پێـی وابـوو ئـەم قۆناغـەی خەباتـی خۆرهـەڵات پێویسـتیی بـە مرۆڤـی یاخـی هەیـە بـۆ زیندووبوونـەوە**؛ کاکۆ خۆی بـەو قەناعەتە گەیاندبـوو کـە ئـازادی نرخـی هەیـە و ئامـادەی هەرچەشـنە گیانبازییـەک بـوو بـۆ وەدەسـتهێنانی ئـازادی و ڕزگاریـی نەتەوەیـی.

یەکێکـی دیکـە لـە تایبەتمەندییەکانـی کاکـۆ، پشـوودرێژی و خۆڕاگربـوون بـوو. کاک کاوە کـە هـەر لـە منداڵییـەوە باوکـی لەسـێدارە درابـوو، بـار هاتبـوو کـە خەبـات قوربانـی هەیـە و هیـچ گەلێـک بەبـێ قوربانیـدان بـە ئـازادی و ڕزگاری نـاگات.

کاکـۆ هەمیشـە لێوبەخەنـدە بـوو و ئەمـەش وای کردبـوو کـە خۆشەویسـتی پێشـمەرگە و ئەندامـان و هەمـوو لایەنگرانـی حیزبـی دێمۆکـرات بێـت. خاڵێکـی دیکـەی جێـگای سـەرنج لەبـارەی کەسـایەتیی کاک کاوە ــوە، ئـەوە بـوو کـە لـە کار و چالاکیـی حیزبیـدا هیچکات (ابتـکار عمـل) ــی لاوانـی لێیان نەدەسـەندەوە و بـەردەوام پێـی وابـوو کـە بیرۆکـەی لاوان بـۆ هـەر چەشـنە چالاکییـەک دەبـێ پـەرەی پـێ بدرێـت و مەیدانـی بـۆ بکردرێتـەوە بـۆ گەشـەکردن. کاکـۆ بەڕێوبـەر بـوو؛ بەڕێوبەربـوون تایبەتمەندییەکـە کـە زۆر سـەرکردەی سیاسـی وێـڕای بەتوانابـوون، نییانـە. کاک کاوە خـاوەن هێزێکـی بەرچـاو بـوو بـۆ بەڕێوبەریـی کار و چالاکییـە ئۆرگانیکـەکان و زۆر خـۆی بـە سـازماندان و داڕشـتنی بەرنامـە بـۆ بەرەوپێشـچوونی کاروبـار مانـدوو دەکـرد؛ ئـەوەش وای کردبـوو کـە لەلایـەن

دەفتـەر سیاسـیی حیزبـەوە متمانەیەکـی زۆری پـێ بکرێـت و هـاوکات چەندیـن کاری پـێ بسـپێردرێت.

هیچکات پێش نەهات کە یەکێک لـەو پێشـمەرگانە کـە لەگـەڵ کاکـۆ هـاوکار بـوون، دڵیـان لـە کاک کاوە بێشـێت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە کاکـۆ لـە کاری حیزبـی و ئۆرگانیکـدا زۆر وردبیـن و جیـددی بـوو و لێپرسـینەوە لـە چۆنیەتیـی کار یەکێـک لـە خەسـڵەتەکانی کاری بـوو، لـە هەمانکاتـدا لـە بەرانبـەر هەڵـەی کاریـدا لێبـوردە بـوو، بـەڵام لـە شـوێنی گونجـای خۆیـدا بـە ڕەخنـەی ئوسـووڵی و بنیاتنەرانـە کەموکوڕییەکانـی ئـۆرگان و کەسـەکانی دەخسـتە ڕوو.

کاکـۆ، هونەرمەنـد بـوو و لـە کاتـە ئازادەکانیـدا بـۆ حەسـانەوەی مێشـکی خـۆی کاریکاتـۆر و نەقاشـیی دەکێشـایەوە. کاک کاوە بـە کـردەوە نیشـانی دا کە درێـژەدەری ڕێبـازە پـڕ سـەروەرییەکەی دکتـۆر «قاسـملوو و شـەرەفکەندی»یە و لە گۆڕەپانی شـۆڕش و کوردایەتیدا، مێژووی نووسـییەوە و بۆ بە ئەسـتێرەیەکی هەمیشـە گەشـاوە و درەوشـاوە لە ئاسـمانی خەباتی ڕزگاری خوازیی کوردستاندا. کاکۆ بـە کـردەوە سـەلماندی کـە ئامـادەی گیانبازییـە و ئێمـەش بۆمـان دووپـات بـووەوە کـە مرۆڤی شۆڕشـگێڕ، مردنیشـی شۆڕشـگێڕانەیە.

ئاگری ئیسماعیل‌نژاد:

## کاوە، قارەمانی سەردەمی بێ‌قارەمانی

من مێژووی هەموو نەتەوەکانی دنیام نەخوێندۆتەوە، بەڵام لە شتێک دڵنیام، ئەوەیش ئەوەیە، کە نەتەوەی بێ‌قارەمان لە دنیادا هەر نییە؛ ئەو قسەیە بەپێی پێویستی پێگەی قارەمان بۆ مانەوەی نەتەوەکان دەکەم.

ئەوەی من لێرەدا وەک قارەمان ناوی دێنم، مەرج نییە «هەرە قارەمان» بێت بەو مانایەی کە هیچ تاکێکی ئەو نەتەوەیە لە هیچ ڕوویەکەوە پێ نەگات.

بەڵکوو قارەمانی نەتەوەکان لە ئێستاش و لە ڕابردووشدا بەپێی دۆخی نەتەوەکە کەسی جیاواز بووە لە زۆر ڕووشەوە جیاوازیی لەگەڵ کەسی ئاسایی کۆمەڵگەی خۆی نەبووە، کە واتە نەتەوەکان بەپێی کات و شوێن و لەنێو بەرەی سەردەمیاندا قارەمانیان هەیە.

ڕاستە ڕەنگە هێندێ نەتەوە هەبن کە قارەمانەکانیان جەغزی مێژوو تێپەڕێنن، بۆ وێنە «باوکانی دامەزرێنەر» لە ئامریکا، بەڵام ئەوەی قارەمانێک جەغری مێژوو دەپەڕێنێ، پەیوەندیی بە خودی قارەمانەکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە پێویستیی نەتەوەکەوە هەیە و ئەگەر وایە هەموو نەتەوەیەک ئەگەری هەیە لە قۆناغی جیاوازدا قارەمانێکی ڕابردووی خۆی بێنێتەوە نێو گۆڕەپانی ژیانی خەڵکەکەی.

بەو پێشەکییەوە دەمەوێت، بچمە سەر تاوتوێکردنی ژیانی کاوە جەوانمەرد، کاوە گەنجێک بوو کە لە قۆناغی دوایی شکستی یەکێک لە شۆڕشەکانی

کوردستاندا هاتبووە نێو گۆڕەپانی کوردایەتی و شۆڕشەوە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە، ئێمە کە لە شۆڕش شکستمان خوارد، ڕێژیم دەستی دایە پاککردنەوەی ئەو قارەمانانەی کە لە سەردەمی شۆڕشدا لە زەینی تاکی کورددا ساز ببوون.

هۆکاری ئەو کارەی ڕێژیم ئەوە بوو، کە ئەو دەیەویست بەو شێوەیە بە دوو ئامانجی بگات:

یەکەم: بیری کوردبوون لە زەینی تاکی کورددا لێل بکات، چون کاتێک نەتەوەیەک لەسەر پرسێکی تایبەت قارەمانی نییە، تاکەکان نازانن بۆ ئەو پرسە کێ بکەنە ئۆلگووی خۆیان و جۆرێک لێلی لە دیتنەوە ڕێبازەکەیاندا ساز دەبێت و گرینگیی قارەمانێکی دیاریکراو بۆ گەنجی کورد لە سەردەمێکدا کە کورد ڕاستەوخۆ لەژێر زەختی دەسەڵاتی سیاسیی داگیرکەری وڵاتەکەی دایە، هێندەی دیکە زیاتر دەبێت. چونکە لە ڕاستییدا لەنێو نەتەوەکانیتر ئەوەی دەبێتە هۆ بۆ کە تاکەکان تووشی سەرلێشێوایی نەسڵی نەبن و لە ناسنامەی خۆیان دوور نەکەونەوە، دەسەڵاتداریی سیاسییە!

ئیدی کاتێک تۆ خۆت دەسەڵاتداری سیاسیت نییە و دەسەڵاتی زاڵیش ئیرادەی تێکدانی شوناسی تۆی هەیە، ئەوکات قارەمانەکان زیاتر لە هەموو سەردەمێک بوونیان پێویستە هەتا ڕێگەنیشاندەر بن.

دووەم: ڕێژیم دەیەوێت لە ڕێگای دانانی قارەمانی درۆیینەوە، سەرچاوەی ناسنمەی کورد بگەڕێنتەوە بۆ سەر ناسنامەی ئێرانیبوون و بەو شێوەیە کوردبوون، تووشی قەیرانی هەتاهەتایی بکات.

تێکدانی ڕواڵەتی قارەمانەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بۆ ئێمە بەرەی دوایی شۆڕشێکی شکستخواردوو، بە مانای سەرلێشێواوی بوو، چونکە تاکی شۆڕشگێری ئەم سەردەمە بەردەوام لە

بەرانبەر ئەو پرسیارە دایە، کە کام ڕێگا باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ ئەو بەستێنی سەرەکیی شۆڕش بێت، ئەو بەستێنی شۆڕشبوونە، لێرەدا بە مانای پسپۆڕی لە شۆڕشدا نییە، بەڵکوو بە مانای گرینگی بەستێنەکەیە بۆ کۆی شۆڕشەکە.

کاوە لەو سەردەمەدا بە شۆڕشەوە پەیوەست بوو، ئەو لەگەڵ ئەو شۆڕشەی پێشوو بە دوو شێوە پەیوەندی هەبوو:

یەکەم: پەیوەندی بنەماڵەیی

کاوە کوڕی شەهید نەجمەدین جوانمەرد بوو، باوکی لەلایەن ڕێژیمەوە بە تاوانی ئەندامەتی و هاوکاریی شۆڕش لەسێدارە دراوە. کەوایە کاوە پەیوەندیی کوڕ و باوکیی لەگەڵ شۆڕش هەبوو.

دووەم: ڕووناکبیری تاکەکەسی

کاوە وەک شارۆمەندیکی بەرپرسیار، لە بەرانبەر پرسەکانی کۆمەڵگەدا بەردەوام هەڵوێستی بووە و ئەو لە قۆناغێکی ژیانیدا یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان بووە. سەرەڕای ئەو باسانە خاڵی گرینگی کاوە ئەوە بوو، لەپێناو ئەو شۆڕشەدا چەندین جار زیندانی کرابووە، دەیان قەیرانی جۆراوجۆری لەلایان ڕێژیمەوە تووش کرا؛ بەڵام هیچکام لەوانە وایان نەکرد، لەو ڕێبازەی گرتبووی پاشگەز ببێتەوە، بەڵکوو جاربەجار بە باوەڕتر لە ڕابردوو ئەرکی شۆڕشگێریی بەجێ دەگەیاند.

دوایین قۆناغی ژیانی کاوە لەڕاستییدا گرینگترین قۆناغی ژیانی بوو، کە ڕواڵەتی شۆڕشگێری ئەوی کردە قارەمانی بەرەی خۆی، کاوە لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە دەگەڕێنەوە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاش٢٠ ڕۆژ لەلایەن ڕێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن، ماوی گەمارۆکە نزیکەی ١٠ ڕۆژ دەخایەنێت و لە کۆتاییدا کاوە و شەهید «سەرکەوت سەمەدی» بۆ جارێکیتر لەلایەن

ڕێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن و ئەو جارەیان پاش قەدرێ شەڕ، گوللەیان لێدەبڕی، لێرە دایە کە ڕواڵەتی قارەمانێتیی کاوە بۆ بەرەی ئێستای کوردستان بەتەواوی دەردەکەوێت، کاوە و سەرکەوت لە بریارێکدا بە نارنجۆک خۆیان دەکوژن هەتا بە دیلی نەکەونە دەست دوژمنێک کە کەرامەتی شۆڕشگێڕی و مرۆڤبوونیان تێک بدات.

بەڵام دوایی ئەو شەهید بووە، ئەوان دەبن بە قارەمانی نەتەوەکەیان قارەمانێک کە رێبازی دەتوانێ تێکدەری هەموو پیلانەکانی دوژمن بێت، بۆیەش لای من کاوە قارەمانێکە لە سەردەمێکدا کە قارەمانەکان لە زەینی کاتیی کورددا یان شۆردرابوونەوە، یان سیمایان تێک درابوو.

ئەرسەلان یار ئەحمەدی:

## کاک کاوە وتی هەتا دەگەڕێمەوە ئاگات لە «هەنگاو» بێت

### چۆن کاوە جەوانمەردم ناسی؟

سەرەتا بەهۆی ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت فەیسبووک، هەروەها لەبەر ئەوەی بەدواداچوونی پرسی بەندکراوانی سیاسیم دەکرد، ناوی کاک «کاوە جەوانمەرد»م بیستبوو.

دوای چەند ساڵ وتیان بەندکراوێکی سیاسی بەناوی کاوە جەوانمەرد لەگەڵ هاوسەرەکەی قاچاخ بووە و هاتوونەتە ناو حیزب، من هێشتا لە نزیکەوە نەمدیبوو، ئەوەندە دەزانم دوای کۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ڕۆژنامەی «کوردستان» سازمان درابوو، لەبیرمە یەکەم کارەکانی بە نووسینی ڕاپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە شێوەی حەفتانە ئامادەی دەکرد دەست پێکرد. ئەوکات سایتی «کوردستان میدیا» بەشێک بوو لە ئۆرگانی چاپەمەنی و هەر بە بینینی ئەو کارانەی هەستم کرد کە کارێکی جیاواز لە کوردستان میدیا دەکات کە هەتا ئەوکاتە من نەمبینیبوو.

پاش چەند مانگ ماندووبوون کاک کاوە و چەند هاوڕێی دیکە توانیان ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان (کوردپا) چالاک بکەن و هاوکات ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»یش بە دیزاینێکی نوێوە چالاک کرا کە هەردوویان لەژێر چاوەدێریی کاک کاوە چالاکییان دەکرد و ئەو بەرپرسی گشتیی هەر دوو ماڵپەڕەکە بوو. لەو ڕووەوە من لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت نێوانم خۆش

بوو و شوێنی خەوتنیشم لە لە فێرگە بوو و کاک کاوەش نێوانی زۆر خۆش بوو لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت، لە ژووری مامۆستا سەرکەوت بۆ چەند جار یەکترمان بینی و لەوێوە ئیدی دۆستایەتیمان دەستی پێکرد.

ڕۆژێک لەبیرمە لەگەڵ کاک ڕامان نەسری کە هاوڕێی بوو و لە دەورەی سەرەتاییش پێکەوە بوون، هاتن بۆ ژوورەکەم لە فێرگە و نەهاتنە ژوورەوە، لە دەرەوە چاییەکمان دەم کرد و زۆر قسەمان کرد و وتی هاتووم بە فەرمی پێت بڵێم کە بۆ کوردپا بە شێوەی فەرمی هاوکاریمان بکەیت. منیش چونکە هەم لەو بارەوە کارم دەکرد و پیشتریش لە ماڵپەڕی کەمپەینی بەندکراوانی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران چالاک بووم، ئەو پێشنیارەم زۆر پێ خۆش بوو و دەستبەجێ داواکارییەکەم قەبووڵ کرد. کاک کاوە لەگەڵ چەندین کەسی دیکە لە ئۆرگانەکانی دیکە و تەنانەت لە منداڵی پێشمەرگەکانیش قسەی کردبوو کە بۆ بەهێزکردنی ئەو دوو ماڵپەڕە کەڵکیان لێ وەر بگرێت و لە ڕاستیدا ئەو دەیویست کە لە هەموو پۆتانسیلی حیزبی کەڵک وەربگرێت.

هەر ئەو کات کاک کاوە زۆر هەوڵی دا کە من بباتە بەشی ڕاگەیاندن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هێندیک کێشە سەرکەوتوو نەبوو و دوای کۆنگرەی ١٥ کاک کاوە بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و دیسان هەوڵی دا کە من بباتە ڕاگەیاندن کە ئەو جارەشیان سەری نەگرت. ئیدی کاک کاوە دواجار وتی تۆ ئێواران وەرە بۆ کوردپا و منیش ئێواران دەچوومە کوردپا و ڕۆژێک کاک غالبی بانگ کرد کە بەشی ماڵیش بوو، وتی لە ئەمڕۆ بەدواوە هەموو ئەو مەزایایانەی کە ئەندامانی کودپا هەیانە، ئەرسەلانێش دەگرێتەوە و دەبێ وێڕای ئەوانە پارەی ئینتێرنێتیشی بۆ دابین بکەی و هەر کێشەیەکیش بۆ لەبتابەکی هاتە پێش، دەبێ قەرەبووی بکەیتەوە. بە ڕاستی کاک کاوە بیزانیبایە هەر کەس دەتوانێ چووکەترین خزمەت بە ماڵپەڕەکانی حیزب بکات بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکرد و ئەم ئەخلاقەیم زۆر لەلا جوان بوو. لەو ماوەیەش کە ئیواران لە ماڵپەڕ ئیشم دەکرد، زۆر کەس دوای دابەشبوونی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتی دەدرانە

ئـەو بەشـە، کاک کاوە تەنیـا کاری لێیـان دەویسـت، بـەردەوام هەواڵـی پێیـان تەرجومـە دەکـردەوە وەکـوو مەشـقکردن داوای دەکـرد ڕاپـۆرت ئامـادە بکـەن، دواجـار خـۆی دەیخوێنـدەوە و دەیـوت کێشـەکەی لەوێدایـە خاڵـی بەهێزەکـەی لەوێدایـە و ئەمـەش دەبـووە هـۆی دڵخۆشـیی ئـەو تازەکارانـە و هێندێکجاریـش کـە کەسـێک هەڵەیەکـی چەنـد جـار دووپـات بکردبایـە بـە جیـدی و بەپێـی پرەنسـیپی کاری لێـی تـووڕە دەبـوو.

دوای ئـەوە ئیـدی پێشـنیاریکم دا بـە کاک کاوە کـە ڕاپۆرتـی حەفتانـەی ژنـان ئامـادە بکـەم و ئەویـش قەبووڵـی کـرد و هـەر خۆشـی بـۆ بەشـی کوردییەکـەی نـاوی «بەرمـوور» و بـۆ فارسییەکەشـی نـاوی "گیسـو"ی هەڵبـژارد و داوای لـە خاتـوو لەیلـی حەسـەنپوور کـرد کـە لـە ئامادەکردنیـدا هاوکاریـم بـکات و ئەویـش لـە چەنـد ڕاپۆرتـی سـەرەتایی لـە ڕێـگای سـکایپەوە زۆر هاوکاریـی کـردم هەتـا خـۆم وردە وردە ڕێ کەوتـم.

ئیـدی ڕۆژانـە مـن لـە کوردپـا کاک کاوەم دەبینـی و شـەوان و ئێوارانیـش بەهـۆی ئـەوەی ژووری خەوتنەکەمـان لـە نزیـک یەکـەوە بـوو زۆر پێکـەوە بوویـن و زۆر جـار بـۆ شـام لای یەکتـری دەبوویـن و زۆر جاریـش شـەوان پیاسـەمان دەکـرد و باسـی لـەو بیرۆکانـەی دەکـرد کـە هەیبـوو. بەڕاسـتی مـن وەک خـۆم زۆر شـت لـە کاک کاوە فێـر بـووم کـە تـەواو ژیانمیـان گـۆڕی و ئـەو بـووە هـۆی ئـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی جیدیتـر لـە بـواری کاری ڕۆژنامەوانیـدا چالاکـی بکـەم. دەتوانـم بڵێـم «کوردپـا» یەکـەم میدیـای کـوردی بـوو کـە گرینگیـی بـە ئامـار دا و ئامارەکانـی کـۆ دەکـردەوە، هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتەش کاک کاوە ئەندامانـی ئۆرگانەکـەی فێـری کارکـردن بـە پرۆگرامـی ئێکسـێل، هەروەهـا هێڵـکاری و... کـرد. کاک کاوە وای کردبـوو کـە ئەوانـەی دێنـە ڕاگەیانـدن بـە خۆشەویسـتییەوە کار بکـەن، وای کردبـوو ئـەوان لـە بەرانبـەر کارەکەیـان خۆیـان بـە بەرپرسـیار بزانـن، زۆر جـار بەشـێک لـە هاوڕێیـان بەبـێ ئـەوەی هەسـت بـە ماندوویەتـی بکـەن، شـەوانەش ئیشـیان دەکـرد، چونکـە دەیانزانـی کەسـێک لەسـەرەوە هەیـە کـە ڕێـز لـە ماندووبوونەکانیـان دەگرێـت. شـەهید

کاوە زۆر گرینگیی بە نەزم و دیسپلین دەدا، بەتایبەت لە کاتی هاتن بۆ سەرکار، بە جیدی هەڵسوکەوتی دەکرد، کەسێک کە یەک دەقە درەنگ بەهاتبایە، بانگی دەکرد و ئاگاداری دەکردەوە، شتێکی دیکە کە لای من زۆر جێگای بایەخ بوو، ئەوە بوو کە کاک کاوە زۆر گرینگیی بە کاری پاک و خاوێنیی شوێنی کار دەدا و حەفتەیەک دوو ڕۆژ هەموو ناوەوە و دەوروبەری ئۆرگانەکەمان خاوێن دەکردەوە و لە کاری ڕۆژانەش بەرنامەی دانابوو کە هەر کەس وێڕای ئەوەی دەبوو کاری ڕۆژانەکەی بکات، بە نۆرە ڕۆژێک چاپەزی بەر دەکەوت و ئەو ڕۆژە دەبوو تا ئێوارە چا بێنێت بۆ پێرسێنلی ئۆرگان و تەنانەت ناوی خۆشی لە ناو لیستەکەدا بوو و ئەو ڕۆژەش کە نۆرەی خۆی بوو زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکەی ئەنجام دەدا.

شەهید کاوە لە بواری کاری سۆشیال میدیا زۆر متمانەی بە من هەبوو، هەر بۆیە لە زۆربەی چالاکییەکاندا کە وەک حیزب، یان خۆی ڕێکی دەخست حەتمەن یەکێک لەو کەسانە بەشدار دەبوو من بووم. دوا کاری هاوبەشمان ئەو چالاکییە بوو کە لەژێر ناوی «هەنگاو»دا بۆ بەڕێز محەمەدسدیق کەبوودوەند کە لە بەندیخانە بوو و مانی لە خواردن گرتبوو، ڕێکمان خست. لە گرووپی بەڕێوەبەریی ئەو کەمپەینەدا نزیکەی دە کەس بووین و دوای ڕێکخستنی چالاکییەکان وەرزی چوونەوە نێو خۆی پێشمەرگە هاتبوو، هەم من و هەم کاک کاوە لەناو دوو تیم پێشمەرگەدا بووین کە دەبوو بڕۆینەوە بۆ ناوچەکانی سنە و کامیاران، تیمی کاک کاوە زووتر چووە و چەند ڕۆژ پێش ئێمە، تیمەکەی ئێمەش بەهۆی ئەوەی شەڕی قەرەسەقەل و شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە هاتە پێشەوە و هاوکات لە زۆربەی شارەکان تیمی پێشمەرگە هەبوو، چوونەوەیان ڕاگیرا. کاک کاوە ڕۆژێک پێش چوونەوەی پەیامی دابوو بۆ فەیسبووکەکەم و نووسیبووی (ئەرسۆ نازانم کەی بزر دەبی، من بەیانی بزر دەبم، ئاگات لە «هەنگاو» بێت هەتا دەگەڕێمەوە و دەیکەینە ماڵپەڕێکی مافی مرۆڤی). ئەو ڕۆیشت و بەداخەوە لەو سەفەرەی نەگەڕایەوە. دوای ئەوە من بڕیارم دا کە بۆ

ڕێزگرتـن لـە خەباتـی کاک کاوە ماڵپەڕێکی مافـی مرۆڤـی بەنـاوی «هەنـگاو» دابنێـم و یەکـەم کـەس بـە ژیـلای هاوسـەرم وت، ئەویـش وتـی کـە بیرۆکەیەکـی باشـە و هـەر بۆیـەش سـەرەتا لەگـەڵ خاتـوو لەیلـی حەسـەنپوور و کاک ئاسـۆ پیرۆتـی کـە ئەوانیـش لـە ئەندامانـی «کەمپەینـی هەنـگاو» بـوون ئـەو شـتەم بـاس کـرد و پێکـەوە بریارمـان دا ئـەو کارە بکەیـن. ئـەو دوو هاوڕێیـە بـە هـەر هۆکارێـک بێـت دواتـر کشـانەوە، بـەڵام ئێمـە درێژەمـان بـە کارەکانـی هەنـگاو دا و ئێسـتا هەنـگاو جیـا لـەوەی بـە دوو زاراوەی زمانـی کـورد (سـۆرانی و کورمانجـی) هەواڵـەکان ڕوومـاڵ دەکات، بـە زمانەکانـی فارسـی، ئینگلیـزی و ئاڵمانیـش ئـەو پێشـێلکارییانە بـڵاو دەکاتـەوە و بووەتـە یەکێـک لـە سـەرچاوە جێـگای متمانـەکان.

هەنـگاو دوای ئـەوەی سـاڵی ڕابـردوو وەکـوو ڕێکخراوێـک لە وڵاتـی فینلاند و بە هاوکاریـی خاتـوو ئەژیـن ڕەزابـی هاوسـەری شـەهید کاوە بـە فەرمـی سـەبت کـرا و پێـی نایـە قۆناغێکـی دیکـەوە و لـە داهاتووشـدا بەرنامـەی بەهێزترمـان دەبێـت بـۆ ئـەوەی بتوانیـن دەنگێکـی ڕاسـتەقینەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دونیـای دەرەوە بیـن. لـە کۆتاییـدا پێویسـتە بڵێـم کـە هەنـگاو هەوڵـی ماندووبوونـی هاوڕێیـان و دۆسـتان و هاوبیرانـی شـەهید کاوەیـە و لەڕاسـتای ئـەو هێڵـە فکرییانـەی کـە لـەوەوە فێـر ببوویـن، درێـژە بـە کارەکانـی خۆمـان دەدەیـن و دەبینـە سـەکۆیەک و بـێ جیاوازیـی ئیدئۆلـۆژی و سیاسـی و مەزهەبـی، ڕووماڵـی هەمـوو پێشـێلکارییەکانی ڕۆژهـەڵات بکەیـن.

هەیبەت کامرانیپوور:

## کاوە جەوانمەرد، بەڕێوبەرێکی سەرکەوتوو و گۆڕانخواز بوو

سەرەڕای ئەوەی خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە لەسەر ڕێبەری سەردەم، کاک کاوە جەوانمەرد دەست بە قەڵەمەوە بگرم، بەڵام وەکوو کەسێک کە ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ کاکۆدا ئەرکی حیزبیم بەجێ گەیاندووە، چەند ئەزموونێکی خۆمتان بۆ باس دەکەم.

یەکەم جار ناوی کاک کاوە جەوانمەردم لە تەلەفزیۆنی تیشک بیست، ئەو ساتەی کە بەندیخانەکانی ڕژیمی داگیرکەری ئێرانی کردبوونە سەنگەری بەرخودان و خەبات.

دواتر پاش پێوەستبوونم بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات، لە ڕاگەیاندن لە بەشی ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرتدا سازمان درام کاک کاوە جەوانمەرد، کە خاوەن ئەزموونێکی تایبەت و سەرکەوتووی ڕۆژنامەوانی بوو، بەرپرسی ماڵپەڕ بوو. کەسێک کە پاش دیاریکرانی وەکوو بەڕێوبەری ئەو بەشە، بە هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک گۆڕانکاری، ماڵپەڕەکانی حیزب و بەشی ڕاگەیاندن خستبووە سەر ڕێچکەی سەردەمیانە.

لە ڕەوتی چالاکیدا و بە تێپەڕبوونی کات، لە ئاستی توانایی بەڕێوبەری و دڵسۆزیی کاکۆ سەرسام بووم. کاکۆ کەسێک بوو کە هەموو کاتێک مەیدانی چالاکی دەدایە دەستی نەوەی نوێ و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەدا کە نەوەی پاش خۆی پەروەردە بکات و پێ بگەیەنێت، بەو بۆنەشەوە بە شێوەی بەردەوام کلاس و دەورەی تایبەتی بۆ پێرسۆنێلی ڕاگەیاندن

ڕێک دەخستن کە بتوانین بەو شێوەیە ئاستی زانیاری و توانایی خۆمان بەرز بکەینەوە. کاکۆ کەسێک بوو کە لە گۆڕانکاریی ناوخۆیی نەدەترسا و بەردەوام دەرفەتی دەڕەخساند بۆ هەموو ئیدە و بیرە نوێیەکان و مافی تاقیکردنەوەی ئیدە نوێیەکانی لە کەس زەوت نەدەکرد، بۆیەش ئەو کەسانەی لە راگەیاندن لەگەڵ کاکۆدا بوون، بەردەوام هەستیان بەو مەجالانە دەکرد و هەر یەکە و بە شێوەیەک لە هەوڵی گۆڕانکاری و هێنانی ئیدەی نوێیەوە بوون، بە دڵنیاییەوە ئەوە بەبێ هەبوونی بەڕێوبەر و بەرپرسێکی وەکوو کاکۆ، کارێکی قورس دەبوو.

بەڕێوبەرێک بوو کە ژیانی تاکەکەسی و هاوڕێیەتی و پێوەندییە تایبەتەکانی لەگەڵ ژیانی ڕۆژنامەوانی و ئەرکی ڕێکخراوەیی تێکەڵ نەدەکردن. کەسێکی لێبووردە بوو کە زۆر جار لە هەڵەی ئەندامان لە کاری حیزبیدا چاوپۆشی دەکرد، بەڵام لەبیری نەدەکرد و لە یەکەمین وتووێژ، یان کۆبوونەوەی ئۆرگانیدا ئاماژەی بە کەموکۆڕییەکان ئەدا و داوای لە هەموو هاوکاران ئەکرد کە بە باسکردنی ڕەخنە و پێشنیارەکان، ڕێگەچارەیەک بۆ کێشە تایبەتەکان بدۆزرێتەوە.

کاک کاوە جەوانمەرد کەسێکی مودێڕن و پێشکەوتوو بوو کە تێگەییشتنێکی تەواوی لە دۆخی ژیانی تایبەت و پێشمەرگایەتی هاوڕێکانی هەبوو و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەدا کە پشتیوانیان بێت و گرفت و ئاستەنگەکانی کار و تەنانەت کێشە شەخسییەکانی هاوکارانی چارەسەر بکات، بۆیە ببووە ڕازدارێکی هەموان. ئەو کاتەی لە پەل پێکەوە دەماینەوە، زۆرتر لە ئێمە ئاگای لە دۆخی ناو ماڵ ئەبوو، سەرەڕای ئەوەی ئەو بەرپرسی ئێمە بوو، لە چێشت لێنانەوە بگرە هەتا خاوێنکاری و باقی کارەکانی ناوماڵ بەشداریی ئەکرد و خۆی لە هیچ پێشمەرگەیەک بە سەرتر نەدەزانی.

کاک کاوە وەکوو بەرپرسێکی حیزبی و ئەندامێکی ڕێبەریی حیزب، بەردەوام گوێی بۆ گلەیی و ڕەخنەی پێشمەرگەکان کراوە بوو و هەر بەو بۆنەشەوە

ببووه جێگای متمانه و خۆشەویستییەکی تایبەت بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات.

پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی خۆرهەڵات و بەشداریی چالاکانی کاک کاوه لەو ڕەوتە لە بزاڤی کورددا، کاکۆ وەکوو سەرکردەیەک بە گیانبەختکردنی وانەیەکی نوێی بۆ لاوان وتەوه، وانەیەک پڕ لە ئەڤین بۆ نیشتمان، پڕ لە سۆز بۆ خاکی پیرۆزی نیشتمان، کاکۆ وەکوو قارەمانێکی ڕاستەقینه، بە فیداکردنی گیانی پاکی، بوو بە ئوستوورەیەک بۆ نەوەی نوێ، ڕێبەرێک کە هەتاهەتایە ناو و یادی دەمێنێتەوه، خۆشەویستییەک کە تەنیا لە سنوورەکانی حیزبی دێمۆکراتدا قەتیس نەبووەتەوه، بەڵکوو لە هەموو کوردستاندا.

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرم بۆ ڕەوانی پاکی شەهید کاک کاوه جەوانمەرد.

ڕامان نەسری:

## بەردەوام لە فکری نوێگەری و بیرۆکەی تازەدا بوو

شەهید کاوە جوانمەرد هەر لە ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگەوە (پەزیرش) سیمایەکی لەپێشدا ناسراوی هەبوو، چالاکێکی سیاسی و ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شاری سنە بوو. بەشدارانی دەورەی ١٩٣ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران شانازیی هاودەورەبوونی شەهید کاوە جوانمەردیان ئەودەم وەکوو زیندانییەکی سیاسی پێ بڕا. کاوە جەوانمەرد بەهۆی خەبات و تێکۆشان و ڕابردووی کەلە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زیندانەکانی ڕێژیمی ئێراندا هەیبوو، دەیتوانی لەو ئیمتیازە کەڵک وەربگرێ و بەبێ ئامادەبوونی لە ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە و فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێمۆکرات ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانێکی حیزبیدا سازمان بدرێ، بەڵام لە بنەڕەتدا بڕوای بەو جیاکارییە نەبوو و خەباتکارێک بوو بۆ بنەبڕکردنی ئەو جیاوازییانە و هەموو قۆناغەکانی بە پێشمەرگەبوونی یەک لە دوای یەک بڕی. تواناییەکانی ڕێبەربوون و ڕێپێشاندەربوونی شەهیدی نەمر کاوە جەوانمەرد هەر لە فێرگەی (سیاسی — نیزامی)یەوە دەرکەوتن و بە نوێنەر و ڕاوێژکاری بەشدارانی دەورە هەڵبژێردرا و سەرەڕای ئەوەی کە بەرلەوەی قاچاخ ببێت، نەشتەرگەریی چاوی بۆ کرابوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەکوو نوێنەری هاودەورەکانی و بەشداربوویەکی دەورەش نەبوو. بەردەوام لە فکری نوێگەری و داهێنانی بیرۆکەی تازەدا تا لە ڕاستای بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی دەورەکە بەکاری بێنێت. لە کێشانەوەی ئاڵای

کوردستان و یووبیلی حیزبەوە بگرە کە بە شێوەیەکی لێزانانە ئەو کارەی ئەنجام دەدا هەتا ڕێکار و پیشاندانی ڕێگای دروست بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی حیزبی کە لەسەر شانی بەشدارانی دەورە بوو. لە ڕاستیدا شەهید کاوە جوانمەرد نیگارکێش و تەڕاحێکی شارەزا و بە تواناش بوو.

بڕوای بە ڕاپرسی لە کەسانی دەوروبەری هەبوو و بۆ هەموو کارێک بیر و بۆچوونی هاوڕێکانی دەپرسی. یەکێک لەوانە نووسینی پەیامی دەورەی ١٩٣ی سەرەتایی پێشمەرگە بوو کە بۆ خۆی نووسیی و ڕای بەشدارانی لەمەڕ ناوەڕۆکەکەی پرسی.

کاوە کە چالاکێکی سیاسی و زیندانییەکی سیاسیش بوو، بوو بە پێشمەرگەی کوردستان. وەکوو ڕۆژنامەنووسێکی نێودەوڵەتی لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبدا یارمەتیدەری هاوکارەکانی بوو لە ئەنجامدانی ئەرکە حیزبییەکانیاندا. لەسەر پێشنیاری خۆی بەشێکی نوێی لە ڕاگەیاندنی حیزبدا پێکهات. ماڵپەڕەکان ناوێک بوو لەسەر ئەو بەشە نرا. ماڵپەڕی کوردستان میدیا وەکوو زمانحاڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لەو ماڵپەڕانە بوو کە بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆری شەهید کاوە نوێ بووەوە هەم لە بواری تەکنیکی و هەمیش لە بواری ناوەڕۆکەوە. شەهید کاوە جوانمەرد بەردەوام دەورەی تایبەتیی ڕۆژنامەگەریی بۆ پێرسۆنێلی کوردستان میدیا دەرکردەوە خۆی هەم وەکوو مامۆستا و هەمیش لە هێنانی مامۆستای تایبەتی بواری ڕاگەیاندن، بەردەوام لە خەمی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕی حیزبدا بوو. تا ماڵپەڕی کوردستان میدیا بوو بە خاوەنی ستافێکی کارا و شارەزا و هەروەها ئەوڕۆیی.

شەهید کاوە جوانمەرد وەکوو پێشمەرگەیەکی تازە بەرپرسی ئۆرگانێکی حیزبی بوو کە توانای رازییکردنی ڕێبەرایەتیی حیزبی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بێوێنە بوو. گرینگترین پرۆژەی شەهید کاوە دەمەزراندنی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان (کوردپا) بوو لە سەرەتای کاری پێشمەرگایەتییدا.

هەواڵەکانی ئەو ئاژانسە کەلە ماڵپەڕی کوردپا بڵاو دەبوونەوە و ئێستاش دەبنەوە، بیرۆکەی شەهید کاوە جوانمەرد بوو کە پاڵپشتیی مادی و مەعنەویی حیزبی بۆ ڕاکێشابوو لەمەڕ ڕووماڵکردنی هەواڵەکان و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەکەی سەربەخۆ. شەهید کاوە جەوانمەرد لە بەڕێوەبردنی ئاژانسی کوردپادا بە یەک چاو سەیری هەموو هێزە لایەنەکانی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد و بەرەوڕووی هەرچەشنە دەمارگرژی و لایەنگیریکردنێک لە ناوەڕۆک و بڵاوکراوەکانی کوردپادا دەبووەوە.

ئومید مەندومی:

## شەهید کاوە جەوانمەرد، هێمای ڕاسانی خۆرهەڵاتە

هاوینی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی چەند ئەرکێکی حیزبی، لەگەڵ هاوڕێ سیامەک وەکیلی ڕۆیشتبووینە ناوشاری سنەو بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لەناو شاردا ماینەوە. لە ڕۆژانی سەرەتای گەیشتنمان بە سنە، هاوڕێیەکی دێرینی حیزبمان بینی و ئەویش پێشنیاری بینینی چەند لاوێکی شۆڕشگێڕی پێکردین کە یەکێک لەو لاوان شەهید کاوە جەوانمەرد بوو.

چەند ڕۆژ پاش پێشنیاری ئەو هاوڕێیە لە ئێوارەیەکی مانگی خەرماناندا لە شوێنێکی تایبەت چاومان بە شەهید کاوە و هاوڕێیەکی دیکەی کەوت و هەر لەو دیدارەدا بۆم دەرکەوت کە کاک کاوە خولیایەکی بەرزی نەتەوەیی لە بیرو زەینیدایە و لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵ لە خولیا پیرۆزەکەی، کۆمەڵێک ئیدەی شۆڕشگێڕانەی نوێی هەیە. سەرەتای قسەکانی بە ڕەخنەی زۆر جددی لە بارودۆخی حیزب و شۆڕشی خۆرهەڵات دەست پێکرد و لە کۆتاییدا بە پێکەنینەوە گوتی من خوێنم بۆ ئەم شۆڕشە داوە و دێمۆکراتم و ئەو ڕەخنانەم تەنها بەمەبەستی بەهێزتربوونی حیزب و گەشەکردنی زیاتری شۆڕشی نەتەوەییە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا. پاش ئەوەی لەلایەن کاک سیامەکەوە وەڵامی ڕەخنەکانی درایەوە، ئەگەرچی بە حەق زۆر بەباشی سیاسەتی ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی بۆ روون کردنەوە، بەم لە چاوەکانی شەهید کاوەدا بە ئاسانی هەست بەوە دەکرا کە وەڵامەکان قانعی نەکردوون. دیارە دواتریش کە زۆرجار باسمان لەو یەکەم دیدارە دەکرد خۆیشی باسی لەوە دەکرد کە سیاسەتەکانی ئەوکاتی حیزب

نەیانتوانیوە قانعی بکەن و پێی وابوو حیزب پۆتانسیێلی ئەوەی هەیە کە بە شێوەی کاراتر لە مەیدانی خەباتدا رۆڵی هەبێت.

پاش تەواوبوونی باسەکە کاک کاوە رووی تێکردم و گوتی قیافەت ئاشناس بۆم و لەڕاستیدا منیش هەستم دەکرد پێشتر کاک کاوەم لە شوێنێک بینیوە پاش باسکردن لەناو ئەو قوتابخانانەی دەرسمان تێدا خوێندوون و ناوی هاوڕێکانمان، دەرکەوت کە کۆمەڵێک هاوڕێی هاوبەشمان هەن و بەرلەوەی بێم بۆ پێشمەرگایەتی لەلای ئەو هاوڕێیە هاوبەشانەمان یەکترمان بینیوە. دوای ئەوەی شەهید کاوە لە زیندان ئازاد بوو و بوو بە پێشمەرگە، بۆی گێڕامەوە کە لەو کاتەی کە گیراوە ئەو قسانەی وەبیر هاتوونەتەوە و کاتێک ئیمەیلەکانی منیان بینیبوو کە بۆم ناردبوو، بۆ ئەوەی بیانپێچێنێت بە بازجووەکانی ئیتلاعاتی گوتبوو کە ئێمە پێکەوە لە مەدرەسەیەکدا بووین و لە رێگای ئەو ژمارە تلفۆنەی کە بەمەبەستی رێکلام بۆ دووکانەکەم بڵاوم کردۆتەوە پێوەندیی پێوە کردووم و من هەروەک دۆستێک پێوەندیم لەگەڵی هەبووە و ئەو بابەتە حیزبیانەش کە بۆی ناردووم هیچیانم نەخوێندۆتەوە.

پاش کۆتاییهاتنی دیداری یەکەم لەبەر ئەوەی شەهید کاوە و هاوڕێیەکەی کۆمەڵێک ئیدەی نوێیان بۆ کاری تەشکیلاتی هەبوو، بڕیارمان دا جارێکی دیکە یەک ببینین و زیاتر باس لە ئیدەکانیان بکەین. دواتر پێوەندیمان لەگەڵ کاک کاوە گرت و لە یەکێک لە شەقامەکانی ناو شار یەکمان بینی و پێکەوە رۆیشتین بۆ ماڵی هاوڕێکەی و لە عەسرەوە تا درەنگانی شەو باسمان لە چۆنیەتیی بەهێزترکردنی خەبات و کاراترکردنی رۆڵی رێکخستنی نهێنیی حیزب کرد. کاک کاوە و هاوڕێیەکەی ئامادەیی خۆیان بۆ تێکۆشانی زیاتر دەربڕی و بەڵێنیان دا کە ئەوەی لەدەستیان بێت بۆ بەهێزترکردنی شۆڕش لە خۆرهەڵاتدا درێغی نەکەن، بەڵێنێک کە ماوەیەکی کەم پاش ئەو دیدارە بەرەبەرە نیشانەکانی جێبەجێکردنەکەی بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرا.

ئـەوەی لـەو باسـانە بـۆ مـن جێـگای سـەرنج بـوو، ئامادەیـی شـەهید کاوە بـوو بـۆ ئەنجامدانـی کارگەلێـک کـە ریسـکی زۆریـان پێویسـت بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی کـە کاری رێکخسـتن لەنـاو شـارەکان بـۆ حیزبـی دێمۆکـرات لەژێـر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامیدا ریسـکی خـۆی هەیـە، بـەڵام بێگومـان هێنـدێ چالاکـی مەترسـیی زیاتریـان لەسـەرە و کاک کاوە لەگـەڵ ئـەوەی شـەهید «نەجمەدیـن»ی بابـی لەسـەر تێکۆشـانی نهێنـی بـۆ حیزبـی دێمۆکـرات لەلایـەن رێژیمـی تارانـەوە ئێعـدام کرابـوو، بـەڵام بـەردەوام پێداگریـی لەسـەر ئەنجامدانـی کۆمەڵـە چالاکییـەک دەکـردەوە کـە ریسـکی ئاشـکرابوونیان زۆر بـەرز بـوون و خۆیشـی ئامادەیـی ئەنجامدانیانـی هەبـوو. ئەگەرچـی زۆرجـار بـۆی بـاس دەکردم کـە شـەهیدبوونی بابـی چەنـدە کەلێنێکـی گـەورەی خسـتۆتە نـاو ژیانـی و ئەگـەر گیانفیدایـی دایکـە دڵسـۆزەکەی نەبایـە، رەنگـە ئـەو کەلێنـە تووشـی زۆر کارەسـاتی کردبایـەت، بـەڵام بـاوەڕی بـە رزگاریـی نەتەوەکـەی ئەوەنـدە قـووڵ بـوو کـە بەبـێ ئـەوەی تێچـووی چالاکییەکانـی بـەلاوە گرنـگ بێـت، ئامـادە بـوو ئـەوەی پێـی دەکرێـت بـۆ بەهێزترکردنـی خەباتـی رزگاریخوازانـەی نەتەوەکـەی درێغـی نـەکات.

پـاش ئـەوەی ئێمـە لـە مەئمووریەتەکەمـان گەڕاینـەوە بنکەکانـی حیـزب، لەبـەر ئـەوەی مـن پلـەی تەشـکیلاتیم نەبـوو (کادر نەبـووم) بەپێـی بڕیـاری حیـزب نەمدەتوانـی کاری تەشـکیلاتی بکـەم و شـەهید کاوە دەبـوا بـۆ کارەکانـی لەگـەڵ کۆمیسـیۆنی تەشـکیلات پێوەندیـی هەبێـت، بـەڵام ئێمـە بـەردەوام وەکوو دوو هـاوڕێ پێوەندیمـان هەبـوو و زۆر جاریـش باسـی لـەو کارانـە دەکـرد کـە ئەنجامیـان داوە. ماوەیەکـی زۆری پێنەچـوو کـە پێـی گوتـم شـانەیەکی باشـیان پێکهێنـاوە و پێکـەوە چالاکییـە رێکخراوەییەکانیـان بەڕێـوە دەبـەن و زۆر کاری گرنگیشـیان ئەنجـام دا. رێکخسـتن و رێبەریکردنـی خۆپیشـاندانەکانی شـاری سـنە بەمەبەسـتی ئیدانەکردنـی کوشـتنی شـوانە سـەیدقادر لـە سـاڵی ٨٤ و پشـتیوانی لـە خۆپیشـاندانی شـارەکانی دیکـەی خۆرهەڵاتـی کوردسـتان کـە ئامانجـە راسـتەقینەکەی هێنانەگـۆڕی ویسـتی نەتەوەیـی کـوردی خۆرهـەڵات

بــوون، نموونەیەکــی ئــەو کارانــە بــوو. باشــم لەبیــرە لــەو کاتــەدا زۆر کــەس ئــەو ناڕەزایەتییانەنەیــان بــە خۆڕســک نــاو دەبــرد، تەنانــەت لــە کۆبوونەوەیەکــی حیزبیــدا هێندێــک لــە ئەندامانــی ڕێبەرایەتیــی حیزبیــش پێداگرییــان لەســەر ئــەوە دەکــرد کــە ئــەو خۆپیشــاندانانە خۆڕســک بــوون. بەحــەق مــن لــە ڕێــگای شــەهید کاوەوە ئــاگاداری ئــەوە هەبــووم کــە خۆپیشــاندانەکانی ســنە خۆڕســک نەبــوون و شــەهید کاوە گرنگتریــن و ســەرەکیترین ڕۆڵــی لــە ســازماندان و بەڕێوەبردنیــدا هەبــوو. شــەهید کاوە زۆر جــار بــە شــۆخی پێــی دەوتــم: «ئابــرا گیــان ئێمــە لێــرە پشــتمان شــکیاگەو فرەکەســیش لوێنــە دانیشــتگن و ئەیــژن خودجــووش بــوو». دوای ئــەوە زۆر جــار ئەگــەر کارێکیــان دەکــرد بــە شــۆخییەوە دەیگــوت «ئــەو کارەیشــمان کــرد ئەگــەر بــرادەران نەیــژن خودجــوش بــوو».

دوای ئەوەی لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەســتگیر کرا، ئێمە پێوەندی راســتەوخۆمان نەمــا هەتــا ئەوکاتــەی لــە زینــدان ئــازاد کــرا. دیــارە لــەو ماوەیەشــدا کــە لــە بەندیخانــەی ســنەدا زیندانیــی کرابــوو، لــە ڕێــگای چەنــد هاوڕێیەکــەوە ئــاگاداری یەکتــر بوویــن. ئــەو جــۆرەی کــە چەنــد کەســێک لــە هاوبەندییەکانی شــەهید کاوە بۆیــان گێڕاومەتــەوە، شــەهید کاوە لــە زیندانیشــدا زۆر بــە باشــی ڕۆڵــی ڕێکخســتن و پێشــەنگایەتیی بەرخۆدانــی زیندانیەکانــی بەڕێــوە بــردووە. ئــەو دەســتەواژەیەی کــە شــەهید کاوە خــۆی بــۆ زیندانیــی سیاســیی جەســوور و کۆڵنــەدەر بــە کاری دەبــرد، واتــە «زیندانــی سیاســیی ســتاندارد» لــە راســتیدا ناوێکــی شایســتەی دەورانــی خەباتــی شــەهید کاوە لــە زینداندا بــوو.

پــاش کۆتاییهاتنــی حوکمەکــەی و ئازادبوونــی لــە زینــدان و ماوەیەکــی کــەم پــاش ئــەوەی ژیانــی هاوســەرێتی پێکهێنــا ئێوارەیــەک بــە تلفۆنــی یەکێــک لــە هاوڕێیانــی پێشــمەرگە لــە دەفتــەری پێوەندیەکانــی حیــزب لــە ســلێمانی پێوەندیــی لەگــەڵ گرتــم و هــەر ئــەو شــەوە لەگــەڵ ئاواتــی هاوســەریدا هاتنــە کۆیــە و ئامادەیــی خۆیــان بــۆ دەســتپێکردنی خەباتــی ئاشــکرا و پێشــمەرگایەتی دەربــڕی.

شەهید کاوە لە دەورانی پێشمەرگایەتیشدا ئەو ڕۆڵی و تایبەتمەندیی سەرکردایەتیکردنەی بە باشی تێدا هەست پێ دەکرا و هەرکەس لەگەڵی کاری کردبا، بێگومان کاریگەریی لەسەر کەسێتی و مەنتق و هەڵسوکەوتی وەردەگرت.

پاش دەستپێکردنی ڕاسان، زۆر جار پێکەوە باسمان لەو شێوازە نوێیەی خەبات دەکرد، لە باسەکانماندا بەتەواوی هەستم بەوە دەکرد کە شەهید کاوە وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانە و ڕێگاچارەی سەرجەم ئەو ڕەخنانەی کە لە یەکەم دیدارماندا هەیبوون، لەم ڕاسانی خۆرهەڵاتدا بەدیی دەکردن. کاوەی شەهید کە هەم ئەزموونی خەباتی نهێنی و کار لە ڕاگەیانەکانی نێوخۆیدا هەبوو، هەم لەگەڵ جەوی بەندیخانەکاندا ئاشنا ببوو و شارەزاییەکی باشی لە خەباتی ناو زیندانەکاندا بەدەست هێنابوو و هەمیش وەکوو پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزب کاری کردبوو، بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە بەبێ حوزووری پێشمەرگە و ویستێکی ڕادیکاڵی ڕزگاریخوازانە، بە ئامانج گەیشتنی خەباتی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەستەمە، هەر بۆیەش بە باوەڕێکی پتەوەوە گیانی لەپێناو ڕاساندا بەخت کرد و بوو بە سیمبۆل و هێمای ڕاسان و یاد و ئەندێشە کەسکەکانی بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورددا دەدرەوشێننەوە و دڵنیام وەکوو وانەیەکی پڕ نێوەرۆک لە خەباتی شۆڕگێڕانە و ڕزگاریخوازانەی کورد و نەوەکانی داهاتووش لێی بەهرەمەند دەبن.




وێنە: سەلیم باپیری

شۆڕش گوڵکار، هاوبەندیی سیاسیی شەهید کاوە:

## کاکۆ دەیگوت لە کەسێ نابوورم کە سۆزی بۆ شۆڕش نەبووبێ و لەو شۆڕشگێڕەش خۆش نابم بەلای ناپاکیدا چووبێت

سەرەتا بەرلەوە دەست پێ بکەم کە بەڕاستی هیچ شتێک لە دونیادا قەرەبووی کەسێکت بۆ ناکاتەوە کە پڕ بەدڵ خۆشت بوێت.

کاک کاوە گەورە پیاوێکی ئازا وعەگید و مێرخاس و بوێر و کەم وێنە و ئاوێنەی باڵانوێنی بەرخۆدان و خۆنەویستی و شۆڕش و ڕابوون و دوژمنبەزێنی و نیشتمانپەروەری و هێژایی و مەزنایەتی بوو. بەگشتی خاوەن گەلێک تایبەتمەندیی بەرجەستە و دیاری سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بوو. بۆیە ئەگەر بەگشتی وەسفی بکەم دەبێ بڵێم: (هر آنچە خوبان همە دارند، او بە تنها داشت) کاک کاوە وەکوو تیشکی ڕووناکییەک بوو کە تێدەکۆشا شەوەزەنگی تاریکی تێک بشکێنێت و ڕووناکی بە دیاری بێنێ و لەو پێناوەشدا ماندوویینەناسانە بەردەوام بوو لە خەبات و بەرخوداندا.

کاک کاوەی مێرخاس و خۆنەویست، ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی کوردستان بوو کە هەموو تەمەن و ژیانی لە ڕێگای رزگاری و سەربەخۆیی و سەربەستیی کورد و کوردستان تەرخان کرد.

لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاڵۆزییەکانی ئەودەمی و خۆڕێکخستنەوەی هێزە دژە مرۆییەکانی ئێرانی داگیرکەر بە مەبەستی داگیرکردنەوەی سەرلەنوێی کوردستان، لەو کاتە هەستیارەدا واتە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە بازێڕی سنەی خوێناوی لەنێو ماڵباتێکی کوردپەروەر

و تـەژی لـە ڕۆحـی سـەرهەڵدان و کۆڵنـەدان دەنگـی گریانـی هاتنـە دونیـای زارۆکێکـی چاوگـەش و جوانـی کـورد؛ بـەرز بوویـەوە.

ڕەنگـە ئـەوکات بنەماڵـەی ئـەو منداڵـە و هیـچ کوردێکیـش نەیانزانیبێـت؛ کـە هاتنـە دونیـای ئـەو منداڵـە؛ هاتنـە دنیـای منداڵێـک نەبـووە بـە تەنیـا؛ بەڵکوو هاتنـە دونیـای ڕووداوێـک بـووە کـە دوای سـاڵانێکیتر دەبێتـە رابـوون و ڕاسـانێک کـە گۆمـی مەنـدی بێدەنگـی دەشـڵەقێنێ و سـەرەتای زڕاندنـی خەونـی دێرینـی تـاران دەسـت پـێ دەکات.

بـە جورێـک کـە تەنانـەت بـۆ سـاڵانێکی دوای خۆیشـی؛ ببێتـە ڕیوایەتـی ئـازادی و چـاوی تاریکپەرەسـتانی ئێرانـی پارسـی داگیرکـەر کوێـر بـکات. ڕەنگـە ئـەو ڕۆژەی لـە سـنەی خۆرهەڵاتـی کوردسـتان؛ ئـەو کـوڕە کـوردە، واتـە کاک کاوەی جەوانمـەرد لـە دایـک بـوو؛ هـەر لـەو ڕۆژەدا؛ ئـەم شـیعرەی "فایـەق بێکـەس"ی شـاعیر؛ لـە خوێنـی ئـەو کۆرپەلەیـە و دەنگـی گریانیـدا بەرجەسـتە بووبێـت:

داری ئـازادی بەخوێـن ئاو نـەدرێ؛ قەت بەرناگرێ

سـەربەخۆیی بـێ فیـداکاری؛ ئەبـەد سـەرناگرێ

بـەڵام ئـەو هێشـتا هـەر کۆرپەلەیـەک بـوو بـە تەنهـا و لـە ماناکانـی ئـازادی و سـتەمکاری تێنەدەگەیشـت و نەیدەزانـی ڕۆژێـک گـەورە دەبێـت و تەمـەن و ژیانـی گەنجیـی خـۆی دەبەخشـێتە بەهـای ئـازادی و ڕزگاریـی نیشـتمانە داگیرکراوەکـەی؛ تاکـوو تاریکـی پـێ ڕاو بنێـت و لـە سـووچێکی نیشـتیمانەکەیدا واتـە لـە سـەر دونـدی چیایەکـی سـەرکەش و تاقـە دۆسـتی کـوردان بـە گیانبازی و حەماسـەیەکی کـەم وێنـە، داگیرکـەری دڵپـڕ لـە قیـن دەخاتـە لـەرزەوە.

بەڵـێ ئـەو زاتـە مـەزن و مێرخاسـە واتـە «داوود جەوانمـەرد» ناسـراو بـە «کاوە جەوانمـەرد» لـە سـاڵی ١٣٦٤ی هەتاویـدا لـە یەکێـک لـە خوێندنگەکانـی شـاری سـنە؛ خراوەتـە بـەر خوێنـدن، جێـگای ئاماژەیـە کـە کاک کاوە لـە تەمەنـی چـوار سـاڵ و پێنـج مانگیـدا بـووە کـە باوکـی بـە تاوانـی ئەندامەتـی

لـە حیزبـی دێمۆکـرات و تێکۆشـان دژی ڕێژیمـی تیرۆریسـتی ئێرانـی داگیرکـەر لەلایـەن تیرۆریسـتانی ئـەو ڕێژیمـە داگیرکـەرەوە دەستبەرسـەر دەکرێـت و پاشـان لـە بەندیخانـەی دیـزڵ ئابـادی کرماشـان لەسـێدارە دەدرێـت. ئەمـەش دەبێتـە ڕووداوێـک تـاڵ و لەبیرنەکـراو بـۆ کاک کاوە کـە بـۆ دەبـێ منداڵێکـی کـورد تەنیـا بـە تاوانـی کوردبـوون لـە تەمەنـی پێنـج ساڵاندا لـە نیعمەتـی بـاوک ببـەش بکرێـت. بـەڵام دایکـی کاک کاوە واتـە نەهیـە خانـم کـە ژنێکـی تێکۆشـەر و بـە بـاوەڕ و بـە ئیـرادە و هێـژا و ئازایـە، بـە هەسـت بـە بەرپرسـایەتیکردن و خەمخـۆری بـۆ نەتـەوە و نیشـتمان هـاوکات هـەم دەبێتـە بـاوک و هـەم دەبێتـە دایـک و هـەم هـاوڕێ و هـەم مامۆسـتا و پشـت و پەنـا بـۆ هەرمـان کاک کاوە، بۆیـە بەمجـۆرە کاوەی ژیـر و زانـا دەتوانـێ زاڵ بێـت بەسـەر ئـەو کۆسـپ و کۆسـپە گـەورەی ژیانیـدا و چارەنووسـی خـۆی و نەتـەوە بەشـمەینەت و نیشـتمانە داگیرکراوەکـەی درک بـکات و لەپێنـاو خۆئامادەکردن بـۆ چالاکبوونـی لـە داهاتـوو و هەوڵـدان بـۆ ڕزگاریـی نیشـتمان و تۆڵەکردنـەوەی باوکـی و سـەرجەم تێکۆشـەرانی شـەهیدی ڕێـگای ئازادیـی کوردسـتان زۆر ژیهاتیانـە خوێنـدن دەسـت پـێ بـکات و بـەو جـورە قۆناغـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی خوێنـدن تـا وەرگرتنـی بڕوانامـەی دیپلـۆم بـە سـەرکەوتووییەوە تـەواو دەکات.

هەرمـان کاک کاوە هـاوکات لەگـەڵ خوێنـدن لـە بـواری وەرزشـی و فەرهەنگی و هونەریشـدا گەلـەک ژیهاتـی و زیـرەک بـوو بـە جورێـک کـە لـە بـواری مەلەوانیـدا بەهـۆی لێهاتوویـیـەوە توانـی چەندیـن میدالیـای قارەمانێتـی لـە ئاسـتی پارێـزگا و تەنانـەت ئێرانیـش بەدەسـت بێنـێ. هەروەهـا کاک کاوەی هـەردەم زینـدوو بەهـۆی هەسـتی بـەرز و ڕۆحـی تـەڕی لـە جوانـی و هۆگـری بـە هۆنـەر، ماوەیەک لـە خزمەتـی مامۆسـتا هـادی زیائەدینـی فێـری وانەی وێنەکێشـان و خۆشنووسـی بـوو و دواتـر هونـەری وێنەکێشـان و خۆشنووسینەکەشـی لـە ڕێـگای خەبـات و تێکۆشـانی سیاسـیدا بـەکار هێنـا کـە هەنووکـەش بەرهەمەکانـی مـاون و دەیبینیـن.

ئەمـن بـۆ خـۆم بەهـۆی هاوگەڕەکبـوون و ناسـیاویی ماڵـە خـاڵ و باپیرانی کاک

کاوە، هەروەها چالاکی و خۆشناوی ماڵباتەکەی لەمێژ ساڵ بوو دەمناسی.

من جگە لە وەرزش و خوێندن و چالاکی لە بواری پەرەپێدان و فێرکردنی ئەدەبیاتی کوردی لە شاری سنە بەردەوام بووم لە شاخەوانی و گەلەک چێژم وەردەگرت لە چوون و گەڕان لە چیا و کوێستانەکانی نیشتمانەکەم، هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی هاوڕێ و هاوپۆلییەکی زێدە ئازیزم باسی گرووپی شاخەوانی بۆ کردم و گوتی وەرە تەقلی ئەم گرووپەی ئێمە بێگومان کەیف خۆش دەبیت، چۆنکە کەسانی نیشتمانپەروەری تێدایە بۆ نموونە باسی کاک کاوەی کرد کە کوڕە شەهیدە و چەندە هێژا و کوردپەروەر و دڵسۆزە بەمجۆرە ئەمن بەشداریی چالاکییە شاخەوانییەکانی ئەو گرووپەم کرد، دیارە بەهۆی چالاکبوونم لە بڵاوگەی گۆران و چالاکییە نەتەوەییەکان و هەمیشە کوردیپۆش بوونم زۆر بەرچاو بووم لە دەڤەری خۆماندا، بۆیە کاک کاوە ئەمنی دەناسی بۆیە هەر زۆر زوو لەگەڵ کاک کاوە تێکەڵاویمان زیاتر بوو لەوەو بەدوا کاک کاوە هەم هاوڕێ و هەم برای گەورە و هەم مامۆستا هەم هاوسەنگەر بوو بۆ من. بەمجۆرە بوو کە هەرمان کاک کاوە ئەو مەزنە مرۆڤە و ئەو شۆڕەسوارەی ڕابوون دژی داگیرکەر، بوو بە پشت و پەنا و هۆگری مێرمنداڵیم و هاوڕێباز و هاوبیر و هاوهەنگاویم لە تێکۆشان و دواتریش بوو بە هزرمەندی هەمدەمی دەمانی لاویم و هیوادەر و ڕێنوێنەدەر و تەواوکەری ناتەواویم و هاوهەڵوێست و هاوهەنگاو لەڕێی خەباتدا و هاوبەش لە زیندان و هەموو هات و نەهاتەکانی ژیانمدا و هاوکات بوو بە هاوئازار لە ئەشکەنجە و ژووری تاکەکەسییەکاندا و هاوبەڵێن و باوەڕ لە بەرخۆدان تا هاتنەدیی سەرهەڵدان.

کاک کاوەی هەردەم زیندوو هەم هاوبەندیم بوو لە بەندیخانە هەم پشت و پەنا و جێی متمانەشم بوو، کاک کاوە هەم لە ژوورە تاکەکەسییەکانی گرووپی تیرۆریستی ئیتیلاعات و هەم چاڵەڕەشەکانی بە نێو بەندیخانەی ئێرانی داگیرکەر لە شارەکانی سنە و هەمەدان و مەراغەدا نموونەکی کۆڵنەدان و باوەڕی پۆلایین و ئیرادە بوو، چۆنکە کاک کاوەی هەرگیز نەمر

لە دژوارترین بارودۆخ و ڕەوشی ناخۆشی زینداندا هەردەم باوەڕی وابوو کە:

کە ئەی داگیرکەر: تاقە شیعرێکم ناتوانن دەستەمۆ کەن
لە گێژەنی هەستی خۆمدا نوقمەسارم
ببن بە خوا تووڕتان دەدەم
خوای ئێوە ناپەرەستم
نابم بە بەرد سەری خەڵکم پێ بشکێنن
نابم بە دار بۆ فەلاقە
چقڵی ئێوە قەت ناڕوێ
لە نێو بێستانی سەد تەرزم
بۆ ئێوە قەت لینی نابێ
خامەی ڕەنگینی سەربەرزم
سەختم وێنەی پۆڵا و ئاسن
شەپۆلێکی شێت و یاخیم
خەوی بەندەر ئەشێوێنم
دیلم دەکەن هانێ دەستم
ئەوەش گەردن هەڵمواسن

هەر بۆیە هاودڵ بووین لە باوەڕ بە ڕزگاریی کوردستان، بۆیە دواتریش بووینە هاوپێشمەرگە دژی داگیرکەران. ئەم هاوهەزری و هاوگوتارییە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی و داماوی و هاوکات هاوسەنگەربوون دژی دوژمنانی نەتەوە و نیشتمانەکەمان و باوەڕمەندیمان بە فیداکردنی بەرژەوەندی و قازانجمان لەپێناو ئارمانجمان و بە هەڤرابوونمان لە زیندان و ئاوارەیی و دەربەردەری و ژیان تێپەڕکردن لە ڕیزی شۆڕشدا وای کردبوو کە هەموو هاوڕێ و نێزیکەکانمان بڵێن بەڕاستی ئێوە ڕۆحێکن

دابـەش لـە دوو لـەش، چونکـە هەمیشـە پێکـەوەن و هاوقەڵـەم و هاوبیـر و هـاو زمـان و هـاودڵ و هاوهەسـت بوویـن.

کاک کاوە لــە کاتــی کاری تەشـکیلاتی نهێنــی و پاشــان لــە بەندیخانــەش چەندینجــار بــەرەوڕووی مەترســی گیانــی بــووەوە و تەنانــەت خەریـّـک بــوو حوکمـی سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەردا بسـەپێنن، بـەڵام وەک ئـەوەی خوداوەنـد کاوەی بـۆ ڕابـوون و راسـانی ڕۆژهــەڵات دژی داگیرکەرانـی کوردسـتان خەلـق کردبێـت؛ تـا ببێتـە وانـەی ئازایـی و ئازادیخـوازی بـۆ نەوەکانـی دوای خـۆی؛ بۆیـە لـە هەمـوو جارەکانـدا دەربـاز دەبـوو.

کاک کاوەی هــەردەم زینــدوو بــە پێچەوانــەی هەندێـک هەلپەرەسـت و بەرژەوەندیخـواز و ترسـەنۆک هەمیشـە خەمـی نەتـەوە و نیشـتمانی لەدڵـدا بـوو، بۆیـە تەنانـەت لـە بـواری ڕۆژنامەگەریشـدا؛ هەمیشـە خـاوەن ئەدەبیاتێکـی تـژی لـە بەرەنـگاری و شـکاندنی زنجیـری کۆیلایەتـی و سەربەسـتی و خاوەندارێتـی لـە کەرامـەت و شـەرافەت بـوو؛ هـەر بۆیـە شـیعر و ئـەدەب و نووسـینی وتـار تـا کۆتایـی ژیانـی هاوڕێیەکـی نزیکـی کاک کاوە بـوون. ئـەو دارەی ئـەدەب و تێڕامــان و بیرکردنــەوە؛ کــە داگیرکــەران و ســەوداگەران هەرگیــز نەیانوێــراوە لەژێـر سـێبەرەکەیدا دابنیشـن؛ چونکـە ئـەوان هەمیشـە لـە شـیعر و ئەدەبـی بەرەنــگاری کــە بــۆ گەڕانــەوەی کەرامــەت و پســاندنی زنجیــری کۆیلایەتــی تێبکۆشـێت ترسـاون و بـە مەترسـییان زانیـوە بـۆ خۆیـان.

کاک کاوەی هەرگیـز نەمـر؛ بـاوەڕی وابـوو کـە هەرگیـز نابێـت بێدەنـگ بیـن لـە بەرامبـەر ئـەو کـەس و تاقمانـەی کـە یـاری و سـەودا بـە بەهـا و کەرامەتـی نیشـتمانپەروەرانەوە دەکـەن، بۆیـە هەمیشـە بـە نووسـینە سـەرنجڕاکێش و پـڕ نـاوەڕۆک و جـێ تێڕامانەکانـی ئـەو پەیامـەی بـە بەردەنگەکانـی دەگەیانـد کـە بزانـن هەرگیـز کـۆڵ نـادەم لـە ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکان.

ئاخـر لـە فەلسـەفەی هـزری کاک کاوەی نەمـردا: شۆڕشـگێڕ هیچـی لـە شـۆڕش ناوێـت، بەڵکـوو بـەردەوام بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە دەتوانێـت چـی پێشـکەش

بە شۆڕش بکات. چۆنکە شۆڕشگێڕ پێویستی بەوە نییە لەڕێی بڵندگۆوە باسی ئەوینی خۆی بۆ شۆڕش بکات، بەڵکوو بەکردەوە دەی سەلمێنێ کە چەندە هۆگری شۆڕشە.

شۆڕش و شۆڕشگێڕ لە هات و نەهات و لە زیندان و لە چەپەر و لە ئاوارەیی و ئازادی و سەربەستیدا هەردەم شۆڕشگێر دەمێنێتەوە. هەر بۆیە دەیگوت لە کەسێ نابوورم کە سۆزی بۆ شۆڕش نەبووبێ و لەو شۆڕشگێرەش خۆش نابم بە لای ناپاکیدا چووبێت. کاک کاوەی جەوانمەرد، بە حەق جەوانمەرد و خۆنەویست و تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناس پێچەوانەی کەسانی ترسنۆک و سەوداگەر و نان بەنرخ ڕۆژخۆرەکان هیچکات باوەڕی بە سیاسەتی تەسنۆکانە نەبوو، پێی وابوو کە مرۆڤی شۆڕشگێر دەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی هێز و دەسەڵاتی داگیرکەر و بە شەهامەت و کەرامەتەوە دژی داگیرکاری ڕابوەستێ، چۆنکە کەسی شۆڕشگێڕ بیر و هزر و خەون و خولیای دەبێ بەس ئەوە بێت کە ڕێگایەک ببینێتەوە کە سیاسەتی ئەمری واقعی داسەپاو لەلایەن داگیرکەرەوە تێکبشکێنێت و ناومکین بکاتە مومکین و چۆن بتوانێت گۆڕانکاری پێک بێنێت و هەل و دەرفەت چێ بکات بە قازانجی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی.

ئەم جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەی کاک کاوەی نەمر وای کرد کە هەرچەند بۆ خۆی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات بوو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پلە و پایەی حیزبی بۆخۆی پێشەنگ بێت و بە باوەڕ و ورەی پۆڵایین هەستێ بە گەڵاڵەکردنی تەرحێک و چوونەوە بۆ نێو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی داگیرکراو کرد و بە کردەوە هەناگوی بۆ هەڵگرت.

ئەم شیعرە مسداقی کاک کاوەی هەمیشە زیندوویە:

من سەربازێکی ئامانجێکم پیرۆزە

فیداکاری ڕێگایەکم بێ گەردە،

ڕەنجێک دەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە

لە رێگایەکدا بێباک دەمرم

ڕێ مەردە.

هــەر ئــەم فەلســەفە هــزری و روانینــەی وای کــرد کــە کاک کاوەی نەمــر تەنانــەت لــە دوایيــن ســاتەکانی ژیانیشــی حەماســەیەکی لەبیرنەکــراوی بــۆ دیـرۆک و مێـژووی بەرخۆدانـی کوردسـتان خولقانـد. چۆنکـە ئـەو کاتـەی ئامـادە بـوو؛ لەپێنـاو ڕاسـتیدا شـکۆ و کەرامـەت و شۆناسـی نەتـەوە و نیشـتمانەکەی زامنـی نارنجۆکەکـەی بکێشـێت و رۆحـی بـدا لـە شـەقەی بـاڵ تاکـوو بـەو جـۆرە ئـەو پەیامـەی بـە ئێرانـی داگیرکـەر و سـەرجەم داگیرکەرانـی کوردسـتان بـدا، کـە کاوەی جەوانمــەرد چ وەکـوو چالاکـی فەرهەنگـی، یـان رۆژنامــەوان یـان زیندانـی یـان پێشـمەرگە، هەمیشـە سـەربەرز و شـاد و گەردنکەشـە و لەپێنـاو ڕاسـتی و ئـازادی و سەربەسـتیدا لـە مـردن سڵ ناکاتـەوە؛ بەڵکـوو ئـەوە ئێـوەن ترسـنۆکانە تەنیـا کوشـتن و بریـن شـک دەبـەن.

لـە کۆتایـدا دەبـێ بڵێـم کـە کاک کاوە گیـان تـۆ هەمیشـە بـۆ مـن و سـەرجەم هـاوڕێ و هەمـوو کـورد و کوردسـتان هەرمـان و زیندوویـی، چونکـە:

تــۆ بەهێــزی نامــری، مــردن لــە ئاســتا کۆیلەیــە
چونکــە گیانــی تــۆ دروشــمە و بانگــەوازی ڕێگەیــە
تـۆ چـرای دەنگدانـەوەی، دەنگی کپـی چەوسانەوەی
بۆمەلــەرزەی ڕاپەرینــی ســەردەمەی بووژانــەوەی

عەدنان قادری

# گێڕانەوەیەکی حەماسەی کۆسالان

سالّی١٣٩٠ لە ڕۆژهەلّات تازە فێری ئینتێرنت ببووم و چاوم بە دونیای مەجازی و فەیسبووک و ئەو شتانە دەکرایەوە، پاش سالّانێک پەیوەندیم لە شێوازی سەردان و تەلەفوونەوە گۆڕدرا بۆ دنیای مەجازی، بە پەلەپرووسکێ و پەلەپەل کەوتمە شۆن دۆزینەوەی ناسراو و کەسانی حیزبی و هاوڕێکانی سەردەمی فێرگە و پێشمەرگایەتیم (سالّەکانی ٧٣و٧٤ ).

بەپێی پۆستەکانم لەبارەی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی و هێندێ پارێزنەکردن و توندڕەی، داوای هاوڕێیەتیی فەیسبووکی لێکردم، دەقێکی دەستخۆشانە و سپاس و پێزانین بە قەلّەمێکی زۆر شیرین و پڕ لە جوانی و ورەبەخشیی تایبەتی بۆ ناردم، بە ڕاستی تەژی لە خامەڕەنگینی و پاکی و دلّسۆزی کوردایەتی بوو.

دوای پرسیار لە چەند هاوڕێیەک و دلّنیا بوومەوە کە پالّم بە قەلّایێکی مەزن و لە گیران نەهاتووەوە داوە. هەتا دلّ حەز دەکات دلّم بە ناسینی خۆش و پشتم پێ قورس و قایم بوو، جارێک پرسیارم لێکرد چۆنت زانی من حیزبم خۆش دەوێت و سەر بە «حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران»م؟ وەلّامی دامەوە «ئەدەبیاتی حیزبییەکان زۆر باش دەناسم».

هەر کاتیش کە بۆ کاری تەشکیلاتی سەردانی «کۆیە و ئازادی»م دەکرد، بەداخەوە بە ڕێکەوت لەوێ نەدەبوو، یان بەهۆی پەیوەندیی کاری تەشکیلاتیم لەگەلّ کەسێکتر پێم نەدەکرا ببینم، هەرچەند زۆرم پێخۆش

بوو چاوپێکەوتنم لەگەڵی هەبێت، پێم وایە ئەویش پێی خۆش بوو، بەڵام قسمەت وابوو یەکمان نەدەگرتەوە. لە باشوور کرێکاریم دەکرد، ئاگادری کردم کە لەوانەیە هێز بۆ بەرەکانی شەڕی داعش بۆ پشتیوانی و پارێزگاری لە باشوری کوردستان بنێرین، ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەو هێزە ڕەوانەی سەنگەرەکان بکرێن، بۆ کارێکی تایبەتی هاتم بۆ کۆیە، ئەمانەتییەکم بۆ هێنابوو، پاش کاروباری خۆم لەناو شاری کۆیە پەیوەندیم پێوە کرد، بەداخەوە دیسان خۆی پێی نەکرا و مامۆستا سەرکەوتی نارد، منیش نەمدەتوانی چاوەڕێی هاتنەوەی لە هەولێر بکەم ئەو جارەش نەمبینی، بەڵام وەک ئەوەی بەردەوام پێکەوە بین، نێوانمان گەرموگوڕ و زۆر جار تا گلەیی و دەردەدڵیش قووڵ دەبووینەوە.

لەو ساڵانەدا بە زۆری لە باشوور کارم دەکرد و کەمتر دەمپەرژایە سەر کاروباری تەشکیلاتی ناوشار، بێجگە لە پەیوەندی و کاری نووسین و تا ڕادەیەکیش هاوکاریی کوردپا، کارەساتی قەرەسەقەل و شەهیدبوونی ئەو شێرە کوڕانەی حیزب و گەل زۆر تاساندمیان، بۆ سەرەتای ڕاسان و هەستانەوەی شۆڕش و جووڵە و ئاوەدانیی کوانگ و کووچکاوری ئاگری شەڕ و شکۆی شاخ هەواڵێکی ئیجگار ناخۆش بوو. بەڕاستی زۆر کاری تێکردم، لەسەر فەیسبووک هیچ ڕەعایەتێکم نەدەکرد و ئاشکرا بۆ نموونە کۆپلەیەک شێعری کاک فەرەیدون ئەرشەدی (شان بە گابەردی شانتانەوە دەنێم) بەردەوام لەژێر زۆربەی هەواڵەکان و چەند جاریش وەکوو پۆست دامدەنا و دەمنووسییەوە. کاتێک شەڕی «قەرەسەل» وێنەیەکی خۆم لە پاڵ دار گێلاسێک دانابوو، وێنەی کچێکی منداڵی یەک لە شەهیدەکان دڵی پڕ کردم ئەو شێعرەی خوارەوەم بە زمانی شەهیدەوە بۆ نووسی:

نەشمیلەکەم،
گێلاسەکانم بۆ ناردی،
دڵگیر مەبە نەهاتمەوە

وا لە شەوی بووکێنیتدا
دێمە سەر جێ،
چەندی گەڕام گوڵی زەردم
دەست نەکەوت بۆت،
گوڵی سووری سەر سینگم نارد،
چاوەڕوان بە ئازیزەکەم،
دڵتەنگ نەبی نەهاتمەوە،
هەواڵم لە هەڵۆی تیرهاوێژ بپرسە
زامەکانم ،
سارێژ نابن تۆم لا نەبێ
بەڵام چ بکەم،
بووکی نازداری ئازادی خوێنی ئەویست، بیکات بە خەنەی دەست و پێی،
دڵم نەهات بی ڕەنجێنم...

خۆم پێنەگیراو کارم بەجێ هێشت و چووم بۆ کۆیە و ئازادی، شەوێک میوانی کاک «فەرەیدوون عەزیمی» و «مام ئەسعەد» بووم، پاش ماوەیەک هاوڕێیەتیی مەجازی، سەرەنجام لە نزیکەوە بە دیتنی کاک «ناسر مورادی»ش شاد بوومەوە و چاوم پێی کەوت.

دیسان ئەو هاوڕێیە گوایە لە شاخی (هەڵگورد) بوو ئەو جارەش نەمبینی، دوای گەڕانەوەم بۆ سەر کاری کرێکاریم لەبەر ئەوەی لە باشوور کەم تا کورتێک دەستم بە ئینتێرنت ڕادەگەیشت، ئێواران کە نیوەگیان پاش ١٠ بۆ ١٢ سەعات کاری بەردەوام بە «بۆڵدێزر» شەڕ لەگەڵ بەرد و شاخ بڕین، بێ خۆشتن و خۆگۆڕین، وەک کێل زیارەت قنج چاوم دەبڕییە تەلفزیۆنی ڕووداو و هەواڵەکانی ڕۆژهەڵات و هەموو ژێر نووسەکانیشم دەخوێندەوە.

دیسـان هەواڵێکـی خـۆش و ناخـۆش سـەبارەت بـە «حـدکا» و ڕۆژهـەڵات، بەڵـێ لـە کۆسـاڵان شـەڕە لـە بەیانـی سـەعاتی چـوار و نیـوەوە لـە «سـەوڵاوا» تەقەیـە، سـەرەتا زۆر دڵخـۆش بـووم کـە ڕۆژهـەڵات و شۆڕشـی ڕۆژهـەڵات گیانـی تـێ کەوتووەتـەوە و هەسـتامەوە سـەرپێ و ئارامـم لـێ بڕابـوو، وردە وردە هەواڵەکـە تێکـەڵ بـە فرمێسـک بـوو بـۆم.

یەکەم کەس وەک شـەهید، شـۆڕش و دیسـان شـاخەوان ناویان هات، شـێوام، شـین و شـایی لـە ناخمـدا دابوویـان بـە یەکـدا، چەنـد کەسـێکی ڕۆژهەڵاتیشـم لەگـەڵ بـوون، ئەوانیـش هـەروا، بـەڵام ئـەوان بـێ ئـاگا لـە ئەندامبوونـی مـن لـە حـدکا و سـۆز و خۆشەویسـتیم بـۆ حیـزب و گـەل تـا چ ئاسـتێکە، ئـەوان پـاش هەواڵـەکان، بڕێـک هێـور دەبوونـەوە، بـەڵام بـۆ مـن کەفـوکوڵـی قازانـی دەروونـم ئەوسـا دەسـتی پێدەکـردەوە.

بـەردەوام تەلەفوونـم دەهـات و پەیوەندیشـم دەگرتـەوە، یەکـەم وێنـەی سـەوڵاوام بـۆ هـات و نـاردم بـۆ ئـەو هاوڕێیـە و هـاوکات بـۆ کاک ناسـری موردایـش، لـە «کوردپـا» و ڕووداو هـەر ئـەو وێنەیـە بـۆ یەکـەم وێنـە دانـرا، بـەڵام ئـەو هاوڕێیـەم هێشـتا وێنەکـەی تەحویـل نەگرتبـوو، لای خۆمـەوە وتـم لەسـەر خـەت نییـە بۆیـە، هەواڵـەکان و وێنـەکان و شـەڕ درێـژەی کێشـا.

بـۆ مـن، دایکـم واتەنـی وەکـوو ڕۆژی حەشـر وابـوو زۆر بێتاقـەت بـووم، ئـەو شـەوە تـا بەیانـی نەخەوتـم، بـەردەوام لەگـەڵ ناوخـۆی ڕۆژهـەڵات و حیـزب بـە زۆری لەگـەڵ کاک «ناسـر مـورادی» لـە پەیوەندیـدا بـووم.

بەیانـی پەیوەندیـم پێـوە کـرا کـە دەبـێ بگەڕێتـەوە ڕۆژهـەڵات، پێویسـتمان پێتـە، شـەڕ هێشـتا گەرمـە، «ئاسـمانگ بـەرز و زەوی سـەخت» پـارەم لا نییـە، هیـچ پارەیەکیشـم لـە گیرفـان نییـە و حاجییـش (خاوەنـکار) لـەوێ نەبـوو، کـە پـارەی لـێ وەربگـرم، تەنانـەت پـارەی کـرێ ماشینەکەیشـم پـێ نییـە.

بەردەوامیـش داوام لـێ دەکـەن دەبـێ بگەڕێیـەوە، زەنگـم بـۆ ماڵـەوەی خۆمـان

لێ دا، دایکم تووڕە، شادیە (هاوسەرم) بە گریانەوە ڕێک ئەوەی پێگوتم «هاوڕێکانت لە کۆسالان هەموو شەهید بوون، ئێوەش (تەشکیلات) هیچتان پێ نەکرا بۆ یارمەتیدانیان، دوایی دێیتەوە بۆ فشەفش کردن لاچۆ... بڕۆ» تەلەفوونەکەی لەسەرم داخست.

شادیە بێ ئاگا لەوەی هەزارانی وەکوو من و ئەو لەخەمیانن و زۆر کەسیش یارمەتیی داون و دۆخی شەڕ شتێکیترە، پەیوەندیم بە زۆر کەسەوە کرد، هەموو دڵتەنگ و مات،

ڕێژیم بەردەوام هەواڵی ناڕاستی بڵاو دەکردە. هەواڵەکان بە دەقێقە دەگۆڕدران، ژێرنووسی زۆربەی تەلفزیۆنە کوردییەکان باسێکی ڕۆژهەڵات و کۆسالان لێ بوو، بڕوام بە هەواڵی ناخۆش نەدەکرد، لەناکاو ڕاگەیاندنی حدکا شەهیدبوونی «مام ئەکبەر»یشی پشتڕاست کردەوە. لە هەواڵەکانی ڕێژیمدا ناوی کەسانی دیکەش دەهات و زۆر دەترسام لە ڕاستبوونیان، بەڵام بڕوام پێنەدەکردن، زۆر بێتاقەت بووم، چەند هەواڵێکی دەستاودەستکراوم، پێ دەگەیشتن بێ گوێدان بە ڕاست و ناڕاستبوونیان هەر هەمووم بۆ هاوڕێیان «ناسر موردای و ئەرسەلان یارئەحمەدی» دەناردن، بە هەواڵێکی دڵخۆشکەر کە دوایی زانیم هاوڕێیەک بۆ دڵخۆشی و وورەبەخشین بۆی ناردووم، برێک بووژامەوە، منیش بە دەنگ و هێندێک دەستکارییەوە ڕام گەیاند کەچی ڕاستیش نەبوو.

هەموو ئەو هاوڕێیانە قارمان و خۆشەویست بوون بەلامەوە، بەڵام نازانم بۆ ناوی ئەو هاوڕێیەم لەناو هەواڵەکانی ڕێژیمدا ئەونەدە تێکی دابووم، ناچار بووم ٥٠٠ دۆلار لە کەسێک قەرز بکەم، تەلەفوونم بۆ شوێنی تایبەت لە «ئازادی»ی کۆیە کرد و وتم دەگەڕێمەوە چی بکەم؟

سەعاتی ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی گەیشتمە مەریوان و ماڵەوە، پەلەپەل ئاوێکم بەخومدا کرد، تەلەفوونم بۆ مامە «سەباح نیکخا» کرد، بەڵام خەتی موبایلەکەم بەهۆی قەرزەوە لەلایەن

موخابراتــەوە داخرابــوو، بــە خەتەکــەی شــادیە پەیوەندیــم کــرد، مامــە ســەباح وەک عادەتــی هەمیشــەیی بەپەلــە؛ مااامــە؛ لــە کوێــی؟ ماڵــەوە، زوو زوو بــێ بــەرەو ژوور، ئــەوا منیــش هاتــم بــەرەو لای تــۆ، کەوشــەکانم خســتە ســەر پــام و بــەرەو ژوور بــە هەڵاتــن ڕۆیشــتم، دەمزانــی ئــەو پەلەیــە پەیوەندیــی بــە بــەو کارەوە هەیــە و ئەویــش ئــاگادار بــوو کــە بۆچــی هاتوومەتــەوە، ٥٠ مەتــری مابــوو بــە پرایدەکەیــەوە، بگاتــە لام ســووڕایەوە، ســوار بــووم کاک «بێهــرووز دەلی»یــش لەگەڵــی بــوو؛

ڕاسـت چووینە سـەر بابەتەکە. کاکە: چوار کەس لەو کوڕانە (پێشـمەرگەکانی کۆسـاڵان) دەربـاز بـوون، بریندارییـان لەگەڵـە، دوێنـێ شـەو تیمێک (تەشـکیلات) ڕۆیشـتوون و پەیدایـان نەکـردوون، تـۆ (عەدنـان) خەڵکـی ئـەو ناوەیـت، دەبێـت ئەمشـەو کارێکیـان بـۆ بکەیـن، پرسـیارم کـرد کێگەلـن و وتـی کـەس نازانێـت کێـن، خەریـک بـوو شـارمان بەجـێ دەهێشـت، مـن وتـم ئـەوان چـوار کـەس و ئێمـەش سـێ کـەس خـۆ جێگامـان نابێتـەوە، بێجگـە لـەوە پرایدیـش بـاش نییـە، لەوانەیـە شـۆن و جادەکـە خـراپ بێـت، بـا پاترۆڵەکـەی منیـش ببەیـن، لەگـەڵ بێهــرووز زوو پێشــنیارەکەی منیــان قەبــووڵ کــرد، گەڕاینــەوە پاترۆڵەکەمــان هەڵکـرد و لـە بەنزینخانەکـەی «ڕەحمـان زەمانـە» پڕمـان کـرد لـە بەنزیـن و بێهـرووز پـارەی بەنزینەکـەی حەسـێب کـرد، مامـە سـەباح نیشـتە پشـتی پاتـرۆڵ و بێهرووزیـش بـە پرایدەکـە، چونکـە مـن هیـچ مەدارکێکـم پـێ نەبـوو.

پێویسـتە بڵێـم، بـە هـۆکاری ئەمنیەتـی و هێندێـک دەلایلـی تایبـەت لـە بـاس و ناوهێنانـی چەنـد کـەس و شـۆن و هێنـدێ لـەو شـتانەی بەسـەرمدا هـات خـۆم دەبوێـرم تـا کاتـی خـۆی، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە نافەوتێـن و دەمێنـن. بێهـرووز بـەردەوام لەگـەڵ چەنـد کەسـی دڵسـۆز و ئەندامـی حیـزب کـە نەمدەزانـی کێـن بـە خـەت و گوشـی تایبەتـەوە لـە پەیوەندیـدا دابـوو، بـە ڕاسـتی لـەو ڕۆژانـەدا بێهـرووز زۆر مانـدوو ببـوو، هەوڵـی زۆری دابـوو تـا بتوانێـت یارمەتیـی ئـەو پێشـمەرگانە بـدات، هەمـوو کەلوپەلـی شـەڕکردن و تەقەمەنـی و نەفەراتیشـی حـازر کردبـوو، چەنـد هەوڵێکیشـیان دابـوو، بـەڵام بەداخـەوە لەبـەر زۆریـی

هێـزی داگیرکـەر و خراپیـی جێـگای شـەڕەکە، واتـە نزیکبوونـی لـە شـاری سـەوڵاوا و مۆڵگەکانی ڕێژیم، دەرەتانی زۆریان نەبوو، لە چەند شوێنیترەوە تەقەیـان سـاز کردبـوو تـا هێزەکـە و جبهەکـە بـڵاوە بکەنـەوە و فشـار لەسـەر پێشـمەرگەکان کـەم ببێتـەوە، بـەو هۆکارانـەی سـەرەوە باسـم کـردن لـە نووسـینی هێنـدێ کارەکانیـان خـۆ دەبوێـرم.

سـەعاتی لای چـوار و پێنـج گەیشـتینە «مارانـی و سەردەشـت» چووینـە نـاو باخەکـەی ئێمـە، قـەرار بـوو تـا چارەکێـک بـە کاتـی دیاریکـراو لـەوێ بیـن، هێنـدێ جلوبـەرگ و کەلوپەلمـان لـەوێ دانـا، مشـووری خۆمـان کـرد، کار هـەر کامەمـان و جێگـە و ڕێگـە و مەسـیر دیـاری کـران.

کاک سـەباح شـەرواڵی فارسـی لـە پێـدا بـوو، چەقۆیەکـی گـەورەی پـێ بـوو گیـری خواربـوو بەدەسـتییەوە، لـە هـەر گیرفانێکـی دەنـا زۆر گـەورە بـوو و جێـی نەدەبـۆوە، کـردی بـە نـاو گۆرواکەیـدا، دوو هێنـدەی قاچـە باریکەکانـی دەبـوو، بێهـرووز بـە توورەیـی و سـۆحبەتەوە، گوتـی (هەتیـم دەی لابـەرە وێتـو ئـەی قەڵەمبڕێتـوە مەتـاوی هـۆرش گیـری)، هێنـدێ لـە ئـاو و نـان خواردەمەنییەکانمـان بـە جۆرێـک دانابـوو لـە کاتـی حەرەکەتـدا لـە پێشـەوە دەسـتمان پێیـان ڕابـگات، خەریـک بـوو نزیـک دەکەوتینـەوە، لەبـەر بانگـی ئێـوارەی ڕەمـەزان، کاتـی چوونمـان هـات، ڕۆیشـتینە شـوێنی دیاریکـراو، لـەو شـوێنەی کـە دەبـوا یەکتـر بگرینـەوە نەبـوون، مـن کەمتـر فەرمانـی ماشـینەکەم بەجـێ دەهێشـت، بـەڵام دوو هاوڕێـی دیکـە چەنـد جـار خـوار و بـان هەوڵـی زۆریـن دا، پرایدەکەمـان کردبـووە خراپبـوو، بـە بیانـووی وەسـتانمان ڕاسـت لەژێـر پاگایەکـی سـپادا لـە نزیـک «مارانـی» بوویـن، نەمانویسـت شـوێنەکە زۆر تێـک بدەیـن و ئاڵـۆز ببێـت، کەوتینـە ڕێ و لـە گۆڕینـەوەی پەیـام و پیوەندیـدا لەگـەڵ کاک بێهـرووز، گوایـە شـوێنی یەکگرتنەوەمـان لەگـەڵ پێشـمەرگەکان گـۆڕاوە.

بـە پێچلێـدان و سـووڕانەوەی دوور لـە چـاوی پایـەگا، خۆمـان گەیانـدە شـوێنی

تـازە دیاریکـراو، بەهـەر حـاڵ لێـرە هەندێکـی دەبـڕم، مکافاتـی زۆرمـان کێشـا، نائومێـد و دەسـتبەتاڵ خەریـک بـوو ناوچەکـە بەجـێ بێڵیـن و دەسـتبەرداری کارەکـە ببیـن،

«دەگاگامـان» تـازە بەجـێ هێشـتبوو کاک بێهـرووز وتـی مـن دادەبـەزم و بـەم بنـارەدا بـە قاوەقـاو دەگەڕێـم، گـەر گیـرام بـا ئەمـە قسـەمان بێـت «ئێـوارە کوڕەکـەی تـۆ (عەدنـان) بـە نـاوی «هێمـن» هاتـووە بـۆ ئاگرکوژانـەوە و نەگەڕاوەتـەوە و بـۆی دەگەڕێـن» تـۆش بـە جـادەدا بـڕۆ لـە فـلان شـۆن یـەک دەگرینـەوە.

کاتـێ ئاوایـی «دەگاگا»مـان بەجـێ هێشـت، مامـە سـەباح لـە پێـش ئێمـەوە بـوو، منیـش زۆر بـە خـاوی بـە جاداکـەدا دەهاتـم، تـا گەیشـتمە ناوەڕاسـت پێچێکەکـەی کەڵیمـل (کەڵیمـل کانیـاو و سـەیرانگەیەکی زۆر دڵڕفێنـە) لـە نێـوان گوندەکانـی (ڕەزاو) و (دەگاگا)دا بەرانبـەری (کـەڕاوە) هەڵکەتـووە. جادەکـە زۆر هاتوچۆی ماشینی کەلوپەلی قاچاخ و بە تایبەت تویتا٣F ی لێ بوو، لەپڕێکا ماشینەکەی مامە «سەباح»م لەوبەری جادەکەوە بینی، چوار چرا سوورەکەی لێ دەدات و دەنگی قسەکردنیشم دەبیست.

زوو سـووڕامەوە، کەوتمـە پێـش ماشـینەکەی مامـە و ماشـینەکەم نەکوژاندەوە و دابەزیـم، بەڵـێ مامـە زۆر بەرلـەوەی مـن تێبگـەم، چـوون پێشـتر ئـەوان ناوەکانیـان گۆڕیبـووەوە، گوتـی وەرە (هێمـن) گیـان، وەرە ئێمەیـن (بـارام) دەم و دەس دەرگای لای ڕاسـتی ماشـینەکەی خۆمـم کـردەوە (مینـی پاتـرۆڵ) دوو دەرگایـە و دبـێ کورسـیی پێشـەوە بـەرز بێتـەوە تـا نەفـەر برواتـە دواوە و دابنیشـێت، کورسـییەکەم هەڵـداوە بەپەلـە کەسـێک سـوار بـوو، کاتێـک سـەر دەکەوتـن دەسـتم دەهێنـا بـە شـانی پـڕ لـە ئـارەق و گەرمیانـدا و خـۆم بـە قوربانیـان دەکـرد، دوو کـەس سـەرکەوتن، زۆر تاریـک بـوو کـەس کەسـی نەدەناسـی، بـەردەوام ماشـینیش دەهـات و دەچـوو، چاوەڕێـی نەفـەری سـێیەم و چـوارەم بـووم، مامـە هـات و لێـی پرسـین کەسـیتر نییـە؟ وتیـان نەخێـر



دیمەنێکی دیکەی کۆسالان

تـەواو بـەس ئێمەیـن و بـە پەلەپـەل کورسـییەکەم خەوانـد و دەرگاکـەم داخسـت، بـە مامـەم وت بێهـرووز دابەزیـوە و بـەو بنـاردا دەگەڕێـت، پەیوەندیـی پێـوە بکـە و بێـن بـۆ یـارۆ شـۆن، زوو نیشـتمە پشـت پاتـرۆڵ و حەرەکەتـم کـرد، سـڵاو و دەستخۆشـی و ماندوونەبوونـی ورەدانـەوە لـە لایـەن منـەوە، ئـەوان وادیـار بـوو مانـدوو و هیـلاک و برسـی و تینوویـان بـوو، بـەس یـەک دوو جـار سپاس و هیچیترم لـێ نەبیسـتن، زانیـم کێشـەکە چییـە، وتـم دەسـت بکێشـن لـە پشـتەوە نـان و ئـاو هەیـە ئـەم قسـە و باسـە زۆرتـر لـە پێنـج دەقێقـەی نەخایانـد، گەیشـتمە ناوەڕاسـت ئاوایـی «دەگاگا» و بینیـم ماشـینێکی پـڕ لـە چەکداری ڕێژیـم ڕاسـت لای دا بـەرەو ئـەو شـۆنەی چارەکێـک پێشـتر لەگـەڵ کاک بێهـرووز لـەوێ بووین، بـەڵام ئێمەیـان نەبینـی و لەوانەیـە لەبـەر ئـەوە بێـت کـە هاتوچـۆی ماشـین بەسـەر جادەکـە زۆر بـوو، ئـەوەش بڵێم پێشـمەرگەکانیش ئەوانیـان نەبینـی، کـە ئەوێمـان تێپـەڕ کـرد، بـە هیـوای ئـەوەی کـە دەگەینـە شـۆنی دڵنیـا و هەمـوو شـتێک بـاس دەکەیـن و بەشێکیشـی لەبـەر تـرس لـە

پێکـدادان و پاراسـتنی گیانـی پێشـمەرگەکان قسـەم نەدەکـرد، یـان قسـەم بـۆ نەدەهـات، تـازە خـۆم دانابـوو بڵێـم کێـن؟ گەیشـتمە سـێ ڕاکـەی ئاوایـی «مازیبـن» و هـاوکات لەگـەڵ ماشـینێکیتری هێـزی داگیرکـەر و ترۆریسـت پێکـەوە هەڵتەقیـان بـە یەکدا و ئـەو لـە جادەکـەی مازیبنـەوە هـات و هێشـتا تۆزەکـەی نەنیشـتبووەوە و منیـش گەیشـتمە سـێ ڕاکـە، جـا لـەو سـێ ڕایـە بـەرەو «کامێـران» پێچێکی تێدەکەوێت، مـن لـە پێچەکـە زۆر بـە لەسـەرەخۆیی سـووڕامەوە و لـە جامەکـەوە سـەیرم کـرد ئـەوان دابەزیـن، هەنـدێ پێـم خـۆش بـوو و دڵنیـا بـووم کـە لـەوێ دەمێننـەوە و ئێمـەش لێیانـەوە تێپەڕیـن.

دڵنیایـش بـووم کـە بـەدوای ئێمـەدا دەگەڕێـن و پێیـان زانیویـن، چونکـە نیـو سـەعات پێشـتر لـەو نـاوە هیـچ هێزێکمـان نەبینـی، بەهەرحـاڵ ئەوێشـم تێپەڕانـد و هاتینـە قسـەکردن، نـاو ماشـینەکە تاریـک بـوو، بـەس جاروبـار لام دەکـردەوە، نەفـەری پشتسـەری خۆمـم نەدەبینـی، بـەس ئـەوەی لای ڕاسـتم دی نەختێـک ڕیشـی هەبـوو، پرسـیارم کـرد تـۆ کێیـت؟ هەرگیـز لـەو بـاوەڕەدا نەبـووم لـەو کات و ساتەدا ئـەو کەسـە ببینـم و ئـەو نـاوە بوترێـت و ئـەو دەنگـە ڕاسـتەوخۆ بژنـەوم، زۆر بـە نەرمونیانـی وتـی «کاوە»م، دەنگـم هەڵبـڕی بـەرز بـەدەم لێخوڕینـی پەلەپەلـەوە وتـم «کاوە جەوانمـەرد»ی؟ تەزێـک هـات بـە گیانمـدا یەکەمجـار بـوو بیبینـم، ئەویـش لـەو دۆخـەدا و لـە تاریکاییـەدا، گریـان و خۆشـی و هەسـتێکی تایبـەت بـوو، نازانـم چـۆن بیڵێـم ڕووی تیکردبـووم، قاچەکانـم کەوتبوونـە لەرزیـن، دەنگـم گۆڕدرا، حەپەسـابووم، وەک تـێ بخوڕنـە سـەر کەسـێکدا وتـم منیـش «عەدنـان قـادری»م و ئەویـش دەنگـی هەڵبـڕی: «کـورە نەیـژی» دەمـم دەلـەزی، چەنـد جارێـک لەنـاو بەفـر و زوقمـدا ئـەو حاڵەتـەم لـە خۆمـدا بینیبـوو، دەسـتم بـرد و دەسـتی خسـتە نـاو دەسـتم بـە نۆبـە دەسـتی یەکترمـان مـاچ کـرد، نازانـم چۆنـی بـاس بکـەم؛ لـە نەفـەر پشتەسـەرم پرسـی: «ئـەی جەنابـت؟» نەدەکرا بوەسـتم، ئەویـش بـە دەنگـی بـەرز وتـی «کـورە لالـۆ منیـش سـەرکەوتەنا». دەتـوت خـەو دەبینـم.

خـۆم دانابـوو بـۆ قسـەوباس و جەوێکـی خـۆش و تایبـەت و کارێکـی گەورەتـر؛

ئەمانە کە باسم کردن، هەموو چەند دەقێقەی خایاند، کە چرایەک لە پشتسەرمەوە دەرکەوت؛ دوور بوو، گەیشتمە سەر ملەی «مارانی» لەوێ جادەکە خۆشترە، زۆری نەمابوو بۆ لادانمان لە جادەی ئەسڵی و شوێنی دڵنیا و لە مەترسی دەرباز بین، لەپڕ لە ناوەڕاستی دەشتەکەی «سەردەشت» و لەسەر ڕێگای لادان بۆ نێو هەوارەکانی ئاوایی «کۆڵێژ» و «دەل» (هەیشوور)، دوو ماشینی ڕێژیم کەوتنە بەرچاوم و ڕێگاکەیان گرتبوو، ماشینیان دەپشکنی، تویتاییکی 3Fی سپی باربەن بەرز (شومالی) لێیان تێپەڕ دەبوو، سەرکەوت هاواری کرد کەمینە، شوێنەکە بۆ دابەزین و هەڵاتن نەدەبوو، مەجالی سووڕانەوەیشم نەبوو زۆر نزیک بووم، ئەی هاوار چی بکەم بەس خۆم دەزانم لە چە دۆخێدا بووم.

خڕەی چەکی پێشمەرگەکانم لەبیرە، فیشەکیان بردە لوول و هەرکام ڕوویان کردە لایەکی جادەکە، جاشێک دەست لەسەر پەلاپیتکە لولەی چەکەکەی کردە من، چاوەڕێی دەکرد بگەمە بەردمی و نووری چراکانم لە سەرەوە بوون، ئەم قسانە هەمووی بۆ چەند چرکەیەک دەگەڕێتەوە، ماشینەکەم خستە دەندە دوو و سەرەتا هێور خۆم گەیاندە نزیک چەکدار و ماشینەکان، لە دەندەی دووەوە زۆر بە خێرایی گازی ماشینەکەم دا، جۆرێک بە خێرایی چووم، پێم وابێ ئیسفاڵتەکەم هەڵدڕی بێت، ڕووم کردە چەکدارە تووڕەکە و مەجالی دەسکردنەوەم پێ نەدا، کەمین شەڵەژا دەنگی دەستڕێژێکم بیست، دام بە ناو کەمینەکەدا تێپەڕیم، چەند مەترم تێپەڕان، دەنگی چەند ڕەگبارم دەهاتە بەر گوێ، دوو سەد مەترێکم تێپەڕاندبوو کە، چراکەی شوێنمانەوە نزیک بووەوە، زۆر بە خێرایی دای بە لاما، دیار بوو ڕانەندەکەیان ناشی بوو، خەریک بوو چەپی بکات، بە خەتی تورموزی زۆر دووکەڵ و پزیسکەی لاستیکەکانیدا دیار بوو نازانێت بەپێچەوانەوە خێراییەکەی کەم بکاتەوە، بەهۆی شانەوشانکردنی ماشینەکیان خراپ ترسان لە وەرگەڕانی، بۆ ئەوان بەس فریای کۆکردنەوەی خۆیان کەوتن، دوو سێ کەسی لەسەرەوە بوو، دڵنیام جلوبەرگیان کوردی بوو، لەبەر خێرایی و تەکان و شەکانی



دیمەنێکی دیکەی کۆسالان و شوێنی حەماسەی ڕۆڵەکانی دێمۆکرات

ماشینەکە خۆیان توند کردبوو و مەجالی تەقە و دەستکردنەوەیان نەبوو، زۆر بە خێرایی پێچاندییە بەردەمم، مامۆستا سەرکەوت ڕووی چەکەکەی تێکردن، بەڵام من لام دا و نەوەستام، زۆر بەخێرایی دیسان کەوتەوە شانم و لەناو ماشینەکەوە لە پێشەوە تەقە کرا، بەڵام ڕوو لە ئێمە نەبوو لەولای ماشینەکەوە بوو، هێندێک بە شان یەکدا ڕۆیشتین بەدەستی ڕاستی مندا دیسان کێشایە بەردەمم، سپەری پاترۆڵەکەم تێگیراند، بوو بە شەڕە بەران و زرمە لە هەردوو ماشینەکەوە هەستا، گۆشەی لای ڕاستی من ناوەڕاست و دەرگای شۆفیری ئەوی قووپاند و بردم بۆ لێوار جادەکە، لێی دەرباز بووم، تەقەیش نەکرا ئەم شەڕە بەرانە بەدەم ڕۆیشتنەوە بوو، من ئەزموونی هەڵاتن لەو شێوەیەم هەبوو، لەدەست کەمین دەرچوون دەمزانی چۆن ماشین کونترۆڵ بکەم، لەو کاتانەدا ئەویش بە حوکمی سەردەمی قاچاخیی کەلوپەلدا ئەم ئەزموونەم هەبوو. ئاگام لەوەش بوو دوو ماشینی کەمینەکە ئێستا دەگەنە سەرمان، باش بوو ڕێگاکەم بە باشی دەناسی، چونکە نزیک

هـەوار و باخەکـەی خۆمـان بـوو، دەنگـی موتـر (مەکینـە)ی ماشـینەکەم گـۆڕا و هەڵـم و دووکەڵـی دەهاتـە نـاو ئوتاقەکـە، پێـم وایـە ڕادایاتـی ماشـینەکەم شـکابوو، یـان سـەرەکەی کەوتبـوو، زۆر بـە خێرایـی پێچێکم بـڕی و بـەو خێراییە لـە شـۆنێکەوە کـە دەمزانـی تێپـەڕ دەبـم، ماشـینەکەم بـەر دایـەوە و چراکانـم کوژانـەوە، دام بـە نـاو چاڵێکدا، فەرمانەکـە دای بـە نـاو سـکما، ورگیشـم کـەم نەبـوو! ئێشـێکی ئیجـگار خـراپ بـە سـکما هـات، خـۆم گەیانـدە سـەر جـادە کۆنەکـەی ئاوایـی (کەکڵیـاوا) سـەرنجم لای چـەپ و سـەرەوەم دا، زۆر بـە خێرایـی ماشـینێک دەڕۆیشـت، دڵنیـا بـووم دوژمـن و جاشـە تیرۆریسـتەکانن، بـەڵام ئـەوان نەیاندزانـی مـن لـە کـوێ لام داوە و پێیـان وابـوو ڕاسـت بەسـەر جـادە قیرەکـەدا ڕۆیشـتووم، لـەو بـاوەڕەدا نەبـوون بـەو خێراییـە خـۆم ون بکـەم و لا بـدەم و پێچـی جادەکـەش یارمەتیـدەرم بـوو.

ئێمـە دەکەوتینـە ژێـر جـادە قیرەکـە و لەوانـەوە دیـار نەبوویـن، بـەڵام دەنگـی تەقـە زۆر بـوو، لـە هـەوارەکان و شـۆن کەمینەکـە «کاوە» وتـی کاکـە لەسـەرەخۆ بـە و بوەسـتە بـا ئێمـە دابەزیـن بۆیـان، هێندێـک بـە جـادە خۆڵەکـەی ککڵیـاوادا هاتـم و ماشـینەکە نەدەڕۆیشـت، کەوتـە پرتـە پـرت، لـە کوژانـەوەدا بـوو. جادەکەیشـم بـاش نەدەبینـی، دووکـەڵ و بۆنێکـی ناخـۆش تەنگـی پـێ هەڵچنیبـووم، ئیتـر جادەکەمـان پێـوە دیـار نەبـوو.

فەرمانـی ماشینەکە لەدەسـتم بـەر بـوو، هەڵواسـرا بـە تەپۆڵکەیەکدا و چەنـد جـار هەوڵـم دا و خستمە کۆمەکیـش بـۆم نەگـەڕاوە سـەر جادەکـە، ماشـینەکە زۆریـش کەوتبـووە شـانا، مامۆسـتا سـەرکەوت وتـی «مەترسـە و هـەوڵ مەبـە نجاتمـان بـوو، مـن هیچـم بـۆ نەدەوتـرا، خـۆم حـازر کردبـوو کـەی گوللـەم بـەر دەکەوێـت، بـەڵام دەمزانـی ئـەوان (پێشـمەرگەکان) ئامـادەی شـەڕ بـوون، لـەو کاتـەدا کـە مـن لـە هەوڵـی ماشـینەکەدا بـووم، ئـەوان لوولـەی چەکەکانیـان بـە دەورووبـەردا دەگەڕانـد و ئاگایـان لـە پشـتەوە بـوو.

چەنـد قسەیەکیشـیان گۆڕییـەوە، ڕاسـت بڵێـم ئەونـدە پەشـۆکابووم نەمدەزانـی

چی دەڵێن،

وتم دابەزن با بڕۆین، لەگەڵ ئەم قسەیەمدا دەرگای لای خۆمم کردوە و چەند مەترێک لە ماشینەکە دوور کەوتمەوە کە خۆم هەڵدەمە ناو شیوەڵێک کە پوونگە و هەژگێکی چڕ بوو، بیرم کەوتەوە خۆ دەبێت من دەرگا بکەمەوە بۆیان، کورسیی پێشەوە هەڵدەمەوە تا دابەزن گەڕامە دواوە سەرەتا کاوە دابەزی زۆر لەسەر خۆ چەکەکەی بە دەستی ڕاستییەوە بوو، چووە لێواری جادەکە و سەیری دەورووبەری دەکرد، وەک ئەوەی هیچ لە ئارادا نەبێت سەرکەوتیش بە هەمان شێوە، من کەمێک هێور بوومەوە، لە فرت و فات کەوتم، سەرکەوت وتی با بڕۆین، لە پڕێکدا لەلا سەرووەمانەوە و لەسەر جادە قیرەکە تەقە دەستی پێکردەوە، سەرکەوت وتی ئەوە دۆشکایە، تەقەکە زۆر نزیک بوو، من دیسان شڵەژام و خۆم هەڵدایە ناو شیوەکەوە، ئەوان زۆر ژیرانە و پێچەوانەی من بەرەو ژێر جادە قیرەکەوە و بۆ ناو دەوەنەکان و ڕوو بە دۆشکاکە چوون، لەوێ لێک دابڕاین، هەرکە خۆم خستە ناو شیو و دۆڵەکە و تۆزێک بە دۆڵەکدا چووم و گیرم خوارد، پونگە و قوڕ گژ و گیایەکی چڕ بوو، مردم تا لێی دەرباز بووم. بە هیوای ئەوەی خۆم بخەمە بنار و سەرکەوم بۆ هەواری «هەیشوور». چرا و نوورێکی زۆر بە قەوەتیان گرتبووە ئەو بنارە و تەقەیەکی زۆری هەڕەمەکی بەردەوام بوو، سەرنجم دەدایە ئەو شوێنەی دۆشکاکە تەقەی دەکرد بێدەنگ بوو، بەڵام چرا و نوورێکی بەهێزیان گرتبووە بنارەکە.

دۆڵەکەم تێپەڕاند و بە ناو قووڕ و چڵپاوی (چەم زیارەتەکان)دا بەرەو خوار هاتم، شوێنێک هەندێک ڕووتەن و بەرچاو بوو، لەناکاو یەک دوو دەستڕێژم لێ کرا، باش بوو گوللەم بەر نەکەوت، بەڵام پلاشە بەردم هست پێدەکرد بەرم دەکەوتن، لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا دەموت، بەشکوو گوللە بەر شوێنی هەستیارم بکەوێت و بە بریندار نەکەومە دەست دوژمن، ڕێک خۆم دانابوو شەهید دەبم، یان بە بریندار دەمگرن، خەمی کاک «بێهرووز و مامە سەباح»یشم بوو، بڵێی ئەوان چییان بەسەر هاتبێ،

ماشینەکەی ئەوان بۆ هەڵهاتن نەدەشیا.

باش بوو ئەو نێوانەم تێپەڕاند و گوللەیشم بەر نەکەوت، نازانم چۆن و بۆچی ئەو شەوە هێزی ترۆریستی داگیرکەر دەستیان لەو جادە قیرە بەر نەدەدا، پێم وایە لە ماشینەکانیان دانەبەزین، یان نەیاندەوێرا دابەزن و دەرگیر بن، چون دڵنیا بوون پێشمەرگەی حدکا تا دوا فیشەک شەڕ دەکات و خۆبە دەستەوەدانیان نییە.

لە تیرڕەس و بەرچاویان نەمام و بە هەر حاڵێک بوو خۆم گیاندە بان «کەنەسوورە» و ناو دەوەنە چڕەکان، لەسەر ڕێگا قەدیمەکەی «سەروماڵ» پاڵ کەوتم جا ماندوو و هیلاک. دەرقاچەی پانتۆڵەکەم دڕابوو، کەوشەکانم «شیبرەو»ە و زۆر نابار، پەلاشەبەرد دابووی بە لەپی دەستی ڕاستمدا خوێن و خۆڵ و عارەق تێکەڵ ببوون و دەیکزانەوە.

لەوێ تۆزێک حەسامەوە، لەپڕ دەنگی خشەی هەژگ و چرپەی پێ هاتە گوێم، دەنگەکە نزیکتر دەبوەوە. دیم دوو نەفەرن و دێن بۆ سەر ڕێگاکە بە تەپاوتل خۆم خستە بەر ڕێگاکە باش سەرنجم تێبڕین دیار بوو مامۆستا سەرکەوت و کاوە بوون، خەریک بوو دەگەیشتنە نزیکم و بە هێواشی تا ئەو ئاستەی ئەوان بژنەون، دوو جار بانگم کرد (هێمن) وەستان و دانیشتن جوابیان دامەوە و هاتن بۆ لام، لە بەین دوو هەژگی گەورە لەنێو پووشیکی زۆردا سێ کەس دانیشتین، ئەوان زۆر وریا و پشتیان کردبووە یەکترین، من پاڵ کەوتبووم، مامۆستا سەرکەوت وتی وەستانمان لێرە باش نییە، لەوانەیە تۆپباران بکەن و ئێرە ئاگر بگرێت، تۆپیشمان بەر نەکەوێ ئاگر و دووکەڵ پەکمان پێدەخات، با بڕۆین خۆمان بخەینە ئەودیو (کەنەسوورە)، نێوان هەژگ و لێڕەوارەکە بۆ لێواری بەرەو خوارەی کەنەسوورە چەند زەوینێکی تەخت و ڕووتەن بوو، هێندێکیان شێف و ڕەشایی و هێندێکیآیان پووش و سپی بوون، مامۆستا سەرکەوت وتی با بەناو شێفەکەدا بڕۆین و ڕەشە و نامانبینن، گەیشتینە ناوەڕاست شێفەکە، پای من کەوت بە لادا

و ڕەقێنـەی پـام دەرچـوو، ئێشـێکی زۆر هاتـە سـەر ئێشـی ناوسـکم، بەڕاسـتی ئێشـی پـام ئەونـدە زۆر بـوو هـەر لـە وتـن نایـە.

بـە گاگۆڵکـێ و یارمەتیـی ئـەوان خـۆم خسـتە لێـوار لێژاییەکـە و خـۆم تـل کـردەوە بـۆ خـوار،

خەریـک بـوو لـە مەترسـیی دوژمـن ڕزگارمـان بێـت، پـام وای بـە سـەرهات و بوومـە ملیانـەوە، زۆربـەی هـی خراپیـی کەوشـەکانم بـوو، ئەوانیـش گیریـان خـوارد بەدەسـت منـەوە، قورسـیش بـووم بـۆ هەڵگرتـن و کۆڵیـش نەدەبـووم، خـۆم ئـەوەم بـاش دەزانـی و ئەوانیـش مانـدوو و برسـی و چـەک و چـۆڵ و کۆڵەپشـتیان پـێ بـوو.

کاوە بـە سـەرکەوتی وت چـی بکەیـن؟ زانیـم خەریکـە دەبمـە ملیانـەوە، وتـم کاکـە ئێـوە بـڕۆن کاوە وتـی شـتی وا چـۆن دەبـێ، گیانمـان لەگـەڵ گیانـی تۆیـە، گوتـم مـن بەڵـەدی ئێرەم و پەکـم ناکەوێت و دەزانـم چـی بکـەم و هـەر چارەیـەک دەدۆزمـەوە.

بـەدەم ئیـش و خـۆ پێچدانـەوە، وتـم سـەرکەوت خـۆ دەزانیـت ئێـرە کوێیـە، ئـەوە چـراکان سـەروماڵە، وەڵامـی دامـەوە (لالـۆ گیـان خەمـوو ئێمـەت نەبـۆ، مـن خەمـوو تۆمـا).

ئـەوە حـاڵ نەبـوو تـا ڕازیـم کـردن جێـم بێڵـن، بـە تووڕەیـی و لەبـەر ئـازاری ئێشـی پـام گوتـم لێمگەڕێـن بـڕۆن مـن لێـرە پەکـم ناکەوێـت، مـن ڕاکشـابووم هەردووکیـان ماچیـان کـردم و زۆر بـە نابەدڵـی ڕۆیشـتن، بـۆ دواییـن جـار لـە پشـتەوە سـەیرم دەکـردن تـا لەبەرچـاوم ون بـوون، دڵـم پـڕ بـوو، گریانێکـم بـۆ هـات بـە کـوڵ، بـە دەسـت خـۆم نەبـوو بـۆ کڵۆڵـی و بەشـمەینەتیی گەلەکـەم و بـۆ خۆشەویسـتی و خۆنەویسـتیی ئـەوان بـوو، کـە دەمبینـی لـەو هەلومەرجـە سـەختەدا چـۆن بوێرانـە لەسـەرەخۆ هەڵسـوکەوت دەکـەن و چـۆن شـێرانە هەنگاو دەنێـن، چلـۆن پێکەنینیـان بـە دوژمـن و گوللـە و کەمیـن و تـرس دەهـات.

ئـەرێ ئەمانـە چیـن؟ ئـەو دڵانـە چییـان تێدایـە؟ ئـەو بـاوەڕە بـۆ ئەونـدە پتـەوە؟ ترسـی منیشـیان شـكاندبوو، ئـەوەی لای مـن بـاری كردبـوو تـرس بـوو، لـە لایەكیشـەوە هەسـتم بـە دڵخۆشـی و لەخۆبایـی دەكـرد كـە ئێمـە هـەزاران لـەم ڕۆڵانەمـان لـە سـەنگەر دان، ئەمەیـە ڕژیـم ئاگـری تێبـەر بـووە و خەریكـە زێـڕە دەكات و دار و بـەرد و كـەژ و كێـوی تەنیـوە بـە چڵكاوخـۆر و كاسـەلێش و دز و دەغـەڵ و خۆفـرۆش، بیـرم بـەس لای ئـەوان بـوو، بەشـكوو هیچیـان بەسـەر نەیـەت، دەمهێنایـە پێـش چـاوی خـۆم چلـۆن لـە ئازادیـی (كۆیـە) یەكتـر دەبینینـەوە و باسـی ئەمشـەو دەكەیـن، دیسـان هـەر خەمـم بـوو.

دەمزانـی ئـەوان چەنـدە مانـوو و شـەكەت و چەنـدە تینـوو برسـییانە، دەمزانی چەندە بـە نابەدڵـی منیـان بەجـێ هێشـت، بیسـتبووم پێشـمەرگایەتی كوێـرەوەری و سـارد و گەرمـی تـەڕ و تووشـی كێشـانی زۆرە، بـەڵام ئـاوا بـە چاوی خـۆم نەمدیبـوو. ئـاو و ئـارەق و خوێـن و تینوویەتـی و برسـیەتی، خەمی لەدەسـتدانی هاوسـەنگەر و ئاگـر و گوللـە بـە چـوار دەورا هەنـگاوی پـێ شـل نەكردبـوون، تـا لەبەرچاوم ون بـوون قوڵپـەی گریانـم بـەرز دەبـووەوە، مێڵاكـی نـان و ئاوەكـەی ئێمەیشـیان بـۆ نەكـرا، بـەڵام ورەیـان بـەرز و هەنـگاوی پتـەو و قایمیـان هەڵدەگـرت، هـەر دەتـوت شـێرن.

شـانازیم بـە خۆمـەوە دەكـرد بـۆ هاسـەنگەرم، دیـار بـوو ڕێگایەكـی گـەورە و پیـرۆزم لەبـەرە، لـەو سـاتەدا بەڵێنـم دا بـێ دوودڵـی تـا ڕزگاریـی گـەل و نیشـتمانەكەم بەسـەر و مـاڵ منداڵـەوە پێشـمەرگە و درێـژەدەری ڕێـگای شـەهیدان و چقڵـی چـاوی داگیركەرانـی كوردسـتان بـم.

بـەدەم گریانـەوە لـە دۆڵێكـی چـڕ و تاریكـە شـەو بـە قاچـی شـەل و جێمـاو و تەنیـا، سـۆزی شـێعرێكی مەولەویـم بـۆ هـات و بـەدەم گریانـەوە بـۆ خـۆم زەمزەمـەم دەكـرد:

(سـاقی گـەرد كـۆچ یـاران دیـارەن
هاومـاڵان پەرێـم نـە ئینتـەزارەن

مـن خـۆ تەنیـا مـاڵ وامەنـدەی دڵتەنـگ
بێ کەس، بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ
مەرتـۆ وە هـەی هەی نەشـئەی جام مەی
نەی ڕای پلەی سەخت فەریاد ڕەسیم کەی
سـا پێـم دەر جامـێ، منیـچ چـۆن یـاران
هەی کەروون ئەو کۆچ تا سەر هەواران)

پـاش گریـان و بیـر و خەیـاڵ و حەسـانەوە، بڕیـام دا بـە ڕێ کـەوم و خـۆم بگیەنمـە شـوێنێکی دڵنیـا بـە هـەر شـێوازێ بـوو، خـۆم بخەمـە باشـوور و ئازادیـی (کۆیـە)، بـە کیشـەکێش و گاگۆڵکـێ «کەنەسـوور و هەرگـون»م تێپەڕانـد گەیشـتمە «لامـەر» چڵـێ دارم هەڵگـرت بـۆ لەنگـەر و گۆچـان، لـە مێرگەکـەی «کانـی هەڵقـوون»ەوە شەلەشـەل کەوتمـە سـەر جـادە گازەکـە، لـە «دووکانیـان» کانـی و ئاوێـک بەڵـەد بـووم، لـە هاتوچـۆی هـەوار و سـەرباخ بـە مناڵـی زۆر چووبوومـە سـەری، چاوەکـەی لەنـاو شـیوە تـوودڕک و دارسـانێکی زۆریـش تاریـک بـوو، بـە چنگەماشـکێ خـۆم گیانـدە پلووسـکی ئاوەکـە، دەس و پلـم هاتـە خوریـان و کزانـەوە، مەگیـر دەسـتم هێنـاوە بـە گیـای (گەزنـە) دا، ئاوێکـی باشـم خـوارد و چەنـد شلێپێکیشـم دا بـە دەموچاومـا، بـەڵام گیـا گەزنەکـە لێـی شـێواندم، ئەمجـا هەڵزنیـم بـە قەدپاڵـی دووکانیانـدا و بـۆ نـاو باخـەکان «ککاڵیـاوا» ملـی ڕێگـەم گرتـە بـەر، لەبـەر ئـەوەی بـە مناڵـی تۆزێـک دەسـتی درزینـی بێسـان و میـوەم هەبـوو، بـاخ و خـاوەن باخەکانـم دەناسـین.

بـەس شـێڵانە (قەیسـی) گەیشـتبوو، بنێکـم دۆزییـەوە و شـێڵانەیەکی زۆرم خـوارد و سـەد بریـا نەمخواردبـا، سکێشـەکەی خراپتـر کـردم و ئێشـی پایشـم ئۆقـرەی لـێ بڕیبـووم، بـەڵام دڵـم خـۆش بـوو بـە دەربازبوونـی پێشـمەرگەکان و دڵێکیشـم لای مامـە و بێهـرووز و بـوو. بـەو ئێـش و ئـازارەوە سـۆزی (هـۆ کاکـی پێشـمەرگەم بـۆ هات)بـەس ئـەو بەیتـەم دووپـات دەکـردەوە:

ژینی کۆشک و تەلارت بن بەرد و سەر چیایە

ئەوەی ناوی سامانە، شک نابەیت لەو دونیایە

پاش ئەو ڕووداوانە بە هەر لەونێک بوو، بە یارمەتیی هەندێ هاوڕێی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بۆ چەند ڕۆژێک لە دەوروبەری یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆم حەشار دا، تاکوو هەل و دەرفەتێکم پەیدا کرد و بە جۆرێک خۆم گەیاندە باشوور و بنکەکانی حیزب لە کەمپی «ئازادی»ی کۆیە. لێرەدا لەبەر هەندێ هۆی ئەی ئەمنی و پاراستنی گیانی ئەو کەسانەی کە یارمەتییان داوم، هەندێ لە وردەکاری و چۆنیەتیی یارمەتیدان و هێنانی ناوی کەسەکان و کاتەکەی خۆم دەبوێرم، هەتا کاتی گونجاوی خۆی کە بێگومان بە وردی گشتی نووسراوە، بەڵام بە گونجاو نەزانراوە لەم هەلومەرجە و لەم کتێبەدا بڵاو بکرێنەوە.

## شەڕ و حەماسەی کۆساڵان

بەداخەوە لەو پێشمەرگانە کەسیان دەرباز نەبوون، یان نەماون هەتاکوو چۆنیەتی ئەو شەڕە بگێڕێتەوە، یان واقعیەت و زانیاریی تەواو و دڵنیا بکەوێتە بەردەست، بێجگە لە شەهید سەرکەوت و شەهید کاوەی جەوانمەرد؛ ئەویش بەو چەند ڕۆژەو بەو شێوازە کە گێڕامەوە و خستمە بەردەستی خوێنەران، زۆربەی ئەو شتانەی من و زۆر کەسیش دەیزانین، تەنها لێکدانەوە و زانیاری و هەواڵی دەماودەمە و هەر کەس و کەسانێک بیستوومانە، لەوانەیە ڕاست و درووستەکەیشی هەبێت و لای کەسان و تایبەت و ئۆرگانی پەیوەندیدار مابێتەوە، وەکوو خۆم ئاگاداری ئەوە نیم.

وەک بیستبێتم ئێوارەی پێش شەڕی کۆساڵان ئەو تیمە لە چەند شۆن و جێگای دوای یەک خۆیان دەردەخەن و پێیان دەزانن و درێژە بە ڕێگاکەیان دەدەن.

## شەڕەکە:

ئاوایی «ڕەزاو» جێ دێڵێت، ڕوو لە ئاوایی «دووڕوو» بە بناری کۆساڵاندا، بەرانبەر شاری «سەوڵاوا» لە لێواری چۆمی «شامیان» تا ڕادەیەک قەراخ جادەی ئەسڵیی سنە مەریوان، بە دار و دەوەن و کوچک و تل و بەرد و پووش و پڵاشێکی زۆر داپۆشراوە، ڕێبوار دەبێت بە تووڵەڕێگا و بەین بەرد و نێوان هەژگ و بەڕوودا تێپەڕێت، یان بە ناو مەزرا و باخ و تووەکان «لالە حەمە»دا تێپەڕێت. لە نێوان «ڕەزاو» و «دووڕۆ» بە دەستی سەوڵاوا لە پای کۆساڵان و لە نێوان چۆمی «شامیان» و جادەی سنە مەریوان باخێکی گەورەی میوە و چەند بینایەکی «شێخ عوسمانی سەراجەدین»ی لێیە، لەگەڵ کانیی «قووڵ» و مەزاری شاعێری ناوداری کورد «بێسارانی»، هێندێک لە خوارتر، بنە جۆگەی باخەکەی شێخ عوسمان کە لە چۆمی شامیان هەڵبەستراوە و لە ئاستی مەزارگەی بێسارانی، چیاکە تیرەشانێکی سەخت و بەرزی تێدەکەوێت و لە لێواری چۆمەکە دەست پێدەکات و سەری دەگاتە تۆزێ خوارتر لە لووتکە و کۆتایی بەرزی کۆساڵان کە مرۆڤ ناتوانێ پێدا سەر بکەوێت، ڕێگایەکی قەدیمی بەرلە جادە و ماشین نێوان ئەو دوو گوندە پێکەوە دەبەستێتەوە.

دوای تیرەشانەکە کانیی قووڵە، ناگەیتە «دووڕوو» ناو بەناو دەشت و ڕووتایی و کێڵگەیە تا ناو ئاواییەکانی «دووڕۆی خوار و ژوور». دووڕۆ بەرەو «تفڵی و بارامئاوا» و «دەربەند دزڵی» و «دەرەناخێ» چەند پرد و کەلەبەر و شوێنی هەستیاری تێدەکەوێت.

پێشمەرگەکان لە «ڕەزاو»ەوە بەرەو «دووڕۆ» بە مەبەستی پەڕینەوە لە پردەکەی دووڕۆ بۆ ئاوایی «تفڵی» و بەردێی «گورگەیی» و «ئەحمەوئاوا»، یان پردە گەورە ماشین ڕەوەکەی نێوان دووڕۆ لەگەڵ سەوڵاوا، دەکەونە بناری کۆساڵان ڕێگاکەدا دیارە مەودای نێوانیان باش پاراستووە، بەپێی شارەزایی و دەگاگاییبوونی شەهید ڕۆحەڵا، لەگەڵ شۆڕش و شەخەوان یەکەم

کەسەکان و لە پێشەوە بوون و سەرکەوت و کاوە و مام ئەکبەریش بەپێی شۆنی شەڕکردنیان لە دوایین کەسەکان دەبن و ئەوانی تریش لەو نێوانەدا.

تەقە کە دەست پێدەکات، بەداخەوە شۆڕش وەک یەکەم کەسی تیمەکە شەهید دەبێ و پاشان شاخەوان بریندار و پاش ماوەیەک شەهید دەبێت، من وای بۆ دەچم لەو یەکەم دەستپێژەدا ڕۆحەڵاش بەر دەکەوێت، چونکە ئەگەر ڕۆحەڵا ساخ، یان لەسەرەخۆ بوایە، نەیدەهێشت ئەو پێشمەرگانە بە شۆنەدا سەرکەون، بۆ ناو خڕ و بەرد و هێندێک ڕووتایی بۆ بن تیرەشان و سەر لووتکەکە، لەو کات و ساتەدا بەرانبەر بەو چەکانەی دوژمن ئەو شۆنە وەکوو سیبل وایە. کەوابوو ئەگەری برینداربوونی ڕۆحەڵا لەگەڵ شۆڕش و شاخەوان بە دوور نازانم، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێک بکەم:

لەو کاتانەدا چەند هەواڵ و زانیاریم سەبارەت بە ژمارە و شۆنی جەنازەکان دەستم کەوەت، چونکە سەداسەد دڵنیا نیم، لەبەر ئەوەی ڕێژیم نەیکات بە سووژە بۆ بە درۆخستنەوە و نەیکاتە سەرەداو و نەبێتە هۆی کێشەی ئەمنی بۆ کەس، لە نووسینیان خۆ دەبوێرم. سەرکەوت و کاوە و مام ئەکبەر، پێم وایە دوایین کەسەکانن و نەگەیشتوون بە تیرە شانەکە، یان لێی بوون، واتە کێشەی گەڕانەوە بۆ لای ڕەزاو، یان پاشەکشەیان ئەستەم نەبووە و بەهۆی نزیکبوونیان لە دوژمن و لە تیرڕەس بوونیان، دڵنیام شەڕەکەش هەر ئەوان کردبێتیان، بەڵام بەهۆی زۆریی ئاوی چۆم و پێشتر خۆ ئامادەکردنی دوژمن لەمبەرەوە، بەتایبەت لەسەر تەپۆڵکە (ملەی شێخ)ی ناوەڕاست پێچی چۆمەکە لە پاڵ مەزارگەی «بێسارانی» و زاڵبوونیان بەسەر ڕێگای گەڕانەوەی پێشمەرگەکان، واتە شەهیدان (مەهدی تەوریوەری، بارزان حوسێنی بەلەبزانی پاوە، ئەفشار سوورەبوومەیی (تەوریوەری))، ساحێب حوسینی (هەڵوان)ی سنە، هیوا قوربانی کامێران، ڕۆحەڵا حەیدەری (دەگاگا) بە برینداری، دەرفەتی هێرش و پێشڕەویی ئەو چەند پێشمەرگەیە بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمن ئەستەم دەبێت، بەڵام سەرکەوت و مام ئەکبەر و کاوە بێکار ناسرەون و چەند زەربەی گورچکبڕیان

لــە دوژمــن وەشــاندووە.

زۆریــی ئــاوی چۆمەکــەش گومانێــک دروســت دەکات بــۆ نادیاریــی وێنــەی چەنــد کــەس لــە پێشــمەرگەکان. (ســەرکەوت و کاوە و مــام ئەکبــەری) لــەلای مەزارگــەی «بێســارانی»یەوە چەنــد پاشەکشــەیان بــە دوژمــن کــردووە و شــەڕێکی قارەمانانەیــان کــردووە و هەوڵــی زۆریــان داوە بــۆ ڕەخســاندنی ڕێگای دەربازبوونــی هاوڕێکانیــان و نەیانویســتووە دەســت لــەو شــۆنە بەربــدەن و زانیوایانــە تاکــە ڕێگــە ئەوەیــە بــۆ گەڕانــەوە و پاشەکشــەی هاوڕێکانیــان.

زۆربــەی کوژراوەکانــی دوژمــن دەگەڕێتــەوە بــۆ پســپۆڕی و شــارزایی شــەهید ســەرکەوت لە قەناســەکەی دەســتی، بە ڕاســتی مام ئەکبەر و کاوە و ســەرکەوت شــەڕێکی بێوێنەیــان کــردووە، ســەرکەوتنێکی پــڕ لــە شــانازییان بــۆ هێــزی پارێــزەری کوردســتان تۆمــار کــردووە.

لــەو کاتــەدا هەواڵــی ئــەوە بــڵاو بــووەوە کــە چەنــد کەلاکــی دوژمــن لای پێشــمەرگەکانە و مەجالــی بردنەوەیــان بــە دوژمــن نادرێــت، لەلایــەن ســەرکەوت و کاوەوە، بۆیــە داگیرکــەر بــە زۆرەملــێ خەڵکــی ئاوایــی ڕەزاویــان نــاردووە بــۆ هێنانــەوەی کەلاکــەکان، منیــش ئــەم هەواڵــەم نــارد بــۆ کاک «ناســر مــورادی» و دواییــش پرســیارم لــە کاوە و ســەرکەوت کــرد وتیــان وا بــووە، (ئێمــەش لەبــەر جەنازەکــەی مــام ئەکبــەر هێندێــک نەرمیمــان نوانــدووە)، بەرلــە ناردنــی تــکاکار لەلایــەن ســپاوە بــۆ لای ئێمــە.

## پێشمەرگەکان:

دەگێڕنــەوە «موســلێم بێســارانی»ی (جــاش) لەخۆبایــی دەبێــت و لەگــەڵ هێزێکــی کۆمانــدۆ هێرشــێک دەبــەن بــۆ ســەر پێشــمەرگەکان، بــەڵام تاقیــان نەگەڕاونەتــەوە، نیوچــاوان هەموویــان بــەر گوللــەی قەناســەکەی ســەرکەوتی قارەمــان و بــەورە دەکــەون، جەنازەکــەی شــەهید مــام ئەکبــە هەندێــک کاری

سەرکەوت و کاوە قورس دەکات، دوای ناشتنی تەرمی شەهید مام ئەکبەر، دووبارە بەرەو ڕەزاو پاشەکشە دەکەن، بەداخەوە ئەو پێشمەرگانەی ناوەڕاستی تیم بەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسم کردن پێیان نەکراوە دەستیان بگاتەوە بە سەرکەوت و کاوە، بەپێی دەرکەوتنی شاخ و جادە و شۆنەکانی دەوروبەری کۆسالان کە لە وێنەی تەرمی شەهیدان «ڕۆحەڵا و شەهید ساحێب»دا دیارە، زۆر بە شاخەکەدا سەر کەوتوون، دوژمن کە زانیویە لە بۆردی هێندێک چەکدا نەماون، لەگەڵ درێژەی تۆپباران، هەلیکۆپتریان هەڵساندووە، بەپێی بەستنی برینی پێشمەرگە وا دیارە چەند کەسیان پێکەوە زۆر سەر کەوتوون و وەک لە وێنەکاندا دیارە شۆنی گوللەی چەکی قورس بە بەردی دەوروبەر جەنازەکانەوە دیارە و بەر تەقەی هەلیکۆپترەکە کەوتوون.

لەو ڕۆژانەدا دەنگۆێ ئەوە هەبوو گوایە «پژاک» ڕۆیشتووە بە هانایانەوە، بەم بۆنەوە پێویستە پەنجە بخەمە سەر خاڵێکیتری ئەو شەڕە. وەک دەڵێن، ئەو ڕۆژە بەرلە شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگانەی وا بۆ لای سەرەوەی کۆسالان هەڵکشاون، هەلیکۆپترێک بۆ ماوەیەکی کەم لە «دەشتە پووشینێ» و «بووک» (بووک کانیاوێکە لە کۆسالان) دەنیشێتەوە، نازانرێت هێزی دابەزاندووە، یان هەڵ گرتووە، بەڵام من وای بۆ دەچم ئەگەر لە دابەزاندنی هێز پاشگەز بووبێتنەوە، یان هێزیان لەوێ سوار کردبێ و دووری خستبێتەوە. بە هەماهەنگیی دوو لایەن (پژاک و ڕێژیم) خۆیان لە پێکدادان پاراستبێت، ئەو خاڵە گومان لە هەبوونی پژاک لەو ناوە دروست دەکات و بێجگە لەو خاڵە یارمەتیی پژاک و ئەو قسانە دەڕواتە خانەی چەواشەکارییەوە، چونکە دڵنیام هەر ئەو ڕۆژانە چەند گریلای پژاک لە پاڵ ئاوایی «ئەسپەرێز» بوون و بنەو بارەگا و تەنانەت موتور بەرقیشیان هەبووە و هەموو پێداویستی و کەلوپەلیشیان بە بەرچاو سپاوە بە ئاشکرا بە ماشینی (ف.. ق) بۆ دەچوو؛ لە گەڕانەوەدا (ف. ق) لای دەدایە لای «ئەمین ئەسپەرێزی» لە پایەگاکەی «ڕوار» و ڕابتی

نێوانیـان بـوو.

سـەرکەوت و کاوە پـاش شـەهیدبوونی مـام ئەکبـەر لەوبـەری ئەوانـەوە دیسـان لەژێـر ڕەهێڵـەی تۆپبـاران و نـاو دووکـەڵ و گـڕی دارسـتانەکە شـەڕێکیان کـردووە و لەوانەیـە بـەس لـە فیلـم و ئەفسـانەکاندا شـەڕی ئـاوا بنینرابێـت یـان بیسـرابێت. ئەوانیـش پـاش دوو ڕۆژ شـەڕ لەبـەر کەمبوونـەوەی تەقەمەنـی و بێهیوابـوون لـە گەڕانـەوەی هاوڕێکانیـان، پاشەکشـەیان کردبێـت، بـەڵام تەقـە و تۆپبـاران بـەردەوام بـووە تـا ئێـوارەی ڕۆژی ٨ی پووشـپەڕ.

ڕۆژی ٩ی پووشـپەڕ دەنگی تەقە و تۆپخانە دەنیشـێتەوە، شـەوی ٩ لەسـەر ١٠ی پووشپەڕ، چەنـد تیمێکـی تەشـکیلات خۆیـان دەگەیەننـە شـۆنی شـەڕەکە تـا نـاو ئاوایـی ڕەزاو، تیمێکیـان دەکەونـە بەرچـاوی جـاش و داگیرکـەران و بـە زەحمـەت ڕزگاریـان دەبێـت، بـەڵام ئـەو شـەوە بـۆ هیچـکام لـە تیمـەکان نەدۆزرانـەوە، ڕۆژی ١٠ی پووشـپەڕ کـە تۆپخانـە دیسـان کەوتـەوە کار و لای کاتژمێـر ٣ تـا ٤ ی لای ئێـوارە چەنـد تـۆپ و کاتۆشـایەکیان دا لـە پشـت «کەڵیمـل» بەرانبـەر ئاوایـی «کـەڕاوا» و ئاگـر بـەر بـووە ئـەو شـۆنانەش وا نەسـووتابوون، ئـەو ئێوارەیـە و شـەوەی کـە ئێمـە بـە شـوێن ئـەو کەسـانەدا دەگەڕایـن کـە سـەرەتا نەیشـمان دەزانـی چەنـد کەسـن، هێشـتا دارسـتان و پووشـی پشـت کەڵیمـل و «بەردەشـتە پووشـینێ» گـڕی ئاگرەکـەی بـەرز بـوو.

***

### سەرکەوت و کاوە:

هـەروەک پێشـتر بـە وردی باسـم کـرد، ئـەو شـەوە بەهـۆی دەرچوونـی لاقـی منـەوە بەداخـەوە لـە یـەک دابڕایـن، وا دیـارە لـەو نـاوە نازانـم کام گونـد و مـاڵ ئیسـراحەت دەکـەن و پـاش دوو شـەو و ڕۆژ ئایـا بـە بڕیـاری خۆیـان، یـان بـە ڕێنوێنیـی کەسـیتر بووبێـت، لەبـری ئـەوەی داکێشـن و دابـەزن بـۆ نـاو ئـەو هەمـوو کـون و قوژبـن و حەشـارگە و شـۆنە دوورە دەسـتەی «کۆڵێـژ و دەل

و دەڵەمەرز و جۆلاندێ و دێوەزناو» تا پای شاهۆ بە هەڵە سەر دەکەون بۆ «کەل هەمرۆ»، مل دەنێن بۆ «هۆزەلی» و «چەم خەسرەو» و ئەو ناوەش بەردەوام شۆنی حەسانەوەی پێشمەرگەی دێمۆکرات بووە و ڕێژیمیش ساڵانێکە لەوە ئاگادارە کە لە «دەرە زەنجیر»ەوە تا دەگاتە ئاواییەکانی «گواز و سەرێز» و بەرەو قووڵایی ژاوەرۆ، هەموو سەر بە دێمۆکراتن، کە وابوو دوژمن دەبێت هەم چاوەدێری و هەم کاری زۆری کردبێت بۆ ڕۆژێکی لەو شێوە. سەرکەوت و کاوەش ڕاست دەچن بۆ «هۆزەلی»، هۆزەلیش لای ڕێژیمەوە وەک مەقەڕی حیزب چاوی لێ دەکرێت و ئەویش ڕاست ئەو کەوێڵ و (کۆڵیت)تانەیە کە وا بۆی چووبوون.

### تەلەفوون:

لێرەدا دێمە سەر خاڵێک سەبارەت بە تەلەفوون و ئامێر و پەیوەندییەکانیان کە بەداخەوە سەرەکیترین کێشە و هۆکاری ئەو کارەساتە بوون وا ڕووی دا.

بەپێی ناوبەناو برانی تۆپباران لە ڕۆژی ٩ و ١٠ی پووشپەڕدا و کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر و دانانی چەند خاڵی پشکنین لە پردەکەی «ڕەزاو»ەوە تا «تفێن و پاڵنگان» لە دیوی هەورامانی «کەل هەمرۆ» و «کاڵیسەر» بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەو ناوە، دیسان جێگۆڕکێی ئەو هێزە بۆ دیوی «ژاوەرۆ»ی «کەل هەمرۆ و کاڵیسەر» بە چەند هەواڵ و دەنگۆیەکدا دەردەکەوێت دوژمن لێبڕاوانە بە ئامێری زیرەک چاوەدێریی تەلەفوونەکەی کردووە و چاوەڕێی دەرکەوتنیانە ئەو شەوەی ئێمەش لە «دەگاگا» لەژێر چاوەدێریدا بووین، بۆیە لەگەڵ سواربوون و گواستنەوەیان بەو شێوە لەناکاو دار و بەرد بوو بە کەمین و چەکدار، بەڵام نەیانویستووە ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دەرگیر بن و بە وردی شۆن تەلەفوونەکە کەوتوون و زیاتر بەتەمای بە دیلگرتنیان بوون.

بە گێڕانەوەی جاشێک ڕۆژێک کە بۆ کەسێکی دیکەی گێڕابووەوە، لەو

سێ ڕۆژانەی پێشمەرگەکان لە «هۆزەلی» و ئەو ناوە بوون، لە نزیک ئاوایی «چەشمیەر» کارناسێکی پاسدارەکان دەڵێت دوێنێ شەو لە ٥٠٠ میتریی ئەم شۆنەوەوە لە نێوان سەعات ١٠ بۆ ١١ ئەو تەلەفۆنەوە پەیوەندیی پێوە کراوە و لە کاردا بووە. لە کۆتاییدا بۆ ماوە ٣ ڕۆژ، واتە ڕۆژەکانی ١٣ و ١٤ و ١٥ی پووشپەڕ، پێشمەرگەکان پەیوەندیی لەڕادەبەدەریان و دیاریکردنی شۆن تەلەفوونەکەیان بۆ دوژمن کارێکی دژوار نابێت.

سەرەتا بەرگری لە چوون و مانەوەی خەڵک لەسەر باخ و مەزراکانیان، پاش دیاریکردنی جێگای مەبەست و ناردنی سیخوڕ بۆ نزیکیان و گەمارۆدانیان لەگەڵ جێگیرکردنی تۆپهاوێژ و دۆشکا لە بەرانبەریان لەسەر جادەی نێوان ئاواییەکانی «چەشمیەر و بۆڕیەر»، ڕێژیم بە شێوەی کەشماڵ (کێوماڵ) هێز لە چوار دەوریانەوە دەجووڵێنێت و گەمارۆکە تەنگتر دەبێتەوە.

لە کاتژمێری دەی بەیانی ڕۆژی ١٥ پووشپەڕی ١٣٩٥ لە نێوان کەوێڵەکان «مام ئەمین نادری» و کاک «ئەحمەد سلێمانی» بۆ ماوەی ٤٠ بۆ ٤٥ خولەک تەقە لە دوو لایەن دەست پێدەکات. چڵکاوخۆران و داگیرکەران بە پشتیوانیی تۆپ و کاتیۆشا و دۆشکا نزیک دەبنەوە، ئەوانیش باوەڕێکی پۆڵایین و چەکێکی سووک و تەقەمەنیی کەم، **پاش دوایین فیشەک لەناکاو لەناو هەژگ و دارستانەکەوە گڕێکی گەورە بەرز دەبێتەوە و بە نارنجۆکی خۆیان سەنگەری سەربەرزی بە خوێنی ئاڵی خۆیان دەنەخشێنن و قارەمانانە بەڵێنیی خۆیان لەگەڵ گەلەکەیان و شەهیدان دەبەنە سەر و لەبری چۆکلەرزین و خۆ بەدەستەوەدان و بە دیلگیرانیان، بێ دوودڵی ڕێگای پڕ لە شانازی و سەروەریی شەهیدان هەڵدەبژێرن و تێکەڵ بە کاروانی پڕ لە سەروەریی شەهیدان دەبن و ڕێگاکەیان بە ئێمەی ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە دەسپێرن.**

**دوا سەنگەری کاکۆ و مامۆستا سەرکەوت**

# بەشی چوارەم:

# بەشێك لە نووسینەكانی شەهید كاوە

## تەوەری یەکەم: کوردی

# ئیعدامە سیاسییەکان لە کوردستان

ن: کاوە جەوانمەرد

و: شەریف فەلاح

یەکێک لە ئاساییترین شێواز و ڕێکارێک کە کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی دژبەر و بیرمەندان بەردەوام لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرتووە، ڕەچاوکردنی سزای ئیعدامە لە هەمبەر زیندانیانی عەقیدەتی و سیاسیدا. لەم نێوەدا نەتەوەی کورد یەکێک لەبەرچاوترین قوربانییەکانی ئەم سیاسەتەیە کەلە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ەوە هەتا ئێستا بەردەوام و بە شێوەی سیستماتیک تەنگی پێ هەڵچنراوە. ئیعدام لە شێواز و شکڵی جۆراوجۆردا یەکێک لە نموونە باو و ئاساییەکانە لە یاسای سزای ئیسلامیی ڕێژیمی تاراندا کە بە راشکاوانە وەکوو یەکێک لە سزاکانی پێشگیری لە چالاکی و ڕەوا لە قەڵەم دەدرێت.

چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نموونەی ئەو کەسانەن کە سزای ئیعدام وەکوو ئامانجێکی سیاسی لەسەریان جێبەجێ دەکرێت. بە چاوخشاندنێکی گشتی بەسەر یەک دەیەی رابردوو، بە تەواوەتی روون و ئاشکرایە کە کردەییکردنی حوکمی ئیعدامی زیندانی سیاسیی کورد، جیا لە مەبەستی سیاسی هیچ مەبەستێکی دیکەی بەدواوە نەبووە. ئەو حوکمانەی کەلە دادگا نهێنی و شاراوەکان و بەدوور لە بیروڕای گشتی دەردەکرێن، جێبەجێکردنیشیان لەوپەڕی بێدەنگیدا ئەنجام دەدرێت. بە

بەراوردێکــی دۆسـیە قەزایــی و ئاڵــۆزەکان و پشـێوییەکانی پــاش پرۆســەی بەنــاو هەڵبژاردنــی ســاڵی ٨٨ لەگــەڵ دۆســیە دەســکردەکانی چالاکانــی سیاســیی کــورد و ڕەوت و پرۆســەی تاوتوێکردنیــان لــە دادگاکانــی ڕژێــم، بۆمــان دەردەکــەوێ کــە بــە چ لەونــێ نەتــەوەی کــورد ئێســتاش وەک ڕابــردوو چەشــنی ئامرازێــک بــۆ کۆنترۆڵــی دۆخــی قەیراناویــی وڵات بــەکار دەهێنرێــت. بینیمــان بــە چ شـێوەیەک ئــەو کەسانەی بــە تۆمەتــی سـیخوڕی و هەوڵــدان بــۆ تێکدانــی ئاســایش و تەناهیــی نەتەوەیــی، کێشــرانە دادگا ئاشــکراکان و یــەک لــە دوای یــەک بــە زینــدان مەحکــوو یــان لەســێدارە دران، بــەڵام دەبینیــن کــە چالاکانــی سیاســی و مەدەنیــی کــورد وەک هەمیشــە بــە تۆمەتگەلــی نــاڕوون و بەبــێ ســەلماندنیان و لــە دادگاییەکــی دەســەڵاتداردا ئەبرێنــە پــای ســێدارەوە. لــەم نێــوەدا زۆرن ئــەو کەســانەی کــە غەیــرە کــورد بــوون و لــە زیندانەکانــی ڕژێمــدا تەنیــا بــە تاوانــی ئامرازبــوون، یــان جیاوازیــی بیــروڕا لــە ســێدارە دراون، بــەڵام بــە بــەراورد لەگــەڵ زیندانیانــی سیاســیی کــورد لــە ناوچەکانــی دیکــە لــە بــواری ڕێــژە، هەروەهــا چۆنیەتیــی هەڵســوکەوتەوە لــە ئاســتێکی زۆر نزمــدان. ئیعدامــی زیندانیانــی عەقیدەتیــی کــورد لــە زیندانەکانــی ئێــران، بــەردەوام ئیعتــرازی ڕێکخراوەکانــی مافــی مرۆڤــی نێودەوڵەتیــی بــەدواوە بــووە، هەرچەنــد کــە ئــەم ناڕەزایەتــی و ئیعترازانــە لــە ئاســتی لــێ ئەســتاندنی گیانــی مــرۆڤ وەکــوو بوونەوەرێکــدا نەبــوون. لەلایەکــی دیکەشــەوە خەڵکــی کوردســتانی ئێــران و بەگشــتی نەتــەوەی کــورد هەرچەنــد جــارێ لــە هەمبــەر لەســێدارەدانی ڕۆڵەکانــی کــورد دژکــردەوەی ئیعترازییــان لــە فۆرمــی مەدەنیــدا لەخۆیــان نیشــان داوە. ئــەم بــەراورد و هەڵســەنگاندنە مەدەنییانــەش لــە ڕوانگــەی بەرپرســان و لێپرســراوانی ڕژێمــەوە ڕۆیشــتۆتە خانــەی کــردەی تاوانــە ئەمنییەتیەکانــەوە کەلــە جــۆری خۆیــدا مەترســی و بەرەنجامــی فراوانــی بــۆ هاووڵاتیانــی کــورد بــەدواوە بــووە.

لــە مــاوەی چەنــد ڕابــردوودا، ڕاگەیاندنــی ڕێکەوتــی بەڕێوەچوونــی حوکمــی زیندانیــی سیاســی و و خوێنــدکاری کــورد حەبیبوڵــڵا لەتیفــی،

کەوتــە بــەر ســەرنجی بیــرورای گشــتی. مەســەلەی جێبەجێکردنــی حوکمــی ئیعدامــی حەبیبولّــلا لەتیفــی ڕۆژانــی تالّــی ئیعدامــی بەکۆمەڵــی (فــەرزاد کەمانگــەر، فەرهــاد وەکیڵــی، نەســرین عەلەمهوویــی و عەلــی حەیدەریــان) ی لــە بیرەوەریــی خەڵکــی کوردســتاندا جارێکیتــر زینــدوو کــردەوە کــە زام و دەردەکانــی وەبیرهێنــەرەوەی ئیعدامــی خامۆشــی «کەیۆمــەرس و نــادر محەمــەدی« و ئیعدامــی غەریبانــەی «ئێحســان فەتاحیــان» بــە هیــچ مەرهەمێــک دەرمــان نەدەکــران. ڕژێمــی کۆمــاری ئیســلامی بــەردەوام بــەدوای ســڕینەوە و وەلانانــی کــورد وەکــوو نەتەوەیــەک بــووە، لــە مــاوەی دەســەڵاتی ســەرەڕۆی چەندیــن ساڵەی خــۆی لــە کوردســتان، لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــووە کــە بــە هــەر شــێواز و فۆرمێــک دەســت بداتــە ســرکوت و بێدەنگکردنــی دژبــەر و نەیــاران. لــەم راســتایەدا و بــۆ تێکــدان و شــێواندنی داخوازییــە رەواکانــی نەتــەوەی کــورد، ڕژێمــی تــاران و دامــودەزگا پێوەندیدارەکانی لــە هیــچ شــێواز و ڕێکارێکــی نــاڕەوا نەپرینگاونەتــەوە، بــەڵام خاڵــی گرینــگ و جێــگای ســەرنج لێــرە دایــە، کــە ڕژێمــی تــاران نەتەنیــا بەتەمــای بــێ کاریگەرکردنــی نەتــەوەی کــورد لــە گشــت قۆنــاغ و بوارەکانــدا بــووە، بەڵکــوو هەمیشــە نەتــەوەی کــوردی وەکــوو قوربانــی و ئامانجێــک بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجەکانــی کەڵکــی وەرگرتــووە. بــە لەبەرچاوگرتنــی دۆخــی قۆناغــە جیــاوازەکان، لــە مــاوەی رابــردوودا بینیومانــە کــە ڕژێمــی تــاران لــە کاتــی ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ قەیرانــە سیاســی و ئابوورییــەکان لــە ناوخــۆ و دەرەوە، هەروەهــا لــە کاتــی قووڵبوونــەوەی ئیعتــراز و ناڕەزایەتییــە ناوخۆییــەکان، دەســتی داوەتــەوە ئیعدامی زیندانیانــی سیاســیی کــورد. ئەمجــۆرە کردەوانــە نیشــانەی ئەوەیــە نەتــەوەی کــورد لــە ڕوانگــەی دەســەڵاتدارانی کۆمــاری ئیســلامییەوە وەکــوو ئامرازێــک لێــی دەڕوانــرێ، هەروەهــا بــە روونــی گومــان و دوڕدونگیــی ئامانجداربوونــی ئیعدامــە سیاســییەکانی چالاکانــی کــورد دەســڕێتەوە و دەیســەڵمێنێ کــە ئەمــە راســتییەکی حاشــاهەڵنەگرە. بەرچاوتریــن نموونــەی ئیعدامــە سیاســییەکان لــەم بــارەوە، بەڕێوەبردنــی حوکمــی ئێحســان فەتاحیــان زیندانیــی سیاســیی کــورد بــوو کــە لەڕاســتای ســەقامگیریی ئارامــش و هێمنیــی لــە سەرانســەری وڵات و

بەتایبـەت وەک هۆشـدارییەک بـە ناوەندنشـینانی نـاڕازی بەڕێـوە چـوو و بـەم چەشـنە ئێحسـان فەتاحیـان بـە شـێوەیەکی تـەواو نایاسـایی لەسـێدارە درا. کەموکوڕییـە حقووقییـەکان لـە پەروەنـدەی ئێحسـان فەتاحیـان بریتـی بـوون لـە: نایاسـاییبوونی حوکمـی سـێداری، هەروەهـا مەبەسـتدار و سیاسـیبوونی ئـەو حوکمـە. ئێحسـان فەتاحیـان لـە دادگای سـەرەتایی، یـان هەمـان دادگای بەنـاو شۆڕشـی سنە، سـەرەتا دە سـاڵ زیندانـی بەسـەردا سـەپا، پاشـان ئـەم حوکمـە لـە دادگای پێداچوونـەوەی پارێـزگا و بـە ئیعتـرازی دادسـتانی کامیـاران وەکـوو نوێنـەری «مدعـی العمـوم» حوکمەکـەی لـە دە سـاڵەوە گـۆڕا و بـوو بـە ئیعـدام و ئـەو حوکمـە لـە ناداپەروەرانەتریـن حاڵەتـدا بەڕێـوە چـوو. ئـەو حوکمـە لـە حاڵێکـدا بەڕێـوە چـوو کـە بەپێـی یاسـا، حوکـم کاتێـک لـە دادگای پێداچوونـەوە زیـاد دەکرێ کـە حوکمـی دادگای سـەرەتایی لـە ئاسـتی ئـەو سـزا لەبەرچـاو گیـراوەی کـە لەلایـەن دادسـتانی وەختـەوە دیـاری کـراوە، کەمتـر بێـت، کـە لەمـەڕ پەروەنـدەی ئێحسـان فەتاحیـلان ئـەو مەسـەلەیە وەڕاسـت نەگـەڕا و بـە جێبەجێکردنـی ئـەو حوکمـە یەکێکیتـر لـە ئیعدامـە سیاسـییە غەیـرە حقووقـی و یاساییەکان لەلایـەن دەزگای قەزایـی و و ئیـدارەی ئیتلاعاتـی ڕێژیمـەوە لـە کوردسـتان لـە کارنامـەی ڕێژیمـدا تۆمـار کـرا.

نموونـەی دیکـەی ئیعدامـی نائاسـایی و نایاسـایی زیندانیانـی سیاسـیی کـورد لەلایـەن ڕێژیمـەوە، دەکـرێ ئامـاژە بـە ئیعدامـی بێدەنـگ و نهێنیانـەی کەیۆمـەرس و نـادر محەمـەدی لـە شـاری سـنە بکەیـن.

نـادر و کەیۆمـەرس محەمـەدی دوو کـەس لـە قوربانیانـی سـایەتی سـەکوتکەرانەی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـوون کـە بـە شـێوەیەکی تـەواو نامرۆڤانـە و لـە بێدەنگیدا لەسێدارە دران. ئـەم دوو چالاکە سیاسـییەی کـورد کەلـە ئەنجامـی پرۆسـەیەکی پەروەندەسـازی و لەلایـەن دەزگای ئیتلاعاتـی ڕێژیمـەوە دەستبەسـەر کرابـوون، بەبـێ مافـی دیفـاع و بەرگریکـردن لـە خۆیـان لـە نادادپەراوەنەتریـن دادگای ڕێژیمـدا حوکمـی ئیعدامیـان بەسـەردا سـەپا، بـەڵام ئەمجارەیـان جیـاواز لـە نموونەکانـی هاوشـێوە، کەیۆمـەرس

و نـادر محەمـەدی مـاوەی دە مانگـی دەورانـی زیندانییەکەیـان تەنیـا چەنـد ڕۆژ لـە زیندانـی گشـتیدا بـوون و زۆربـەی ئـەو حوکمەیـان لـە گرتنگـە و ژوورە تاکەکەسـییەکانی ڕێژیـم و لـە ئیـدارەی ئیتلاعاتـدا دەستبەسـەر کرابـوون. ڕەوتـی لێکدانـەوە و تاوتوێـی پەرەنـدەی ئـەم دوو لاوە کـوردە بـە شـێوەیەکی تـەواو سەرسـووڕهێنەر و غەیـرە ئەخلاقـی و لـە ماوەیەکـی کورتـدا جێبەجـێ کـرا و بەبـێ ئـەوەی کـە هیـچ وەڵامێکـی بەڵگەمەنـد و عەقڵانـی بـە پارێـزەر، یـان بنەماڵەکەیـان بدرێتـەوە، بـە شـێوەی نهێنـی و بەبـێ ئاگاداریـی هەمـوو لایـەک لەسـێدارە دران و بەرەنجامـی هەمـوو هەوڵـەکان پیشـاندانی دوو کڵگـۆی ئـەو دوو لاوە کـوردە بـوو کـە بـە بنەماڵەکانیـان نیشـان درا. ئەوپـەڕی نادادپـەروەری و نایەکسـانیی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە بێبەشـکردنی چاوپێکەوتنـی ئـەو دوو چالاکـەی کـورد بـوو لەدایکیـان و لـەوەش هەژێنەرتـر فرمێسـکەکانی کـوڕە دوو سـاڵانەکەی کەیۆمـەرس محەمـەدی بـوو کـە دەربـڕی ئەوپـەڕی کـردەوەی نامرۆڤانـەی بەرپرسـانی ڕێژیمـە لـە کوردسـتان. دوای جێبەجێکردنـی حوکمـی ئیعدامـی نـادر و کەیۆمـەرس محەمـەدی، بنەماڵەکانیـان تەنانـەت ئیزنـی بەڕێوەبردنـی ڕێوڕەسـمی سەرەخۆشـی بـۆ ڕۆڵـە لەدەسـتچووەکانیان نەبـوو و بـەم چەشـنە یەکێکیتـر لـە خامـۆش و بیدەنگترین نموونـەی ئیعدامـی لاوانـەی کـورد لـە مێـژووی پـڕ لـە هـەوراز و نشـێوی نەتـەوەی کورددا تۆمـار کـرا. ئێسـتا تەنیـا ڕێگایـەک کـە بـۆ نەتـەوەی کـورد ماوەتـەوە پیشـاندانی تووڕەیـی و بێزاریـی خۆیەتـی لـە ڕێژیـم لـە شـێوازی مەدەنیـدا کـە ئەویـش بـە نـۆرەی خـۆی بەرەنجامـی ئەرێنـی بـۆ خەڵکـی کوردسـتانی بـەدواوە دەبێـت. مانگرتنـی سەرانسـەریی خەڵکـی کوردسـتان لـە ئیعتـراز بـە ئیعدامـی چـوار کـەس لـە چالاکانـی سیاسـی و فەرهەنگیـی کـورد یـەک لـەو ئیعتـرازە مەدەنییانـەی خەڵکـی کوردسـتان بـوو خـۆی نیشـانەی سـتەم و زاڵمیـی دەسـەڵاتی زاڵ و سـتەملێکراویی کـورد بـوو کـە نیشـانەیەکی بەرچـاوە لـە نایەکسـانیە لـە نێـوان زوڵـم و دادپەروەرییـە لـە هەمبـەر خەڵکـی کوردسـتاندا.

«فـەرزاد کەمانگـەر، فەرهـاد وەکێڵـی، شـیرین عەلەمهوویـی و عەلـی حەیدەریان»یـش بەبـێ ئاگاداریـی پارێـزەر، هەروەهـا بنەماڵەکانیـان ئیعـدام کـران. خـۆ بـواردن لـە ڕادەسـتکردنەوەی تەرمـی ئـەو چـوار چالاکـە کوردەش بـە بنەماڵەکانیـان، خـۆی دەبـڕی ئـەو نادادپـەروەری و کـردەوە نامرۆڤانەیـە کـە ئەوانیـش بـە شـێوەیەکی نایاسـایی و لەوپـەڕی نادادپەروەریـدا لەسـێدارە دران. ڕێژیـم بـە هـۆی تـرس لـە ئەگـەری هەڵگیرسـانی ئیعتـرازی گشـتگیری خەڵکـی لـە ڕادەسـتکردنەوەی تەرمـی ئـەو چـوار چالاکـەی کـورد خـۆی بـوارد، چونکـە خۆشـیان بـە باشـی ئـاگاداری ئـەوەن کـە خەڵـک هیچـکات بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە شایسـتەی مەرگـن ڕاناپـەڕن، کەوایـە ئـەو چـوار چالاکـەی کـورد بێتـاوان بـوون، بۆیـە ڕێژیـم لـە ئیعتـرازی خەڵـک، ترسـی لـێ نیشـتبوو.

ئێسـتاش سـەرەڕای ئـەو زەخـت و گوشـارانەی کـە ڕێژیـم بـە شـێوەی جۆراوجـۆر بەسـەر نەتـەوەی کـورددا دەیسـەپێنێ، دیسـانیش نەتـەوەی کـورد هـەر ڕۆژە چاوەڕێـی بیسـتنی هەواڵـی ئیعدامـی یەکێکیتـر لـە ڕۆڵەکانـی کوردسـتانە. هـەر جـارە و هـاوکات لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی بەڕێوەچوونـی حوکمـی ئیعدامـی یەکێـک لـە ڕۆڵەکانـی کـورد، هەمیسـان شـەپۆلێک لـە نائومێـدی و تـرس و دڵەڕاوکـێ سەرانسـەری کوردسـتان دادەگرێـت و ئـەوە بنەماڵـەی ڕۆڵـە بەندکراوەکانـن کـە تێپەڕینـی چرکـەکان بۆیـان دەبێتـە یەکسـاڵ و ئـەو چرکەسـاتانە بۆیـان ترسـێنەرتر لـە دێوەزمەیـە. لـە باکـوورەوە بـۆ بـۆ باشـوور و لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەتـا ڕۆژئـاوای کوردسـتان تەنیـا شـتێک کـە دێتـە بەرگـوێ کاتـی بەڕێوەچوونـی ئیعـدام و مەرگـی ڕۆڵەکانـی کوردسـتانە.

ڕۆژێـک زەینـەب جەلالیـان و دوای ئـەوەش شـێرکۆ مەعارفـی و لـەم لاشـەوە حەبیبوڵـڵا گوڵپەریپـوور و دەیـان هاوولاتیـی دیکـەی کـورد کەلـە ژووره تاریـک و پـڕ لـە سـتەمەکانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیدا، چاوەڕێـی بەرەنجامـی سیاسـەتە نگریسـەکانی ڕێژیـم و لـە هەمـان حاڵـدا چاوەڕێـی ژمارەدنـی چرکەکانـن هەتـا بـەرەو مـەرگ پەلکێشـیان بکـەن. مۆتەکـەی مـەرگ تەنیـا سـێبەرێکە کـە لـەم ڕۆژانـەدا لەلایـەن ڕێژیمـەوە باڵـی بەسـەر

نەتــەوەی كـورددا كێشـاوە. هــەر جـارە و پریشـكەی قیـن و نفـرەت و بێزاریـی دەســەڵاتدارانی ڕێژیــم بــەر یەكێـك ڕۆڵەكانــی نەتــەوەی كــورد دەكــەوێ و دیســان دڵــی یەكێــك لــە دایكانــی كوردســتانە كــە لەژێــر زەبــری كوتكێكـی ئاســنگەریدا لــەت و پــەت دەبێــت. بیســتنی وەهــا هەواڵگەلێــك و ڕووبــەڕوو بوونــەوە لەگــەڵ كــەش و دۆخــی پۆلیســیی كوردســتان چەشــنی پادگانێكـی تــەواو ســەربازی گۆڕانــی بەســەردا دێت، بـۆ خەڵكی كوردستان بۆتـە كارێكـی ئاســایی و ڕۆژانــە، بــەڵام ئــەو شـتەی كــە دڵــی نەتــەوەی كـورد لــەم جــۆرە حاڵەتانــە دەخاتــە لــەرزەوە، تەنیــا ڕێژنەبارانــی فرمێســكی دایكانــی چـاوەڕێ و دڵسـووتاوە كـە سـووتانی دڵـی لـە ئاسـن سـەختتر و لـە بـەرد پتەوتـر دێنێتـە جـۆش، بــەڵام ئەوانــەی كــە ئــەو فرمێسـكانە كاریگەرییــان لەســەر دانانێــت، ســەرانی ڕێژیمــی كۆمــاری ئیســلامین، چونكــە بەهــا مرۆییــەكان لــەلای ئــەوان هیــچ واتایەكیــان نییــە. دیكتاتــۆری و نەبوونــی مرۆڤایەتــی لــەلای ڕێژیمــی كۆمــاری ئیســلامییەوە كاتێــك دەردەكــەون كــە دەســت و پێوەندییەكانیــان تەنانــەت بــەو دایـك و باوكـە پیـرەی كـە هــاواری بێتاوانیـی ڕۆڵەكانیــان بــە گوێــی دنیــا دەگەیەنــن، ڕۆحــم ناكــەن. بنەماڵــەی حەبیبوڵــڵا لەتیفـی تەنیــا بــە تۆمەتــی هەوڵــدان بــۆ ڕزگاركردنــی گیانــی ڕۆڵەكەیــان دەبــێ لەژێــر چاوەدێریــی تەوندتریــن دۆخــی ئەمنیەتیــدا ڕەوانــەی گرتنەگەكانــی ئیتلاعــات بكرێــن. ئاخــۆ دایـكان و باوكانــی زیندانیانــی سیاســیی كــورد مافــی گریــان و هاواریــان بــۆ كاتــی گەیشــتنی مەرگــی ڕۆڵەكانیــان نییــە؟ كەوایــە لــە ڕوانگــەی دەســەڵاتی ســتەم و بێدادییــەوە مافــی نەتــەوەی كـورد چــۆن پێناســە كــراوە؟ ئــەوەی كــە بەتەواوەتــی ڕوون و ئاشــكرایە، ئەمەیــە كــە ڕێژیمــی تــاران نەتەنیــا مافــی ژیــان بــۆ كــورد بــە ڕەوا نازانــێ، بەڵكــوو مافــی ئاســایی و سروشــتیی مــردن، واتــە شــێواز و چۆنیەتیــی مردنیشــی لــێ زەوت كــردوون و ئــەوەش هــەر خــۆی دیاریــی دەكات.

ئێســتا جارێكیتــر یەكێــك لــە لاوانــی نەتــەوەی كــورد بێڕوحمانــە و لــە حاڵەتێكــی تــەواو نایەكســاندا لــە نێــوان پەتــی ســێدارە و ژیانــدا گیــری

کـردووە. حەبیبوڵـڵا لەتیفـی خوێنـدکاری سـنەیی کـە بـە پەروەندەسـازی و لەژێـر زەخـت و گوشـاری زۆری جەسـتەیی و ڕۆحـی لـە ئیـدارەی ئیتلاعـات بـە کۆمەڵێـک تاوانـی دەسـکرد مەحکـووم کـراوە، یەکێکیتـر لـەو قوربانیانەیـە کـە دەسـەڵات لەبەرچـاوی گرتـووە. کەسـێک کـە لـە بەرامبـەر قازیـدا حاشـای لـە بەشـێکی زۆر لـەو تاوانانـەی کـە دراونەتـە پاڵـی کـردووە. ئێسـتا نایاسـاییبوونی پەروەنـدی کـە حەبیبوڵـڵا لەتیفـی لەلایـەک و لەلایەکـی دیکەشـەوە ئیعدامـی مەبەسـتداری ناوبـراو لەلایـەن ڕێژیمـەوە جێـگای تێڕامـان و لـێ وردبوونەوەیـە. ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی وەکـوو پێشـوو بـە دوای ئامانجـە پێکناکـۆک و ناهاوسـەنگەکانی خۆیەوەیـە کەلـە پرۆسـەی سیاسـەتە نابەجـێ هەڵەکانیـدا گرتوویەتـە پێـش کـە یەکیـان خسـتنەڕێی تـرس و دڵەڕاوکێیـە لـە نێـوان خەڵـک و لـە کاتـی سـەرهەڵدانەوەی قەیرانـە سیاسـی و ئابوورییەکانیـدا. لـەم پێوەندییـەدا لـە کاتـی جێبەجێکردنـی گەڵاڵـەی پـڕ لـە مشـتومڕی یارانـەکان و کاتـی هاتنـە ئـارای گـرژی و ئاڵـۆزی لـە ناوچەیەکـی بێبـەری لـە ئیمکانـات وەکـوو کوردسـتان، بەهـۆی هـەژاری و بێدەرەتانیـی بەربـڵاو، بەسـتێن و زەمینـەی ئیعتـراز و ناڕەزایەتـی ئامـادە و سـەرهەڵدانی ناڕەزایەتـی بـەدوور لـە چاوەڕوانـی نییـە. لـەم ڕووەوە ڕێژیـم بـە خۆدزینـەوە لـە پێکهێنانـی کەشـێکی دادپـەروەری و یەکسـانی، بـە گرتنەبـەری ڕێـکاری نامرۆڤانـە لـە هەوڵـی دامرکاندنـەوەی ئـاوری ئەگـەری ناڕەزایەتییـەکان دایـە و شـێوازی نائاسـایی گرتۆتـە پێـش و ئـەوەش شـتێک نییـە جگەلـە قوربانـی و ئیعدامـی یەکێکیتـر لـە زیندانیانـی سیاسـی لـە کوردسـتان. هەتـا بـەم چەشـنە و بـە خەیاڵـی خـۆی بەسـەر بارودۆخەکـەدا زاڵ بێـت و کۆنتـڕۆڵ بـە دەسـتەوە بگـرێت. بـەڵام بـێ ئـاگا لـەوەی کـە تـەواوی ئـەو ئـازادی و یەکسـانییانەی کـە ئەمڕۆکـە لـە جیهـان هـەن هەموویـان هەڵێنجـراوی کەشـی تەوندوتیـژی و سـەرکوت و دیکتاتۆرییـەکان بـوون.

# بارودۆخی زیندانەکانی ئێران

ن: کاوە جەوانمەرد

و: شەریف فەلاح

زیندانەکانی ئێران، شوێنێکی ئەرخایەن و پەسێوگەیەکن بۆ فرۆشتن و ئالوویری مادە هۆشبەرەکان، شوێنێک بۆ ئەوەی بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک خەڵکی تێدا بەند و شکەنجە بکرێت. زیندانەکانی ئێران، یانی دوایین دەرفەت و مەودای ژیان، بە واتایەکیتر لە ڕەنگی ڕەش تۆختر ڕەنگێکی دی نییە، بەڵام ئەم شوبهاندنە لەبارەی دەستبڕ و سەرپێچکارانی پسپۆڕەوە وەڕاست ناگەڕێ، لەبەرئەوەی زیندان ماڵ و شوێنی دووەم و لە هێندێ حاڵەتیشدا ماڵی یەکەمی ئەوانە. لەناو زیندان هیچ کەس لەبەر کاری سەرپێچی و کڵاو لەسەرنان ناخەنە ژووری تاکەکەسییەوە. لە دەرەوەی زیندان لە ترسی تووشبوون و کەوتنە زیندان ژیان لە مرۆڤ تاڵ دەبێت و لەناو زیندانیش هیچ ترسێک لە گۆڕێدا نییە. شوێنێکە جیاواز لە دنیای لەگەڵ دنیای ئازاد و تەنانەت جیاواز لە زیندانەکانی دیکەی جیهان. مەسەلەی جێگای تێڕامان لەم بارەوە و ئەو شتەی کە دۆخی زیندانەکانی ئێران لە زیندانەکانی دیکەی دنیا جیا دەکاتەوە، هاوکاریی پیرسێنێل و فەرمانبەرانی زیندانە لەگەڵ کەسانی خەتابار و سەرپێچیکاری ناو زیندان کە بەپێی گرێبەست و ڕێککەوتنێکی نەنووسراو لە برەو دان بەو ئاکارە چەوتانەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. بە چاوخشاندنێکی گشتی بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم سیاسەتانە دەبنە هۆی دووبارە سەهەڕڵدانەوەی کرداری چەوت و خراپەکارانە کە بەرەنجامی خەسارهێنەریان لێ دەکەوێتەوە. بەرەنجامی نێگەتیڤ و تێکدەرانەی ئەم سیاسەتە داڕێژراوە، دەبێتە هۆی رەخساندن و پەرەدان بە کۆمەڵێک خەسار و کۆسپی باو کەلە کۆمەڵگەدا سەقامگیر دەبن کە بەرەبەرە بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی فەرهەنگی خەڵکی ئێران. یەکێک لە گرینگترین کۆسپەکانی ئەم سیاسەتە سیستماتیکە، دیاردەی مادە هۆشبەرەکان و کەسانی توشبوویە کە بۆتە یەکێک لە نانۆرمی و خەسارەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران. تەبلیغات و پڕوپاگەندەی بەربڵاوی بەرپرسانی حکوومەت و دامودەزگاکانی پێوەندیدار بەم کۆسپە کۆمەڵایەتییەوە بۆتە چەواشەکارییەکی ئاسایی و هەر ڕۆژە بەشێکی بەرین لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و راگەیەنەکانی دیکەی حکوومەتی بۆ تەرخان کراوە. بەرپرسانی حکوومەت بە خستنەڕووی ئامار و ڕێژەی هەڵە و بەدوور لە راستی، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان هەتا بە شێوەیەکی ناڕاست بپەڕژێنە سەر هەلومەرجی نەشیاو و رواڵەتئاسا ئومێدی چاکسازی ئەم دۆخە نالەبارە لە دڵی خەڵکدا بچێنن.

بەڵام ئەم پرسیارە لە بیرۆکەی خەڵکدا جێگای گرتووە کە ئاخۆ تەواوی ئەو تەبلیغات، پڕوپاگەندە و چالاکییانەی کە لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی و رێکخراو و دامودەزگا پڕ لە ئیدیعاکانییەوە لە راگەیەنەکان دێنە بەرباس، هەتا چەندە لەسەر کۆمەڵگە کاریگەر بوون و چ بەرەنجامێکی ئەرێنیان لێ کەوتۆتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەتەواوەتی روون و ئاشکرایە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بەبێ هیچ گومانێک دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کردەوەی کۆماری ئیسلامی جیالە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان وەکوو فەرهەنگێک لەناو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئێران بەرەنجام و دەسکەوتێکی دیکەی نەبووە. بە بەراوەردێکی گشتی لە نێوان ئێران و

وڵاتانی دیکەی ناوچە بۆمان دەردەکەوێ کە ئیدیعاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هۆکارەکانی سەلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ئەم خەسار و گرفتە کۆمڵایەتیانە، جیالە کۆمەڵێک دروشمی بێ ناوەرۆکی فریودەرانە هیچ شتێکی دیکە نەبووە.

ئێستا یەکێک لەبەرچاوترین پاساوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ زیادبوون و بەرینتربوونەوەی مەسەلەی مادە هۆشبەرەکان و ئەو بەرەنجامە نێگەنیڤانەی کە لێی دەکەوێتەوە، هەڵکەوتە جوغرافیایی ئێران و هاوسنوور بوونیەتی لەگەڵ گەورەترین بەرهەمهێنەری مادەی هۆشبەر لە جیهاندا. لەلایەکی دیکەشەوە بێکاری، بێدەرەتانی و هەژاریی لەرادەبەدەریش یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام وەکوو پاساوێکی پۆپۆلیستی کەڵکی لێ وەردەگرێت. ئێستا تەنیا بە بەراوردێکی سەرپێیانە و ئاسایی لە نێوان ئێران و وڵاتی پاکستان راست نەبوونی پاساو و بەڵگەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەکەونە روو. وڵاتی پاکستان سەرەڕای هەڵکەوتەی جوغرافیایی و فەرهەنگی، تێکەڵاوییەکی نەپساوەی هەمەلایەن و درێژخایەنی لەگەڵ ئەفغانستان هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین ئامار و رێژەی نرخی بێکاری و هەژاریی خەڵکی پاکستان لەگەڵ ئێران بەراورد ناکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سیستەمی زاڵ بە تەمای بەلارێدا بردن و پەکخستنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لەژێر رکێفی دایە، دەبینین کەلە بواری ئامار و لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی مادە هۆشبەرەکان و توشبوان بەو بەڵایە، وڵاتی پاکستان بە نیسبەت ئێرانەوە لە دۆخێکی باشتر دایە، لەم حاڵەتەشدا بەرپرسانی حکوومەتی پاکستان وەکووو سەرانی کۆماری دەستیان نەداوەتە پڕوپاگەندە و دروشمی بێ نێوەرۆک. لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا گرفتی مادە هۆشبەرەکان و ئیعتیاد بۆتە یەکێک لە بنبەست و گرفتە چارەسەرنەکراوەکانی بنەماڵە ئێرانییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی داڕێژراوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبارەی

درم و پەتای مادەی هۆشبەرەوە، هیچ ڕێکارێک وەک هۆکاری سەرەکیی پێشگیری و کۆنترۆڵ لە گۆڕێدا نییە و کاریگەرترینیان یانی زیندان و گرتنگەکانیش لە ئێران لەڕاستیدا واتەی خۆیان لەدەست داوە. لە حاڵی حازردا دەکرێ بڵێین قفڵی دەروازەکانی زیندان بۆ باندە مافیاییەکان و فرۆشیارانی شکێنراوە، چونکە لەبارەی ئەم کۆمەڵە کەسانەوە دۆخەکە بە چەشنێکە کە دەرەوە و ناوەوەی زیندان بۆ ئەوان هیچ جیاوازی و تەوفیرێکی نییە. لێرەدا و بە کورتی و بە چاوپۆشیکردن لە کارەسات و ئەو گێژاوە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کەلە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە دەروەی زیندانەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەپرژێینە سەر دنیایەکی بچووک و بەرتەسکتر، بەڵام دنیایەکی تژی لە تراژیک، یانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی. لە رابردووە هەتا ئێستا و لە تەواوی قۆناغەکانی مرۆڤایەتیدا بەردەوام گرتن و دەستبەسەرکرانی مرۆڤ لە شوێنێکی تەنگ و بێدەرەتانی وەکوو سزا یان ڕێکارێک بۆ پێشگیری لە ڕوودان و سەرهەڵدانەوەی تاوان کەڵکی لێ وەرگیراوە. بە شێوەیەکی رەها ناکرێ باس لەوە بکەین کە زیندان ڕۆڵێکی کاریگەری لەمبارەوە هەبووە، بەڵام بوونی زیندانیش لە هێندێ بواردا وەکوو راگرتن و کۆنترۆڵی ئەو کەسانەی کە دەستیان داوەتە کردەوەی جینایەتکارانە، بەدەر لە کاریگەری نەبووە، بە چەشنێک کە مەسەلەی ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی و هێندێ کاتیش تاکەکەسیش دەستەبەر و لەبەرچاو گیراوە.

لە ئێران پێچەوانەی تەواوی ئەو پێوەرە دەستنیشانکراوانە، زیندانەکان بوونەتە شوێنی سەرەکیی داڵدەدانی کەسانی سەرپێچیکار و شەڕانی. ڕێژەیەکی زۆری بەندییەکانی ئێستای ئێران، ئەو کەسانەن کە بۆ چەندەمین جار بەهۆی تووشبوون بە کردەوەی خراپ زیندانەکانی ئێران بۆتە شوێنی ژیانیان. ئەوەی لەم نێوەدا جێگای بایەخ و تێڕامانە، نەمانی ترس و دڵەڕاوکێی خراپەکاران و ئەنجامدەرانی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە لە چوون بۆ زیندان و کەوتنە داوی شوێنە سنووردار و بەرتەسکەکانە

کـە زۆر ئاسـایی بۆتـەوە. زۆربـەی ئەوکاتانـەی کـە کەسـانی تاوانبـار رەوانـەی زیـنـدان دەکرێـن، بـەڕای خۆیـان جۆرێکـە لـە گۆڕینـی کەشوهـەوا و تـازە کردنـەوەی دیـدار لەگـەڵ دۆسـت و هەڤاڵانـی دیکەیـان. لـە بـواری دیکەشـەوە هەلومـەرج و دۆخـی ئێسـتای زیندانەکانـی ئێـران بـۆ کەسـانی خراپـەکار بـە چەشـنێک نییـە کـە ببێتـە هـۆی ئـازار و ئەشـکەنجە و بەرتەسـککردنەوەی ئازادییەکانیـان و بەسـتێنی ئـەو دۆخـەی کـە بـۆ ئـەوان بـە جۆرێـک خـوازراوی دێتـە ئەژمـار بـە تەواوەتـی رەخسـاوە. تـەواوی ئـەم هـۆکار و زەمینانـە وەک بەرەنجامـی سیاسـەتە دەسـەڵاتخوازانەکانی کۆمـاری ئیسـلامی دێنـە ئەژمـار، بـەو واتایـەی کـە یەکێـک لـە راسـتییە بەرجەسـتە و زەقەکانـی دەسـەڵاتە پاواوانخـوازەکان کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵگـەی ژێـر رکێفیەتـی بـە شـێوە و رێـکاری نـاڕەوا و نەگونـج. ئێسـتا زیندانەکانـی ئێـران بوونەتـە شـوێنی سـەرەکیی تاوانـە ئینسـانییەکان و هەمـوان لەنـاو کێشـمەکێش و ئـاوری شـەڕی دەسـەڵاتدا بوونەتـە قوربانـی. کۆمەڵێـک مـرۆڤ کـە بەهـۆی رووداو و دیـاردە و خەسـارە کۆمەڵایەتییەکانـی هەڵێنجـراو لـە ناکارامەیـی سیاسـی و کـردەوەی بەڕێوەبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامییەوە تووشـی گێژاوێکـی دژوار بـوون. بەپێـی راپۆرتەکانـی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان یـەک لەسـەر شەشـی کـۆی گشـتیی مـادە هۆشـبەرەکانی جیهـان لـە ئێـران بـەکار دەهێنرێـن، ئاسـاییە کـە بەشـێک لـەم ئامـارە سەرسـووڕهێنەرە لـە ئەنجامـی بەکارهێنانـی مـادە هۆشـبەرەکان لەنـاو زیندانەکانـی ئێرانـەوە بەدەسـت دێـن. بەپێـی ئامـاری فەرمیـی بەرپرسـانی بـاڵای کۆمـاری ئیسـلامی نزیـک بـە ٥٠٪ی کـۆی گشـتیی بەندییەکانـی ئێـران، ئـەو کەسـانەن کـە بـە هـۆی فـرۆش و بەکارهێنانـی مـادە هۆشـبەرەکانەوە بەنـد کـراون. لـەو پێوەندییـەدا ناوەنـدی بەرەنگاریـی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەمدواییانـە لـە راپۆرتێکـدا رای گەیانـدووە: ئێـران بـە نیسـبەت حەشـیمەتەکەیەوە خاوەنـی زیاتریـن توشـبوو بـە مـادە هۆشـبەرەکانە لەنێـو وڵاتانـی جیهانـدا. لەوانەیـە لـە مـاوەی چەنـد دەیـەی رابـردوودا، بوونـی رێـژەی زۆری تووشـبوان بـە مـادە هۆشـبەرەکان بکرایـە لـە رێـگای هەژاریـی لەڕادەبـەدەری فەرهەنگـی و ئابووریـی کۆمەڵگـەوە پاسـاوی

بۆ بهێنرایەتەوە، بەڵام ئێستا لە بارودۆخێکدا شەپۆلێکی بەرین لە تەبلیغ و بانگەشە لەدژی مادە هۆشبەرەکان لە گۆڕێدایە و پاساوە نازانستی و چەواشەکارانەکانی بەرپرسانی ڕێژیم زۆر بەربڵاوە و لەم نێوەدا هیچ ترسێکیان لە ئاشکرابوون نییە. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە، کە بەرپرسانی ڕێژیم بە خستنە ڕووی ئاماری ناڕاست و دژ بە یەک گومان و دوڕدونگیی ئەو مەسەلەیان بەتەواوەتی ڕەواندۆتەوە و لایەنی ڕاستی مەسەلەکان کەوتوونەتە ڕوو. ئێستا ئامارێک لە گۆڕێدایە کە باس لە بوونی ٤ ملیۆن کەسی تووشبوو بە مادە هۆشبەرەکان لە ئێران هەن کە ئەم ئامارە لەلایەن ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان وەک: ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی ئیعتیادی زانستگەی پزیشکیی تارانەوە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئەم ئامارە فەرمییانە هەتا ئێستا لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە تەئید و پەسند نەکراون. دوایین ئامارێک کە لەمبارەوە لە ناوەند فەرمییەکانی ڕێژیمەوە بڵاو کراوەتەوە، ڕێژەی توشبوو و پەککەوتەکانی بە یەک و نیو میلیۆن، هەروەها ئەو موعتادانەش کە بۆ رابواردن بەکاری دەهێنن، بە دوو و نیو میلیۆن ڕاگەیاندووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرچاوە نافەرمییەکان ئەم ڕێژەیەیان بە زیاتر لە ٦ هەتا ٨ میلیۆن کەس وەسف کردووە، کەلە دوایین کۆبوونەوەی بەناو دژایەتی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان بڵاو کراوەتەوە.

پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم، یەکێک لە بەرپرسانی نیزامیی ڕێژیمی تاران کە بەرپرسی گشتیی ستادی بەناو بەرەنگاری مادە هۆشبەرەکانی ڕێژیمە، لە یەکێک لە لێدوانەکانی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە ١٥ میلیۆن لە حەشیمەتی ئێران لەبەردەم مەترسیی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکاندان. ئیعترافی ئەم بەرپرسەی ڕێژیم بەو مانایەیە کە دۆخی ڕاستەقینە لەو شتەی کە ڕادەگەیەنرێ زۆر ئاڵۆزترە. لەم هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی تووشی دۆخێکی شپرزە بووە، بارودۆخی ناو زیندانەکان زۆر قەیراناویترە لە ناو شارەکان.

لـەم جـۆرە کاتانـەدا ئـەم پرسـیارە لـە زەینەکانـدا جێـگا دەگـرێ کـە ئاخـۆ ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی و دەسـت و پێوەندییەکانـی تەنانـەت توانایـی کۆنتـڕۆڵ و چاوەدێریـی شـوێنێکی بەربەسـت و داخـراوی وەکـوو زیندانیشـیان نییـە. وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ڕوونـە، چونکـە کۆمـاری ئیسـلامی ئەگـەر مەبەسـتی کۆنتڕۆڵـی ئـەو گرفتـە کۆمەڵایەتیـەی هەبـا، تەنانـەت لـە شـارەکانیش کۆنتڕۆڵکردنـی بـە دوور لـە زەیـن نەدەبـوو.

ئێسـتا ڕێژەیەکـی زۆر لـە هاووڵاتییـان بـە تاوانـی سـزای پێوەندیـدار بـە مـادە هۆشـبەرەکان لـە زیندانەکانـدان کـە ئـەم مەسـەلەیە بۆتـە هـۆی ئـەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی تاوانە کۆمەڵایەتییـەکان ڕوو لە زیادبـوون بکات. بـە چەشـنێک کـە دەکـرێ تـەواوی بەندکراوانـی نـاو زیندانەکانـی ئێـران بـە دوو دەسـتە دابـەش بکەیـن: دەسـتەی یەکـەم بریتییـە لـەو کەسـانەی کـە بـە شـێوەیەکی پیشـەیی و شـارەزایی سـەرقاڵی کڕیـن و فرۆشـی مـادە هۆشـبەرەکانن، هەروەهـا دز و دەسـتبڕی چەکدار و ڕێگرانـی نێـوان جادەکانیـش لـە ریـزی سـەرپێچکار و خراپەکارانـی بـە ئەزمـوون دێنـە ئەژمـار. دووهەمیـن دەسـتە ئـەو کەسـانەن بەهـۆی گیرۆدەبـوون بـە هەلومەرجـە نەخـوازراوە ڕۆحـی و دەروونییـەکان کـە بەهـۆی کەموکوڕییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە تووشـی تاوانـی کۆمەڵایەتـی بـوون، لـە زیندانـەکان گیریـان خـواردووە. بـە شـێوەیەکی ئوسـووڵی لـە تـەواوی دنیـا بـەم چەشـنەیە کـە کەسانێک کەلـە ریـزی دەسـتەی دووەمـدان و بـە شـێوەیەک تۆمەتبارانـی نـا ئەزمـوون و کاتیـن، جیـا لـەوەی کـە سـزا دەدرێـن، بـە پـەروەردە و ڕاهێنانـی لەبەرچـاو گیـراوەوە جارێکیتـر دەگەڕێنرێنـەوە نـاو کۆمەڵگـە و ژیانێکـی تەندروسـتیی کۆمەڵایەتـی. بـەڵام ئـەم هاوکێشـەیە لەنـاو زیندانەکانـی ئێـران بەرەنجامێکـی تـەواو پێچەوانـەی هەبـووە. لەبـەر ئـەوەی تاوانبارانـی بـێ ئەزمـوون و سـەرەتایی لەگـەڵ پـێ دەنێنـە نـاو زیندانەکانـی ئێرانـەوە لەگـەڵ جـۆر و شـێوازە جۆراوجۆرەکانـی سـەرپێچیکاری و فێـڵ و تەڵەکەکانـی ئاشـنا دەبێـت، کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانەوەی خەسـار و تاوانـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە پـاش

ئازادبوونی لە زیندان لەناو کۆمەڵگە درێژەیان پێ دەداتەوە. یەکێک لە سەرەکیترین هۆیەکانی ئەم مەسەلەیە نەبوونی بەرنامە و پلانی دروست و گونجاوە لەناو زیندانەکانی ئێران و ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سیاسەتە لە پێشدا داڕێژراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. زیادبوونی لەڕادەبەردەری تاوان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کەلە سیاسەتی بەڕێوەبەرانی نیزامەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها کەمتەرخەمیی ئیدارە و ناوەندە پێوەندیدارەکانی وەک: هێزی ئینتزامی و دامەزراوەکانی بوونەتە هۆی ئەوەی کە زیندانەکانی ئێران ببنە شوێنی ڕاگرتن و حەوانەوەی کۆمەڵێکی بەرچاو لە گەنجانی ئێرانی

جیا لە هەموو ناکارامەییەکانی ڕیکخراوی زیندانیان، لە پێوەندی لەگەڵ بارهێنانی نابەجێی تاوانباران، بوونی جۆرە تازەکانی مادە هۆشبەرەکان لە زیندانەکانی ئێران، بۆتە یەکێک لە مۆتەکەکانی بنەماڵەی توشبوان. ئێستا لە گشت زیندانەکانی ئێران بەبێ هیچ جیاوازییەک ئەوەی کە بە ئاسانی لەبەردەستدایە و زەمینە و بەستێنی بەکارهێنانی ئامادەیە، مادە هۆشبەرەکانن. ئاخۆ لە شوێنێکی بەربەست و بێ ئیمکاناتی وەکوو زیندان لە چ ڕێگایەکەوە مادەی هۆشبەر بەو ئاسانییە دەست دەکەوێ؟ بەڵگە و پاساوی بەرپرسانی ڕێکخراوی زیندانیان ئەوەیە کە ئەو مادەیە لە ڕێگەی خودی زیندانییەکانەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر دەهێنرێنە ناو زیندانەکانەوە. کەوایە لەم حاڵەتەدا ڕەوشی بەندە کاتییەکان کە بە قەرەنتینەی زیندانەکان ناسراون بە چ لەونێکە؟ ئەوە پرۆسەیەکی باوە کە هەرکەس بچێتە ناو زیندانەکانی ئێرانەوە، یەکەم شوێن کە تێیدا بەند دەکرێ، بەندی کاتی، یان قەرەنتینەیە کە دەبێ کەسی تاوانبار، یان تۆمەتبار بۆ ماوەیەک لەوێ بمێنێتەوە پاش ببرێتە ناو بەندی گشتییەوە. فەلسەفەی بوونی ئەم بەندە کاتییە، تەنیا بۆ ئەم مەبەستەیە هەتا ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی فرۆشی مادە هۆشبەرەکان، یان دەرمانە ڕەوانگەردانەکانن، بتوانن لەو ڕێگایەوە بیبەنە ناو زیندانەوە و لە هەمان

بەندا بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییەوە، بەڵام لە زیندانەکانی ئێراندا دەبینین کە بەندە کاتییەکان لە کەمبوونەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لەناو زیندانەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە. هۆی ئەم مەسەلەیەش روونە، لەبەر ئەوەی بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی ئێستای مادە هۆشبەرەکان لە زیندانەکانی ئێران، لەلایەن کارمەند و فەرمانبەرانی ڕێکخراوی زیندانەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش بوونی فەرمانبەرە جۆراوجۆرەکانە لەناو بەندییەکان کە زۆر جار بەهۆی سکاڵای بنەماڵەی زیندانییەکانەوە لەلای بەرپرسانی باڵای دەزگای دادوەرییەوە دەکەونە داو و لەقاو دەدرێن. هەڵبەتە لە زۆربەی زیندانەکان بە شێوەی زنجیرئاسا فەرمانبەران و بەرپرسان پێکەوە لە پێوەندیدان و تووشبوون و ئاشکرابوونیان لانیکەم نەگونجە.

نەبوونی سیستمی پۆلێنبەندیی ئوسووڵیی سزا و تاوانەکان لە بەندە جۆراوجۆرەکانی زیندان بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی و تاوانێکی بەدەر لە مادە هۆشبەرەکان دەخرێنە زیندانەوە، لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان ئاشنا بن و پێوەندییان لەگەڵ تاوانبارە بەئەزموونەکان دەست پێدەکات و دەبێتە سەرەتایەک بۆ تووشبوونیان بە مۆتەکەی مادە سڕکەرەکان، هەروەها دەرمانە رەوانییە جۆراوجۆرەکان.

ئەو بەندییانەی کە بەهۆی گرفتی ماڵی، کێشە و ناکۆکیی بنەماڵەیی، شەڕ و تێکهەڵچوون لە زینداندان، لەو کەسانەن کە دەبنە قوربانیی نەبوونی سیستم و بەرنامەڕێژیی زیندانەکانی ئێران، لەبەر ئەوەی ئەوان دوای چوونیان بۆ زیندان کە دەبێ لە بەندێکی جیاوازدا رابگیرێن، لەگەڵ زیندانیان و تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان تێکەڵ دەکرێن و لە یەک بەنددان. ئەوەی کەلە زیندانەکانی ئێران بۆ سزا جۆراوجۆرەکان جیاوازییەک لەبەرچاو ناگیرێت، تەنانەت لەگەڵ یاسا و رێوشوێنەکانی خودی رێژیم و ئاییننامەی رێکخراوی زیندانەکانیش لە ناتەبایی دایە. لە حاڵی حازردا لە هێندێ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی

پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئیدز، بێهداری و بەشی تەندروستیی زیندانەکان دەستیان داوەتە دابەشکردنی سوورەنگ لەناو زیندانییەکان هەتا بەم چەشنە توانیبیتیان لەناو لە بەکارهێنانی سورەنگی هاوبەش پێشگیری بکەن. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلەیە قووڵایی و کارەساتی ناو زیندانەکانی ئێران بەتەواوەتی دەردەکەون کە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی هەتا چەندە پەرەی سەندووە، کەلە سەرەتای قۆناغی بەکارهێنانەوە دەست بدەنە تەزریق و بەکارهێنانی دەرزی. کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی حازردا بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و لەم راستایەدا بە ئاشکرا فەرمانبەر و بەرپرسانی زیندان ئەو دەرەتان و زەمینەیان بۆ ئاڵوویری مادە هۆشبەرەکان خۆش کردووە و ئەو مامەڵانەش بە شێوەی جۆراوجۆر و بەپێی دۆخی هەرکام لە زیندانەکان بەڕێوە دەچن.

وەک باوە لە تەواوی زیندانەکانی ئێراندا بەندگەلێک هەن کە هیچ چەشنە چاوەدێری و کۆنترۆڵیکیان بەسەردا ناکرێ و چەشنی شوێنێکی فەرامۆش کراو کە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵێک لە تاوانبار و سەرپێچکارانی بە ئەزموون تەرخان کراون و بە شێوەی سروشتی زۆربەی ئەو کەسانە لەباری دەروونی و رۆحییەوە لە دۆخێکی زۆر نالەبار دان. هەرچەند ئەو کەسانەش لە قوربانیانی سیاسەتی دوگم و چەقبەستوانەی کۆماری ئیسلامین، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بوونەتە ئامرازێک بۆ بردنە پێشی بیرۆکە و سیاسەتی دوژمنکارانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی لەناو زیندانەکان. ئێستا زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی چالاکییە سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنییەکانەوە دەستبەسەر یان حوکمی ناڕەوایان بەسەردا سەپاوە، لە وەها بەندگەلێک لەناو ئەو جۆرە کەسانە ڕاگیراون، کە ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و رۆحیی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی. کەسانی خراپەکار و تاوانبارانی دیکەی بەندکراو لەو بەندانە لەبەر بەدەستهێنانی ئیمتیاز و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کاری

خەلاف لەناو زیندان، دەست دەکەنە ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی. لەسەرووی تەواوی کردەوە نائاساییەکای فەرمانبەرانی زیندانەوە، کەڵکی نابەجێ لە هەستی بنەماڵەی زیندانییەکان لەلایەن فەرمانبەر و بەرپرسانی زیندانەوە یەکێکیتر لە کردەوە دژە مرۆییەکانە کەلە هەمبەر قوربانیانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەڕێوە دەچێت.

فەرمانبەر و بەرپرسانی زیندانەکان لەبەر ئەوەی ئاگاداری دۆخی حوکم و پەروەندەی تەواوی زیندانییەکان، هەروەها لە بارودۆخی ماڵی و بژێوی ژیانی بنەماڵەی زیندانییەکان ئاگادارن، بە خۆ نزیککردنەوە لە بنەماڵە بێدەرەتان و دەستەنگەکان و بە دانی وادە و بەڵێنیی بێ نێوەرۆک و چەواشەکارانە دەست دەدەنە کەڵکئاوەژۆی بێ ئەخلاقانە و زۆر جاریش بنەماڵەی بەندییەکانیش بەهۆی زەخت و گوشاری لەڕادەبەدەر و کەموکورتیی ماڵی دەکەونە داوی ئەو چەواشەکارییانەوە کە دوای ماوەیەک ئەوانیش دەچنە ریزی قوربانیانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و کەسانێکی سەرپێچیکاریان لێ دێتە بەرهەم.

یەکێکیتر لە فێڵ و تەڵەکە مەرگاوییەکانی کۆماری ئیسلامی لەناو زیندانەکان، دابەشکردنی شەربەتی (مێتادون)ە کە بەناو شەربەتی تریاکەوە دەدرێتە تووشبوان هەتا بە قەولی خۆیان بەم شێوەیە ئاستی کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان لەناو زیندانەکان کەم بکرێنەوە، ئەم شەربەتانە سەرەتا بە مەبەستی دەرمانی تووشبوان بە زیندانییە موعتادەکان دەدرێ، بەڵام پاش ماوەیەک بە ئەنقەست ئەم شەربەتانە بەرەبەرە وەک جێگرەوەی مادە هۆشبەرەکان لەلایەن بەشی تەندروستییەوە دەدرێنە زیندانییە موعتادەکان، هەتا ئێستاش ئەو بەرنامەیە هەر درێژەی هەیە. لە راستیدا ئەو شەربەتانە دەبێ بە چاوەدێریی پزیشکی و هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک دەرمانی دیکە بۆ چاکبوونەوەی تووشبوان پێیان بدرێت، بەڵام ئەم شەربەتانە بە رێژەیەکی زۆر و بەدەر لە ستانداردی پزیشکی و تەنیا بۆ پێشگیری لە شەڕ و ئاژاوە و ئارامکردنەوەی زیندانییەکان بە

سەهمیەی ڕۆژانە دەدرێنە زیندانییەکان. نرخی ئەم شەربەتانە لە بازاڕی ئازاددا نزیک بە ١٠٠٠ تەمەنە کە زیندانییەکان پاش ئازادبوون لە زیندان توانایی کڕینیان نەبێت، بە ناچاری تووشی مادە هۆشبەرەکان دەبن. بەهۆی دابەشکردنی هەڵەی ئەو شەربەتانە لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرەنجامی خراپ و تێکدەرەانەی لەباری رۆحی و جەستەییەوە کاریگەریی زۆر زیاتری لەسەر بەندییەکان لە مادە هۆشبەرەکان لە چەشنی تریاک و هێرۆئین هەیە. بۆ وێنە تاکی تووشبوو کە ڕۆژانە بە یەک گرەم تریاک سوکنایی دێت، دوای بەکارهێنانی نازانستیی ئەو شەربەتە لە زیندانەکان و بە بەکارهێنانەوەی دووبارەی مادە هۆشبەرەکان ئەوکات ئیدی ڕۆژانە بە ٥ گرەم تریاکیش سوکنایی نادات. ئەو کۆمەڵە کارەساتانەی کە باس کران تەنیا بەشێکی زۆر کەمن لەو کارەسات و تراژیدییە مرۆییانەی کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدان کەلە هەر خولەکێکدا دەیان و سەدان نموونەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ تۆمار دەکرێت.

# قەتڵە زنجیرەییەکان و خوێندنەوەیەک

نووسینی کاوە جەوانمەرد

و: شەریف فەلاح

قەتڵــە زنجیرەییــەکان، پرۆژەیەکــی ئامانجــدارە لــە دووتوێــی کارنامــە و پێشـینەی کۆمـاری ئیسـلامیدا کەلـە جەوهـەری بیرۆکـەی دۆگم و دواکەوتوانـەی فەندەمەتالیزمــی ئیســلامییەوە ســەرچاوەی گرتــووە. هــاوکات لەگــەڵ یەکــەم رۆژانــی شۆڕشــی گەلانــی ئێــران لــە ساڵی ٥٧ی هەتـاوی و بەهاتنــە ســەرکاری ئاخونـدەکان، ئـەو شـتەی کـە لەلایـەن ئەوانـەوە لەژێـر نـاوی ئومێدبەخشـین بــە خەڵکــی بــێ ئوقــرەی ئێــران بانگەشــەیان بــۆ دەکــرا، هەمــان جەوهــەری ســەرکوت بــوو کەلــە رێــگای ئیعدامــی بەکۆمەڵــی بەبــێ دادگایــی و لەســەر بنەمــای بەرژەوەنــدی و تەنیــا بــە بیانــووی ســەقامگیریی ئاســایش بــەدژی خودی خەڵـک بـەکار دەهێنـرا. ئـەو سـەردەمە ئـەوە لاوانـی بێتـاوان بـوون کـە لەسـەر سـینگی رێژیمـی تـاران نیـگار و سـیمای ئازادییـان بـە خوێنـی خۆیـان دەکێشـایەوە و ئــەوەش ئایەتوڵــڵا خەڵخاڵــی بــوو کــە بــە فەرمانــی رۆحوڵــڵا خومەینــی زوڵــم و ســتەمی بــە تاقــە رێــگای مانــەوە و پاراســتنی جەوهــەری کۆمـاری ئیسـلامی لـە زەینـی خۆیـدا تۆمـار دەکـرد.

دەسەڵاتبەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە راسـتای جێگیر و سـەقامگیرکردنی هەیمەنــەی دەســەڵاتی خۆیــان لــە هیــچ شــێواز و رێکارێـک نەپرینگانــەوە. سـڕینەوەی فیزیکـی و ژێنۆسـایدی دژبـەر و ناڕازییـان، بەرەنجامـی کۆتایـی و تەواکـەری تیۆرییەکانـی رێژیـم بـوو. تەنیا رێکارێـک کەلـە بیرۆکـە و سیسـتمی

زاڵـی مەزهەبیـدا هیـچ شـوێن و ڕۆڵێکـی نەبـوو، چەمکـی مرۆڤایەتـی و سـازان و دانوسـتان بـوو، چونکـە لـە ڕوانگـەی ئەوانـەوە هەرچەشـنە هەڵکـردن و وتووێژێـک بـە واتـای سـازان لەگـەڵ کفـر و نادانـی لـە قەڵـەم دەدرا. ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـەردەوام کوشـتار و قەڵاچـۆی وەکـوو ڕەسـاڵەتێکی گرنـگ لـە هەنـاوی چەمـک و واتـای دادپـەروەری و بـە پشتبەسـتن بـە فەرمانـە ئیلاهییـەکان لـە زەینـی خۆیـدا وێنـا دەکـرد، ڕەسـاڵەت و پەیامێـک کـە بەکرێگیـراوان هـەر ڕۆژە بـە شـێواز و چەشـنێک کـە بـە دوور بـووە لـە خەسـڵەتی مرۆڤایەتـی و کەرامـەت، جینایەتێکـی دیکەیـان بـەدژی خەڵـک بـەکار دەهێنـا.

پیسـی و گنخیـی سیاسـی و کـردەوەی فریودەرانـەی بەڕێوەبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ئاسـت خەڵکـدا، بـە لەونـێ بـوو کـە هێژمۆنیـی لەڕادەبـەدەری دژبـەران و بەتایبـەت ڕۆشـنبیر و جیابیـران، بـە ئاسـانی بـۆ ڕێژیـم ڕاگیـر و کۆنتـرۆڵ نەدەکـرا. هـەر لـەم پێنـاوەدا ڕێژیـم پرۆسـەی سـێیەمی بەنـاوی قەتڵـە زنجیرەییـەکان لـە دەسـتووری کاری خۆیـدا گونجانـد و لـە کارنامـەی پـڕ لـە شـەرم و شـوورەیی خۆیـدا تۆمـاری کـرد. ئەمجارەیـان بەرپرسـایەتیی جینایـەت خرایـە ئەسـتۆی بەرپرسـانی بـاڵای کۆمـاری ئیسـلامی هەتـا بـە واژۆی گرێبەسـتێکی هاوبـەش، تیۆریـی تیـرۆر و کوشـاری جیابیـران و ئازادیخـوازان لـە ناوخـۆ و دەرەوەی وڵات بخەنـە بـواری پراکتیکـەوە و جێبەجێـی بکـەن. هـەر بۆیـە دەیـان کـەس لـە سـیما و کەسـایەتییە سیاسـی، فەرهەنگییـەکان لـە ناوخـۆ و دەرەوە لـە ڕێـگای دەسـت و پێوەندییەکانـی ڕێژیمـەوە لـە خوێنـی خۆیانـدا گـەوزان و بـەم چەشـنە دیـاردەی قەتڵـە زنجیرەییـەکان لـە ئێـران تۆمـار کـرا. گرتنەبـەری بیرۆکـەی ڕەهـا و سـەرەڕۆیی لـە ڕاسـتای گەیشـتن بـە ئامانجـە سیاسـییەکان لەلایـەن سیتسـمی کۆمـاری ئیسـلامییەوە دواییـن ئەقڵیـەت بـوو کەلـە دووتوێـی ئـەو ئـەو چەمکـەدا دەسـتەواژەگەلێکی وەک: وتووێـژ، سـازان، ڕێککەوتـن و هاوپەیمانـی هیـچ دەور و ڕۆڵێکیـان نەبـوو. داڕێژەرانـی سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامی سـڕینەوەی فیزیکـی و لـە

مەیدان وەدەرنانی نوخبە، رۆشنبیر و ئازادیخوازانی ئێرانیان بە گەرەنتیی سەقامگیری و هەرمانی لابیی مەزهەبی و رۆحانیی خۆیان وەسف دەکرد. لەم راستایەدا هەر لە سەرەتای بنیاتنانی (واواک) یان هەمان وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی وڵاتەوە، رێکاری تیرۆری فیزیکیی دژبەرانی نیزام تاوتوێ کرا و بە پێکەوەنانی بنکەگەلێکی خراپەکاری و تێکدەرانە لە دەرەوەی وڵات و لە هەموو شوێنەکانی جێگای مەبەست، گەڵاڵەی تیرۆری نوخبە و رۆشنبیران بە فەرمانی راستەوخۆی رێبەرانی پلە یەکی رێژیمی تاران جێبەجێ کران. سەرانی کۆماری ئیسلامی ئەم تاکتیکەیان وەکوو رێکارێکی رەوایەتیی سیاسی بەکار هێنا.

هەرچەند گەڵاڵەی سێدارە و چوارمێخەکێشانی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێش لە دەیەی حەفتای هەتاویش بە شێوەی رەوت و ناوبەناو بەرێوە دەچوو، بەڵام سەرماوەزی ساڵی ٧٧ی هەتاوی و کوشتنی بنەماڵەی فرووهەرەکان وەکوو خاڵی دەسپێک و کردنەوەی پەروەندەی قەتڵە زنجیرەییەکان لە ئێران دێتە ئەژمار. هەمان ئەو قەتڵانەی کە پێشتر و بە شێوەی فەرمی و لە ئاستێکی تەواو بەرفراواندا لە هەمبەر خەڵکی بێدیفاع کە هەمان نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێرانن بەرێوە دەچوو. کردەوەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر نەتەوەکانی غەیر لە فارس لە ئێران، جیاواز بوو لە واتاکانی قەتڵ و کوشتار، چونکە شێواز و کردەوەکانی رێژیم بەتەواوەتی دەچوونە خانەی ژێنۆسایدەوە و هەر عەقڵیەتێکی لۆژیکیش ئەمەی قبووڵ دەکرد.

بەڵام رێژیم لەو دۆخەشدا دەستی لە کوشتار و قەڵاچۆ هەڵنەگرت و تەنیا بە سەرکوت، ستەمکاری لە کوردستان قەناعەتی نەهێنا، هەربۆیە بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێکی بەرچاو کە پێوەندییان بە دۆزی رەوای نەتەوەکانی ئێرانەوە هەبوو، دەستنیشان کران و کەوتنە لیستی رەشی کۆماری ئیسلامییەوە و لەم راستایەشدا کۆمەڵێک لە رێبەرانی سیاسی

و نوخبــەی کوردیــش لــەو کاروانــە تیــرۆرە بەجــێ نەمــان و کەوتنــە بــەر شـالاوی کوشـتن، هــەورە برووسـکەی تیرۆریزمــی دەوڵەتیـی کۆمـاری ئیسـلامی و بوونــە قوربانــی. یەکێــک لــە جیــاواز و بەرجەســتەترین نموونەکانــی ئــەو قەتڵــە زنجیرەییانــە تیــرۆری دوکتــۆر «عەبدولڕەحمــان قاســملوو» یەکێــک لــە ڕێبــەران و ســیما نــاوداره سیاسـییەکانی کــوردە کــە لــەو کاتــەدا ئەرکــی ســکرتێریی «حیزبــی دێمۆکراتــی کوردســتانی ئێــران»ی لــە ئەســتۆ بــووە، حیزبێکــی میللــی دێمۆکراتیــک کــە بەهــۆی پێکناکۆکیــی نەتەوەیــی و سیاســی، دژبــەر و نەیـاری ڕێژیمــی دەسەڵاتبەدەسـتی ئاخونـدەکان بـوو. بـە تێڕوانینیکـی گشــتی بــۆ قەتڵــە زنجیرەییــەکان، بەتــەواوی روون و ئاشــکرایە کــە ڕێژیمــی کۆمـاری ئیسـلامی هەتـا چەنـدە بـۆ لەناوبردنـی سـیمایەکی سیاسـیی وەکـوو دوکتــۆر قاســملوو ســەرمایەی تەرخــان کــردووە و پــاش ئــەوەش چ بەهــا و نرخگەلێکــی قورســی لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا قبــووڵ کــردووە. لەنــاو ئــەو ســیما و کەســایەتییانەی کــە بــۆ قەتڵــە زنجیرەییــەکان لەبەرچــاو گیرابــوون، دوکتــور قاســملوو لــەو نموونــە کەســانە بــوو کــە پێشــتریش کۆمــاری ئیســلامی چەندیــن جــار بــۆ لابردنــی لــە مەیــدان و جەغــزی سیاســیی ئێــران هەوڵــی دابــوو، ســەرەڕای ئەوانــەش تەنیــا کەســێک بــوو کــە بــە شــێوەیەکی تــەواو فەرمــی و دیپلۆماتیــک و بــە وادە و بەڵێنیــی پێشــوو چــووە ســەر مێــزی وتووێــژ و لەلایــەن دیپلۆمـات تیرۆریسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامییەوە تیـرۆر کـرا. هەرچەنــد کــە کات و مێــژووی ئــەم تیــرۆرە سیاســییە ناڕواتــە خانــەی قەتڵــە زنجیرەییەکانــی دەیــەی حەفتــاوە، بــەڵام دواتــر دەرکــەوت کــە قەتڵەکانــی بەرلــە دەیــەی حەفتــاش کــە کۆمەڵێکــی بەرچــاو لــە رووناکبیــر و جیابیرانــی لەخــۆ گرتبــوو، دەســپێکی پــڕۆژەی نەهێشــتنی فیزیکیــی دژبــەران بــووە. ئێســتا ئــەوەی کــە تیــرۆری شــەهید دوکتــۆر قاســملوو لــە قەتڵــە زنجیرەییــەکان جیــا دەکاتــەوە، بڕیــاری لەمێژینــەی ڕێبەرانــی ڕێژیمــە بــۆ لابردنــی کــە ڕێبەریــی ئاخونـدە تـازە بـە دەسـەڵات گەیشـتووەکان و ئایەتوڵـڵا خومەینـی بـۆ خـۆی لــەم بــارەوە گەڵاڵــەی لەناوبــردن و ســڕینەوەی فیزیکیــی دوکتــۆر قاســملووی لــە ئەســتۆ گرتبــوو. ســەرانی ڕێژیمــی تــاران پــاش چەندیــن جــار هەوڵــدان

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکە نگریس و دژە مرۆیەیان کەلە بەرامبەریدا تەواوەتی داماو و بێ هیوا ببوون، سەرەنجام پاش چەندین ساڵ لە چوارچێوەی گەڵاڵەیەکی نێودەوڵەتیدا دوکتۆر قاسملوو و ئەندامێکی دیکەی رێبەریی «حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران»یان لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە شەهید کران. پرسی جێگای تێرامان لەم تیرۆرەدا هاوکاریی دەوڵەتی ئوتریش بوو لە پێوەندی لەگەڵ سەرپۆشدانان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەتا دۆخەکە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێت. دەوڵەتی ئوتریش لەمبارەوە بە گرتنەبەری رێکارێکی تەواو نائاسایی یەکێک لەو دیپلۆمات تیرۆریستە ئێرانیانییەکانی بەشدار لە وتووێژە شانۆییەکەی بە چەند ئێسکۆرتێکەوە رەوانەی تاران کردەوە، لە حاڵێکدا تەواوی شاهید و بەڵگەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە لەلایەن سەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بەتەواوەتی روون و ئاشکرا بوون، بەڵام دۆسیەکەیان پێچەوانەی پێوانە و پێوەرە ئەخلاقییە نێودەوڵەتییەکان داخراو راگەیاند و سەرپۆشیان لەسەر دانا. بەم چەشنە هیوای لەمێژینەی دەسەڵاتبەدەستانی رێژیم هاتەدی، هیوایەک کە تەنانەت دوای مەرگی خومەینیش رەخنەی کردبووە ناو بیرۆکەی رێبەرانی دیکەی رێژیمەوە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیمەوە پیلانی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو خرایە دەستووری کارەوە کەلە کتێبی دانپێدانانەکانی سەعید ئیسلامی ناسراو بە «سەعید ئیمامی« بە وردی ئاماژە بەم مەسەلەیە کراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە کە بەهۆی نفووز و شوێندانەریی دوکتۆر قاسملوو لە کوردستانی ئێران و ئاستی توانایی لە رەخساندنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و وروژاندنی پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هاوکات لەگەڵ «شاپوور بەختیار» لە ریزی یەکەم کەسانێکدا بوون کە خرانە لیستەی رەشی تیرۆری کۆماری ئیسلامییەوە.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لەناوبردنی سیما چالاک، ناسراو و ڕۆڵگێڕەکانی دژبەری خۆی لە کوردستان تەنانەت بۆ زەمەنێکیش درەنگی نەکردووە و لەم پێوەندییەشدا دەزگای ئەمنیەتیی ئیتلاعات ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی گێڕاوە. تیرۆری یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی ناوداری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی وەزراەتی ئیتلاعاتەوە، گەڵاڵەی لەناوبردنی ڕێبەرانی شوێندانەری کورد کە هێندێ جار بە گریمانە وەسف کراوە، بە تەواوەتی دەسەلمێنێ. ئەم جارەیان دوکتۆر «سادق شەرەفکەندی« و دوو کەس لە هاوڕێیانی لە ریستۆرانێک هەڵکەوتوو لە بێرلینی پێتەختی ئاڵمان کەوتنە بەر شالاوی تیرۆر کە ئەم تیرۆرە بە تیرۆری «میکونووس» ناوبانگی دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان ئەنجامی یارییەکە بە قازانجی ڕێژیم نەشکایەوە و بە دەستبەسەرکرانی چەند کەس لە ئەنجامدەران و تیرۆریستەکان، دەستێوەردانی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی لەم تیرۆرەدا بۆ هەموو لایەک دەرکەوت. بە هۆی بوونی بەڵگەی ورد و سەلمێنەر، دادگای فیدراڵی ئاڵمان لە حوکمێکی مێژوویيدا ڕێبەرانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی وەک بەرپرس و گەڵاڵەدارێژی ڕاستەوخۆی ئەو تیرۆرە بە کۆمەڵگەی جیهانی ناساند و کەسانی دەستبەسەرکراوی ڕەوانەی زیندانی ئاڵمان کرد. کازم دارابی تاوانباری تاوانباری پلە یەکی پەروەندەی میکۆنووس کە بە ٣٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرابوو، بەپێی یاسای قەزایی ئاڵمان دوای تێپەڕاندنی ١٥ ساڵ زیندان بۆ درێژەدان بە باقی حوکمەکەی گەڕێنرایەوە ئێران، کە بە بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراوی ڕێژیمی تاران، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا پێشوازییەکی بێوێنەیان لێکرد و بەناو قارەمانی بە قەولی ئەوان میللی ناودێریان کرد. تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندیش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ریسوایی زۆری بۆ سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو، ریسواییەک کە نەبوونی ڕەوایەتیی حاکمیەتی ئیسلامیی ڕێژیمی تارانی لە جیهاندا هێندەی دیکە کز و لاواز کرد. درێژەدان بە جێبەجێکردنی قەتڵی کەسایەتی و سیما ناسراوەکان لە کوردستان لەلایەن دەست و

پێوەندییەکانی رێژیم و بە چاوەدێریی وەزارەتی ئیتلاعات، بە قەتڵی «مامۆستا مەلا محەمەد رەبیعی« کەسایەتیی مەزهەبی و ئیمام جومعەی مزگەوتی جامیعەی پێڕەوانی مەزهەبی سوننە لە کرماشان لە ساڵی ٧٥ی هەتاوی درێژەی کێشا و پاش رفاندنی، تەرمی بێ گیانی لە یەکێک لە شەقامەکانی کرماشان دۆزرایەوە.

هۆکاری کوشتن و لە مەیدان وەدەرنانی ئەم سیما مەزهەبییەش هەمان ئەو پێگە بەرزە بوو کەلە رێگای رەواییەتی خەڵکەوە بە دەستی هێنابوو، ئەو پێگەیەی کە دەست و پێوەندییەکانی رێژیم قبووڵکردنی ئەو واقیعیەتەشیان تەنانەت لە خیاڵیشدا بۆ نەدەگونجا و ئەویان بە قەولی خۆیان بە هۆکاری فیتنە و ئاژاوە وەسف دەکرد.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام رێکاری فریودەرانەی حاشاکردن و دەسکردی بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ کردەوە دژە مرۆییەکانی بەکار دەهێنا، ئەمجارەیان بە تووشبوون بە کردەوەیەکی ئەنجامدراو دەستی دایە پێکهێنانی کۆمیتەیەک بە مەبەستی شەفافسازی لەم بارەوە. ئەم کۆمیتەیە دوای ماوەیەک مشتومڕ و دەمەتەقەی ناوخۆیی لە نێوان جیناحە سیاسی و ئەمنیەتییەکان، سەرەنجام حاشایان لە دەستێوەردانی رێژیم لە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرانە کرد و تەواوی خەتا و تاوان و جینایەتەکانیان خستە ئەستۆی کۆمەڵێک دەست و پێوەندیی سەرەڕۆ. وەزارتی ئیتلاعاتی رێژیم بێشەرمانە لە کۆی ٣٨٠ نموونە تیرۆر و قەتڵی زنجیرەیی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، تەنیا بەرپرسایەتیی ٥٤ جیتایەتی خستە ئەستۆی دەست و پێوەندی و هێزە سەربزێوەکانی خۆی. رێژیم و دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان چەندین جار وادە و بەڵێنیی شناسایی و دادگاییکردنی ئەو دەست و پێوەندی و تاوانبارانەی بە بیروڕای گشتی داوە، بەڵام هیچکات ئەمکارە کردەیی نەکراوەتەوە و لەنێو ئاپۆرا و جەنجاڵیی سیاسی و لە رەوتی دانوستانەکان تەواوی خوێنی رژاوی رۆشنبیر و جیابیران فەرامۆش کران و لە زەینەکان سڕانەوە.

هــەر ســاڵە و لــە ٢٠ مانگــی ســەرماوەزدا «ڕۆژی قەتڵــە زنجیرەییەکانــی ئێــران» ژان و ئازارەکانــی دەیــەی حەفتــا، وا لــە لایەنگــران و داکۆکیکارانــی مافــی مــرۆڤ دەکات هەتــا بــە زیندووڕاگرتنــی یــاد و بیرەوەریــی قوربانیانــی ئــەو جینایەتــە پــڕ شــەرمانە وەک ئەرکێــک بــەرز رابگــرن و ئــەو بەرپرســایەتییە ئەخلاقییــە بــە شــێوەیەکی ئاســایی بەڕێــوە بــەرن. ئێســتا بــە تێڕوانینێکــی گشــتی بــۆ پرەنســیپ و ئــاکاری کۆمــاری ئیســلامی لــە مــاوەی ســێ دەیــە لــە دەســەڵاتی ســەرکوت، دەتوانیــن قەتڵــە زنجیرەییەکانــی ئێــران لــە ریــزی کوشــتار و قەڵاچۆکانــی دیکــەی لــەم چەشــنە دەستنیشــانی بکەیــن و راشــکاوانە رابگەیەنیــن کــە نەتەنیــا پەروەنــدەی قەتڵــە زنجیرەییــەکان کۆتاییــان پێنەهــات، بەڵکــوو دەیــان و ســەدان نموونــەی دیکــە خرانــە نــاو لیســتەی رەشــی رێژیمــەوە و بەمــەش کارنامــەی کردارەکانــی رێژیــم لــە ئاســت خەڵکــی ژێــر دەســەڵاتیدا رەشــتر لــە جــاران دەرکەوتــن.

دیکتاتۆریــی رەهــا و پاوانخــواز لــە راســتای ســەقامگیری و بوونــی کۆمــاری ئیســلامی و مانــەوەی پێگــەی سیســتمی وەلایەتــی فەقیــە، ئامانجــی رێژیــم و رێبەرانــی ئــەوە بــووە کــە لــەم رێگایــەدا حــازر نەبــوون هیــچ چەشــنە پاشــگەزبوونەوە و ئاڵوگۆڕێــک لــە سیاســەتە بنەماخــواز و ئیدئۆلۆژییەکانــی خۆیــدا پێــک بێنێــت.

وتووێژی ماڵپەڕی (ڕۆژی کورد) لەگەڵ کاوە جەوانمەرد

## کاوە جەوانمەرد:

## دیسان ئەگەری کوشتاری خەڵك بەدەستی رژیمی ئێران لە ئارادایە

**ڕۆژی کورد: هۆکاری وەڕێ خستنی ئەو شەپۆلە تەبلیغاتییە بە دژی حیزبی دێمۆکرات چییە؟**

کاوە جەوانمەرد: ستراتیژیی پراکتیزەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی ئەو شەپۆلە نوێیەیە کە بە شێوەی هەمەلایەنە دەستی پێکردووە. ئەڵبەت دروستبوونی ئەو گۆڕەپانە دژبەرانەیە کە رەنگ و بۆیەک لە بێدەرەتانیی نەیارانی حیزبی دێمۆکرات بە رۆخسارییەوە دەرکەوتووە، دیاردەیەکی نوێ نییە و بە شێوەی بەردەوام و لە حاڵەتگەلێک کە نەیاران هەستیان بە مەترسی کردبێت، دەستیان داوەتە پروپاگەندا بە دژی حیزبی دێمۆکرات. مێژووی هەڵوێستە کردەوەییەکانی حیزبی دێمۆکرات، لەباری سایکۆلۆژییەوە کارتێکەرییەکی تەواوی بەسەر لایەنی بەرانبەردا هەبووە، بە واتایەک کە دوژمن یان لایەنی نەیار، باوەڕی تەواویان بەو شێوە سیاستکردنە هەیە. لە وەها حاڵەتێکدا لایەنی نەیار لە هەنگاوی یەکەمدا و لە بێدەرەتانیی تەواو، پەنا دەباتە بەر شەڕی تەبلیغاتی هەتا بەو شێوەیە بتوانێت را و سەرنجی گشتی کە بۆ لای پولێتیکی نوێی حیزبی دێمۆکرات راکێشراوە، بشێوێنێت و تێکی بشکێنێ! ئەو جۆرە رێفلیکسەی لایەنەکانی بەرانبەر خۆی جۆرێک وەدوواکەوتنی پێوە دیارە. لانیکەم هەنووکە لایەنی دژبەر کە بەشە سەرەکییەکەی لەلایەن دەزگا

ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێ، لە هەمبەر پلانی نوێ حیزبی دێمۆکراتدا، زیاتر لە ساڵێک لە پاش کەوتووە، چۆن بناغەی ئەو ستراژییە نوێیە جگە لە بەرنامە گشتگیر و درێژخایەنەکانی حیزبی دێمۆکرات، لە ساڵێک پێش ئێستاوە چووەتە قۆناغی کردەوەیی و لایەنی دژبەر لە پلانداڕێژی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پلانە، وەدووا کەوتووە. هەر بۆیە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە، بێجگەلە پەنا بردن بۆ تەبلێغات و چەواشەکاری و تێکدانی بەستەر و رای گشتی.

**ڕۆژی کورد: بە بڕوای ئێوە ئەو جۆرە تەبلیغاتانە ئێستا چ کاریگەرییەکی لەسەر رای گشتیی خەڵک دەبێ؟**

جەوانمەرد: بەبێ هیچ گومانێک، ئەو چەشنە پڕۆپاگەندایە کە بەدژی حیزبی دێمۆکرات دەستی پێکردوە، ناتوانێت هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر هەست و رای گشتی دروست بکات. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆر لە بەردەنگانی ستراتیژیی نوێ حیزبی دێمۆکرات لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە پێکدێت کە داتامەند حیساباتی لەسەر هەیە و بەشێکی هەرە گەورەی ئەو بەردەنگانە خەڵکی بێدەرەتان و ناهۆمێدن کە لە چوارچێوەی سیستەمی ئێراندا زیاترین قوربانی و تێچوویان داوە، هەروەها هیچ شێوە باوەڕێکیان بەو دەسەڵاتە نەماوە. سیاسەتی کردەوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یان هەر لایەنێکی دیکە بەرانبەر بە بیری ڕەگەزپەرستانەی زاڵی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێران، دەتوانێت پێوەر و پێناسەیەکی روون بێت بۆ جۆری تێڕوانینی خەڵکی کوردستان و هەڵبژاردنی بیرێکی ئازادیخوازانە و نەتەوەیی. کەوابوو دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی بیری نەتەوەیی و هوشیاریی خەڵک و پشتگیریان لە حیزبی دێمۆکرات بێ ئاکام دەبێت.

**ڕۆژی کورد: بۆچی هەوڵ دراوە حیزبی دێمۆکرات وەکوو هەڵگیرسێنەری**

**شەڕ لە کوردستان بناسێنن لە ساڵی ٥٧دا؟**

جەوانمەرد: ئەو پیلانە لەمێژ ساڵە لەلایەن دوژمنانی کورد و کوردستان و لەسەرەوەی هەموویان ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دادەڕێژرێت و بە درێژایی مێژوو هەوڵ دراوە نەتەنیا لایەنێکی ڕزگاریخوازی کوردی وەکوو حیزبی دێمۆکرات بکرێتە تاوانباری شەڕ، بەڵکوو تەنانەت شەڕی کورد بە کورد بکرێت. بێگومان تێچووی ئەو هەموو قوربانی و خوێنڕشتنانە کە هۆکارەکەی سیاسەتی سەرکوت و پاکتاوکردنی ڕێژیمی ئێران بووە، هەڵگری قین و نەفرەتێکە بە درێژایی ئەو دەسەڵاتە کە لەلای خەڵک دروست بووە و ڕێژیم هەوڵ ئەدات خۆی لەو تاوانە مێژووییانە دەرباز بکات. ئێستاش کە خەڵکی شۆڕشگێری کورد بە شێوەی گشتگیر لە هەموو شوێنەکانی کوردستان پێشوازییان لەو ستراتێژییە نوێیەی حیزبی خۆیان کردووە، ڕێژیم بە وەبیر هێنانەوەی زام و ئێشی ساڵانی ڕابردوو، بە تەمای دروستکردنی جۆرێک لە خۆف و ترس لە نێوان خەڵکدایە هەتا لە هەڵویستەکانیان سارد ببنەوە. ئەڵبەت لایەکی دیکەشەوە نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە ئەو جۆرە هەوڵانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بۆ وەبیرهێنانەوەی دەست نەپاراستن و کوشتن و برینی خۆیانە لە هەمبەر خەڵکی کوردستان، بەڵام سەرەکیترین هۆکاری ئەو هەوڵانەی ڕێژیم بۆ تاوانبارکردنی حیزبی دێمۆکرات بۆ هەڵگیرسانی شەڕی پاش شۆڕشی ٥٧ی کوردستان، سازدانی جۆرێک زەینیەت لای خەڵکی کوردستانە، هەتا لە ئەگەری سەرکوت و قەتڵ و کوشتاری دووبارەی خەڵکی کورد لەلایەن ڕێژیمەوە، هەمدیسان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو تاوانباری سەرەکی نەیێتە ئەژمار.

سەرچاوە: http://www.rojikurd.net/kave-jewanmerd/

بۆ ئیحسان فەتاحیان

کاکۆ

# دڵنیام ئێستاش جووخەی ئێعدامەکەی هەر لە مووچرك دایە

**زیندانی سنە:**

ڕۆژانە بە بەردەوامی لەنێو بەند و لە هەواخۆری قسەمان دەکرد و تێکەڵ بووین، کاتێک دڵی توند ئەبوو، دەهاتە سەر تەختەکەی من و دەیگوت گۆرانیم بۆ بڵێ، ئەمنیش بۆ ئێحسان و دوو هاوڕێ دیکەم کە لێرە ناویان ناهێنم، گۆرانیم دەگوت، گۆرانیگەلێک لە واتاکانی خۆشەویستی و خەبات...

زۆر جار باسی حوکمە «نایاساییەکەمان» دەکرد و باسمان لەوە دەکرد کە کاتێک بردیان بۆ ئێعدام دەبێ چی بکات و بە هەموو جۆرێک لێکمان دەدایەوە و دەمانکردە فشە (هەرچەند هیچ کەسێک ناتوانێ بۆ چرکەیەکیش هەست بەو کەسانە بکات کە چاوەڕێ سێدارەن) ئەویش بە چاوە سێحراوی و بزە ئەهوورابیەکانی دەیگوت: بە ڕاستی ئێستا ئەوەندە ئامادەگیم تێدا هەیە کە بڕۆم بەرەوپیری سێدارە!

ئێحسان بە تەواوی باوەڕی ڕاستەقینەی بە ڕێگاکەی و ئەو قسانە هەبوو کە دەیکردن!

هەڵسووکەوت و تێڕوانینی ئێحسان بۆ هەموو شتەکانی دەوروبەری، تەنیا تایبەت بوون بە کەسێکی بە واتای ڕاستەقینە شۆڕشگێڕ.

دوو ڕۆژ پاش ئازادبوونم لە زیندانی هەمەدانەوە، لەلایەن وەکیلەکەی کە

بە راستی هەوڵی زۆری لەگەڵ پەروەندەی ئێحسان دا، ئاگادار کرام کە قەرارە حوکمی ئێحسان جێبەجێ بکرێت!

لە دەفتەری پارێزەرەکەی بووم کە ئێحسان لە زیندانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم...

هیچ کاتێک لە ژیانمدا ئەوەندەی ئەو چەند ساتە کە لەگەڵی قسەم کرد لە فشاردا نەبووم، هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە خۆم رابگرم، ئێحسانی قارەمان پێدەکەنی! و وتی: دەی دەبای ئێستا لێرە بووبایت و هەمدیسان باسی چۆنیەتی چوون بۆ لای سێدارەمان بکردبای بە فشە!

من تاسابووم و هەستم ئەکرد کەسێکی بە قوەت بەتەواو هێزەوە دەستی لەسەر گەرووم داناوە و خەریکە بمخنکێنێ...

ئای کە چەند پڕ ئازار بوون ئەو ساتانە. خۆشەویستێکی دیکە کە لە تەنیشتی بوو، تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرت و پێمی وت: چیت پێ دەکرێ بیکە، کات نەماوە...

دووبارە خۆی قسەی لەگەڵ کردم و وتی: بێ خەیاڵ خۆت عەزیەت نەکەی، بەس پێم خۆش بوو جارێکی دیکە بتمدیبای، ئای کە وشەکانی قورس و کوشەندە بوون بۆم...

هەر ئەو رۆژە درەنگ وەخت بوو کە رەنجنامەکەی گەیشتە دەستم و هەموو قەوارەی جەستەمی دایە بەر بڵێسەی ورە و باوەڕی. کاتژمێرێک دوای ئەو تەماسە ئاگادار کرام کە رایانگواستووە بۆ ژووری تاکەکەسی...

لەگەڵ برا بچووکەکەی و وەکیلەکەی هێندێ قسەمان کرد و من رۆیشتم بۆ لای باوکی و.... کە ناتوانم ئێستا باسی بکەم. ئێحسان وەک ئەو بەڵێنییەی کە بە خۆی و نیشتمان و ئێمەی دابوو، ئیزنی نەدا بەکرێگیراوانی رێژیمی سێدارە و مەرگ، گیانی لێ بستێنن و خۆی بەسەربەستییەوە لەسەر «چوار پایە»ی ئێعدام بازی دا و رۆحی پیرۆزی پێشکەش بە خاکی وڵات کرد.

دڵنیام کە ئێستاش جووخەی ئێعدامەکەی ئێحسان، مووچرکەی هەڵفڕینەی ئەو قارەمانەیان لە جەستە دەرنەچووە...

باڵابەرز، ئێستاش گەرمیی نیگاهەکانی ئەو چاوانەت کە وەکوو چاوی ئاسکی کێوی دەدرەوشانەوە، ئاور لە جەستە و هەناوم بەر ئەدات... ئێستاش پاش سەدان جار خوێندنەوەی ئەو نامەیەت، هەر کات کە دووبارە دەیخوێنمەوە، دونیا دەکات بە زیندانەوە لێم و دەمڕۆخێنێ. قارەمان ئەمن دەزانم چەند غەریبانە هەڵفڕیت، بەڵام خۆشت لەوانەیە نەزانی کە چۆن بوویت بە مالکی ڕۆحی سەدان کەس وەکوو من کە تا مابێتم ئازاری ئەو نەبوونەت دەمسووتێنێ...

تۆم هەزار و یەک جار خۆشەوێ، هەزارەکەی هەزار هۆی هەیە و یەکەکەی جیرانەتی ماڵەکەتە لەگەڵ باوکی شەهیدم...

ئاسکە چاو گەشەکە، ماڵی باوکم لە گەڕەکێکی کۆنی ئەو گۆڕستانەیە کە تۆشی پێسپێردرای...

دەزانم کە ئێستا ئێوە ئاگاتان لە یەکترە!

ئێرە باخی فیردەوسی کرماشانە، ئێرە ناوەندێکی دیکەی ڕابوونە کە دەیان ڕۆڵەی خەباتکاری ئەو نیشتمانەی تێدا نێژراوە...

# کۆلارە سیاسییەکانی کورد

کاکۆ

لانیکـەم ئـەو بـێ سـەروبەرەییەی زاڵ بەسـەر بزاوتـی هەنووکەیـی کوردیـدا، سـووکە قازانجێکـی بـۆ نەجیبزادەکانـی سـەماکەری سیاسـی هەیـە کـە جـار نەجارێـک نەرمەبایـەک هەڵبـکات و خۆیـان بـدەن بـە دەم شـەپۆلییەوە هەتـا لـە کەلێنـێ، قوژبنێـک، سـرتەیەکییان بەرگـوێ بکـەوێ.

ئەڵبـەت جگـە لـەو بەسـتێنە دێفۆرمـەی هەنووکەیـی سیاسـەتی کـوردی، ئـەو «حاجـی فیروز»ـەی بیهـەوێ وەکـوو ئەکتەرێکـی بـاش، نەقشـی کۆلارەیەکـی بەتـاڵ لـە هەبـوون بگێـڕێ، پێویسـتە خـاوەن کارەکتەرێک بێت کـە تایبەتمەندیی بوونەوەرێکـی بـازاڕی، یـان خامـە بەدەسـتێکی دەربـاری تێـدا بـەدی بکرێـت و تایبەتمەندیـی سـەرقاڵکردنی ئاپـۆڕای بەشـداربوو لـەو سـیرکبازییەی ئێسـتاکەی هەبێـت. کەسـانێک کـە بتوانـن بـە پێشـێلکردنی شوناسـی تەنانـەت رەگـەزی! خۆیـان، بـە مێشـکێک لـە چەشـنی مێشـکی کۆتـرە باریکـە لـە پشـت میزێکـی سـوور بـۆ چـەن چرکەیـەک لەژێـر چەتـری سـەربەخۆبوون، نەقشـی کاتێبـی دەربـار بگێـڕن. وەکـوو جۆکەرێـک کـە نەتەنیـا دەتوانـێ هـاوکات ببێتـە کەرەسـەی ئیـش بەرێکـەر بـۆ چەندەهـا ئامێـر، بەڵکـوو بـۆ مانـەوە لەسـەر کورسـییە خڕەکـەی تریبوونـی ژمـارە ٢ی «واحـد سـپاە پاسـداران ایـران»، ئامادەیـە تەنانـەت حاشـا لـە زمـان و رەسـەنایەتیی مێـژووی خـۆی و زێـدی بـاب و باپیرانـی خۆشـی بـکات.

سەرنجڕاکێشـییەکەی ئەوەیـە کـە ئـەم تاقمـە لـە دەسـپێکی دارەدارە و

گاوڵەکێی خۆناسینیان، قوتابی ناخەلەفی مەکتەبێک بوون کە لە کۆتاییدا وەکوو سەکۆیەکی هەڵبەزین بۆ گەیشتن بە خولیا و خەوەکانیان بەکاریان هێنا.

چاوخشاندنێکی ساکار بەسەر شێوازی تێڕوانین و جووڵەی کۆلارە سیاسییەکان، لە یەکەم هەنگاودا ئەو پەیامە دەگەیەنێ، کە ئەو تاقمە توانایی مانەوەیەکی پێرفێکتی نێو کومەڵگەیەکی ئاسایی و نورماڵیان نییە و هەڵسوکەوتیان دەرخەری جۆرێک لە هیستریای بیرکردنەوە و خۆ بە بچووکزانینە لە بەرانبەر لایەنگەلێک کە دەیان و سەدانی وەکوو ئەوانەیان دەستەمۆ و فێری خۆناسین کردووە.

ئەمە پێوەری کامە تەسکایی و تاکتیکێکە کە بۆ هەڵکوتاندن بەسەر مێتودێک، یان شێوازە ئیدارەکردنێک، پەنا بۆ هەڕەشە و سووکایەتی و بەزاندنی هەموو سنووری ئەخلاقی و بەهاکان ببرێت؟ ئەوی راستی بێت، ئەمە رووی راستەقینە و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتێک بوو، بۆ جۆریک پاکانە حیساب لەگەڵ گرووپ و کەسانگەلێکە کە ئیزن و دەرفەتی وایان نەداوە کە کۆلارەیەک بەسەر هەوەس و حەزەکانی خۆیدا بڕشێتەوە و «شۆڤانییەتی» زاڵ بەسەر مێشکیدا بخاتە ڕوو.

تراژدیدیای بەختی ئەم تاقمە دەگاتە ئاستێک کە وەکوو دونکیشۆت لە کۆتاییدا نەقشی کەسانێک وەکوو «قانعیفەرد و هووشمەند»ەکان بگێڕن، کۆتاییەک کە زرینگەکەی هەر ئێستا جەستە و رۆحی خۆیانی داگرتووە و هەرەسی دەروونیان هانیان دەدات بۆ دزیکردن لە بنەما نرخدارەکان و گێرەشێوێنییەک بۆ دەربازبوون لەو هەناسەتەنگیە.

لە وەها سەروبەندییەکدا کە بزووتنەوە دەستبورد لێدراوەکە، بەردەوام تێچووی هەوەسبازی سیاسی «شۆڤانییەت»ی هێندێک لایەنی بە نێو کوردی ئەدات بۆ دەستەبەرکردنی لانیکەم مانەوەی شوناسێکی نەتەویی و مرۆیی خۆی، دەبێت زۆر بە وریاییەوە موعاملە لەگەڵ بازنەی رۆشنبیری و

ڕخنەگرانەی سیاسەتی کوردیدا بکرێت و بە چاوکراوەیەوە تاقمی تاڵانکەر و تەیفی ڕاستەقینەی ئێلیت لێکجیا بکرێنەوە هەتا کۆمەڵگەی جەڵتە لێدراومان، بەسەر لایەکدا نەداریتەوە. ئێستاش هەرەسهێنانی تاکەکەسی چ لەباری سیاسی و چ لەباری کۆمەڵایەتییەوە، کەشوهەوایەکی ساز داوە کە دەستدرێژیکردن بۆ سەر تاک و کۆمەڵ ببێتە کولتوورێک کە هێندێک لایەنی پاشەڕۆ وەکوو جۆکەر بەکاریان بهێنن هەتا بتوانن گافە سیاسی و تاکتییەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن، بۆیەخۆ تێهاویشتن و بەرهەمهێنانی ئەو پلارە، پێویستیی بە فرێم بە فرێمی ڕای گشتیی هەنووکەی ئێمەیە.

# کۆمەڵێك یاداشت و ستاتووسی کورتی کاکۆ
# لە قۆناغی دەسپێکی ڕاساندا

## حیزبی دێمۆکرات بەردەوام، لە سەردەمدایە!

- دەلاقەی ئەم زانکۆیە تەنیا و تەنیا بەڕووی هیوادا دەکرێتەوە.

- لێرە، دەفتەری پاشەکشە و داڕووخان بە یەکجاری دادخرێ و مانیفێستی بەرگری، ڕەچ بە ڕەچ و هیلمە بە هیلمە، سەرلەنوێ گرێ دەدرێتەوە.

- ئەم ئۆرکێسترایە، هەموو سەمفۆنیایەکی پێیە، سەمفۆنیای بەرگری، زەبر، تۆڵە، سەرکەوتن و سۆز...

- ئێرە مەکۆی ئاوانگاردی کوردی ڕۆژهەڵاتە.

پرۆگرامی ئەم مەکۆیە لەسەر بناغەی قازانجی گشتیی و بۆ داهاتوویەکی گشتی داڕێژراوە، بۆیە قەت لە وزەی گشتی بێبەش نابێت.

٨ی مانگی مەی ٢٠١٦

## جۆرێك لە دڵنیایی

دیفاکتـۆی دیپلۆماتیکـی کتوپـڕی باڵاتریـن کارەکتـەری ئەمنیەتـی ڕێژیمـی ئێـران , لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕواڵـەتـدا، ئاسـاییە و لـە پشـتی پـەردەوە جێـگای تێڕامـان!

بەیسی ئەم دۆسیە بەم چەشنەیە:

یەکـەم: مەسـەلەی ڕیفراندۆمـی هەرێـم و مەرجەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی تەنانـەت، ڕەزامەنـدی یـان دژایەتیـی فەرمـی.

دووەم: گواسـتنەوەی خەباتـی حیزبـی دێمۆکـرات بـۆ خاکـی ڕۆژهـەڵات و بـۆ سـەودایەکی نـوێ.

بڕیـاری یەکـەم خـاڵ و دیاریکردنـی چارەنووسـی خەڵکـی باشـووری کوردسـتان بەدەسـتی سیاسـەتوانانی ئـەو بەشـەیە و دووەم خاڵەکەشـی، سـاڵێک پێـش ئێسـتا بڕیـاری پراکتیزەکـراوی بـۆ دەرچـووە و گەڕانەوەشـی نابێـت.

هەرچەشـنە سەودایەکیشـی لەسـەر بکرێ، گرانتـر لەوانـەی پێشـوو نابێـت بـۆ حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێـران.

## جووڵە و کۆچ لە حیزبدا و ڕیفلێکسی دەسەڵاتێکی ملهوڕ

ئاوانـگاردی بەهێـزی دەزگای ئەمنیەتـی حیزبـی دێمۆکـرات بەتایبەتـی لەژێـر سـێبەری کاراکتەرێکـی کارامـە وەکـوو سـەروان چەکـۆ بـۆ دۆسـت و دوژمـن سـەلمێندراوە.

بەرهەمهێنانـی دەیـان دێکۆمێنـت لەلایـەن باڵاتریـن ئەرکانەکانـی دەزگای ئەمنیەتـی، هەتـا بەرزتریـن بەشـەکانی دەنـگ و وێنـەی تەبلیغاتـی ڕێژیـم سـەبارەت بـە حیـزب، هەروەهـا سـەروان چەکـۆ، دەرخـەری بەهێزبوونـی سـاختارێکی پارێزەرانـە و «بنیـاد»ی و سیسـتماتیکە لـە قەبـارەی حیزبـی دێمۆکراتـدا!

لـەو هەلومەرجـەدا کـە حیـزب لـە پلانێکـی پراکتیـزەی پێشـووتر و تـازە ڕاگەیەنـدراو، چالاکییەکانی خـۆی ئاشـکرا کـرد، بـەرووڕووی کۆمەڵێک ڕیفلێکسـی نێگەتیـڤ بـووەوە کـە زۆر جێـگای سەرسـووڕمان نەبـوون. هێندێـک لایـەن و

تـاک بـە پێچەوانـەی بـاوەڕی خۆیـان، دەسـتیان دایـە چەشـنە دژبەرییـەک کـە دەشـیانزانی ئاکامێکـی نابێـت. ئـەو دژبەرییـە لەگـەڵ سیاسـەتی دوژمنـی راسـتەقینەی ئێمـە هاوتەریـب نەبـوو، چـۆن دوژمنـی فەرمیـی ئێمـە واتـە رێژیمـی ئیسـلامی، بـاش دەیزانی و دەیزانێـت کـە حیزبـی دێمۆکـرات هـەرکات، پوتانسـییێلی ئـەوەی هەیـە، گـەل وەجوولـە بخـات

بۆیـە حیزبـی دێمۆکـرات هیچـکات دژبەرانـی فیکریـی خـۆی لەگـەڵ دوژمنـی حیـزب بـە هاوتەریـب نازانـێ. تەنانـەت ئەگـەر دژبـەران بـە پڕۆپاگەنـدەش بووبێـت، وایـان نیشـان دابێـت کـە حیزبـی دێمۆکـرات توانایـی راسـانی نییـە، دوژمنـی ئێمـە تەنانـەت، بیریشـی لـەو فانتازیایـە نەکردوەتـەوە.

بەو پێیە:

- لەشکەرکێشـی سـەربازی و تەسـلیحاتی ناوەنـدە نیزامییەکانـی رێژیـم بـۆ سـنوورەکانی بەردەسـتی هێـزی پێشـمەرگەی حیـزب.

- بانگهێشـتکردن و سـازماندانی سـەرلەنوێ هەڵخەڵەتێندراوانـی کـورد (جـاش) بـۆ بەربەرەکانـێ لەگـەڵ پێشـمەرگەی حیـزب.

- چڕکردنەوەی پێوەندییەکانی لایەنە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لەگەڵ هەرێم.

- هەوڵدان بۆ خۆ نێزیککردن لە ئەحزابی بەدەسەڵات لەو هەرێمە کوردییە.

- سـەفەری باڵاتریـن کاراکتـەری ئەمنیەتـی دەسـەڵاتێکی ملهـوڕی ناوچەیـی وەکوو ئێـران بـۆ کوردسـتانی باشـوور و دەیـان خاڵـی بەردەسـتی دیکـە، ئـەم تێڕوانینانـە بەرهـەم دێنـن.

یەکـەم: دەرخـەری کاردانـەوەی ئـەو رێژیمەیـە بەرانبـەر بـە هـەر جـۆرە جووڵەیەکـی حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێـران.

دووەم: ئـەو کاردانەوانـە هیچیـان لـە دیافراگمـی سیاسـیی حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا جێـگای سەرسـووڕمان و تەنانـەت گومانیـش نیـن. چونکـە

سیستەمی بەڕێوبەریی ئەو ساختارە، بەهرەمەندە بە داڕشتنی ستراتژییەک کە بە درێژایی مێژووی سیاسی-نیزامی خۆی، هەموو کات چەند هەنگاو لە دوژمن لە پێشتر بووە.

لە پانۆرامای گشتیی حیزبدا لە هەموو کەوتن و هەستانەوەکانی، تەنانەت لە تراژدیدیا و تێرۆر و کۆچی شەهیدانەی هەر هەڤاڵێکی حیزبی دێمۆکراتدا، دوژمنی راستەقینەی ئێمە و کورد، پەلەقاژەیەکی دیکەی دەست پێکردووە هەتا بتوانێ لەو حاڵەتانەدا کە بە دەرفەتی دەزانێ، کەڵک وەربگرێت، بەڵام ئەوەی راستییە، حیزبی دێمۆکرات، سیستەمە و بەردەوامە لە بەرەوڕووبوونەوە بۆ هەموو وەرزە خۆش و ناخۆشەکان.

کەوابوو هیچ کاتێک، زەوقی هەرزەکارانەی رقەبەرانی ئەو هێزە سیاسییە و پیلانە خەیاڵاوییەکانی دوژمنانی حیزب بە کۆتاییەکی دڵخۆشکەر نەگەیشتووە بۆیان.

ئەمە، وێژمانی بناغەیی سیاسی و ستراتێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.

## گڕی خەباتمان لە ڕاساندایە

هەنووکە، زرینگەی دەراغ و چەکی پێشمەرگە و پشکۆی بزە رۆحبەخشەکانی کاک سدیق، رۆژەڤی بیرۆکەی ئێمەیە و هیچی دیکە!

مەهاباد سەربەرزترە لە جاران، چۆنکە ئێستا، بەرامەی پێشمەرگە، دەشت و دۆڵی تەنیوەتەوە. پێشمەرگە و کاک سدێق هاوکات لە راساندان و پێشمەرگە و تەنیا بزەیەکی شەنگەسوار، مەتەرێزەکەمان پشت ئەستوورتر دەکات.

هەر بۆیە!

یەکـەم: خۆتـان سـەرقاڵی بابەتـی پڕپـڕ، لـە شـوورەیی بووکەشووشـەیەک وەکوو رۆحانـی و کۆیلـە خۆێڕپیەکانـی پەرلەمانـی سـەخیف مەکـەن و لێگەڕێـن بـۆ ئەوانـەی شاگەشـگەیان بـوون و دەبـن!

دووەم: پشـتگیریی هەنـگاوی پێشـمەرگە بکـەن بـە هـەر چەشـنێک کـە بۆتـان دەلـوێ، چونکـە دەتوانـێ بریسـکەیەکی نێـو چاوانـی تـەڕی سـەر ڕێگایـەک بێت.

سـێیەم: فۆکـۆس لەسـەر بارودۆخـی کاک سـدێق و هەوڵـدان بـۆ پشـتگیریی ئـەو تێکۆشـەرە راسـتەقینەیە بـە هـەر شـێوەیەک و دەرفەتێـک.

چـوارەم: سـەرنجدان بـە تراژیدیـای ئاورتێبەردانـی سروشـتی کوردسـتانمان بـە دەسـتی بەکرێگیراوانـی رێژیمـی ئێـران و هەرچەشـنە کاردانەوەیەکـی ناڕەزایـی کـە بۆتـان دەرەخسـێت.

پـەراوێز، پیلانی هەمیشـەیی دوژمنی ئێمەیە و باوەڕ بەخۆبوون و سەربەسـتی، تـەنیـا چەکـی دوژمنبەزێنمـان دەبێت.

هەڵشـێواوی کۆنـە جـاش و هیسـتریکی سـوپای رێژیـم و پەلەقاژەشـیان، خۆشـترە لـە خۆشـیەکانی ئـەم رۆژانەمـان.

٣١ی مانگی مەی ٢٠١٦

## تەوەری دووەم: پەیام و ڕاگەیەندراوەکان

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حدکا لەبارەی درێژەی تێکهەڵچوونەکانی کۆساڵان

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

پاش دە ڕۆژ تێپەڕبوون لە تێکهەڵچوونەکانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە نێوان هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کێوی کۆساڵان لە ناوچەی سەوڵاوا کە کوژران و برینداربوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی لێکەوتەوە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیش بە دانی ٣ شەهید داستانێکی دیکەیان لە حەماسە و خۆڕاگری تۆمار کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢ پێشمەرگەی هەڵبڕاو لە تیمی شەڕەکەی کۆساڵان و دوورکەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکە و جێگیربوونیان لە نێزیک ئاوایی بۆڕیەر، لەلایەن جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە پشتیوانی تۆپخانە و مۆشەکی کاتیۆشا و چەکی جۆراوجۆر گەمارۆ دەدرێن و شەڕێکی دوو کاتژمێریی خوێناوی لە نێوان ئەو ٢ فیداکار و تێکۆشەرە دێمۆکراتە لە لایەک و هێزەی زۆر و پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم لەلایەکی دیکەوە ڕوو دەدا.

قارەمانەکانی دێمۆکرات پاش کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەک لە جاش

و پاسدارەکان و تەواوبوونی کەرەستەی بەرگری لە خۆیان، بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەونە دەست دوژمن و بە دیل نەگیرێن، دوا نارنجۆکی دەستی بە خۆیاندا دەتەقێنەوە و بەداخەوە شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی شەهیدانی حیزب و گەلەوە. دوو شەهیدی تازەمان بریتین لە شەهید داود جەوانمەرد ناسراو بە کاوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و شەهید سەرکەوت سەمەدی کادری حیزب.

